# جەمیل ڕەنجبەر

## ئەو شاعیرەی ڕۆژێ بێ تێکۆشان نەژیا!

هەواڵنامەی کتێب

عەبدوڵا سلێمان
(مەشخەڵ)

٢٠١٨

ناو نیشان: جەمیل رەنجبەر
ئەو شاعیرەی رۆژێ بێ تێکۆشان نەژیا
رەگەزی کتێب: لێکۆلێنەوە
نووسەر: عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)
دیزاین: رؤى للطباعة والنشر
چاپ: رؤى للطباعة والنشر/ العراق
ساڵی چاپ: ٢٠١٨
ژمارەی چاپ: ٢٠٠ دانە
مافی چاپ کردنەوە بۆ نووسەر پارێزراوە
هەوانامەی کتێب

# پێشکەشە بە

وڕەی بەرز و تووڕەیی پیرۆز و ئومێدی درەوشاوە و بەرگریی ئینسانانەی کاک جەمیل ڕەنجبەر کە هەموو ژیانی کردە قوربانی ئەو مەسەلە گرنگەی کە بڕوای پێبوو، مەسەلەی ئازادی و ڕزگاری کرێکار و خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی کوردستان لە ژێر ستەم و بێمافی و چەوسانەوەی بورژوازی.

هەواڵنامەی ژێر

## بۆچی جەمیل رەنجبەر..؟

لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، کە دەستم بە خوێندنەوە کرد و ئاشنایەتیم لەگەڵ گۆڤار و کتێبەکانی دەرەوەی قوتابخانە پەیدا کرد. خوێندنەوەشم وەك دەم پێوەنانی تینوویەك وا بوو بە شەربەیەك ئاوەوە، هەرچیم دەست بکەوتایە دەمخوێندەوە. بەڵام لە یادم نییە لە هیچ رۆژنامە و گۆڤارێك شیعری جەمیل رەنجبەرم خوێندبێتەوە یان کۆ شیعرێکیم کەوتبێتە بەرچاو. لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو، ئەوکات ئەندامێکی کارای کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بووم، لە رێگەی کاسێتێکی دەنگیی کاك فەرهاد سەنگاوییەوە گوێبیستی کۆمەڵێ شیعری بەرگری و خەباتکارانە بووم کە هەندێ لەو شیعرانە شیعری شەهید جەمیل رەنجبەر بوون. ئەمە سەرەتای ناسینی من بوو بۆ رەنجبەری شاعیر. لە روانگەی شیعرەکانی نێو ئەو کاسێتە دەنگییەوە من هەڵوەدای شیعرەکانی جەمیل رەنجبەر بووم. بەڵام هەرگیز دەرفەتێکم بۆ نەلوا کە شیعرەکانی رەنجبەر ببینم و تاوتوێیان بکەم و بخوێنمەوە، چونکە رەنجبەر لە یەکەمین جاردا بە چەند شیعرێکی جوان و سەرنجڕاکێش بووە میوانی زەین و بیرم، بەتایبەتی شیعری (زەنگی شۆڕشی کرێکاران) کە ئیتر رەنجبەر دەگاتە چڵەپۆپە و ئەوجی شیعرییەت و ئینتمای چینایەتی. لە کۆتایی دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردوو ئەو کاتەی سەرگەرمی کار و چالاکی بووم لە (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست)دا، گەلێ جار هیوای ئەوەم خواستووە کە سەرجەم شیعرەکانی جەمیل رەنجبەرم لەبەردەستدا بێت و لای لێبکەمەوە و شتێکیان لەبارەوە بنووسم. بەڵام ئەو هیوایە نەهاتە دی. تەنانەت کاتێکیش دیوانی جەمیل رەنجبەر بۆ یەکەمجار لە شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٩٦دا چاپ دەبێت، من لە کوردستان نەمابووم و لە کەنەدا بووم. تا جارێك بە رێکەوت لای هاوڕێیەکم لە کەنەدا چاپی یەکەمی دیوانی جەمیل رەنجبەرم دیت و

شاگەشکە بووم لە خۆشیانا..خوێندمەوە. بەلاّم دەرفەتی ئەوەم نەبوو هیچی لە بارەوە بنووسم. تا لەم ماوانە دەرفەتی ئەوەم بۆ رەخسا بگەڕێمەوە سەر رەنجبەر و سایتی شەهید جەمیل رەنجبەرم لە تۆڕی کۆمەلاّیەتی فەیسبووك بینی و پەیوەندیم پێوە کردن و هەریارخانی کچی شەهید رەنجبەر زەحمەتی کێشا و دیوانی جەمیل رەنجبەری هەر لە رێگەی فەیسبووکەوە بۆ ناردم. سەرەتا ویستم تەنها ئاواتە لە مێژینەکەم بێنمە دی، بەلاّم دوایی بینیم رەنگە ئەگەر وتارەکە بکرێتە پرۆژەیەکی رەخنەیی، کارێکی بەسوود بێت. بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندیم بە چەند بەڕێزێکەوە کرد تا پرسیاریان ئاڕاستە بکەم و لەسەر شیعرەکانی رەنجبەر بدوێن، بەلاّم چونکە رەنجبەر لە مێژە لە ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠ گەیشتبووە ریزی ئازادیخوازان، بۆیە هەندێك لەو بەڕێزانە ئاگادارییەکی ئەوتۆی شیعرەکانی جەمیل رەنجبەر نەبوون و داوای بەخشینیان کرد. من پرۆژەکەم دەست پێکرد و بابەتگەلی " وتاری جەمیل رەنجبەر، شاعیرێك لێوانلێو لە تووڕەیی و لە ئومێد و وتاری دەلاقەیەکی بچکۆلە بە رووی خوێندنەوەیەکی تر رەنجبەری سیاسی و رەنجبەری شاعیر، و چەند سەرنجێك لەسەر دیوانی جەمیل رەنجبەر "م نووسی و لەملاشەوە پەیوەندیم هەر بە هەریار خانەوە هەبوو، هەریارخان و سایتی شەهید جەمیل رەنجبەریش بەوپەڕی سوپاسەوە ئازادیان کردم لەوەی بیرەوەرییەکانی ناو سایتەکە و وێنەکانی جەمیل رەنجبەر بۆ ئەم پرۆژەیە بەکار بهێنم. هاوکات هەر لە رێگەی فەیسبووکەوە پرسیارێکم وروژاند بەناوی( پرسیارێك بۆ خوێنەرانی شیعری جەمیل رەنجبەر) و لەوێدا ئەم پرسیارەم رووبەڕووی خوێنەران کردبۆوە " جەمیل رەنجبەر شاعیرێکی شۆڕشگێڕ و بە هەڵوێست لە زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانیدا جیهەتگیریی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان هەست پێدەکرێت..لەناو جەرگەی خەڵکی هەژار هەڵقولاّ و هەر بۆ ئەوانیش خەباتی کرد. ئایا دەتوانین جەمیل رەنجبەر بە شاعیری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی

کوردستان دابنێین؟ یان جەمیل ڕەنجبەر شاعیرێکی کورد پەروەر و هەر بۆ کوردایتی ژیا و مرد؟ بەڵام هیچ ڕەنجبەرناسێك وشەیەکی نەنووسی. هەروەها جگە لەوەی باسم کرد، شایانی ئاماژە پێدانە کە بەڕێزان کاك گۆران عەبدوڵای شاعیر و ڕۆژنامەنووس و بەڕێوەبەری سایتی دەنگەکان و کاك جەمال کۆشـشی ڕەخنەگر و کاك رزگار عومەری شاعیر و نووسەر و کاك فەرید زامداری شاعیر و هونەرمەند و کاك ڕێبین ئەحمەد خدری شاعیر و ڕۆماننووس و کاك بایەزید کاوێس و خۆم بە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێك سەبارەت بە ڕەنجبەری شاعیر بەشداری پڕۆژەکەمان کرد. سەرباری ئەمەش دوو لێکۆڵینەوەی دکتۆر مارف خەزنەدار کە تارادەیەك چوون یەکن و دوو لێکۆڵینەوەی تری بەڕێزان یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی و کەریم شارەزا بۆشاییەکی گەورەیان لە کتێبەکەم پڕ کردەوە.

کتێبەکە دابەش بووە بەسەر حەوت بەش و پێشەکی و ناساندنی جەمیل و دوا وتە دەربارەی جەمیل ڕەنجبەر. بەشەکانی کتێبەکە بریتین لە :

بەشی یەکەم : پێنج لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی سەبارەت بە شیعرەکانی شاعیر.

بەشی دووەم : یادەوەرییەکان کە یادەوەری هاوڕێ و کەسوکارە نزیکەکانی شاعیرن.

بەشی سێیەم : ئەو دەقانەی ( شیعر و پەخشان) بۆ جەمیل ڕەنجبەر نووسراون.

بەشی چوارەم : پرسیار و وەڵام سەبارەت بە شیعرییەت و هەڵوێستی چینایەتی جەمیل ڕەنجبەر.

بەشی پێنجەم : چەند شیعرێکی جەمیل ڕەنجبەر لە خۆ دەگرێ.

بەشی شەشەم : ئەو نووسین و وتار و نامانە لە خۆ دەگرێ کە بەشێکی لەجیانەهاتووی ئەم کتێبەن و وەك زەرورەت خۆیان بەسەر کتێبەکەدا سەپاندووە.

بەشی حەوتەم : ئەلبومێك پڕاوپڕ لە ژیان كە چەند وێنەیەكی دانسقەی شاعیر لە خۆ دەگرێ.

نابێ ئەوەش لەیاد بكەین كە جەمیل رەنجبەر سەرباری شاعیربوونی، خاوەن دید و تێڕوانینی ئەدەبیی خۆی بووە و لەماوەی ژیانیدا چەندین بابەتی لێكۆڵینەوە و رەخنەی ئەدەبیی سەبارەت بە شیعر و ئەدەب و كردەی ئیلتزام لە ئەدەب و هەروەها دەربارەی كۆمەڵێ گرفتی كۆمەلایەتی لەوانە كێشەی ژنان لە كۆمەڵگە نووسیوە و لە گۆڤار و رۆژنامەكانی دەیەی حەفتاكانی سەدەی بیستەم لە باشووری كوردستان بڵاوی كردوونەتەوە. بەلام مەخابن هیچ كام لەو نووسینانەم دەست نەكەوت تا لەم كتێبەدا دایان بنێمەوە و بیان خەمەوە بەر دیدەی خوێنەران و شەیدایانی نووسینی جەمیل رەنجبەر. بۆیە لە هەوڵدان ناكەوم و لە داهاتوودا هەر نووسینێكی ئەم شاعیرەم دەست بكەوێ، بەدڵنیاییەوە لە چاپی دووەمی ئەم كتێبەدا دادەنرێت.

دواجار پرۆژەكەم (جەمیل رەنجبەر ئەو شاعیرەی رۆژێ بێ تێكۆشان نەژیا!) كە بەری هەوڵ و ماندووبوونی زیاتر لە ساڵێكە، ئەم كتێبەیە كە لەبەردەستدان دایە. هیوادارم لە رێگەی ئەم كتێبەوە توانیبێتم جەمیل رەنجبەری شاعیرم لەژێر كاتیگۆری راستەقینەی خۆی دانابێتەوە.

عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ) كەنەدا ئەیلوولی ٢٠١٦

# دەلاقەیەکی بچکۆلە بەرووی خوێندنەوەیەکی تر
# ڕەنجبەری سیاسی و ڕەنجبەری شاعیر

نووسینی : عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

جەمیل ڕەنجبەر لە برگەیەکی مێژوویی دێتە ناو دونیای نووسین و سەرهەڵدەدات، کە نە بزووتنەوەی ڕوانگە لە ئارادا بووە و نە شیعری کوردیی توانیبووی خۆی نوێ بکاتەوە و هەناسەی تازەبوونەوە هەڵمژێت. لە ناوەڕاستی دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، بەتایبەتیش لە ساڵی ١٩٦٥ەوە، جەمیل ڕەنجبەری لاو وەك شاعیرێك توانی لەسەر پێی خۆی بوەستێت و شوناسی شاعیر بوون بە هەوڵە شیعرییەکانی ببەخشێت.. ئەو قۆناغە لە رووی پۆلینبەندی شیعرییەوە بە قۆناغی دوای گۆران ناو زەد دەکرێت. ناوەڕۆکی شیعرەکانی ئەو سەردەمەی جەمیل خولانەوەیە لە بازنەی تێڕوانینە سیاسییە باوەکان. باوترین جیهانبینی سیاسیی لەو سەردەمە بریتیبوون لە کوردایەتی و شیوعی بوون. ئەوە ڕۆشنە کە ڕەنجبەر شیوعی نەبووە، واتە ئەندامی حیزبی شیوعی عێراقی نەبووە، بەڵکو زیاتر هەستێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری سێبەری خستبووە سەر جیهانبینی و تێڕوانینی سیاسی ئەوکاتی ئەو. واتە ئینتمای جەمیل، ئینتمای تاکێکی کورد بووە بۆ کۆمەڵگەی کوردستان. جەمیل ڕەنجبەر دیارە لەپاڵ شاعیربوونەکەی، چالاکوانێکی سیاسیش بوو. بۆ ئەوەی لە ڕەنجبەر بگەین دەبێ لەلایەکەوە شیعر و نووسینەکانی بخوێنینەوە (١) و لەلایەکی تریشەوە ئەگەر بە خێراییش بێت لەو سەردەم و بارودۆخە سیاسییەی باشووری کوردستان ورد بینەوە کە ڕەنجبەری تێدا سەر هەڵدا و بەرهەمەکانی بڵاو دەکاتەوە. جەمیل ڕەنجبەر لە سەردەمێکدا سەرگەرمی نووسینی شیعر بوو،

کە بزووتنەوەی سیاسی کوردایەتی – چەکداری دووچاری لێکترازان بوو. لە نیسانی ساڵی ١٩٦٦ باڵی مەکتەبی سیاسی لە پارتی دیموکراتی کوردستان جیا دەبێتەوە و رەنجبەریش وەك گەنجێکی هەواداری سیاسی، لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسی دەکات. جەمیل لە پەیوەندییەکی نزیکدا دەبێ لەگەڵ ئەم باڵە تا لایەنگیریی و پەیوەندییەکەی درێژە دەکێشێت بۆ کۆمەڵەی مارکسی – لینینی، کە دواتر ناوەکەی دەگۆڕدرێت بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و ئینجا یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و دواجاریش بە خەباتی چەکداری(پێشمەرگایەتی) و تا بە گیان بەختکردن کۆتایی پێ دێت. جەمیل رەنجبەر وەك هەڵسوڕاوێکی سیاسی شەو و رۆژ لێك گرێ دەدات، بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانی بگات. رەنجبەر خۆ رۆشنبیرکردن بە ئەرکی هەر تاکێك دەزانی. بۆیە سەرباری خۆ رۆشنبیرکردن بە فەلسەفەی مارکسیزم و پێداگری لەسەر هەقانییەتی رێبازی مارکسیزم – لینینیزم، لەهەمان کاتیشدا هەوڵ دەدات خەڵك وشیار بکاتە و رێکیان بخات بۆ تێکۆشان لەپێناو ئازادی و سەرفرازی. رەنجبەر ئەم تێکۆشانەی هەروا بێ سەرئێشە بۆ نەچۆتە سەر، چونکە ژیان و گوزەران لە سێبەر دەسەڵاتێکی نەگریسی وەکو بەعس ئاسان نەبووە و حیزبی بەعس هەمیشە چاودێری ئەو کەسانەی کردووە کە چالاکی سیاسی دژی رژێمیان هەبووە. بێگومان رەنجبەریش چاودێری کراوە و لە ئەنجامی ئەو چاودێریکردنەش دەست بەسەر کراوە و زیندانیکراوە. جەمیل رەنجبەر دوو جار زیندانی دەکرێت. جاری دووەم لە نیسانی ساڵی ١٩٧٧ دەگیرێت و تەنها چوار دینار و نیوی لە گیرفاندا دەبێت و لە مانگی ئابی ١٩٧٩ ئازاد دەکرێت.

جەمیل رەنجبەری شاعیر تا لە ژیاندا بوو بۆ ساتیکێش هەدای نەدا و بەردەوام و بێپسانەوە بەرگری لە کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان کرد. رەنجبەر

شیعرەکانی کردە مەشخەڵی ڕووناککردنەوەی ڕێگای تاریکی..تێکۆشا تا بە ئامانجە چینایەتییەکانی بگات. جەمیل شیعری وەك هۆکارێك بەکار دەهێنا بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان. ئەمەش وابەستەیی ڕەنجبەر دەردەخات بە ڕێبازی ئەدەبی ریالیزمی سۆشیالیستی.(٢) جەمیل وەفادار بووە بە خۆی و فێڵی لە خۆی نەکردووە. ئەوەی باوەڕی پێبووە هەر ئەوەی کردووە. ڕەنجبەر بە هیچ شێوەیەك دەمامکی نەبووە، ئەو بە ڕوون و ئاشکرا بۆچوون و دیدگای سیاسی خۆی چ لە ئاخاوتنەکانی ڕۆژانەی و چ لە شیعرەکانیدا، دەربڕیوە. ڕەنجبەر دیسانەوە ڕاستگۆیانە ژیاوە. ڕاستگۆ لەگەڵ خۆی و باوەڕەکەی، ڕاستگۆ لەگەڵ خەڵك و ئەدەبەکەی. ئەم ڕاستگۆییەش بێگومان لە باوەڕە پتەوەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم ڕاستگۆییەیە ڕەنجبەر دەگەێنێتە تێکۆشان لە ڕیزی هێزەکانی پێشمەرگە و قوربانیدان بە بەنرخترین شت کە ژیانییەتی لەپێناو ئامانجەکانی. خەسڵەتێکی تر لە خەسڵەتەکانی جەمیل ڕەنجبەر، سیفەتی ڕێبەری بوونە. وەك لە بیرەوەری هەندێ بەڕێزدا بەرچاوم کەوت کە لەم کتێبەدا چاپ کراون، ڕەنجبەر چ لە ژیانی ئاسایی و چ لە زیندان و چ لە پێشمەرگایەتیدا ڕۆڵی ڕێکخەر و پێشەوا و سەرکردەی بینیوە. ئەم ڕێبەرایەتیی کردنە خۆڕسك نییە و لە خۆڕا سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو بەرئەنجامی ڕۆشنبیریی فراوان و ئەزموونی قووڵە کە ڕەنجبەر لێی بەهرەمەند بووە. واتە دەتوانین لێرەدا ئاوا پێناسەی جەمیل ڕەنجبەر بکەین و بڵێین : ڕەنجبەر شاعیرێك و ڕێبەرێکی بە وەفا و ڕاستگۆی ئەو ڕێباز و جیهانبینییە بوو کە لە پێناویدا گەورەترین قوربانیدا. بە بڕوای من جەمیلی سیاسی و ڕەنجبەری شاعیر لێکهەڵپێکراون و جودا ناکرێنەوە لە یەکدی. جوداکردنەوەی ئەم دووانە و کاڵکردنەوەی یەکێکیان لەسەر حیسابی ئەویتریان، چەشنی وێناکردنی ڕەنجبەرە

وەك باڵندەی تاك باڵ. رەنجبەر لە یەككاتدا هەم سیاسی و هەم شاعیر بووە، هەم رێبەر بووە و هەم خەمی زمانی كوردی هەبووە. هەم خەڵكی هەژار و دەستەنگی رێكخستووە و هەم گۆرانی رزگاری بۆیان وتووە. جەمیل رەنجبەر چەند لە سیاسەت و باوەڕی سیاسی خۆی قاڵ بۆتەوە، ئەوەندە و بگرە زیاتریش لە شیعر و ئەدەب قاڵ بۆتەوە و هەمیشە ویستویەتی دەست و پەنجە لەگەڵ هونەردا نەرم بكات.

جەمیلی سیاسی زانیویەتی كە هەڵسوڕانی سیاسی بێ قوربانیدان نابێت، بۆ ئەم مەبەستەش خۆی بۆ هەر جۆرە ئەگەرێك ئامادە كردووە. جەمیل رەنجبەر لەسەر هەڵسوڕانی سیاسی خۆی دووچاری سزا بۆتەوە. سزا دانەكەش لە دوو ئاستدا بووە. ئاستی خۆماڵی كوردی و ئاستی دەرەكی بەعس. لە ئاستی خۆماڵی كوردیدا جەمیل رەنجبەر رووبەڕووی رەتكردنەوە بووەوە، وەكو رێگە نەدان بە بەشداریكردن لە میهرەجانی یەكەمی شیعری كوردیی لە كەركووك لە ساڵی ١٩٧٢ ، هەروەها بە بۆنەی رۆژی شەهیدانی ساڵی ١٩٧٣ كە شیعری (با كوردستان شەهید نەبێ) دەخوێنێتەوە، پارتی دیموكراتی كوردستان بەیاننامەیەك لە دژی جەمیل رەنجبەر دەردەكات و بە دژی رێبازی (پ د ك) ی دەداتە قەڵەم و لە دەزگا رۆشنبیرییەكان دەری دەكەن. بەڵام لە ئاستی سزای دەرەكی بەعس رەنجبەر رووبەڕووی چاودێری كردن و هەڕەشە و گوڕەشەی دەزگا سەركوتگەرەكانی بەعس و دوو جار زیندانی كردن و دواجاریش كوشتن دەبێتەوە.

شیعرەكانی رەنجبەری شاعیر مۆركێكی سیاسی چینایەتیان پێوەیە. جەمیل خۆی لە بەرەیەكدا دەبێنییەوە كە بەرەی بەشمەینەتانی كوردستان بوو. رەنجبەر هانی خەڵكی هەژاری دەدا راپەڕن و شۆڕش بەرپا بكەن و بورژوازی و

سەرمایەداری لەنێو بەرن و دونیایەکی یەکسان و خۆش گوزەران بنیاد بنێن.
جەمیل مرۆڤێکی پێشکەوتووخواز بوو، سەرتاپای ژیانی وەك دەردەکەوێت دژایەتیکردنی کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی بوو. جەمیل دەیویست کلتووری باو تێك بشکێنێ و نەریتە کۆن و داڕزیوەکان لەناو ببات. پەیوەندییە خێڵایەتییەکانی کۆمەڵی کوردەواری بە تایبەت لە بواری هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنان کاڵ بکاتەوە و باشترین بەڵگەش بۆ ئەم قسانە خودی بیرەوەرییەکانی(قسەکانی) نەجیبە خان و مامۆستا سەعادەتن کە لەم کتێبەدا چاپ بووە.
ڕەنجبەر بۆ سەردەمی خۆی بە تایبەتی دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەشداری چەندین کۆڕی شیعریی دەکات و شیعرەکانی لەو کۆڕانە دەخوێنێتەوە و لە هەمان کاتیشدا لە ژمارەیەك گۆڤار و ڕۆژنامەی ئەو سەردەمە چالاکانە بەرهەمەکانی بڵاو دەکاتەوە وەکو (گۆڤاری دەنگی مۆسیقا، گۆڤاری هەولێر، گۆڤاری قوتابخانەی باتاس، ڕۆژنامەی هاوکاری، ڕۆژنامەی بیری نوێ، گۆڤاری نووسەری نوێ، ڕۆژنامەی ژین). هەروەها ڕەنجبەر نەك هەر شیعر، بەڵکو بە وتار و نووسینیش دیدگا و جیهانبینی خۆی لە بارەی کێشەکانی سەردەم و ئەدەب و هونەر بڵاو دەکاتەوە. (٣)
ماڵ و قوتابخانە و زیندان و پاشانیش پێشمەرگایەتی شوێنی چالاکی ئەدەبی و سیاسی ڕەنجبەرن. ڕەنجبەر لە ماڵەوە ئیش لەسەر تێکشکاندنی کلتوور، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، و سەرجەم نەریتە پیاوسالارییەکانی کۆمەڵگە دەکات. پەیوەندییەکی ئینسانانە لەگەڵ هاوسەر و خوشك و دایك دادەنێ و بەهای مرۆڤبوونیان بەرز رادەگرێ. دەبێتە هاوڕێ و جێمتمانەی خێزان و بنەماڵە. لە قوتابخانەش وەك مامۆستایەکی ڕووناکبیر و تێگەیشتوو وشیار

قوتابییەکانی بە بیر و هێزی کراوە و پێشکەوتونخوازانە پەروەردە دەکات و زەین و بیری قوتابییەکانی روو بە زانست وەردەچەرخێنێت. لە زیندانیش رەنجبەر دەبێتە مایەی بەرزکردنەوەی ورەی هاورێکانی و رێنیشاندەریان بۆ بەرگری و نەدرکاندنی نهێنییەکان و ئومێد بوون بە ئازادی و رزگاربوون لەو دۆزەخی زیندانە. لە پێشمەرگایەتیش (٤)جەمیل رەنجبەر رۆڵی رابەرێك دەبینی بۆ جەنگێك لە کوردستانی کارگەران لەپێناو دونیایەکی یەکسان و ئازاد.

دواجار جەمیل رەنجبەری سیاسی و شاعیر، ئەو رەنجبەرەی کە بە خوێنی خۆی خەباتی دژی ستەم و بێمافی هەژاران و چەوساوەکان نەخشاند، پەیامی ئینسانانەی خۆی بە گوێی هەمووماندا دا. بەوپەڕی جورئەتەوە لەناو تاریکی و رۆژە رەشەکانی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان رۆژەکانی ژیان خۆی و جوانی تەمەنی خۆی کرد بە چرای رۆشنکەرەوەی خەبات لە پێناو ئازادی و سەرفرازی و یەکسانی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری، لەپێناو دونیایەکی بێ چین و ستەم، لەپێناو جیهانێکی خاڵی لە هەرچەشنە هەڵاواردنێك، لەپێناو گەیشتن بە خەونە گەش و گەورەکەی خۆی کە سۆشیالیزم بوو.(٥) . ئەگەر عەرەب بەگشتی و فەلەستینییەکان بە تایبەتی سەمیح قاسم بە ئەستێرەی شیعری بەرگریی فەلەستینی بزانن، ئەوا کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان جەمیل رەنجبەر بە هەتاوێکی گەش دەزانن کە بەستەڵەکی ستەم و چەوسانەوەی بۆ دەتواندنەوە. ئەستێرەی هیوای لە شەوەزەنگی تاریکی کوردستانا بۆ دادەگرتنە خوارێ تا دواجار بە خوێنی سوور و گەشی خۆی داری خەونی خەباتی چینایەتی کرێکارانی ئاودا و خۆی بوو بە ئەستێرەیەکی پرشنگداری هەمیشە درەوشاوەی خەبات لە پێناو دادوەری و یەکسانی کۆمەڵایەتی.

٢٠١٥ کەنەدا

## پەراوێزەکان :

(١) شیعرەکانی رەنجبەر لەبەردەستدان، بەلام نووسینەکانی کە لە گۆڤار و رۆژنامەکان بلاو کراونەتەوە، بەداخەوە کۆ نەکراونەتەوە و لەبەردەستدا نین. بۆیە بەداخەوە لێرە ناتوانین هیچیان لەبارەوە بڵێین.

(٢)ڕیالیزمی سۆشیالیستی بەو تەوژم و رێبازە ئەدەبیی و هونەرییە دەوترێ کە لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ولاتی یەکێتیی سۆڤییەتی جاران هاتە ئاراوە و گەشەی کرد و بوو بە بزووتنەوەیەکی ئەدەبی ئەنتەرناسیونالّی مەزن. گەشەی ریالیزمی سۆشیالیستی هەر تەنها یەکێتیی سۆڤیەتی نەگرتەوە، بەڵکو ئەو دەولەتانەشی گرتەوە کە بە دەولەتانی سۆشیالیست یان بلۆکی رۆژهەلات دەناسران. ئەم رێبازە لە نووسین و ستایلّ لە بنچینەدا لەسەر کلتووری پرۆلیتاریاوە سەری هەلّداوە. کلتووری پرۆلیتاریاش لە هونەر و ئەدەب پێداگیری ئەدەبە لەسەر خەباتی چینایەتی و بەرژەوەندی کرێکاران دژ بە بورژوازی و سەرمایەداران. ئامانجی ئەم ئەدەبە هەولّدانە بۆ وێناکردنی ژیان و خەباتی ئەو چینە لە پێناو رزگاری یەکجارەکی لە کۆت و بەندی کۆیلەتی بورژوازی. رێبازی سۆشیالیستی لە ئەدەب لە دەیەی بیستەکانی سەدەی رابردوو لە ولاتانی ئەلّمانیا و فەرەنسا و جیکسلۆڤاکیا و پۆلەندە دامەزرا. ئەو نووسەرانەش کە رۆلّیان هەبوو لە بەرەوپێشبردنی ئەم رێبازە ئەدەبییە لە ولاتانی خۆرئاوا بریتبوون لە لویس ئاراگۆن و جۆهانس بێچەرو پابلۆ نیرۆدا.سالّی ١٩٣٤ ئەم شێوازە ئەدەبییە لە یەکەمین گۆنگرەی نووسەرانی سۆڤییەت کاتێ نوێنەری جۆزێف ستالین، ئەندریە زدانۆڤ، وتارێکی پێشکەش کرد و بە توندی جەختی لەوە کردەوە کە ریالیزمی سۆشیالیستی بە فەرمی بوو بە رێنمایی نیشتمانی

کلتووری یەکێتیی سۆڤییەت. بەدەستەوەگرتنی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە بە کردەوە بووە هۆی پشتکردن لە ڕێبازە باوەکانی جیهان لە چەشنی ئیرۆتیک، ئایین، تەجریدگەرایی، سوریالیزم و گوزارشتخوازی.

(٣) جەمیل ڕەنجبەر لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیشدا لێهاتوو بووە، ئەو هەوڵیداوە لە ڕوانگەی میتۆدی بیرکردنەوەی خۆیەوە ڕەخنە بگرێت. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە وتارێکی کاک سەلام محەمەد بکەم دەربارەی شیعر بە ناوی (شیعر شەقشەقەیە) کە لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ بڵاوی دەکاتەوە. جەمیل ڕەنجبەر لە وتارێکی ڕەخنەییدا، ڕەخنە لە ناواخنی ئەو وتارە دەگرێت و وەک کاک سەلام پێی ڕاگەیاندم کە کاک جەمیل ڕەنجبەر لە ڕوانگەی ڕیالیزمی شۆشیالیستییەوە ڕەخنەی گرتبوو و بۆ بەهێز کردنی بۆچوونەکانی، چەندین قسەی مارکس و ئەنجلسی هێنابۆوە. ، دیارە کاک سەلامیش وەڵامی کاک ڕەنجبەری داوەتەوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ وابەستەبوونی ڕەنجبەر بەو دیدگا و تێڕوانینە ئەدەبییەوە.

(٤) چەپی کوردستان لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی بیستەم چ ئەوانەی لە ناو کۆمەڵەی مارکسی –لینینی دەبن و چ ئەوانەی ئەو کۆمەڵەیەیان قەبووڵ نییە و دەچنە دەرەوەی ئەو ڕیکخراوە و ڕیکخراوی تر دروست دەکەن بەتایبەتی ڕیکخراوی (کارگەران)، پێیان وابوو دەکرێ (ی ن ك) وەک سەنگەری چەکداری لە دژی بەعس و حکومەتی عێراق چاو لێبکەن. بۆیە بێهۆ نەبوو چەپەکانی ئەو سەردەمە زۆربەی هەرە زۆریان دەبوونە پێشمەرگەی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی. ئەو چەپانە چەندین قوربانیشیاندا. لەم ڕوانگەیەوە وای دەبینم کە چونکە جەمیل ڕەنجبەر خۆی کادریکی دیار و بەرزی کۆمەڵە بوو، کۆمەڵەشی بە تاکە ئەلتەرناتیف دەزانی بۆ خەباتی چەکداری.

(٥) سۆشـیالیزم وەك دوا ئامـانجی خـەباتی کرێکـاران لـە دژی سـەرمایەداران، فرماسـیۆنێکی کۆمەڵایـەتی – ئابوورییـە و لەوێـدا چـینەکان بـەرەو لـەناو چـوون دەچن و یەکسانی و دادپـەروەری کۆمەڵایـەتی بەرقـەرار دەبـێ. لـەناو ریزەکـانی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی تا ناوەڕاستی دەیـەی هەشـتاکانی سـەدەی رابـردوو، مەسەلەی مارکسیزم و سۆشیالیزم و خوێندنەوەی کتێبـەکانی مـارکس و ئـەنگڵس و لینین برەوی هەبوو. بەڵام لەو مێژووە بـەدواوە ئـیتر لـەناو ریزەکـانی یـەکێتیی نیشتمانی کوردستان ئەو جۆرە بایەخدانە بە خوێندنـەوەی کلاسـیکی مارکسـیزم بە تەواوەتی کاڵ دەبێتەوە و بەرەو نەمان دەچێت.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم

## چەند لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی دەربارەی شیعرەکانی جەمیل رەنجبەر

هەواڵنامەی کتێب

ئەم نووسین و لێکۆڵینەوە رەخنەییانەی لەم بەشەدان بریتین لە پێنج بابەت. گرنگی ئەم بابەتانە لەوەدایە کە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی شیعرەکانی جەمیل رەنجبەر لە خۆ دەگرن ( دیارە بە میتۆدی جیاجیاوە) . واتە چەند جیهانبینییەکی جیاواز ( مارکسیزم – ماویزم– ناسیونالیزم) خوێندنەوەی جیاجیایان بۆ دنیای شیعری رەنجبەر کردووە و لایەنی شیعرییەتی ئەو شاعیرەیان هەڵسەنگاندووە. ئەوەی جێی ئاماژەیە ئەوەیە کە جگە لە لێکۆڵینەوەکەی عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ)، ئەوانی تر هەر هەموویان دەڕژێنە نێو جۆگەلەی ناسیونالیزمەوە. واتە جەمیل رەنجبەر لە دیدی ئەو بەڕێزانەوە ( مارف خەزنەدار، کەریم شارەزا، یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی) شاعیرێکی

نەتەوەیی کوردە و خەباتی بۆ مەسەلە نەتەوایەتییەکان کردووە و لەهەمان کاتیشدا تێکۆشانی چینایەتی کردووە، ئەمەش کاڵکردنەوە و بێڕەنگکردنی خەباتی مارکسیستانەی جەمیل ڕەنجبەرە لەسەر حیسابی بەهێزکردنی ناسیونالیزم. بە وشەیەکی تر، ئەم بەڕێزانە نەیانتوانیوە هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانەی دروست ئەنجام بدەن و جەمیل ڕەنجبەر لە جێگەی شیاوی خۆی دابنێن. لەهەمان کاتیشدا دەبێ دان بەو ڕاستییەشدا بنێین کە خودی جەمیل ڕەنجبەریش تا لە ژیان بوو نەیتوانی بە تەواوەتی گەرد و تۆزی ناسیونالیزم لەخۆی داتەکێنێ و دواتریش مەرگ ئەو چانسەی لێ سەندەوە.

بە وردبوونەوە لەو چوار بابەتەی بەڕێزان دکتۆر مارف خەزنەدار و کەریم شارەزا و یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی دەگەینە ئەو ڕایەی کە

یەك : لە دیدگایەکی ناسیونالیستانەوە هەڵسەنگاندنەکانیان ئەنجامداوە و لەو دیدەشەوە شوناسیان بەخشیوەتە مەغزا و ماهیەتی چینایەتی شیعرەکانی جەمیل ڕەنجبەر.

دوو : کەمکردنەوە و بێبایەخ نیشاندانی ئەدەبی چینایەتی کرێکاران و خۆ پاراستنی لەبەکارهێنانی دەستەواژە (ئەدەبی مارکسیستی) وەك ئەدەبی بەرگری لەپێناو داهاتوویەکی گەش و بێ چەوسانەوە.

سێ : خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ لایەنی هونەریی بەشێك لە شیعرەکانی ڕەنجبەر.

لەم ئاستانەیەوە پێمان وایە کە خوێندنەوەی جیاواز بۆ جیهانی شیعری جەمیل ڕەنجبەر لە دیدی جیاوازەوە، دەتوانێ ڕۆشنی زیاتر بە خوێنەر ببەخشێ لە دۆزینەوەی کاتیگۆری ڕاستەقینە لە شیاوی جەمیل ڕەنجبەر بێت.

# جەمیل ڕەنجبەر
# ١٩٤٨ – ١٩٨٠

نووسینی : دکتۆر مارف خەزنەدار

**ژیانی**

جەمیل کوڕی ساڵح گۆران لە ساڵی ١٩٤٨ لە هەولێر لە دایك بووە. قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە. لەدوای ئەمە لە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی خوێندوویەتی و لە ساڵی ١٩٦٧ بڕوانامەی ئەو ئامۆژگایەی وەرگرتووە و بووە بە مامۆستای قوتابخانەی مێرگەسوور. لە پاشانا گوێزراوەتەوە قوتابخانەی سەرەتایی هەریر. لە ساڵی ١٩٧٤ کە نێوانی شۆڕشی کورد و دەسەڵاتی بەغدا تێکچوو، جەمیل وەکو خەڵکێکی زۆر رووی کردە ناو شۆڕش، لەوێ زۆر نەمایەوە. لە بەهاری ١٩٧٥ لە دوای هەرەس هێنانی شۆڕش یەکێك بوو لەوانەی کە چوونە ئێران و گەڕانەوە وڵات و دەستی کردەوە بە خەباتی نهێنی تا ساڵی ١٩٧٧ لەلایەن دەسەڵاتەوە گیرا و لە دادگا فەرمانی بەندکردنی هەتاهەتایەی بۆ دەرچوو. لە دوای ماوەیێك دەسەڵاتی بەغدا لێبووردنێکی گشتی دەرکرد بۆ بەندە سیاسییەکانی مەسەلەی کورد. جەمیل بەر ئەم لێبووردنە کەوت و لە بەندیخانە ئازاد بوو. ئیتر ئەم ماوەیەی بە هەلێکی لەبار زانی و یەکسەر رووی کردەوە ناو شۆڕش و چووە ریزی چەکدارانەوە. لەو کاتەوە جەمیل هەستی بە شاعیرییەتی خۆی کردووە ناوی (ڕەنجبەر)ی هەڵبژاردووە وەك نازناو بۆ شیعری و ناسینی لەناو خەڵکدا.

ئەم ماوەیە دوا قۆناغی ژیانی جەمیل بوو. چەك بە شانەوە لە خەباتدا بووتا پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ بوو، دوو هەلیکۆپتەری بچووك بە دۆشكە كۆمەڵێك جەنگاوەری كوردییان گوللەباران كرد، لە ئەنجامدا هەشت كەس شەهید كران، یەكێكیان جەمیل ڕەنجبەر بوو. تەرمی هێنرایەوە هەولێر و لە گۆڕستانی سەید مەعروف بە خاك سپێررا.

شیعری

جەمیل لە ساڵی ١٩٦٦ دەستی بە شیعر وتن كردووە. واتە لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا. سەرەتا بە شیعری میللی كێشی سێلایی و جووت قافیە ( مەسنەوی) دەستی پێ كردووە. یەكێكە لەو شاعیرانەی نەوەی تازە بە تاقیكردنەوەی شیعری بەحری عەرووزی تێنەپەڕیون و یەكسەر لەسەر دەستووری بزووتنەوەی (شیعری نوێ) ڕۆیشتوون. بەرهەمی تاقیكردنەوەی جەمیل لە كێشی شیعری خۆماڵیدا بەزۆری لە ساڵانی ١٩٦٦ – ١٩٦٨ بەرچاو دەكەون. ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ لە پێشانا ئەم جۆرە شیعرەی وتووە، لە پاشانا هاتۆتە سەر ئەو شیعرەی دەچێتە خانەی (شیعری نوێ) وە. واتە ئەو شیعرەی لە قەسیدەیەكدا زیاتر لە كێشێك و زیاتر لە قافیەیێك بەكار دێنن. شاعیر لە سەرەتای شیعر وتنەوە تا كۆچی دوایی لە دانانی شیعر دوا نەكەوتووە.
شاعیر هەموو كێشە سێلاییە خۆماڵییەكانی لە شیعردا بەكار هێناوە، بەڵام ئەوەی سەرنج ڕادەكێشێ هەشت برگەیی زۆر بەكار دێنی. لە شیعرێكدا هەشت برگەیی دەكا بە دوو كەرت. یەكێكیان درێژ ٨ بڕگە، یەكێكیان كورت ٤ بڕگە. هەندێ جاری دیكەش لە شیعرێكدا سێ جۆرە دێرە شیعر بەرچاو دەكەون ٤ بڕگە ، ٨ بڕگە، ١٢ بڕگە. جگە لەوەی كێشەكانی دیكەی ٧ بڕگەیی و ١٠ بڕگەیی لەگەڵ ئەو كێشانەی ناویان هێنرا لە شیعرێكدا هەموویان بەكار دێنێ. قافیەی شیعری جەمیل یا مەسنەویی، یا ڕەنگاوڕەنگە. مەسنەوییەكە لە شیعری ١٠

بڕگەیی بەرچاو دەکەوێ، رەنگاوڕەنگەکە لە شیعرە نوێیەکە بەکار دێنێ کە چەند کێشێکی خۆماڵی بەکار هێناوە لە هۆنینەوەیدا. شیعری جەمیل رەنجبەر لە رووی روخسارەوە هەمووی دەچێتە ناو لیرك، ئێستا ئەم جۆرە هونەرە کە لە بنجدا رەنگدانەوەی لیرکی رۆمانتیکی ئەوروپای سەدەی نۆزدەمەوە بووە بە عالەمی. لەگەڵ ئەوەشدا چوارینی روخساری شیعری کلاسیکی کوردی هەیە. بەڵام ئاسۆییێکی میللی کوردی داوەتێ بەوەی لەسەر کێشی ١٠ بڕگەیی و جووت قافیە (مەسنەوی) هۆنیویەتییەوە. چەند چوارینێکیشی هەیە لەسەر قافیە کلاسیکییەکە ( ێ ێ ب ێ) رێکی خستووە.

شاعیر ناوەڕۆکی بیری کوردایەتی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەم تێکەڵ بە سۆزی مرۆڤایەتی کردووە، دڵداری جەوهەرێکی گرنگە لە بەرهەمی شیعریدا. لە پیشاندانی نموونەی شیعری هەندێ لایەنی شاعیرییەتی روون دەبێتەوە.

-١-

جەمیل رەنجبەر وەکو شاعیرێك هەستی بەوە کردووە شیعری بۆ دێ، کە خستوویەتییە سەر کاغەز بەدڵی بووە، لەمەدا لە بەشێکی زۆر شیعرەکانیدا بەهەڵە نەچووە، بەڵگەی باوەڕ بەخۆکردن یا تێگەیشتن لەو بەرهەمەی بەوێنەی دانپیانانێك دەیداتە خوێنەران لەدوا کۆپلەی قەسیدەی (شیعر بە بووك دەبەن) دا بەدی دەکرێ :

ئەمڕۆ هەندێ وشەم خۆشویست

شیعرێکی شۆخم لێچنی

پیتەکانم هەڵگیرساند و

ئاواتێکم نایە بنی..

ئەو وشانەی شاعیر خۆشی ویستوون ئەوانەن مانای تـازەی تیایانـدا دۆزیوەتـەوە، ئەگینا ئەگەر بۆ مانای ئەو وشانە لەفەرهەنگدا بگەڕێ مانـایێکی دەسـت دەکـەوێ بەکەڵکی شیعر نایە.

-٢ -

ڕیتم لای شاعیر لەنگەری سووکی ئاوازی شـیعری میللـی (فۆلکلـۆر)ی پاراسـتووە. چـونکە بناغــەی وشــە و رســتە و تــەعبیر بــەپێی دەســتلەملانێی دەنگــەکان ( هارمۆنیا) بەڕێوە دەچێ، کێش ڕەوان و قافیە سوارە، لەشیعری ( پێکـەنینێك لـە باوەشی گریانا) دەڵێ :

چاوێکی تیژ، لەژێر چاویلکەی بەردە سێڵ

بیر بە نینۆك هەڵدەکەنێ

بە قاندرمەی قەڵاتی کورد هەڵدەگەڕێ

لەڕاپۆرتی ئارەق ریژێکا نووسرابوو

هەرچی بڵێم تەمی هەوا دەیقۆستەوە

تەرازووی شەو بە دوامەوە

خۆی دەکێشێ.

قەڵاتی کورد دروشمی (ئازادی کورد)ە، لەبەر ئەوەی کورد ئازادی نەدیوە، دەبـێ بە خەیاڵ ئەو قەڵاتە دروست بکا. لە قەڵاتەکـەدا چـی نهێنییـەك هەیـە؟ نـایزانێ. خۆ دەبێ بیر لەوەش بکەینـەوە، هیـچی تێـدا نییـە. کـەوابێ ئەگـەر بگاتـە نـاوی پێویـست بەکەلوپـەلی ناومـاڵی وەشـاوە بیرازێنێتـەوە. لـەو رۆژگـارەدا لـە سـاڵی ١٩٧٣ شاعیر لەڕەشـبینیدا دەتلایـەوە، چـونکە سـاڵی ١٩٧٠ (١١ی ئـازار) خـۆی نەکرد بە ساڵی گەیشتن بۆ سەر (قەڵاتی کورد) بۆیە جوونە نـاو قـەڵات بێئـەنجام بوو. لەپاش ساڵیکیتر یا دوو ساڵ (١٩٧٥) قەڵاتەکە تاڵان کرایەوە.

-٣-

ئەگەر سەرێك لە شیعری ( مردن لە گۆڕی سەرشۆڕی دەژیت) ی جەمیل رەنجبەر بدەین، هەندێ راستیمان دەست دەکەوێ لەبارەی شاعیرەوە. لەم قەسیدەیەدا لایەنگری ئەو باوەڕەیە (مردن لەپێناو ژیان) واتە کۆمەڵێك خەڵك گیانیان دەبەخشن لەپێناوی ئەوەی کۆمەڵێکیتر یان نەوەی داهاتوو سەربەرز و بەختیار بژین. ئەمە لەخۆبووردن و قوربانی تێدایە، مرۆڤ جارێك دەمرێ، گەل نەمرە، شاعیر لەگەڵ ئەوەیە بۆ ئەم مەبەستە (تاك) پێویستە گیانی ببەخشێ چونکە سیفەتی مردن و لەناوچوونی تێدایە، لەپێناوی گەل، ئەوەی نەمری و هەمیشە زیندووی تێدایە. ئەمەیە ئەستووری بیروباوەڕی جەمیل رەنجبەر. رێکەوتێکی سەیر بوو، رۆژگار ئەم تێیۆرییەی خستە پراکتیکەوە لەژیانی شاعیر خۆیدا، لە کاتێکدا ژیانی لەدەستدا کە تفەنگ بە شانییەوە بوو، لەئازادی دەگەڕا بۆ میللەتەکەی، گەلی ژێر دەست بۆ ئازادی دەگەڕێ، گەلی برسیش بۆ نان، دەبێ (تاك) قوربانی بۆ ئازادی و نان بدا.

شاعیر وێڵی ئازادییە، بەشوێنیدا دەگەڕێ، کۆڵ نادا، ئەوەتا لەشیعری ( کێ لە سەربەزری بەتەمەنترە)دا دەڵێ :

گوڵی خۆزگە

چۆن بۆ چڵی داری ژیان دەگەڕێ

یان چۆن سەعات قورمیشی خۆی لێ ون بووە

ئارەقەی دواکەوتن دەسڕێ

گیانە منیش وێڵی چاوتم

سەد ئەوەندە لێت دەگەڕێم..

لەدوایشدا دەڵێ :

ئەرێ گیانە

ئیتر نامەم بۆ مەنێرە

پوولی پۆستە نامەکانم دەپشکنێ

سندووری سوور
گۆڕی مردن، بۆ وشەی جوان هەڵدەکەنێ
ئیتر نامەم بۆ مەنێرە
بەڕێگەی کۆن بۆم مەنێرە
تا دێمە لات، یان تۆ بە خۆت دێیە ئێرە.

شاعیر دۆش داماوە، سەری لێشیواوە (ئازادی) لێبووە بە ئەفسانە! هەموو جۆرە بەرنامە و پیلانێکی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بگاتە ئەو (ئازادی)یە. وەکو بڵێی رێگە و پیلانیتر نەماوە بۆ ئەم ئامانجە بەکار بهێنرێ، مەبەستی شاعیر جۆر و شێوەی دیبلۆماسییەت و پۆلیتیکێکی کلاسیکییە کە تا ٢ ی ئاغستۆسی ١٩٧٣ رۆژی دانانی شیعرەکە بەکارهێنراوە بۆ گەیشتن بە (ئازادی). ئەمەی لە دێڕی ( بەڕێگەی کۆن بۆم مەنێرە) دەربڕیوە. لە پاش ئەوە دیسانەوە سەری لێشیواوە، چونکە نازانی خۆی دەگاتە ئەم ئازادییە! یان ئازادی دێتە لای. رەنگە ئەمە نموونەی دواڕۆژبینی بێ لای شاعیر. ئەوەتا ئێستا هەموو بەڵگەیەك ئەوە دەگەیێنێ ئێمە بۆمان نەکرا بگەینە ئازادی بەلاّم لەوە دڵنیاین پۆلۆتیکی ئەنتەرناسیونالیزمی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەورێکی بالاّی دەبێ لەدوا رۆژدا لە هێنانی ئازادی بۆ خاکی ئێمەش.

-٤-

شاعیر لە ئازادی بەولاوە شتیتر نابێنێ، یاخود بەلای ئەوەوە لەهەموو شتێکیتر گرنگترە، لە شیعری ( پیرێکی بەندکراو) دا، مامەپیرە، مامە سوارەیە، بەڵگەی (کوڕی ئازا)ی کوردە. هەرچەندە کوڕی ئازا ناگیرێ، بەند ناکرێ، ئەگەر بەڕێکەوت بەدیل بگیرێ. زوو کۆت دەشکێنێ و پێوەند دەپچڕێنێ و خۆی ئازاد دەکا. ئەویش وێڵی ئازادییە، لەپشت چیای قاف، لەنزیك ئەشکەوتی کانیاوی

ناوی ژیانیش بیّ، دەبیّ (ئازادی) بدۆزێتەوە. شاعیر ئـازادی لـە گـوارەی نـازانین و نیگارو شۆڕە کچاندا دەبێنی :

مامە سوارە

مناڵەکان، چاوەڕێتن، لەو بنارە

ڕۆڕۆیانە، دەگریەن بۆ جووتیّ گوارە

بۆ دەستگیرانی دێرینیش، کوانی گوارە

مامە سوارە، کوانی گوارە

کوانی گوارە

بێنە گوارە

جاریّ گوارە نییە بەڵام جوانان بەبیّ گوارەش دەژین.

-٥-

دوورکەوتنەوەی قوتابیان لە مامۆستا کارەساتێکی جەرگ بـڕو تـەپینی دەروونـە بۆی، یەکیّ لە شیعرە پڕ سۆزو گیانییـەکانی شـاعیر ( برووسـکەیەك لـە دڵـەوە) یە.

شاعیر مامۆستا بووە، زوو زوو دەبوو بەمیوانی گرتووخانـە و بەندیخانـە و نـاو ئـەو شــاخانەی نەدەکەوتنــە بەرچــاوی نــەیار. لــە قوتابیــان دوور دەکەوتــەوە، دوورکەوتنەوە پچڕانی رەگ و دەمـاری ژیانـە بـۆ ئـەو مامۆسـتایەی قوتـابی خـۆی خۆشبویّ و بەبیّ ئەو هەڵنەکا.

جەمیل رەنجبەر هەست و نەستی ناسکی دەڕژێنێتە سەر تـەلی کەمانجـە، ئـاوازی نـەمری دەخـزیّ تـا هــەموو (بـوون) دەگرێتــەوە. بــەڵیّ شـاعیر بـە لــەش لــە شاگردەکانی دوورە، بەڵام بە گیان لەگەڵیاندایە کـە بـەم جـۆرە قـسەیان لەگەڵدا دەکات:

لەگەڵتانم

شاگردەکان دوور نیم لێتان

نزیکتانم
توخمی شیلەی گوڵەگەنمی فەریکتانم
لەناو جانتای کتێبتانا
دەرسی شیکاری شەوتانم
نزیکتانم، کاوەی نەورۆزی خەوتانم
لەگەڵتانم، لەهاتوچۆی قوتابخانە
دڵم لەناو دلتانایە
پەپوولەی زیندانی تەمەن
لەناو باخی گوڵتانایە.
–٦–

دەبێ هەستی شاعیر چۆن گۆڕانێکی بەسەردا هاتبێ، لەوکاتەی کۆتایی بە ژیانی شەهاب و جەعفەر و ئەنوەری بەرگوێ کەوتووە؟ رەنگە ئەگەر شاعیرانە بۆی بچم، دەبێ بلێم جەمیل رەنجبەر لەو کاتەدا خۆزگەی کردووە ئەویش یەکێك بوایە لەوان، چونکە لەگەڵیاندا هەوپیشە بوو لە گۆڕەپانی وشە و خەباتی کوردایەتیدا. بەلام لە شیعری (بەیادی تاڤگە سوورەکە) لە سوچێکی ترەوە تەماشای دیمەنەکە دەکا. ئەم شیعرەی شاعیر لەپاش لەسێدارەدانی قارەمانەکان نەنووسراوەتەوە، بەڵکو دوای تێپەڕبوونی ساڵێك واتە یۆبیلی پیرۆزی ساڵێکی شایی و زەماوەندی خوێن، تاقیکردنەوەی هەستی شاعیر ساڵێکی خایاندووە، ماوەی ساڵێکی تەواو لە کەلێنێکی شاراوەی دڵ و مێشکی شاعیردا وێنەی سێ قارەمانەکە ئاوا نەبووە. تاقیکردنەوەکە شیعرێکی پڕ سۆزی داهێناوە، لەدوا کۆپلەیدا دەڵێ :

ئەی چاوەکان
ساڵێ رۆیی و تیشکەکانتان ئاگر دەگرن
داڵی خنکان بە تۆوی لاشەتان دەمرن

زۆر چاویتر، بۆ بارەگای ئێوە دێن و
بڕیاری سەربەرزی دەدەن.
لە خاکی گڕ تێبەربوا
بەرماڵی شۆڕش رادەخەن
زۆر گیانیتر
تەرمەکانتان ماچ دەکەن و
دەبنە پردی بەرەو بەیان
لافاوی رووناکی زۆر چاو
میوانی ماڵی هەژارە، بۆ خواستنی یەك دەسگیران..

-٧-

شاعیر داهێنانی لە مانا و ناوەڕۆکدا زۆرە، لەبەرئەوە لەناو ئەم کۆمەڵە شیعرەدا شیعری جوان دەکەوێتە بەرچاو. ناوی شیعر، هەموو شیعرێك رەنگە زوو لەبیر بکرێ، یان پشت گوێ بخرێ، بەڵام هەندێ لە ناوەکانی ئەم شیعرانە خۆیان دێرە شیعرن، یاخود پارچە شیعرێکی سەربەخۆن، لێرەدا من نامەوێ ناوی شیعری ( ئەو کتێبەی وشەی بەخەنجەر نووسراوە ) بکەم بە بەڵگە بۆ ئەم مەبەستە، بەڵکو ناوەڕۆکی شیعرەکە خۆی گرنگە بەلامەوە. لەسەرەتای شیعرەکەدا دەڵێ :

ڕێزە چیاکان
وەکو تەونی بەرەبەیان، راچەندرابوون
برۆی رووناکی چاوی خۆر
وەکو ریسی مافووری دەستی قەیرە کچ
بەگوڵاڵەی باڵا لاوی رایەڵ کرابوو.

مەبەستی دروستکردنی ئەبستراکتێکە(تجرید) خاك لەناو سروشتدا لە قاڵب دەدا. ئەو خاکە بووە بە مایەی ئازار و ئەندێشە، بەڵام ناشرین نەبووە، لەبەر ئەوە هەر جوانە و خۆشەویستە، لەپاش گەشتێك لەگێتیی وردەکاری و وشە و رستە و

تەعبیر و مانـا، ناشـرینی لـەخاك دووردە دەخاتـەوە، جـوانی دەكـا بـە ئـەدگاری هەمیشەیی ژیان كە دەڵێ :

هاتم هاتم

ناویان لێ نام بزمار كوتە

چەكوشێ بووم

ئەو دارتاشەی، ئەسكەملی ئەنجومەنی

كۆشكی سپی دروست دەكرد

ئاسنگەری كەشیشبەندی

بەندیخانەی كۆشكی (باستیل)ی خەستدەكرد

هێزی منی پێنەكرا

كەوی كێوی باوەڕی پێ هەڵنەفڕا.

لێرەدا شاعیر ئاماژەی زیرەكانەی هەیە كە دەڵێ كوردستان لـە ئـازادی دەگـەڕێ، لەبەر ئەوە خراوەتە ناو بەندیخانەوە. ئینجا باستیلی پاریسی كردووە بـە رەمـزی ئەو بەندیخانەیە. كۆشكی سپیی ئەمریكاش دەوری ئەمپریالیـستی گرنگـی هـەبوو لـە شـێواندنی كێـشەی كـورد لــە شەسـتەكان و حـەفتاكانی سـەدەی بیـستەمدا. بەراووردی جوانی شاعیرانەی جەمیل رەنجبەر لەوەدایـە، ئـەو دارتاشـەی كورسـی و مێـزی كۆشـكی سـپی دروسـت كـردووە لەگـەڵ ئـەو ئاسـنگەرەی شیـشی بەندیخانـەی باسـتیلی بەسـتووە، واتـە دوژمنـانی كـورد، ئەمانـە نـاتوانن بەسـەر هیزی رزگاری کورددا زاڵ بن.

جەمیل رەنجبەر، شـاعیرێكی ناسـك و هـێمن و لەسـەرخۆ بـوو، لەمەیـدانی وشـەی جـوانی كوردیـدا ورد لـەگۆڕەپانی خـەباتی چـەكداری كوردایەتیـدا درشـت بـوو، لەگێتیی جوانكاریـدا هونـەروەر بـوو. زمـانی كـوردی بـاش دەزانـی، لەپـەروەردە شارەزا و لە وانە وتنەوە سەركەوتوو بوو، لە كۆڕی خەبات و جەنگدا خـوێن گـەرم و بزێو و چالاك بووە. بە هەموو جۆرێ جـەمیل رەنجبـەر لەهـەردوو بـاردا، وشـەی

جوان و خەباتی چەکداری راستگۆ بووە لەگەڵ خۆی، بیروباوەڕە ناسیونالی و مرۆڤایەتییەکانی کردووە بە بەرنامەی ژیانی. نە تەنیا بە قسە، بەڵکو بە کردەوە هەموو تێرییەکانی گواستۆتەوە مەیدانی پراکتیك.

جەمیل رەنجبەر سی و سێ ساڵ لەتەمەنی بە قەوارە کورت و کەم، بە ناوەڕۆك درێژ و زۆر لەسەر تەختەی قوتابخانە و گۆڕەپانی جەنگاوەری و بەندیخانە بردۆتە سەر، یاد و بیرەوەرییەکی زۆری بەجێهێشتووە، بەڵام بە نرخترین میراتی ئەم کۆمەڵە شیعرەیە.

سەرچاوە :

مێژووی ئەدەبی کوردی دکتۆر مارف خەزنەدار بەرگی حەوتەم ١٩٤٥ – ١٩٧٥ بەشی پەنجایەم لاپەڕە ٦٧٩– ٦٨٧

# جوانکاری و داهێنان لە شیعری نوێی کوردیدا
# جەمیل رەنجبەر وەك نموونە

نووسینی : کەریم شارەزا

**پێشەکی**

جەمیل رەنجبەر ( ١٩٤٨ – ١٩٨٠) شاعیرێکی ریالیستی رەخنەگری شۆڕشگێڕی کورد و رووناکبیرێکی پێشکەوتخوازی داهێنەری نوێکار بوو. لەناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە چۆتە مەیدانی ئەدەب و خەباتی کوردایەتی و لە ساڵی (١٩٧٠)وەش بەرهەمەکانی لە شیعر و لەپەخشان لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا پەیتا پەیتا بڵاو کردۆتەوە و بە هۆنراوە نوێیە پڕ سۆزەکانی سەرنجی شیعرناس و رەخنەگرانی ئەدەبی کوردی راکێشاوە و دانیان بەوە داهێناوە کە ئەم شاعیرە شیعر درەوشاوەیە دوا رۆژێکی گەشی لە مەیدانی شیعری نوێی کوردیدا دەبێ.

شاعیری هۆشیارمان شان بە شانی چوونە پێشەوەی لە مەیدانی ئەدەبی نوێدا، لە کاروانی خەباتی سیاسیشدا لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانی کورد پتر چووەتە پێشەوە و لە دوای دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە ( ١٩٧٠/٢/١٠) و کردنەوەی لقی هەولێر لە (١٩٧١/١/١٥) دا بووەتە ئەندامێکی کارای ئەم رێکخراوە ئەدەبییە و لە کۆنفرانسی دووەمی لقەکەدا کە لە رۆژی ( ١٩٧١/١٠/٣٠) دا بەسترا، نە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر هەڵبژێردرا و لەهەمان کاتیشدا بووە ئەندامی دەستەی نووسەرانی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (نووسەری

نویّ)ی زمانحالّی لقی هەولێر و ئەو زاتە خزمەتێکی زۆری کاروانی ئەدەب و رۆشنبیری کاردی کرد.

لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو خوێندنی خانەی مامۆستایانی سەرەتایی تەواو کرد و لە ساڵی (١٩٧٢)دا بووە مامۆستا لە(مێرگەسوور) و شوێنی دیکە و لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، لەسەر چالاکی سیاسی و خەباتی کوردایەتی گیرا و خرایە بەندیخانەوە. کە بەریش بوو چووە پاڵ شۆڕشگێڕانی کورد و خەباتی چەکداریی کرد و شیعری شۆڕشگێڕی پڕ لە داهێنانی نوێی دانا و دوا قۆناغی خەباتی شۆڕشگێڕی و قارەمانییەتی لە گوندی (جەلکان) ی بناری کێوەڕەش لەناوچەی (سەنگەسەر) تا لە رۆژی ( ١٩٨٠/١١/١٨) دا بە گوللەی دۆشکەی دوو هیلیۆکۆپتەری جەنگی سوپای رژێمی بەعسی فاشی هەشت پێشمەرگەی جەنگاوەری خۆبەختکەر شەهیدکران، یەك لەوان شەهید (جەمیل رەنجبەر) بوو. بەم جۆرە لاپەڕەی ژیانی شاعیرێکی شۆڕشگێڕی کورد پێچرایەوە و گیانی پاکی بە نەمری ئاوێزانی گیانی شەهیدانی کورد و کوردستان بوو.

### دیوانی جەمیل رەنجبەر و هەڵوەستەیەك

شاعیری نوێکار، هەرچەندە نۆبەرەی شیعرەکانی لە دیوانێکی بچکۆڵەی بەناوی (ڕاز و سکالا) لە چاپخانەی سلێمانی بە (٦٤) لاپەڕەی قەبارە ناوەنجی لە ساڵی (١٩٦٨) دا بە چاپ گەیاند و سەرنجی شیعرناس و رەخنەگرانی ئەدەبی کوردی راکێشا، بەڵام بەچاکی نەناسرا تا بەرهەمەکانی لەرۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاو نەکردەوە و هێشتاش بە تەواوی مافی رەوای شاعیرییەتی خۆی پێنەدرا تا لە دوای (١٦) ساڵ رەتبوون بەسەر شەهیدبوونی ناوادەی. سەرجەم هۆنراوەکانی

لـەدوو تـوێی دیـوانێکی رازاوە لـە سـاڵی (١٩٩٦) دا بـە نـاوی (دیـوانی جـەمیل رەنجبەر) بە پێشەکی (دکتۆر مارف خەزنەدار). لە شـاری هـەولێر، لـە چـاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین لە چاپدرا و دەکەوێتە(٣٢٤) لاپەڕەی قەبارە گەورە و حـەوت نامیلکەی شیعریی لە خۆ گرتووە :

١- لکە زەیتوون لە گێژاوی خوێنا ١٧ هۆنراوەیە.

٢- کێ لە سەربەرزیی بە تەمەنترە ٩ هۆنراوە

٣- کەوش چەکوشی لا تاوانبارە ١٣ هۆنراوە

٤- کاتێ هەژار قەڤ سنوورەکان دەبڕێ ٣٠ هۆنراوە

٥- منداڵی سەردەمی ژان و خەم ٩ هۆنراوە

٦- راز و سکالا ٢٤ هۆنراوە

٧- رووبارێکی خوێناوی ٢٩ هۆنراوە

لـە خوێندنـەوەی سـەرجەم هۆنراوەکانیـدا بۆمـان روون دەبێتـەوە شـاعیرێکی ریالیـستی رەخنـەگری شۆڕشـگێڕە، لـە ناوەڕاسـتی شەسـتەکانی سـەدەی رابردووەوە هاتۆتە نێو مەیدانی شـیعری تـازەی کـوردی و تـەکنیکێکی نـوێی لـە هۆنراوە پتەوەکانیدا بەکار هێناوە.

## جوانکاری و داهێنان لە شیعری نوێی کوردیدا

کاتێك کە بە چاوی هەڵسەنگاندنەوە ئـەم دیوانـەی شـاعیر دەخوێنینـەوە، بۆمـان دەردەکـەوێ کـە ئـەم شـاعیرە داهێنـەرە لـە رووی مۆسـیقا و ئیقـاعی شـیعرەوە سوودی لە ئەزموون و کەلتووری کـورد وەرگرتـووە و ئیقـاعی تایبـەت بـە خۆشـی بـەکار هێنـاوە. لـەڕووی ناوەڕۆکیـشەوە جوانکارییـەکی تـەواوی خـستۆتە نێـو چـەمکی هۆنراوەکانییـەوە. لـەبارەی کاتیـشەوە رووداوەکـانی نێـو شـیعرەکانی

هەموویان لەو سەردەمە دروستبوون کە شاعیر تێیدا ژیاوە و بەرهەمەکانی تێدا خولقاندووە. با لەمەودوا دەست لەسەر ئەو شوێنانەی شیعرەکانی دابنێین کە جوانکاریی و ئەفراندن لەناودا دروستکردوون.

شاعیر لە ساڵی (١٩٧١) ەوە ئەدگاری نوێکاری و وێنەی جوانکاری لە بنیادی شیعرەکانیدا بە روونی دەرکەوتوون. لە هۆنراوەیەکی سەرکەوتوویدا بە ناوی (لکە زەیتوون لە گێژاوی خوێنا) بە دەیان وێنەی شیعریی یەك لە دوای یەکی بۆ خوڵقاندووین و تەنانەت ناونیشانی هۆنراوەکەیشی خۆی لە خۆیدا وێنەیەکی جوانی شیعرییە. چونکە (لکە زەیتوون) هێمای ئاشتییە کەچی کەوتۆتە (گێژاوی خوێن) کە ئەنجامی شەڕ و کوشتارە.

لە بەشی سێیەمی ئەم هۆنراوەیەدا، لە دەربڕینی (هەڵدانەوەی پەردەی چانۆی زامی چاو) هونەری میتافۆر و روونبێژی پێکەوە ناوە لە دەربڕینی (هەڵڕژانی قژی خۆی) کە تیشکەکەیەتی بۆ سەر سینگی یارە خۆشەویستەکەی، هونەرێکی تری میتافۆرەی بۆ پێکەوە ناوین و ئەو دوو وێنەشیعرییەی خوڵقاندووە (١) :

بەتووڕەیی..
پەردەی شانۆی زامی چاوم، هەڵدایەوە
قژی خۆریش..
بە هێمنی بۆ سەر سینگی خۆشەویستم، رژایەوە.
(دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەڕە ٣٨)

هەردوو وێنەکەش لە جۆری جووڵاون و بە هەستی بینین وەردەگیرێن.

لەبەشی چوارەمی هۆنراوەکەیدا، لە ( گرێدانی پەتی مێژووی دوێنێ و ئەمڕۆی بە دەستی خەمی پێشڕەوی نێو گڕکانی خوێن) هونەرێکی نایابی میتافۆرەی روونبێژیمان بۆ پێکەوە دەنێ و لەمەشەوە نایابترین وێنەی شیعریی لە جۆری چەسپاو دەخوڵقێنی کە بە هەستی بینین وەردەگیرێ :

دەستی خەمی..
پێشڕەوی ناو بورکانی خوێن..بەتووڕەیی
پەتی مێژووی دوێنێ و ئەمڕۆی توند گرێدا
(دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەڕە ٣٨)

دوا بەدوای ئەمەش وێنەیەکی دیکەمان بۆ دەخاتە پاڵ وێنەکانی پێشووی و لە رێگەی پێکەوەنانی هونەری میتافۆرە لە دەربڕینی ( گڕی ئاسۆ بۆ پێکانی شەوی شۆڕش وا لە رێدا) بەم دەربڕینە مەجازییەش وێنە چاوەڕوانکراوەکەی دەخوڵقێنێ :

گڕی ئاسۆ
بۆ پێکانی شەوی شۆڕش وا لەڕێدا.
(دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەڕە ٣٨)

وێنەکەش لە جۆری جووڵاوە و بە هەستی بینین وەردەگیرێ. شاعیر ئەوەمان بۆ رووندەکاتەوە کە ئەو رووداوانە بۆچی دەخوڵقێن. هەر خۆی وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دەداتەوە کە هۆیەکەیان ئەوەیە : خەڵکەکە تا پار و

ئەمڕۆکەیشی لەگەڵدابێ لە هەوڵ و خەباتی دا بەسەر ( پردی پەیمانی زۆرداری بە راکردن تێپەڕبوون و هیچیان بۆ هەژار و برسییان نەهێناوە ) و ئەمەشیان وێنەیەکی گەش و گۆڵی دیکەی شیعرییە :

چونکە تا پار..تا ئەمڕۆکەش
لەپردی پەیمانی چەورا ..هاتین بە غار
هیچمان نەینا..
نە بۆ برسی..نە بۆ هەژار
( دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەڕە ٣٨)

وێنەکەش لە جۆری جووڵاوە و بە هەستی بینین وەردەگیرێ. لە بەشی پێنجەم و بڕگە(ێ)ی هۆنراوەکەیدا لە دەربڕینی ( کردنی شیعرەکانی بە خوێن و بەگڕ و بە دایکیکی کۆرپە ون بوو، بۆ پەلاماردانی پەیامێك شیعرەکانی دڕن) جوانترین هونەری میتافۆرەی روونبێژی بۆ خوڵقاندووین و لەمەش وێنەیەکی جوانی شیعریی بەم شێوەیە بۆ خوڵقاندووین .

گوێتان لێ بێ
شیعرەکانم خوێن و گڕن
وەك دایکێکی کۆرپە ونبوون
بۆ پەلاماری پەیامێ..هار و دڕن.
(دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەڕە ٣٨ – ٣٩)

وێنەکەش لە جۆری چەسپاوە و بە هەستی بینین وەردەگیرێ.
لە بڕگەی (ب) ی بەشی پێنجەمی هۆنراوەکەیدا، شیعرەکەی خۆی وەك مرۆڤێکی زیندووی خاوەن هەست دادەنێ و بە تەوسەوە بە گوێگر و خوێنەرانی هۆنراوەکەی دەڵێ : ( ئەگەر شیعرەکەم قایل بوایە بە دیلی و ژێردەستیی، ئێوە گوێتان لێ رادەگرت.) دوای ئەمەش ئەگەرێکی تر دەخاتە پاڵی و بە خەڵکەکە دەڵێ ( ئەگەر شیعرەکەم دانسی ئافرەتێکی شۆخ بوایە، گوێتان لێ رادەگرت.) بەم دەربڕینە مەجازییانە و لە سەردەمی ئێستای شاعیردا وێنەیەکی دیکەی شیعرییمان لەڕێگەی پێکەوەنانی هونەری لێکچواندنی روونبێژی بۆ دەخولقێنێ.

ئەگەر شیعرم قایل بوایە..بەژێر دەستی
گوێتان دەگرت
ئەگەر شیعرم دانسی شۆخی ئاهەنگ بوایە
گویتان دەگرت.
(دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەڕە ٣٩)

هەردوو وێنەکەش لە جۆری جووڵاون و بە هەستەکانی بینین و بیستن وەردەگیرێن. چونکە گوێگرتن و جووڵە و ئیقاعی سەمایان تێدایە.
شاعیر لە بڕگەی (د)ی هەمان بەشی پێنجەمی هۆنراوەکەیدا، بیری نوێ و دابینکردنی پارووی دەمی برسییانی میللەتەکەی دەکاتە ئامانجێکی بالای و هەوڵی پێگەیشتن دەدات و دەیان کاتە گۆرانییەکی خۆش و هەموو دەم دەیچڕێ و لەم چەمکە قووڵ و پتەوەی کە لە رێگەی پێکەوەنانی هونەری لێکچواندنەوە خولقاندوویەتی، وێنەیەکی پڕ هەستی شیعریمان بۆ دەکێشێ.

شیعرەکان..
گۆرانییەکی بیری نوێیە
پارووی دەمی زگی برسیی کوردی پێیە.
(دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەڕە ٤٠)

وێنەکەش لە جۆری چەسپاوە و بە هەستی بیستن و چەشتن و بینین وەردەگیرێ و ئەوەی سەرنجی رەخنەگر و شیعر دۆستانی کورد رادەکێشێ ئەوەیە لەو کاتەی کە شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی بووە، لەهەمان کاتیشدا کەسایەتیەکی هەست ناسکی باوەڕ بەدوارۆژێکی پڕ لە داد و یەکسانی کۆمەڵگەی میللەتەکەی بووە و ئاوڕێکی باشی لە شیعری چینایەتی و مافی هەژاران داوەتەوە.
دوا بە دوای ئەم وێنەیەشی، وێنەیەکی تەواوکەری بەدوادا هێناوە و لەڕێگەی پێکەوەنانی هونەری لێکچوواندنی رەوانەوە، وێنەکەی بە جوانی کێشاوە.

شیعرەکانم خوێن و گڕن
وەك دایکێکی کۆرپە ونبوو
بۆ پەلاماری پەیامێ هار و دڕن.
(دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەڕە ٣٩)

وێنەکەش لە جۆری چەسپاوە و بە هەستی بینین وەردەگیرێ و هەموو رووداوەکانی ناو دوو توێی شیعرەکانیشی داواکاریی و هیوا و ئاواتی شاعیرن لە سەردەمەکەی خۆیدا و ئەوەندە ئاوڕێ بۆ سەردەمی رابردوو نەداوەتەوە و

ئەوەنـدەش بـەدوای دوارۆژێکـی نادیـاردا نەگـەڕاوە. بۆیــە بووەتــە شـاعیرێکی ریالیستی رەخنەگری و هەنگاوی بەرەو جیهانی شیعریی چینایەتی ناوە.

لە هۆنراوەیەکی دیکەیدا بە نـاوی ( وتــەی چەوسـاوەیەك) پـتر لـە ئـێش و ئـازاری هەژارە چەوساوەکانی میللەتەکەی دەدوێ و زنجیرە وێنەیەکی شـیعریی لەڕێگـەی پێکـەوەنانی هونــەری میتــافۆرە و وەســفکردنەوە خوڵقانــدووە و جــوانی ئــەم وێنەیەشی باڵایی هۆنراوەکەی دەستنیشان کردووە و بەم جـۆرە کـارە هونەرییـە ناسکەکەی ئەنجامداوە.

خۆر بێزار بوو لە بێدەنگی
لە تاریکی و لە درێژیی شەو
سڕ بوو وشەی کەدێ
لە کەنگێ پرسینی هەواڵی شار
لەپرسینی کۆتایی خەو.
(دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەڕە ٦٠)

وینەکەش لە جۆری چەسپاوە و بە هەسـتی بیـنین وەردەگـیرێ. دوا بـەدوای ئـەم سەرەتایە سەرکەوتووەی هۆنراوەکـەی، لـە هـەنگاوێکی دیکەیـدا وێنــەی جـوانتر دەکێـشێ تـا تابلۆیـەکی فـرە وێنـەمان دەخاتـە بـەردەم و بـەم جـۆرە کـارە هونەرییەکەی ئەنجام داوە.

لە پەرستگای خەونی وشە
دەممان سووا

سالّ و رۆژمان تەرخان کرد بۆ
بێدەنگی خوا
لووت و دەم و سییەکانمان
لەمژینی بۆنی کەلاکی نەوسنی پەنگدراوە
ویژدانی راست لە ئازاری ژینی ئەمڕۆ
لە سێدارە پەتی دوێنێی لەمل کراوە.
(دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەڕە ٦٠ – ٦١)

وێنەکان لە رێگەی هونەری ئاوەڵواتا و میتافۆرەوە دروستبوون و لە جۆری چەسپاون بە هەستەکانی بینین و بۆنکردنەوە وەردەگیرێن.
لە هەنگاوێکی تری هۆنراوەکەیدا، نەفرەت لە کار و فرمانی جەندرمەکانی تاریکی و چەوساندنەوە و بەدبین و ترسنۆکە جێگەرمەکان دەکات کە داوای خراپەکاریی بۆ هەژاری چەوساوە دەکەن و لەرێگەی وەسفێکی هونەریی وردەوە زنجیرە وێنەیەکی گەش و گۆڵی شیعریی بۆ خولّواندووین بەم جۆرە بەدوای یەکدا هێناون :

جەندرمەکانی تاریکی پێیان وتم
لە دیدەنی خۆری ژینا
چاوی گەشم ببەستمەوە
بەدبینەکان پێیان وتم
دڵی زیندووم لە گۆڕێکا
بە هەردوو پێ ببەستمەوە

ترسنۆکە جیێ گەرمەکان پێیان وتم
لە کوشتن و چەوسانەوەش هاوار نەکەم.
( دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەڕە ٦٠)

بە وێنەکێشانی ( چاو بەستنەوە و بێبەش بوونی لە دیدەنی خۆری ژیان) لەلایەك و ( ناشتنی دڵی زیندووی هەژار و بەستنەوەی بە بە پێی خۆی) و ( هاوار نە کردن لە کاتی چەوسانەوە و کوشتندا) سێ وێنەی نایابی شیعرین و لە هۆنراوەیەکی بە خەباتی چینایەتی ئاودراومان بۆ دەخولقێنێ. ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شیعری تازەی شاعیری نوێکار، وەك دکتۆر (ئیحسان عەباس)ی رەخنەگری ناوداری عەرەب دەڵێ ( وێنەی شیعریی لەناو هۆنراوەی نویدا بە زنجیرە دێتە خوار و پێوەندییەکی پتەویشیان لە نێواندا هەیە.(٢) وینەکانی شاعیری نوێکاریشمان بە هەستەکانی بینین و بیستن وەردەگیرێن و لە جۆری جووڵاون و شاعیر هەست و سۆزێکی زۆری بە هۆنراوەکەی بەخشیوە و جوانکارییەکی باشی تێدا ئەنجامداوە.
لە هۆنراوەیەکی دیکەیدا بە ناوی ( شیعر بە بووك دەبەن) زنجیرە وێنەیەکی شیعریی بۆ داڕشتووین. هەرچەندە وێنەکان بە وشەی سادە کێشراون، بەڵام پڕ هەست و سۆزی بەتین و بە ئەندێشەی قووڵی شاعیرانە دروستبوون، لە بەشێکی هۆنراوەکەیدا شیعرێك لە بیری زامەکەی دەخوازێ و دەیکاتە دیمەنێك کە هەژاریی و نەرداری بگرێتە خۆ و بەم جۆرە دەیخاتە روو :

دەچم شیعرێك لە بیری زامم دەخوازم
دیمەنێ بێت

بێ پارەیی و گیرفان لاڵی تێدا نەبێ
پردێ رووخاو
کەژاوەی یاری پێدا بێ.
(دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەڕە ٦٣)

شاعیری نوێکار چووە لە رێگەی وەسفکردن و هونەری میتافۆرە ئەم تابلۆ شیعرییەی بۆ دارشتووین و هەرچەندە لە روخساردا وێنەی هەستین، بەڵام لەناوەرۆکدا هونەرێکی ناسکی ئاوەڵواتاییە.(٣) و لە جۆری جووڵاون و بە هەستی بینین وەردەگیرێن.
دوا بە دوای ئەم تابلۆیە چەند وێنەییەش، وێنەی دیکەی بەدوادا دێنێ کە ( کچێکی جوان دەخوازێ) بەڵام وای بۆ دەچێ کە شیعرێکی جوان و رازاوەی گواستۆتەوە و کچەکە لە جوانیدا دەکاتە شیعر. واتە شیعری لەلا جوانترە لە بووك و وا لە خۆیشی دەکات کە گیانێکی راست و دروستە، بۆیە دەرگای ئەشکەنجە و ئازاری مرۆڤ دەدۆزیتەوە.

دەزانن من کچێکم خواست
بەڵام شیعرێك دەگوێزمەوە
دەزانن من گیانێکم راست
دەرگەی ئاراز دەدۆزمەوە.
(دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەڕە٦٣)

له رێگەی پێکەوەنانی هونەری لێکچوواندن و وەسفکردنەوە وێنە شیعرییەکانی کێشاوە و لە جۆری جوولاون و بە هەستی بینین وەردەگیرێن.
لە کۆپلەی کۆتایی هۆنراوەکەدا، شاعیر لە خۆشەویستی هەندێ وشەی سۆزداری پڕ ماناوە، شیعرێکی جوان و رازاوەیان لێدادەڕێژێ و کاتێکیش کە پیتەکانی ئەو وشانەی وەك مەشخەڵ دادەگیرسێنێ، ئاواتێکی خۆی دەخاتە ژێر گڕ و کڵپەکەی و بەم جۆرە دەیخاتە روو :

ئەمڕۆ هەندێ وشەم خۆشویست
شیعرێکی خۆشم لێ چنی
پیتەکانم هەڵگیرساند و
ئاواتێکم خستە بنی.
( دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەڕە ٦٣)

هەستدەکەین شاعیری پڕ هەست و ئەندێشە قووڵمان دوو وێنەی شیعریی لە رێگەی وەسف و میتافۆرە خوڵقاندووە و لە جۆری چەسپاون و بە هەستی بینین وەردەگیرێن.
شاعیری دوور ئەندێش و بیر قووڵ لە هۆنراوەیەکی دیکەدا بە ناوی ( سەریساڵێکی راپەڕیو) زنجیرەیەکی دوور و درێژی لە وێنەی جوانی شیعری خولقاندووە بە پێی بیروڕای رەخنەگرانی ئەدەبیش لە ئەنجامی شیکردنەوەی وێنە شیعرییە جۆراوجۆرەکانی نێو هۆنراوە، دەتوانرێ بگەینە بەهرە و دەستەڵاتی شاعیر لە خولقاندنی هۆنراوەی سەرکەوتوو(٤). ئێستاش با بزانین پێ بە پێ شاعیر چی کردووە و چۆن ئەو وێنانەی پێشکەش کردووین.

سەری ساڵە مۆمی تەمەن
فوو لە خەوی مردن دەکا و
لەنشێوی تاریکی کێو
دێتە خوارێ
خۆری تەمەن بۆ ئاهەنگی بووک و زاوا
میوانی خەونی سوور دەبێ.
( دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەڕە ٢٣)

ئەم دەربڕینە ناسکانەی ( مۆمی تەمەن لە سەری ساڵدا فوو لە خەوی مردن دەکا) وێنەیەکی شیعریی نایابی لە هونەری میتافۆرەی روونبێژیی خوڵقاندووە لە جۆری جووڵاوە و بە هەستی بینین وەردەگیرێ و لە دەربڕینی ( خۆری تەمەن لە ئاهەنگی بووک و زاوا میوانی خەونی سوور دەبێ) کە رەمزی خۆشی خەباتی شۆڕشگێڕییە و دوای ئەم سەرەتا سەرکەوتووەی هۆنراوەکەشی، شاعیری خەباتگێڕی ئەندێشە قووڵ چەند وێنەیەکی گەش و گۆڵی دیکەی شیعریمان لەم دەربڕینە ناسکانەی خوارەوە بۆ دەکێشێ :

سەری ساڵە
ماچی شۆخی شۆڕش و تاڵە
بولبولی ئاسمانی ئەمڕۆ
لە سەنگەری ژێر کرێوەی ئەم سەردەمە
لەگەڵ کڵپەی (کرسمیس)ی ئەشکەوتەکان

دەبنە گرمە و هاژەی بەخوڕی
ئەم چەمە.
(دیوانی جەمیل ڕەنجبەر لاپەڕە ٢٣١)

لە ڕێگەی پێکەوەنانی هونەری میتافۆرە و وەسفێکی ورد چەند وێنەیەکی نایابی شیعریی بۆ خولقاندووین و لە یەکەمیاندا خۆی لە دەربڕینی ( ماچی شۆخی شۆڕش تاڵە) و لە دووەمیاندا لە ( بولبولی ئاسمان دەبنە گرمە و هاژەی چەم) وێنەکەی تریان خوڵقاندووە و گرمە و دەنگی تریشقە بە چەهچەی بولبولی ئاسمان دەچوێنێ و هەردوو وێنەکەش لە جۆری جووڵاون و بە هەستەکانی بینین و بیستنەوە وەردەگیرێن.
دوا بە دوای ئەم بەشەی هۆنراوە شۆڕشگێڕییەکەی، شاعیر پتر لە سەنگەر و بنکەی پێشمەرگانەی نیشتمانە داگیرکراوەکەیەوە دەدوێ و بنکەی فیداکاریی پێشمەرگەکانی کوردستان پتەوتر دەکات و لەگەڵ کێوە بەرزەکاندا دەیەوێ شایی نەورۆزی قوربانییەکانی بەرخۆردان بکات و بەم جۆرە هەست و سۆزە سەرەڕۆکەی دەردەبڕێ :

سەری ساڵە
وا بڵێسەی چەندین ساڵی
بنکەی سووری پێشمەرگەکان
بەتین دەکەین
لەگەڵ کێوە بەرزەکاندا
چۆپیمانە و بۆ نەورۆزی قوربانیمان

ئەسپی هەژاران زین دەکەین.

(دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەڕە ٢٣١)

لە دەربڕینی ( بەتین کردنی بنکەی سووری پێشمەرگەکان) و ( شایی کردنی لەگەڵ کێوە بەرزەکانی نیشتمانەکەی( و ( ئەسپی هەژاران زین کردن بۆ نەورۆزی قوربانیانی خەباتگێڕان) سێ وێنەی شیعریی جووڵاوی بۆ خولقاندووین و بە هەستی بینین و بیستن وەردەگیرێن.

ئینجا لە بەشی دوایی هۆنراوەوکەیدا روو دەکاتە ئەستێرەی ئێشکگرتن و رایدەسپێرێ کە رووی کردەوە شاری کوشتار و سێدارە، با وا لەخۆی نەگات کە فڕۆکەی بۆمباهاوێژ و بوردومانی دوژمنانی دەکات و دوا داخوازیی بۆ لەناوبردنی بەرهەڵستکارانی و لەڕێگەی وەسفکردن و لێکچوواندن و میتافۆرەوە ئەم وێنانەی بۆ کێشاوین و بەم جۆرە پێشکەشمان دەکات.

ئەی ئەستێرەی
یەکەم شەوی ئێشکگرتن
بۆ بەیانی کە چوویتەوە
بۆ شاری سێدارە و کوشتن
ئەی ئەستێرە وا تێنەگەیت
فڕۆکەیت و بۆردومانی دوژمن دەکەیت
لاسای فاشست نەکەیتەوە.

( دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەڕە ٢٣٢)

وێنــــەکان لـــە واقیعـــی خـــەبات و بـــەرخۆردانی پێـــشمەرگەی کوردســـتانەوە خوولقاندووە و لە جۆری جوولآن و لەڕێگەی هەستی بینینەوە وەردەگیرێن.

لـەو کاتــەی کـە لـە مەتــەرێزی شــەرەف و خۆبەخۆتکردنــەو خــەباتی چــەکداری کـردووە، خۆشەویـستی و وەفـادارن و هۆنراوەیـەکی پــڕ سـۆزی خۆشەویـستی و هەڵوێستی خۆشەویستەکەی لـەیاد نـەکردووە و چـووە هۆنراوەیـەکی پــڕ سـۆزی خۆشەویستی و هەڵوێستی بەرزی نیشتمانی بە نـاوی ( چــەپکە گـوڵێ بـۆ یەخـەی هەڵوێستی ژنەکەم) بەڕای مـن و زۆر لـە رەخنـەگرانی ئـەدەبی کـوردیی لووتکـەی شیعری بەرگرییە لە خـاك و بەگژداچوونەوەی دوژمنـانی کوردسـتان. هۆنراوەکـە سەرتاپای تابلۆیەکی بەرزو فراوانی هونەرییە و بـەدەیان وێنـەی شـیعریی گـەش و رازاوەی پڕ لە هونەری جوانکاری گرتۆتـە خـۆ و بووەتـە پانۆرامەیـەکی وێنـەکانی خەباتی شۆڕشگێڕیی و بەرخۆردانی کورد لە مەتـەرێزی مـان و مردنـدا لـە پێنـاوی مـافی نەتــەوەیی و سـەروەریدا و لــە سـەرەتای پانۆڕامـا شـیعرییەکەیدا بـەمجۆرە چووەتە ناو بابەتەکەوە.

وەك خەمێکی باڵداری شار
لەهێلانەی خۆر دەگەڕام
کەتاریکی شەقامەکان پێیان زانی
هاتن دەرگای سبەێنیان لێ کلیل دام.
( دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەڕە ٢٤٢)

لە سەرەتادا بە هێمنی دەچێتە نـاو بابەتەکـە زیندووەکـەی و خـۆی دەکـات بـە خــەمێکی باڵــداری شـارەکەی و بــەدوای هێلانــەی خـۆردا دەگــەڕێ و بەمـــەش

وێنەیەکی گەش و گۆڵێ شیعریمان بۆ لە هونەری میتافۆرەوە دەخولقێنێ. ئینجا وێنەی دووەمی بەدوادا دێنێ کە لە دەربڕینی ( تاریکی شەقامەکان بەو کردارە غەمخۆرییەی زانی، هەستا دەرگەی سبەێنێی لەسەر کلیل دا) دا دەردەکەوێ و هەردوو وێنەکەش لە جۆری جووڵاون و بە هەستی بینین وەردەگیرێن.

لە هەنگاوی دووەمی پانۆڕاماکەیدا، هونەرمەندانە باری دوورکەوتنەوەی لە هاوسەرەکەی و کاریگەریی ئەو دوورکەوتنەوەیەی لەسەر هەست و نەستی ئەو خۆشەویستەی بەوردی دەردەبڕێ :

خۆشەویستم
ڕەنگە فرمێسکی غەریبیت
لەکانیاوی تەنیاییا هەڵبقوڵێ
ڕەنگە لاشەی کۆتری گیان
لەزیندانی دەروونی تۆ
وەك مەنجەڵێ چێشت بکوڵێ.
( دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەڕە ٢٤٢ )

لە دەربڕینی ( هەڵقوڵینی فرمێسکی غەریبی لە کانیاوی تەنیایی ) و ( کوڵانی لاشەی کۆتری گیان لە زیندانی دەروون) دا، دوو وێنەی شیعرین و لە هونەری میتافۆرەوە دروست بوون و هەردووکیان لەجۆری جووڵاون و بە هەستی بینین وەردەگیرێن.

هەر لە بواری غوربەتی و دوورکەوتنەوەی لە هاوسەرەکەی گیانی بە گیانی، هەست و نەستی خۆی بە جۆرێکی پڕ لە سۆزی سەرەڕۆی خۆی و ئەندێشەی

قـوولّی دەردەبـڕێ و جـارێ لـە دیمـەنی سروشـتی وڵاتەکـەی خۆیـەوە دەسـت پێدەکات، ئینجا دەیبەستێتەوە بە هەست و هەڵوێستی هاوسەرەکەی خۆی.

ئەری گیانە
کە رووبارێ وشك دەبێ
کەنارەکان پەنا دەبەنە بەر پرسە
کە پاییز دێ
گریەی ماڵە سووتاوەکان
وەکو لافاو بۆ رووبار دێ
بەلام گیانە
خۆ تۆ خوێناوی رووباری
تۆ هەتاوی
لەتەنیایی و تاریکیی زیندان مەترسە.
( دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەڕە ٢٤٣)

لەم دەربڕینە ناسکانەی زنجیرەیەك لەوێنـەی شـیعریی لـە ئـەنجامی پێکـەوەنانی هونـەری میتافۆرمـان بـۆ دەکێـشێ کـە هــەموویان لــە جـۆری چەسـپاون و بەهەستەکانی بینین و بیستن وەردەگیرێن.
دوای ئـەو هـەنگاوە سـەرەتاییانەی دێتـە سـەر مەبەسـتی سـەرەکی لـە داڕشـتنی هـۆنراوە پتەوەکـەی، ئـەویش لـە ئامۆژگـاریی دووربـەدووری بـۆ هاوسـەرەکەی دەردەکەوێ کە پیاوانی رژێمی فاشی لێیان پرسی هاوسـەرەکەت لـە کوێیـە. ئـەم

وتە راشکاوە پڕ لە هەڵوێستی بەجەرگیان پێبڵێ :

خۆشەویستم
گەر پرسیان کوا هاوسەرت!
بڵێ ڕۆیی و
نەیویست ببێ بە شۆستەتان
تا پۆستاڵی زوڵمی ئێوەی پیا تێپەڕێ
نەیویست بمرێ
نەیویست ببێ بەڕێ
نەیویست قیڕ بێ و
لەشەقامی پیاوەکانتانا خۆی هەڵسوێ.
( دیوانی جەمیل رەنجبەر ل ٢٤٣–١٤٤)

شاعیر دەیەوێ هاوسەرەکەی لە وەڵامی پرسیارەکانی پیاوانی رژێمی فاشی بڵێ ( هاوسەرەکەم نەیویست ئێوە قەبووڵ بکات و ببێ بە شۆستەی شەقامی ئێوەی خوێنمژ و ببێ بە قیڕ و خۆی لە شەقامەکانی ئێوەی فاشیست هەڵسوێ. بەو دەربڕینە پتەوانە و لەڕێگەی هونەری میتافۆرە و وەسفکردنێکی ورد و ناسک، چەند وێنەیەکی شیعریی دەخولقێنێ و لە جۆری چەسپاون و بە هەستی بینین وەردەگیرێن.
لە بەشێکی دیکەی هۆنراوە شۆڕشگێڕییەکەیدا بەردەوام دەبێ لەسەر ئامۆژگارییە بەنرخەکانی بۆ هاوسەرە دڵسۆزەکەی، کە دووژمن لێی پرسی بۆ کوێ چووە. لە وەڵامدا پێیان بڵێ :

ئەریٚ گیانە گەر پرسیان
بلٚیٚ رۆیی و ..چونکە ئێوە دەتانەویست ماشێنیٚ بیٚ و
سەرمایەی ئێوە لێخورِیٚ
بلٚیٚ رۆیی و
نەیویست نانی دیلی بخوات
نەیویست تفی شۆڤینیتان
رِووی چەوساوەکان سواغ بدات.
( دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەرِە ٢٤٤)

سەربەرزیی خۆی بەرامبەر کردەوە چەپەڵەکانی دووژمنی کورد دەردەخات و نایەویٚ ببێت بە ئۆتۆمبێلێك و سەرمایەی داگیرکەر لێخورِیٚ، یان نانی دیلیی بخوات، بەم وەسفە ناسکانەی و بە هونەری لێکچواندن دوو وێنەی جووڵاوی خوڵقاندووە و بە هەستی بینین وەردەگیرێن و بۆمان دەسەلمێنیٚ کە لە هەموو وشەیەك شیعر لەلای شاعیری بەهرەدار دەخولقیٚ و تەنانەت لەوشەی رەق و تەقی وەك (ماشێن) و (تف) و (سواغدان) یش وێنەی شیعری دروست دەبیٚ.
شاعیری باوەرِ بەتین بەخەباتی کوردایەتی و تێکۆشانی چینایەتی لە بەشێکی دیکەی هۆنراوە سیاسییە سەرکەوتووەکەیدا زنجیرەیەکی دیکەمان لە وێنەی شیعریی بۆ دەخوڵقێنیٚ :

خۆشەویستم
گەر پرسیان کوا ئەو گرِە

بلێ رۆیی و بەم زستانە لەئاسمانی
هەژارانا دادەگیرسێ
بلێ رۆیی و بەم سەرمایە
کێ بزانێ روت و قوتە لەو دەپرسێ
گیانە:، بلێ
ئەو ئاگرە بەردەبێتە رقی ئێوە
ئەو ئاگرە ئاگردانی پێشمەرگەیە و
بابەگورگوڕی جوتیارە
تاوی گەرمی کرێکارە.
( دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەڕە ٢٤٥)

لەدژی دووژمن خۆی بە گڕە ئاگرێك دەچووێنێ و وەرزی ساردی زستان لە ئاسمانی کلۆڵەکان دادەگیرسێ و ئاگرێك بەر دەبێتە رقی دووژمن و ئاگردانی پێشمەرگە و بابەگورگوڕی جووتیاری چەوساوەیە و هەتاوی گەرمی کارگەران. ئەم لێکچوواندنە ناسکانە و لەو وەسفە جوانانەدا وێنەکانی خولڤاندووە و بەهەستی بینین و هەستێکی دەروونی وەردەگیرێن و لە جۆرێ جوولاون.
شاعیری پێشمەرگە لە جەرگەی خەباتی چەکداری لەپێناو کورد و کوردستان هۆنراوەیەکی دیکەی لە مەیدانی ئەدەبی بەرگریی دا دەڕێژێ و بەناوی ( وشە گولەکانی پێشمەرگەی شیعر) پێشکێشمان دەکات و بەم سەرەتایە سەرکەوتووەی دەست پێدەکات :

ئێوارەیە چاوی سووری رووناکی خۆر

بوخچەی زامەکانی ئەمڕۆی
لە کۆچێکا پێچایەوە
ئێوارەیە و دیسان شەڕە تەقەی ڕۆژمان
بەڕێ کرد و
ئەو شەوەی کە خۆشمان ناوێ
بۆ باوەشی ئیستراحەتمان ڕژایەوە.
( دیوانی جەمیل ڕەنجبەر لاپەڕە ٢٥٧)

وەسفی ئەو ئێوارەیەی ژیانی پێشمەرگە دەکات کە چاوی خۆر بوخچەی زامەکانی ئەو ڕۆژەی خەباتگێڕان دەپێچێتەوە لە وێنەی دووەمیشدا باسی ئەو ئێوارەیەی کە شەڕە تەقە بەڕێدەکەن و شەوێکی ناخۆشی بەدوادا دێ دەکات کە دەڕژێتە باوەشی حەسانەوەی پێشمەرگەی ماندوو و شەکەتی ژنانی ناو شۆڕشی مان و نەمان لە پێکەوەنانی هونەری میتافۆری ڕوونبێژییەوە چەند وێنەیەکی شیعریمان بۆ دەکێشێ کە بە هەستەکانی بینین و بیستین وەردەگیرێن.
دوا بە دوای ئەم سەرەتایەی هۆنراوەکەی شاعیری پێشمەرگەمان وەسفێکی وردی قاچ و پێلاوی قوڕاوی دەستە پێشمەرگەیەك دەکات کە ژمارەیان (١٠) پێشمەرگەیە و بەرەو گوندێکی کەساسی وڵاتەکەیان هەنگاو دەنێن بەشەو میوانی مزگەوتی کوندەکە دەبن، تا جووتیارەکان هەندێ گەرمایی بە گیانی سەرما بردوویان ببەخشن و بەمجۆرە چەند وێنەیەکی یەك لەدوای یەکی شیعریمان بۆ دەکێشێ.

قاچی سڕمان

بەپێڵاوێکی قوڕاوی

بۆ ئەم گوندە هەنگاو دەنێ

دە پێشمەرگەین

شەو میوانی خەمی مزگەوتی ئەم گوندەین

تا جووتیاران

بۆ گیانی سەرما بردوومان

هەندێ گەرماییمان بەنێ.

( دیوانی جەمیل رەنجبەر لاپەڕە ۲۵۷)

شاعیری نوێکارمان بە وەسفی ورد و هونەری میتافۆرە ئەم وێنانەی کێشاوە و هەمووشیان لە جۆری جووڵاون و بە هەستی دەروونی و بینین وەردەگیرێن.

### ئەنجام

لە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی هەندێ لە هۆنراوەکانی دیوانی شاعیری سەرکێش و بەتوانا ( جەمیل رەنجبەر) دەگەینە ئەم سەرەنجامەی کە بڵێین شاعیرێکی نوێکاری شیعری خەبات و بەرخۆردان و بەرگرییە. بە هەستی ناسکی بە سۆزی سەرەڕۆی و بە ئەندێشەی قووڵی شاعیری جوانکارییەکی تەواوی خستۆتە نێو شیعری نوێی کوردی، هەر لە کێشی خۆماڵی و ناوەڕۆکی پتەوی بە وێنەی شیعری رازاوە تا دەگاتە دەربڕین و گوزارەی تازەی لە وشەی سادە خولقێنراو.

زمانی شیعریشی، زمانی هەست و سۆزێکی راستگۆیانەیە، چونکە زۆربەی هۆنراوەکانی ئەم خەباتگێڕە لە ژیانی سەختی خەباتی پێشمەرگایەتییەوە دەدوێ و شاعیری شۆڕشگێڕمان هەموو دەم ئامادەی خۆبەختکردن و فیداکار

بووه و لەپێناوی خاکی نیشتمانە داگیرکراوەکەیدا، بۆیە هۆنراوەکانی خۆیان لەناو قالبی شیعری ریالیستی شۆڕشگێڕیی داپۆشراو بە پەردەیەکی تەنکی رۆمانسیەت دەدۆزنەوە. کە ئەمەشیان جوانکارییەکی گەش و گۆلیان بە شیعرەکانی داوە و بەرەو نەمرییان بردووە. مەبەستی سەرەکی شاعیریش لە هۆنینەوە و دارشتنی شیعرەکانی کاریگەرێتی لەسەر هەست و سۆز و ئەندێشەی خوێنەر و گوێگری هۆنراوەکانی هەیە و ئەم دیوانەیشی گەواهی ئەو تایبەتمەندییەی شیعرەکانی شاعیری شەهیدی رێگای رزگاریی نەتەوەی کوردمان دەدات.

شاعیری شۆڕشگێڕمان بەم هۆنراوە سیاسییانەی کە پڕ داهێنان و نوێکارین، خۆی هێناوەتە ریزی پێشەوەی شاعیرە هاوچەرخەکانی کورد و ئەگەر مەرگی ناوادەی بەهۆی شەهید کردنەوەی لە مەتەریزی شەرەفی خەباتی بەرگری لە نیشتمان و نەتەوەکەی و ئەمانی بدایە و تەمەنی کورتی لەو (٣٢) ساڵەی ژیانی درێژتر بوایە، بێگومان دەهاتە ریزی هەرە پێشەوەی شاعیرە نوێکارەکانی میللەتی کورد و ئەفراندنێکی زۆرتری دەخستە پرۆسەی دارشتنی شیعری تازەی نەتەوەکەیەوە. ئەو نەتەوە کلۆڵەی کە لە پێناویدا ژیا و لە پێناوی دا خەباتی شۆڕشگێڕیی کرد و لە پێناویشیدا گیانی خۆی بەختکرد.

هەولێر ٢٥/١٠/٢٠٠٤

سەرچاوەکان و پەراویز :

١- دیوانی جەمیل رەنجبەر هەولێر - چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ١٩٩٥
٢- د. احسان عباس - فن الشعر - بیروت ١٩٥٩ ص ٢٣٢

٣– سـييل دو لـويس – الـصوره الـسعريه – ترجمـه د. احمـد نـصيف الجنـابى و اخرون – بغداد ١٩٨٤. ص ٢٦

٤– د. احسان عباس _ فن الشعر _ ص ٢٣٨.

تێبـينى : سەرچـاوەى ئـەم بابەتـە گۆڤـارى نەوشـەفەق ژمـارە ٢٤ ئـازارى ٢٠٠٥ لاپەڕەكانى ٦٩–٧٧

# جەمیل رەنجبەر
# شاعیرێك لێوانلێو لە نووڕەیی و لە ئومێد

نووسینی : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

سەرەتای مانگی شوباتی ٢٠١٥

کەنەدا

**مۆتیڤی ئەم نووسینە**

لە گەڕان بەناو گۆشە و کەنارەکانی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیی، گەلێ دەنگی ناوازە، گەلێ ئاوازی جوان. گەلێ وشەی بە ئینساف و بە هەڵوێست دەبینین کە نە ئاوڕیان لێ دراوەتەوە و نە لایان لێکراوەتەوە. ئەم لا لێنەکردنەوەیە چەند هۆکارێك لە پشتییەوە وەستاوە کە یەکێك لە هۆکارەکان دەخرێتە مل رەخنەی ئەدەبی کوردیی و دەڵێن رەخنە لێی بەرپرسیارە. بەڵام لە راستیدا رەخنەی ئەدەبی کوردییش جگە لە رەخنەیەکی کەمڕەنگ و کەمدەست و کەم فیکری ئەدەبیاتی غەیرە شۆڕشگێڕی هیچی تر نییە. بەواتایەکی تر رەخنەی ئەدەبی کوردیی بەهیچ شێوەیەك ئاوڕی لە ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە نەداوەتەوە و بە ئەرکی خۆی نەزانیوە. ئەمە بۆشاییەکی گەورەیە کەڕەخنەی ئەدەبی کوردیی دووچاری جۆرێك لە شەلەل و سستی و بێڕەونەقی کردووە. بۆیە هەرکاتێ گەشت بەناو ئەو بزووتنەوەیە دەکەم، هەست دەکەم ئەدەبی کوردیی رەخنەی هەر نییە، یان ئەگەر هەشیبێت زۆر لە ئاستێکی نەخوازراوە. رەخنەی ئەدەبی کوردیش وەك بەشێك لە سەرخانی فرماسیۆنی کۆمەڵایەتی – ئابووری

کۆمەڵگـــەی کوردســـتان ڕەنگدانـــەوەی ئـــەو هەلومەرجـــە دیاریکراوەیـــە. هەلومەرجەکـەش هەلومـەرجی ئـەنتی شۆڕشـگێڕییە. چـونکە سـەرجەم بـەها شۆڕشگێڕییەکانی کۆمەڵگە (بە هونەر و ئەدەبیشەوە) لە سێ دەیەی رابـردوو بـە توندی لەژێر هێرشی هەمەلایەنەی بـورژوازی نـاوخۆیی و جیهـانی دابـووە. ئینجا یـەکێ لـەو دەنگـە جوانانـەی کـە تـا ئێـستا کـەمترین خوێندنـەوەی بـۆکراوە و رەخنـەی ئـەدەبی کـوردیی بـە ئـەرکی خـۆی نـەزانیوە بـەپێی پێویـست لای لێبکاتەوە،جـەمیل رەنجبـەری شـاعیرە. جـەمیل رەنجبـەر شـاعیرێکی دەسـت رەنگین، خاوەن ستایلی تایبەت بە خۆ، خاوەن میتۆدی بیرکردنەوەی تایبەت بـە خۆ، خاوەن زمانی شیعریی تایبەت بە خۆیەتی. رەنجبـەر وەك گـوڵێکی هەمیـشە بۆنخۆش وایە، چـەند بـەناو گـوڵزاری شـیعرەکانیدا بێـی و بـچیت ئەوەنـدە زیـاتر بـۆنی خـۆش دەچـنیتەوە. رەنجبـەر دەنگێکـە ئێـستاش سـەدای دەبیـسترێ، قەڵەمێکـە کـۆن نابێـت و کـول نابێـت، تیـژە وەکـو وشـەکانی. جـەمیل رەنجبـەر ئەگـەر بـە پێوانـەی نوێکـەرەوەی شـیعری کـوردییش پێوانـە نـەکرێ، ئـەوا وەك شاعیرێکی کارا و پڕ بەرهەم، بەڵام بەرهەمی جـوان لـەڕیزی پێـشەوەی شـاعیرانی بەرگریی و خەبات لە دژی ستەم و چەوسانەوە دێتە ئەژمار. جەمیل رەنجبـەر لـەو شـاعیرانەیە کـە تێکۆشـان لـە پێنـاو ئـازادی سـەرتاپای ژیـان و بیرکردنـەوەی دەتەنێتەوە. رەنجبەر لەو کەسانەیە کـە گیـان لەسەردەست ئامادەی قوربانییـە لە پێناو ئازادی و نەمانی ستەم و کۆیلەتی. ئەمە ئـەو شوناسـەیە کـە لـە یەکـەمین تێڕاماندا رووبـەڕووی دەبینـەوە و دواتـریش لـە میـانی شـیعرەکانییەوە شوناسـی ئەم شاعیرەی چینی چەوساوەکانی کوردستان جوانتر و روونتر دەردەکەوێت.

میتۆدی بیرکردنەوەی جەمیل رەنجبەر و ئاسۆی شیعری شۆڕشگێڕانە

جـەمیل رەنجبـەر لـە خیلالـی دیوانـە شـیعرییەکەیەوە(١) نمایـشی هەڵوێـستی سیاسی خۆی کردووە. ئەو بێئەوەی بەدوای دەمامکدا بگەڕێت، بێئەوەی فێـڵ لـە خوێنەر بکـات، ئـەوەی بـڕوای پێبـووە خـستویەتییە سـەر کاغـەز. بـەڵام نابێـت لەیادمان بچێت کە میتۆدی بیرکردنەوەی جـەمیل رەنجبـەر میتـۆدێکی راسـتەهێڵ نییە، بـەڵکو ئـاڵوگۆڕی بەسـەردا هـاتووە و بـەرز و نـزم بۆتـەوە. واتـە هۆشـیاری جـەمیل رەنجبـەر هەمیـشە لـە ئاسـتێکەوە بـۆ ئاسـتێکی تـر گـۆڕانی بەسـەردا هاتووە. ئەم گۆڕانـە هزرییـەش کاریگـەری هـەبووە بەسـەر ئـەزموون و هۆشـیاری شـیعریی رەنجبـەر، چـونکە هۆشـیاری " وێـستگەیەکی رۆشـنبیری گەورەیـە و رێنـوێنی راگەیانـدن دەکـات. لـە پانتـایی مێـژوودا یەکـەی بابـەتی بـە مەعریفـە دەبەخشێت. لە بڵندگۆی شاعیر و جیهـانی رۆحـی شـیعریدا، ناسـنامەیە. خـاوەن تێڕوانینێکـی قـووڵ و دیـدێکی سیاسـی بـەرین دەبێـت. هۆشـیاری بـیری قـووڵی فراوانی شاعیرە، لەبەرانبەر هەر چ شتێك تیـۆری بێـدەنگی رەتدەکاتـەوە.".(٢) جـەمیل رەنجبـەر سـەرەتا وەك شـاعیرێکی ناسیونالیـستی بـیری کردۆتـەوە و هەوڵەکانی خـۆی خـستۆتە گـەڕ لـەپێناو گەیـشتن بـە ئامانجـە نەتەوایەتییـەکان. رەنجبەر لە سەرەتای کاروانی نووسینی شیعردا دەکەوێتە ژێـر کاریگـەری رەوتـی شیعریی زاڵ و باوی ئەو سەردەمە. ئەو سـەردەمەش قۆنـاغی دوای گـۆران و پـێش بزووتنەوەی روانگەیە. ئامانجی جەمیل رەنجبەر هەر لە سـەرەتای شـاعیرێتییەوە (ناوەڕاستی دەیەی سەستەکانی سـەدەی رابـردوو)جگـە لـە خۆشەویـستی پـاك و بێگەرد بۆ ژن، خەبات کردن بووە لە پێناو رزگاری کورد و کوردستان.

پەیمان بێ دایە تاکو دوا تۆڵەم

پێشکەشی گەل و ئەو خاك و خۆڵەم

ئامۆژگاری تۆ هەمیشە دایە

بۆمان پەیڕەو و نەخشە و بروایە
تاکو بەخشی کەم گیانی بێگەردم
بە دۆڵ و چیا و نزار و هەردم (٣)

ڕاستیی لای ڕەنجبەر، ڕاستییەکی بەرجەستەکراوی خەبات و تێکۆشانە، بەرەنگاربوونەوەی ستەمە، بەگژاچوونی کۆت و بەندی کۆیلەتییە. بۆ ڕەنجبەری شاعیر ئەوە نەشیاوە کە کورد بێت و کوردیش ژێر چەپۆکەی ستەم بێت.

لە بیرکەم هەستی نەتەوایەتیم
بیخەمە ئەولا گشت کوردایەتیم (٤)

ڕەنجبەر بەرەنگاری ئەم ستەمی میللیی بۆتەوە. گەل لای ڕەنجبەر سەرچاوەی هەوڵ و تێکۆشانە و هەر گەلیش دەتوانی خۆی ڕزگار بکات.

با خۆشەویستی..
وەك مەشخەڵ بیّ بۆ ڕزگاری وڵات
دەس لەناو دەس بیّ..
سەرکۆنەم مەکە، ئیتر با بەس بیّ
شادی و بەختیاری گەل و نیشتمان
با بێتە بەری ڕەنجی تێکۆشان (٥)

ڕزگارکردنی وڵات لەسەر دەستی گەل بەو تۆخییە تا سەر خۆی لە بالای شیعرەکانی ڕەنجبەر هەڵناسوێت. ئەگەرچی شاعیر دوای ئاڵوگۆڕی رادیکالانە لە زەین و بیرکردنەوەیدا، کەچی جاربەجار سێبەری گەل لە هەندێك شیعریدا دەبینین. بەڵام شاعیر هەستی کردووە ئەم ستایڵە لە خەباتی میللی، لەپاڵ ئەم شێوازە لە بەرگریی کوردانە، پێویستی بە جۆرێك لە ئاڵوگۆڕ هەیە. ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی و ڕادیکاڵ. بۆ ئەم مەبەستەش دێت لە خۆی و هەڵڕشتنی ناخی خۆیەوە

دەست پێدەکات. ڕەنجبەر لە چوار دەوری خۆی دەڕوانێ و ئینجا دەیانخاتە نێو شیعر.

لەخەو هەستن تەکان بدەن

ئەی کرێکاری رووی زەمین

تاکەی هێز و ئارەقەی بازووی کڕاوتان

چەکی سەرمایەداران بێ و ..لە وڵاتانی ژێر دەستە

برامان پێ لەناو بەرن

دەی ڕاپەڕن

هاتین هاتین هەموو هاتین

تەکان بدەن، ئێوەش وەرن. (٦)

ئەم ئاڵوگۆڕ و بازدانە چۆنایەتییە لە بیرتەسکی ناسیونالیزمەوە بۆ جیهانبینی سۆشیالیستی و ئەنتەرناسیونالیستی لە خۆڕا نەهاتۆتە بوون، بەڵکو ئەنجامی رامان و قووڵبوونەوەی زۆری شاعیر بووە لە دونیا و دەوروبەر، لە یاساکانی ژیان و وەحشیەتی نیزامە چەوسێنەرەکان، لە کار و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، لە کۆیلەتی و ئازادی. ڕەنجبەر جگە لە خوێندنەوە، پرسیارکردنیش بۆتە بەشێك لە ژیانی.. ڕەنجبەر عەودالی راستی بوو. تینووی حەقیقەت بوو. شەیدای زانین بوو. ئەم خەسڵەتی پرسیارکردنەش بۆ ڕەنجبەری لاو شایانی تێڕامانە. (٧)ئەم بەرچاو روونییە وا لە ڕەنجبەر دەکات شیعرەکانی ئاوێتەی ڕێبازی چینایەتی خەباتی کرێکاران بکات لەدژی بورژوازی. ئەمەش جوانییەکی لەڕادەبەدەری بەخشیوە بە شیعرەکان و بە مێژووی نووسینی شیعر لای جەمیل ڕەنجبەر.

کە هاتمەوە..دەبمە بەهاری کەلاوەی

قەڵاتی جاری جاران و ...خۆر بۆ کۆڵانەکان، دێنین

هەرچی منداڵی گەڕەکە، گورز گورزانێ دەکەن و
قەرزی کرێکارانی شار، لە خانوە بەرزەکانی هەولێر دەستێنین
کە دێمەوە.. وەك منارەی چۆڵی بەرز، قیت دەبمەوە
کە دێمەوە.. گیانم تۆپەڵی ئاگرە و
بە چەکوشی چەوساوەکان، دادەگیرسێ
سۆزم لافاوی روبارە و
لە رامالینی زەلکاوی، کەس ناترسێ.(٨)

ئینسان لە میتۆدی بیرکردنەوەی رەنجبەر شوێنی سێنترالی پێدراوە. رەنجبەر تەقریبەن لە هەموو شیعرەکانیدا گەڕاوەتەوە بۆ ئینسان و بەهای ئینسان. ئینسانی زەحمەتکێش لای جەمیل رەنجبەر هەوێنی شیعرە و تەنانەت ئیلهامی هەموو کارە شیعرییەکانییەتی. جەمیل لەیەك کاتدا هەم خەباتگێڕێکی سیاسی بووە و هەمیش شاعیر. رەنجبەر چ مامۆستا بووبێت یان ژیانێکی نۆرماڵ ژیا بێت یان لە زیندانەکانی بەعس بووبێت، بۆ ساتێکیش ژێردەستەیی خۆی و خەڵکی ستەمدیدە و زەحمەتکێشی کوردی لەیاد نەکردووە. رەنجبەر ئەوەی فەرامۆش نەکردووە کە ڕێی گەیشتن بە ئازادی رێیەکی دژوار و سەختە، خەباتی دەوێ، تێکۆشانی دەوێ،قوربانی دەوێ. هەروەها دەشیزانی بۆ هەوێنی ئەو خەبات و تێکۆشانە پێویستە بیروباوەڕێکی شۆڕشگێڕانە بێت. مارکسیزم ئەو میتۆدە بووە کە رەنجبەر هەڵوەستەی لەسەر کردووە و بەدەستییەوە گرتووە.

میتۆدی مارکسیستانەی جەمیل رەنجبەر وەك میتۆدێکی سەراپاگیر لەژیان و شیعرەکانیدا رەنگی داوەتەوە. ئینسانی کرێکار لای رەنجبەر سەرچاوەی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەیە. رەنجبەر نە خۆشخەیاڵە بە وەعد و پەیمانی چینە

داراكان و نه پشتیان پێ دەبەستێت. ئەو تەنها و تـەنها پـشت بـە چـینی كرێكـار دەبەستێت بۆ گەیشتن بە ئازادی و رزگاری،

من دەمەوێ، كرێكاری كارگەی شیعر وتنێ بم
خۆم خاوەنی(كەرەستەی خاو، هێزی بەرهەم هێنان)م بم
هێز و بیر و، وشە و زمان..ڕقی چەوسانەوەی ژیان
لە میهرەجانی برسێتیم
هەر خۆم شیعری تێكۆشانم بخوێنمەوە
هەر خۆم بەفری سەرمایەدار، بتوێنمەوە.(٩)

ئەم جەغدكردنەوەیە(هەر خۆم)، جەغدكردنەوەیە لەسەر بێ متمانەیی بـە چـین و توێژەكانی تری كۆمەڵ. باكگراوندنی چینایەتی رەنجبەری شاعیر كە خۆی كـوڕی هـەژارێكی كوردسـتانە، بەرژەوەندییـە چـینایەتییەكانی خـۆی، فڕێـدانی كـۆت و زنجـیری كۆیلـەتی و گەیـشتن بـە ئـازادی بـە تونـدی بەسـتۆتەوە بـە خـەبات و تێكۆشـانی چـینی كرێكـار و خـەڵكی زەحمەتكێـشی كوردسـتانەوە. رەنجبــەر شەیدای باوەڕەكەی بوو، ئەو پێی وابوو ئەو باوەڕە راسـتە و هـەژارانی كوردسـتان دەگەێنێتـە ئامـانج. هــەر بۆشـە لـەو سـەردەمەماركسیـستترین رێكخـراوی ئـەو سەردەمە(ڕیكخراوی ماركسی—لینینی) بە جێكای شیاوی خەباتی خۆی دەزانـی و كاری تێدا دەكات و دەبێتە ئەندام تیایدا.(١٠) چونكە سۆشیالیزمێكی تر لـە هـیچ رێكخراوێكـی تـردا بـەدی ناكـات. سۆشـیالیزم لای جــەمیل رەنجبــەر ئاســۆی كاركردنیەتی. ئیلهامی نووسینەكانی و هێزی دەست راگەیشتنە بە خەونەكانی.

ئێمەی كارگەر چاك دەتوانین

نالەی هەژار
خەمی کۆمەڵ لەشەوی توون
بۆ هێلانەی هەتاو بەرین
ئێمەی هەژار چاك دەتوانین
لە کێڵگەی خوێن
لەکانی نەوتی ئاگرین
لەسەنگەرا
دەست لە ملی سۆشیالیست بین
چاك دەتوانین
لە مردنیش یەکسان بژین.(١١)

ئـەم بـاوەڕە بـە سۆشـیالیزم و یەکـسانیخوازییە تـا دێـت لەگـەڵ قاڵبوونـەوەی رەنجبەری شاعیردا لـە خـەبات و مارکـسیزم روونـتر بـەدیار دەکـەوێت. بـەڵام بـە داخەوە ئەم بەرچاو روونییە (کـە زۆر زۆر جێگـەی داخـە) درێـژە ناکێـشێت و بـە گیان بەخت کردنی رەنجبەر لە پێناو رزگاری یەکجاری کرێکار و زەحمەتکێـشانی کوردستان کۆتایی دێت.

ئەگەر لوتکەی هەژارەکان بەرز نەبێ
ئەی چی بەرزە؟
دیارە چاڵی بۆرژواکان
سەربەرەوژێر، بەرزی تیایە
دیارە کۆشکی سەرمایەدار
ڕەنجی گیانی کرێکارە و

ژانەکانی بەری تیایە.(١٢)

سۆشیالیزم ئیتر گەیشتنە بە دوا ئامانج. دوا خەونی داماڵینی زنجیری کۆیلەتییە لە دەست و پێی کۆمەڵگەیە. بەڵام ئایا ئەو سۆشیالیزمەی رەنجبەر کە بڕوای پێ هەبوو، هەمان سۆشیالیزمی زانستی کارڵ مارکس بوو؟ ئایا هەمان ئەو تێڕوانینە زانستییەی کۆمۆنیزم بوو کە مارکس لە کتێبی مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیستدا دایڕێشتووە؟ بە بۆچوونی من رەنجبەر بڕوای تەواوی بە مارکسیزم هەبوو. زۆربەی شیعرەکانیشی هەڵگری ئەو پەیامەن و دەرخەری ئەو راستییەن. رەنجبەر لە مارکسیزمی کەمتر قەبووڵ نەبووە. بەڵام بە کردەوە ئەو سۆشیالیزمەی رەنجبەر کاری لەسەر دەکرد شۆشیالیزمە پۆپۆلیستەکەی چین و رێبازی ماو تسی تۆنگ بوو کە گەل (کرێکاران و جووتیاران و سەربازان و توێژەکانی تری کۆمەڵگە)ی وەك کەرەسەی بنەڕەتی شۆڕش چاو لێدەکرد.

هۆ داگیرکەر هۆ چەوسێنەر

ئێمە گڕی چاوی ژانی کارگەرانین

چەکوشێکین..کیوی فاشیزم دەڕمێنین

مافی هەژار...بە تفەنگی گەل دەستێنین. (١٣)

گەڕانەوە بۆ گەل و باڵادەست بوونی گەل بەسەر چینی شۆڕشگێڕی کۆمەڵگە لە جیهانبینی شاعیر، لەقبوونی ئەو جێ و رێیەیە کە رەنجبەری شاعیر دووچاری دەبێ. شوناسی ئەو جیهانبینییە پۆپۆلیزمەیە کە بە ناوی مارکسی –لینینی و دواتر بە ناوی سۆسیال – دیموکرات بۆیاغی تەواوی هەیکەلەی رێکخراوەکەی رەنجبەری لێ دێتە بوون. ئەمەش تەنها ئەو رەخنەیەیە کە لە رەنجبەری شاعیر و سیاسی دەگیرێت کە سۆشیالیزمی کرێکارییەکەی تەسلیم بە سوشیالیزمێکی

نازانستی و نا کرێکاریی کردووە. بە دەربڕینێکی تر، جەمیل رەنجبەر ئەو قووڵبوونەوەیەی کە دەبوایە لە مارکسیزمی مارکس هەیبوایە، بەداخەوە نەیبووە!

## پێگەی ژن لە شیعرەکانی جەمیل رەنجبەر

ژن لە شیعرەکانی جەمیل رەنجبەر پانتاییەکی فراوان داگیر ناکات. بەڵکو لە هەر بۆنە و لە هەر شیعرێك کە ژن دەبێتە کارەکتەر، جیاواز لە زۆربەی هەرەزۆری شاعیرانی هاوسەردەم و هاوتەمەنی خۆی بەرخووردی کردووە. بەرخووردی رەنجبەر، بەرخووردێکی سادە نییە، بەڵکو لە پێداویستی خەبات بۆ گۆڕان و ژیانێکی باشترەوە سەرچاوە دەگرێ. ژن بۆ رەنجبەر عەشق و خۆشەویستییە. ئیلهامی شیعر و هەوێنی وزە و باوەڕە بۆ بەگژاچوونەوەی ستەم و نایەکسانی. لە دونیابینی رەنجبەری عاشق ژن تەنها هۆکاری دامرکاندنەوەی ئارەزووە سێکسییەکانی پیاو نییە، بەڵکو مرۆڤە و هاوڕێی ژیانە.

کیژۆڵەکەی شارستانی

دەستگیرانی منی لادێی کوردستانی

تۆ واز بێنە لە ژیانی بورجوازیت

لە بیرت چوو خۆشتەویستم

لە بیرت چوو وشەی ناخی هەژارخوازیت؟ (١٤)

ژن لە جیهانبینی جەمیل رەنجبەر لەبەردەم ئەزموونیکی سەخت دایە. ئەویش ئەزموونی پشت کردنە لە نەریت و کلتووری باو و هاتنە مەیدانە وەك خەباتگێڕێك لە پێناو رزگاری و یەکسانی. تێڕوانینی رەنجبەر بۆ ژن بریتییە لە تەماشاکردنی

ژن وەك خۆشەویست و وەك مرۆڤێکی ئازاد و خاوەن کەسایەتی و هەست و سۆز، وەك هاوڕێی و هاوسەنگەر و هاوخەبات.

ئازیز من لاوم :
جەزرەبە و دواویٚ کەتێی ئاڵاوم
یان ئەو دەردانەی گەل گیرۆدەی بوون
ئەمانبەن بەرەو گۆڕی لەناوچوون
پێویستی زۆرە ! بە یارمەتی تۆش
لەگەڵما وەرە دڵت بێنە جۆش
نەك بۆ مەبەستی و وشەی (دڵداری)
بۆ رابواردن یا بۆ گریە و زاری
بەڵکو بۆ خەبات. (١٥)

بانگەوازکردنی ژنان بۆ کۆڕی خەبات، بۆ بەرگری لە دژی ستەم و بێمافی، بانگەوازکردنی شۆڕشە دژ بە هەموو کۆت و پێوەندەکان کە وەك زنجیر لەدەست و پێی مرۆڤەکان ئاڵاون. رەنجبەر کاتیٚ لە ژن دەدویٚ ئەوەی بە فەرز وەرگرتووە کە سەرجەم ژنان خوشکی جەمیلن و بچووکترین تەماحی لێیان نییە. تەنانەت ئەو کچانەی کە لە مامۆستایەتی چ لە هەولێر یان لە شارۆچکەی باتاس رەنجبەریان خۆشویستووە، رەنجبەر نەیتوانیوە لە هێما و ئاماژەکانی ئەو خانمانە تێبگات. چیرۆکی ئەم تاك لایەنەی خۆشەویستی ئەو خانمانە لەگەڵ رەنجبەر دەتوانین لە شیعرەکانی (دوا ماچی وشە) و (فرمێسکی ناو لۆچی ئاڵا) بخوێنینەوە. لە فەرهەنگی خۆشەویستی رەنجبەردا، جیددی بوون لە

خۆشەویستی هیچ جۆرە گومانێك هەڵناگرێت. بۆیە سەرزەنشتی ئەو ژنانە دەكات كە عیشق دەكەن و دوایی عیشقەكەیان بە پارە و سامان دەگۆڕنەوە.

خۆشەویستم
سەیر نییە ئەگەر بیستم
ئاسمان بەناو عەردا تەپی
تیزابی خوێنی لێ پەقژی
چونكە ئاسمانی چاوی تۆ
لێوی دیناری هەڵمژی. (١٦)

ئەم بێ وەعد و بێ پەیمانییە لە خۆشەویتیدا سەرچاوەكەی هەرچییەك بێت، بۆ رەنجبەر و عاشقە جیدییەكان، ئەوانەی خۆشەویستی قوتبی سەرەكی ژیانیانن جێگای سەرزەنشت و رەتكردنەوەیە.

با ئافرەتەكان بزانن
زۆر لەمێژە هەناسەی ژینی بێزارم
خۆزگە خوازی هەوای پاكە
زۆر لە مێژە رێگەی خۆشەویستیم تاكە. (١٧)

جیاوازی چینایەتی نێوان دوو دڵدار رەنگە لەزۆربەی جاران مایەی شكست بووبێ. رەنجبەر ئەم جیاوازییە زەق دەكاتەوە. ئەو بە كچە دڵدارەكەی دەڵێ كە دەست لە ویست و ئارەزوو و خەون و خۆزگەكانی هەڵبگرێت و بێت لەگەڵ رەنجبەر بەرەو پێشكەوتن تێبكۆشێ.. رەنجبەر ئەمە دەكاتە مەرجی پێكەوە بوون، ئەگینا مەحاڵە بگەن بەیەك

بەڵام وەرە فەرموو رابین

زۆر روونە بۆ یەکتر نابین

چونکە منی ماندووی هەژار

بێوچانم بە کار و زار

لەپێناوی پێشکەوتنا

لە پێناوی سەرکەوتنا

تۆش پەروەردەی باوەشی ناز

پەروەردەی چەند جۆری ئاواز

بۆیە بە دووری ئەبینم

گیانە کە من تۆ بهینم (١٨)

لێرەوە دیارە کە رەنجبەر ئامادە نییە وازلە خەون و ئاواتەکانی بێنێ بۆ ئافرەت، ئەوە رۆشنە کە رەنجبەر خەونە چینایەتییەکانی ناگۆڕێتەوە بە خەونی سووری کچێکی شۆخ. بەڵکو بەپێچەوانەوە کچە شۆخەکە دەبێت بێتە سەر رێگای خەباتی شاعیر. چیرۆکی ژن لای رەنجبەر، هەمان چیرۆکی زانراوی گەنجانی رۆژهەڵاتە، کە کلتوور و نەریتی باو دەکرێنە پێوانەی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو. بۆیە جەمیل رەنجبەری مامۆستا و لاو سەرباری تێروانینە شۆڕشگێڕەکانی، بەڵام هێشتا وەك کوڕێکی بە شەرم و حەیا ، بەرپرسیار لە هەڵسوکەوتەکانی، نەیتوانیوە تەجاوزی هێڵە سوورە کۆمەڵایەتییەکان بکات. کاتێکیش هاوسەرگیری دەکات، ئەوکات رەنجبەر عاشقانە گۆرانی بۆ ژیان و خۆشەویستەکەی دەڵێت. کاتێکیش رەنجبەر خۆشەویستییەکی جوان و پاك و بێگەرد پانتایی دڵی داگیر دەکات و دەگات بەو کچەی کە خەونی پێوە دەبینیٚ،

ئەوكات بە هەموو توانایەکەوە ئەو عیشق و خۆشەویستییە لە هونەری شیعر وێنا دەکات. لای رەنجبەر هەموو شتێك لەپێناو ئازادییە. خۆشەویستی ژن مەقامێکی بەرز وبڵندی هەیە. چونکە خۆشەویستی رەنجبەر بۆ ژن خۆشەویتییە بۆ ئینسان.

که هاتمە لات
بازێك بە سەرما نیشتەوە
بوومە سەرکردەی دەوڵەتی خۆشەویستیت
لەسەر تەختی هەردوو مەمکی
کەس نەویستت
لێی دانیشتم
بە ئامانجی گیان گەیشتم(١٩)

ئەم خۆشەویستییە رۆمانسییە ئەگەر پاڵنەرەکەی هەرچییەك بێت، دواجار ئینسانێك دەبینین، شاعیرێك دەبینین خەریکە دڵ و دەروونی خۆیمان نیشان دەدات و خوێنەر دەباتە گەشتی دیوە پەنهانەکانی دەروون و هەست. بەڵام ئەمە ئەو رێڕەوە نییە کە رەنجبەر دەیەوێت بیگرێتە بەر، ئەو خۆشەویستی تێکەڵ سیاسەت و باوەڕ دەکات، ئەو دەستی خۆشەویستەکەی دەگرێت و خەبات دەکات. رەنجبەر دێت ئێمەی خوێنەر لەبەردەم دوو خۆشەویستدا را دەگرێت. ئاوێنەی شیعرەکانیمان دەداتە دەست تا لە خۆشەویستی بڕوانین. ئەو لە رێگەی خۆشەویستی ژنەوە جیهانێکی فراوانتر و ئالۆزتر لە خۆشەویستیمان نیشان دەدات.

خۆشەویستم

گەر پرسیان کوا هاوسەرت!

بڵێ ڕۆیی و

نەیویست ببێ بە شۆستەتان

تا پۆستاڵی زوڵمی ئێوەی پیا تێپەڕێ

یان

بەڵام گیانە

خۆ تۆ خوێناوی ڕوباری

تۆ هەتاوی

لە غەریبیی

لە تەنیایی و تاریکیی زیندان مەترسە.(٢٠)

ئەم تێکەڵکردنەی عەشق و خەبات، تێکەڵکردنێکە تەنها لای ڕەنجبەر بوونی نییە و بەڵکو زۆربەی شاعیرانی حەفتاکان و پەیرەوکەرانی ڕێبازی ڕوانگە ئەو ڕێڕەوە شیعرییەیان پەیڕەو کردووە.(٢١) بەڵام هەرچی ڕەنجبەرە لەسەر ئەو ڕێڕەوە نامێنێتەوە و بگرە پێ دەنێتە ئاستێکی بالاتر لە خەبات و تێکۆشان. ئاستی کارکردن لە سەر ئینسان. ئەمە خاڵی جەوهەری شیعرەکانی ڕەنجبەری شاعیرە تا دوا ساتی ژیانی.

## ڕەنجبەر و شیعری منداڵان

جەمیل ڕەنجبەر ژمارەیەك هۆنراوە بۆ منداڵان دەنووسێت. لەوانە کۆشیعرێك بەناوی (منداڵی سەردەمی ژان و خەم) و ئۆپەرێتێك بەناوی (بنەگەی شوانکاری)

کە ئۆپەرێکی یاری منداڵانەیە و لە چوار تابلۆی هونەریی پێکهاتووە. ئەم هۆنراوانە زیاتر لە بەندیخانە نووسراون جگە لە ئۆپەرێتەکە. شێوازی نووسینی ئەم شیعرانە جیاوازن بە بەراورد بە شیعرەکانی تری ڕەنجبەر. خاسیەتی ئەم شیعرانە ئەوەیە کە بەزمانێکی تا بڵێی سادە نووسراون تاکو منداڵان بە ئاسانی تێی بگەن.

بابە بابە

سەهۆڵی خەم لە دڵ لابە

بەسیە دووری

خۆ تۆ ئاگرێکی سووری (٢٢)

جگە لە سادەیی زمان، گەیاندنی پەیام و مەبەست و دەربڕینیان بە ڕوونی ئەرکێکی تری شیعری منداڵانەیە کە ڕەنجبەر بە جوانی لە نووسینی شیعرەکانیدا پەیڕەوی کردووە.

دایك : – ڕۆڵە مەگری، ئەمڕۆ جەژنی منداڵانە

پێکەنینی ڕوومەتی خۆر

خەنجەرێکی بێکالانە.

تا دەگاتە :

جا دایە کەی دەگاتە جێ؟

دایك : کە لە فێرگەی برسێتیا

خوێندمانەوە..

بمرێ چەوسانەوەی ئینسان

خوێندمانەوە.. بژی هەژار

سبەی شۆڕش .. دەکا بە نان. (٢٣)

مەبەستی پەروەردەیی لە شیعرەکانی رەنجبەر، ئەوانەی بۆ منداڵان نووسراون، قورسایی هەیە بەسەر شیعرەکاندا. بۆ رەنجبەر ئەوە گرنگە کە لە دوای هەر شیعرێك دڵنیا بێت پەیامەکەی گەیاندووە. چونکە " شیعری پەروەردەیی منداڵان بە لە بەرچاوگرتنی هەلومەرجی کۆمەڵگە و تەمەن و بار و دۆخی ئەندێشەی منداڵ رۆڵی کاریگەر دەگێرێت لە پێگەیاندنی نەوەی نوێ".(٢٤) جەمیل رەنجبەر بە ئاگا بووە لەوەی چی دەنووسێت و بۆ کێی دەنووسێت. بۆیە هە لەخۆڕا شیعری فڕێ نەداوەتە دەرەوە، بەڵکو وای دەبینم حیساباتی وردی لەسەر وشە و چۆنیەتی بەکار هێنانی و وێنەی شیعری سادە و زمانی منداڵ کردبێت. تەنانەت لە ئۆپەرێتی (بنەگەی شوانکاری) سوودی لە یارییەکانی کوردەواری وەرگرتووە و شیعرەکەی پێ موتوربە کردووە. ئەمەش بە دڵنیاییەوە خاڵی بەهێزە لە شیعری منداڵان کە رەنجبەر شارەزایی خۆی تیا نیشان داوە.

## ئیستاتیکا(جوانیناسی) و زمان لە شیعرەکانی رەنجبەردا

بە خوێندنەوەی شیعرەکانی جەمیل رەنجبەر، خوێنەر خۆی لە بەردەم شاعیرێکدا دەبینێتەوە کە گرنگییەکی زۆری بە هونەری دەربڕین و ئیستاتیکای شیعریی داوە. رەنجبەر وەك شاعیرێکی هۆشیار و بە ئاگا ئەوەی زانیوە کە " گەوهەری بیرۆکەی جوانی ئەوەیە کە دەبێ بابەتێکی هەست ئامێز بێت، واتە شتێك بێت لەبەردەم هەستەکان، وەکو پەیکەر یاخود تەلار، یان دەنگە موسیقییە جوانەکان، یاخود لانیکەم وێنەگرتنێکی ژیری بێت بۆ بابەتێکی هەست ئامێز وەك چۆن لە شیعردا هەیە" (٢٥) . بایەخی زۆری بە کێش و مۆسیقای شیعر داوە. گرنگییەکی زۆری بە وێنەی شیعریی داوە. رەنجبەر هەوڵی داوە

ریتمی شیعرەکان هاوسەنگ بن و هاوتا بن. نەفەسی دێرەکان تەواوکەری یەکتر بن. بۆ مەسەلەی سەرواش تا بڵێی شارەزا و لێهاتووە. رەنجبەر لەبەر ئەوەی کوردیزانێکی باش بوو، سەروای شیعرەکانی زۆر جوان هۆنیوەتەوە. ساختمانی هەر شیعرێکی دەگریت، دەستی وەستایی رەنجبەری پێوەیە.. وردبوونەوە لەسەروا لای رەنجبەر، شارەزایی و لێهاتوویی و کوردیزانی جەمیلمان بۆ دەردەکەوێت. وشەکانی " نزا –دزا، چیا–جیا، خوێن– بزوێن، تۆپە–زۆپە، ونە– کونە، لەرزە –هەرزە، خۆر–زۆر، مژان–هەژان، پڕیکا–کرپیکا، خەم–چەم، زێڕین– دێرین، تین–ژین، چنی–بنی...تاد" ئەم سەروایانە و زۆری تریش لەدارشتنی چوارچێوەی مۆسیقای شیعرەکانی رەنجبەر رۆڵیان گێڕاوە و بوونەتە هۆی چێژبەخشین بە خوێنەر. جگە لە سەروا، بۆ ئەوەی مۆسیقای شیعریی لە ئاستێکی بەرزدا بێت، رەنجبەر ئیشی جوانی لەسەر کێشی شیعرەکان کردووە. بۆ ئەمەش کێشی خۆماڵی یان پەنجەی بەکار هێناوە کە بە زۆری کێشەکانی چوار و چەندجارەی چوار، پێنج و چەندجارەی پێنج، لەگەڵ کێشی ١١ بڕگەیی. رەنجبەر جگە لە کێش و سەروا بایەخی زۆری داوە بە لێکچواندن و خوازە و پارادۆکس و ئەلیترەیشنیش داوە. ئەوە روونە کە شاعیر هەموو ئەمانەشی لە پێناو جوانی شیعردا کردووە. بۆیە دەبینین ئیستاتیکا لای رەنجبەر بگرە بە ئەندازەی ناوەڕۆك جێگای بایەخە. ئەگەر ناوەڕۆك مەرجی سەرەکی دەرخستنی روخساری شۆڕشگێڕانەی شیعرەکانی جەمیل رەنجبەر بێت، ئەوا ئیستاتیکا مەرجی شیعرییەتی شاعیربوونییەتی. هارمۆنیا نەفەسی شیعریی رەنجبەرە بە ئەندازەیەك بۆ ئەوەی لە زۆر دووبارەبوونەوە و دارشتنی قسەی ئاسایی بەدوور بێت، خۆی زۆر ماندوو کردووە و خوێنەری وردبینیش ئەو خۆ ماندووکردنە بە شیعرەکانەوە دەبینێت. رەنجبەر دروشمی سیاسی بەرز نەکردۆتەوە، بەڵکو

هـاتووە نـاوەڕۆكی سیاسـی لـە قـاڵبی هونـەری بـەرزدا نەخـشاندووە و شـیعری قەشەنگی بۆ خوڵقاندووین.

ڕەنجبەر لە خوڵقاندنی شیعردا هەوڵیداوە ئیستاتیکا و نـاوەڕۆك لێکهـەڵپێکرانێکی ئۆرگـانیکیی جوانیـان لەنێوانـدا بـێ و ئەمـەش گوزارشـتە لـە قـودرەتی شـیعریی ڕەنجبەر. ڕەنجبەر زۆر لە خـۆی ناکـات تـا شـیعر بنووسـێت، بـەڵکو بـە کـاوەخۆ بەرهەمەکانی لـە جوانیـدا هەڵدەکێـشی پـێش ئـەوەی بیخـان خاتـە بـەر دەسـتی خوێنەر. بەڵام دووبارە بوونـەوەی هەنـدێ وێنـەو دیمـەن لـە شـیعرەکانی جـەمیل ڕەنجبەر لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی چەند دەستەواژە و فرەیزێـك لـە چەشـنی (کارگەی شۆڕش، گەرووی هەژار، ئاهەنگی شـار، ئارەقـەی چـاو، تـەبارە، ئـاوازی شـۆڕش، کـۆڵانی دێ، کـاروانی خـۆر، جـۆخین، ڕووی چـەقۆ، بوخـچە، بلـدۆزەر، کوتەك، ئەسپ. کێڵگەی غەریبی، جۆگە، شخارتە،و تاد) ئەم دووبـارە بوونەوەیـە ئاماژەیـە بـەوەی کـە نـاوەڕۆکی بەرهەمـە شـیعرییەکانی ڕەنجبـەر چـینایەتین.

جەمیل ڕەنجبەر بە زمانێك نووسیویەتی تا بڵێی سادە و بـێ گـرێ و گـۆڵ، زمـانی خەڵکی هەژار و دەستەنگی کوردستان. زمانێك کە لەگەڵ ناوەڕۆکی شـیعرەکانیدا بێتـەوە. بـەڵام خـودی ئـەم زمانـە زمـانی لادێیـە، زمـانی گونـد و سیـستەمی فیودالییە. لە زمانی شیعرەکانی ڕەنجبەردا سـەرباری بـەکارهێنانی وشـەگەلێك لـە چەشنی " خەبات، سۆشیالیست،سەربەستی، ئاوات، کرێکار، جووتیـار، شـۆڕش، ئازادی، دیلیەتی، ژان، زام، هەژار، چەکوش، ئارەقـە، کارگـە، هەڵوێـست، هـاوار، ڕووبـاری خـوێن یـان ڕووبـاری سـوور، چەوسـێنەر، بـازووی هەڵمـەت، پەپوولـەی ئومێـد، شـۆڤینی، ئیمپریـالیزم،و تـاد" بـەڵام زمـانی جووتیـاری زاڵـە بەسـەر شیعرەکاندا. ئەم وشانە "پەڵە، کێڵکە، تەبارە، جـۆخین، شـۆ، بوخـچە، هـەوێز، خوتورمە، خێوەت، هـەوجاڕ و داس، ڕەشمـاڵ، گـۆزە، کـارێز، بـاراش، ڕانەمـەڕ،

پـاوان، کۆریـت، پێجـە و عـەبا، خەنجـەر، زەنگـوڵ، رسـتی جـل شـۆرین، داس، هێڵەگ، پـەرێز، شـەنە، خـەرمان، قەسـەر، پـوش، هەسـان، ئەسـپ، زیـن و لغـاو، سەپان، تورەکە، موفەرك، جۆگە، دانەوێڵـە، جۆگـە، باوەشـێن، دروێنـە، گاسـن، بیور، بێڵ، سیکارد، راو، قەرسیل، لەوەڕگە، کەنـداڵ، گۆچـان، مێگـەل، شـەوین، بـارەدار، جـەواڵ، هـەوێر، سواق،دەسـکەجۆنی، زیـوان،..تـاد" کـە قورسـاییان بەسـەر شـیعرەکاندا هەیـە و بەشـێکن لـە پێکهینـەرەکانی وێنـە شـیعرییەکان، وشـەگەل و دەربڕینکـەلێکی زمـانی سیـستەمی دەرەبەگایـەتین.. ئـەم زمانــە زمانێکی گونجاو نییە بـۆ شـاعیرێکی کرێکـاری. شـیعری کرێکـاریی پێویـستی بـە زمانی نوێ و شارستانیانە هەیە، شاعیرینمارکسیستی یان کرێکـاریی دەبـێ زمانـە شیعرییەکەی بەردەوام بە وشـەو فرێـزە چـینایەتیەیکان ئاوێتـە بکـاو پـاراو بکـا. لێرەوە هێزێك ببەخشێتە شیعر و شیعرییەت.

## ئەنجام

دواجار لە ئەنجامی خوێندنەوەی دیوانی جەمیل رەنجبەر و رۆچـوونە نێـو دونیـای شیعری رەنجبەر دەگەینە ئەوەی کە :

یەك : جەمیل رەنجبەر تا ئێستا بەپێی پێویـست ئـاوڕی جیـددی لێنەدراوەتـەوە، گەرچی یەکێکە لە شاعیرە جیددی و شۆڕشگێڕەکانی دونیای ئەدەبی کوردیی.

دوو : ژن وەك ئینـسان مـەقامێکی بـەرزی لای شـاعیر هەیـە و خۆشەویـستی ژن جەمسەرێکی گرنگی شیعرەکانییەتی.

سێ : گەرچی بـە هەسـت و بـاوەڕی کوردایەتییـەوە دەسـتی بـە شـیعر نووسـین کردووە، بەڵام دواتر وەك شـاعیرێکی چـینایەتی ئینـسان دەکاتـە بناغـەی کـار و بەرهەمە شیعرییەکانی.

چوار : ڕەنجبەر گەرچی سۆشیالیزم دەکاتە ئامانج، بەڵام سۆشیالیستەکەی زانستی نییە و تێکەڵییەکە لە مارکس و ماوتسی تۆنگ.

پێنج : ڕەنجبەر لە ڕێگەی هۆنراوەکانییەوە بۆ منداڵان پێمان دەڵێ کە ئەم منداڵانە پیاوی دوارۆژن و دەبێ بە پەروەردەیەکی تەندروست و بیری پێشکەوتووخوازییەوە پەروەردە بکرێن.

شەش : ئیستاتیکا لای ڕەنجبەر جێی بایەخە بۆیە تەکنیکی شیعرەکانی جوان و وێنەشیعرییەکانی سادە و ڕەوانن. بەڵام زمانی شیعریی ڕەنجبەر، زمانێکی لادییە و سەر بە قۆناغی دەرەبەگایەتییە و وەك کەرەستە بۆ شیعری کریکاری لەبار نییە.

دواجار جەمیل ڕەنجبەر شاعیرێکی خەباتگێڕو بەرگریکار و تووڕە، بەڵام دڵ پڕ لە ئومێد، خاوەنی خەون و ئاوات، پێشمەرگە و گیانفیدا لەڕێگەی ئەم نووسینەوە ئومێدەوارم تـوانیبێتم تـەمی بیرچـوونەوەی لەسـەر لا بـدەم و ئاوڕدانەوەکەم شایانی خوێندنەوە بێت.

**پەراوێز و سەرچاوەکان :**

(١) دیوانی جەمیل ڕەنجبەر بریتییە لە کۆی سەرجەم کۆشیعرەکانی شاعیر کە لە ناوەڕاستی دەیەی شەستەکانەوە دەست پێدەکات تا سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو(١٩٨١) کە تا ئێستا دوو جار چاپ و بڵاو کراوەتەوە. جاری یەکەم لە هەولێر لە ساڵی ١٩٩٦ چاپ کراوە و جاری دووەم لە سلێمانی لەساڵی ٢٠٠٧ هاتۆتە چاپکردن. من لەم نووسینەمدا پشتم بە تازەترین چاپ بەستووە واتە دیوانی شیعر جەمیل ڕەنجبەر لە ئامادەکردنی جەوهەر کرمانج ، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧.

(٢) هۆشـیاری لـە شـێوازی شـیعریدا نووسـینی ئـازاد ئەحمـەد مـەحموود گۆڤـاری ئایندە لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمـارە ٥٣ سـاڵی ٢٠٠٤ لاپەڕە ٣٠.

(٣)دیوانی جەمیل رەنجبـەر ئامـادەکردنی جەوهـەر کرمـانج ، لـە بڵاوکراوەکـانی وەزارەتی رۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپـەڕە ٢٥٣.

(٤)دیوانی جـەمیل رەنجبـەر ئامـادەکردنی جەوهـەر کرمـانج ، لـە بڵاوکراوەکـانی وەزارەتی رۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپـەڕە ٣٥٤.

(٥)دیوانی جەمیل رەنجبـەر ئامـادەکردنی جەوهـەر کرمـانج ، لـە بڵاوکراوەکـانی وەزارەتی رۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپـەڕە ٣٥٦.

(٦)دیوانی جەمیل رەنجبـەر ئامـادەکردنی جەوهـەر کرمـانج ، لـە بڵاوکراوەکـانی وەزارەتی رۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپـەڕە ١٥٥.

(٧)دکتۆر مارف خەزنەدار لە پێشەکی کتـێبی دیـوانی رەنجبـەر دەنووسـێ " لـە هەموو گەشـتێکی هـەولێرم لـەو ماوەیـەی جـەمیل رەنجبـەر لـە خانـەی قوتابیـان دەیخوێند چاوم پێی دەکـەوت. زیـاتر ئـارەزووی ئـەوەی دەکـرد باسـی ئـەدەبی رووسـی بـۆ بکـەم. بەتـەنگ ئـەوەوە بـوو ئایـا خوێنـەری رووسـیا(سـۆڤیەتی ئـەو سەردەمە) چێژ لەو شـیعرە ریالیزمیانـەی دەرەوەی وڵاتـی خۆیـان وەردەگـرن؟ ئایا ئەو شیعرە لە بەرزی هونەریدا وەکو شـیعری خۆیـان دێتـە بەرچـاویان؟" ئـەم پرسـیارانەی جـەمیل رەنجبـەر دەربـارەی خوێنـەر و شـیعری ریـالیزمی

سۆشیالیستی کە بایەخی سیاسی خۆیان هەیە لەلایەکەوە نیشانەی زیرەکی و زرنگی رەنجبەرن و لەلایەکی تریشەوە دەرخەری ئینتمای ئەو شاعیرەن بۆ ئەو رێبازی سۆشیالیستی. کەچی دکتۆر مارف خەزنەدار جگە لەم سەردە رووکەشییە هیچ ئاورێکی لە میتۆدی بیرکردنەوەی رەنجبەر نەداوەتەوە. ئەمەش خەوشێکی زۆر گەورەیە بەو پێشەکییەوە. کە بە بڕوای من نەك هەر نەیتوانیوە رەنجبەر هەڵسەنگێنێ، بەڵکو بەو پێشەکییە شەرمناوییە زۆر لە پایەی شۆڕشگێڕانەی جەمیل رەنجبەری شاعیری هێناوەتە خوارەوە.

(٨)دیوانی جەمیل رەنجبەر ئامادەکردنی جەوهەر کرمانج ، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ١٤٤.

(٩)دیوانی جەمیل رەنجبەر ئامادەکردنی جەوهەر کرمانج ، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ١٥٤.

(١٠)کۆمەڵەی مارکسی – لینینی رێکخروێکی چەپی مارکسی – ماوی پۆپۆلیستی بوو لە ١٠ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٠ دامەزرا. ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٧٠ بریتیبوون لە شەهابی شێخ نوری وەك سکرتێری کۆمیتەی سەرکردایەتی لە کوردستان و محەمەد سەعید میرزا و جەعفەر عەبدولواحید و ئاوات عەبدولغەفور و فەرەیدون عەبدولقادر. ئەم ئەلتەرناتیڤەی رێکخراوبوونە لەدوای شکستە سیاسی و ریکخراوەییەکانی حیزبی شیوعی عێراقی بووبووە شوێنی ئومێدی هەموو ئەو لاوانەی کە چارەنووسی خۆیان بە مارکسیسزمەوە گرێدابوو. ئەم رێکخراوە دواتر ناوەکەی دەگۆڕدری بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و لە ساڵی ١٩٩٢ بۆ یەکجاری هەڵوەشایەوە.

واته بە دەربڕینێکی تر، جەمیل رەنجبەر هەڵگری ئایدیۆلۆژی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی بوو. دیارە بۆ هەموان ئاشکراشە کە ئەو رێکخراوە لەو سەردەمە بە توندی لەژێر بیروبۆچوونی پۆپۆلیستی سەرکردە و رێبەری شۆڕشی ولاتی چین ماو تسی تۆنگ بوو.

(١١)دیوانی جەمیل رەنجبەر ئامادەکردنی جەوهەر کرمانج ، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٣٤٠.

(١٢)دیوانی جەمیل رەنجبەر ئامادەکردنی جەوهەر کرمانج ، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٣٤٢.

(١٣)دیوانی جەمیل رەنجبەر ئامادەکردنی جەوهەر کرمانج ، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٣٣١.

(١٤)دیوانی جەمیل رەنجبەر ئامادەکردنی جەوهەر کرمانج ، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٣٥٨.

(١٥)دیوانی جەمیل رەنجبەر ئامادەکردنی جەوهەر کرمانج ، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٣٥٥.

(١٦)دیوانی جەمیل رەنجبەر ئامادەکردنی جەوهەر کرمانج ، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٤٤.

(١٧)ديوانی جەميل رەنجبەر ئامادەكردنی جەوهەر كرمانج ، لە بڵاوكراوەكانی وەزارەتی رۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ١٠٠.

(١٨)ديوانی جەميل رەنجبەر ئامادەكردنی جەوهەر كرمانج ، لە بڵاوكراوەكانی وەزارەتی رۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٤٠٨.

(١٩)ديوانی جەميل رەنجبەر ئامادەكردنی جەوهەر كرمانج ، لە بڵاوكراوەكانی وەزارەتی رۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ١٩٥.

(٢٠)ديوانی جەميل رەنجبەر ئامادەكردنی جەوهەر كرمانج ، لە بڵاوكراوەكانی وەزارەتی رۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٣٢٦.

(٢١) بزووتنەوەی روانگە، بزووتنەوەيەكی ئەدەبی بوو لە سەرەتای دەيەی حەفتاكانی سەدەی رابردوو هاتە ئاراوە و توانی تەكانێكی گەورە بە بزووتنەوەی ئەدەبی كوردیی بدات و بیباتە پێشەوە، بزووتنەوەی روانگە بەياننامەی راگەياندنی خۆی لە ٢٥ی نیسانی ١٩٧٠ راگەیاند و لە پێشڕەوەكانی ئەو بزووتنەوەیە جەلالی میرزا كەريم، شێركۆ بێكەس، حوسێن عارف، كاكە مەم بۆتانی و جەماڵ شارباژێڕی بوون و گەلێ نووسەری تر دی دەستیان بەو بزووتنەوەیەوە دیارە لەوانە سەلام محەمەد و سەلاح شوان ..تاد. ئەم بزووتنەوەیە توانی بیری ناسیونالیزم و ئەدەبی كوردی تێكەڵ بكات و برەو بە ئەدەبێكی بەرگریی كوردیی بدات وەك وەستانەوەیەك لە بەرامبەر هەلومەرجە

نالەبارەکەی ژیانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان لە دەیەکانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم.

(٢٢)دیوانی جەمیل رەنجبەر ئامادەکردنی جەوهەر کرمانج ، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ١١٤.

(٢٣)دیوانی جەمیل رەنجبەر ئامادەکردنی جەوهەر کرمانج ، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٧ لاپەڕە ١٣٠.

(٣٤) شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم نووسینی ئەحمەد قەرەنی دەزگای چاپ و بڵاوکردەنوەی ئاراسساڵی ٢٠٠٨ لاپەڕە ١٨٠.

(٢٥) ئیستاتیکا(جوانیناسی) بەشی دووەم نووسینی ئاسۆ عومەر مستەفا گۆڤاری کاروان وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە ٢٢٠ ساڵی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٣٢.

# پێشەکی دکتۆر مارف خەزنەدار
# بۆ دیوانی جەمیل رەنجبەر

-١-

لەو ماوەیەی جەمیل رەنجبەرم ناسی. لەمێژ نەبوو دەستی بە خوێندن کردبوو لە خانەی مامۆستایانی هەولێر، من وەکو دڵخوازێکم هەمیشە لە شاعیر دەگەڕام، ئارەزووی ئەوەم دەکرد شاعیرێکی تازە و گومناو بدۆزمەوە. لەو سەردەمەدا (١٩٦٩ – ١٩٧١) جەمیل رەنجبەر شەش حەوت ساڵ بوو خووی بە شیعر نووسینەوە گرتبوو. رەنگ هەبوو لە هەموو شتێکا قسە لەڕوو بووبێ تەنیا لە شیعر نا، لەم لایەنەوە رووی شەرمی لەلای من دواند. بێگومان مەقامی شیعر ئەوەندە بەرزە بۆ شاعیری گەورەش نەهاتووە چاو لەڕووی شارەزای شیعر زەق بکاتەوە.

لەهەموو گەشتێکی هەولێرم لەو ماوەیەی جەمیل رەنجبەر لە خانەی قوتابیان دەیخوێند چاووم پێی دەکەوت. زیاتر ئارەزووی ئەوەی دەکرد باسی ئەدەبی رووسی بۆ بکەم. بەتەنگ ئەوەوە بوو ئایا خوێنەری رووسیا (سۆڤیەتی ئەو سەردەمە) چێژ لەو شیعرە ریالیزمیانەی دەرەوەی وڵاتی خۆیان وەردەگرن؟ ئایا ئەو شیعرە لەبەرزیی هونەریدا وەکو شیعری خۆیان دێتە بەرچاویان؟ وەکو بڵێی شاعیر ئەگەر لە کۆمەڵی سۆشیالیستیدا نەژی نەتوانێ شیعری هەناسە ریالیزمی بڵێ! من هەر لەو سەردەمە سەرەتاییەی ژیانی شیعری، لەپاش تەواوکردنی خوێندنی خانەی مامۆستایان ئیتر چاوم بە جەمیل نەکەوتەوە. بۆ دواجار یەکتری بینینمان لەساڵی ١٩٧٢ بوو، لەپاشان وتیان لە مێرگەسوور بە مامۆستای خوێندنی سەرەتایی دامەزراوە. تا ئەم دوایەش هەڵوێستم لە قالبدا نەمەیی بوو لەبابەت سەرجەم شیعرەکانی جەمیل رەنجبەرەوە، چونکە بەسەر

یەکەوە شارەزاییم تایاندا پەیدا نەکردبوو، لە کاتی خۆیدا پچڕ پچڕ تاکە تاکە شیعرەکانم خوێندبوونەوە، بەڵام نەگەیشتبوومە رادەیێك بتوانم بڕیار لەسەر جەمیل رەنجبەر بدەم وەکو شاعیرێك.

لەم چەندانەی رابردوودا، ئەو لایەنەی چاپکردنی کۆمەڵە شیعری ئەم شاعیرەی خستۆتە ئەستۆ رووی رێزی لێکردم بۆ ئەوەی چەند وشەیەك بەبالای شیعرەکاندا ببڕم. بەمجۆرە لە نزیکەوە توانیم ئەنجامێك وەدەست بێنم و لەخۆم راببینم ئەو قسانەی لێرەدا کراوە بیانکەم.

-٢-

گەشت بەناو گولزاری ئەم کۆمەڵە شیعرە ساتێکی گیانییە، پیاو خۆی لە بەهەشتدا دەبینێ، بەڵام یادی دۆزەخ دەکاتەوە. لەدواییدا ئەو دۆزەخە دەبێ ون بێ! لە گێتی ئێمەدا بەهەشت بە بێ دۆزەخ چنگ ناکەوێ.

جەمیل رەنجبەر وەکو شاعیرێك هەستی بەوە کردووە شیعری بۆ دێ، کە خستوویەتییە سەر کاغەز بەدڵی بووە، لەمەدا لە بەشێکی زۆر شیعرەکانیدا بەهەڵە نەچووە، بەڵگەی باوەڕ بەخۆکردن یا تێگەیشتن لەو بەرهەمەی بەوێنەی دانپیانانێك دەیداتە خوێنەران لەدوا کۆپلەی قەسیدەی (شیعر بە بووك دەبەن) دا بەدی دەکرێ :

ئەمرۆ هەندێ وشەم خۆشویست
شیعرێکی شۆخم لێچنی
پیتەکانم هەڵگیرساند و
ئاواتێکم نایە بنی..

ئەو وشانەی شاعیر خۆشی ویستوون ئەوانەن مانای تـازەی تیایانـدا دۆزیوەتـەوە، ئەگینا ئەگەر بۆ مانای ئەو وشانە لەفەرهەنگدا بگەڕێ مانـایێکی دەسـت دەکـەوێ بەکەڵکی شیعر نایە.

ڕیتم لای شاعیر لەنگەری سووکی ئاوازی شـیعری میللـی (فۆلکلـۆر)ی پاراسـتووە. چـونکە بناگـەی وشــە و رســتە و تــەعبیر بــەپێی دەســتلەملانێی دەنگــەکان (هارمۆنیا) بەڕێوە دەچێ، کێش ڕەوان و قافیـە سـوارە، لەشـیعری ( پێکـەنینێك لە باوەشی گریانا) دەڵێ :

چاوێکی تیژ، لەژێر چاویلکەی بەردە سێڵ

بیر بە نینۆك هەڵدەکەنێ

بە قاندرمەی قەلاتی کورد هەڵدەگەڕێ

لەڕاپۆرتی ئارەق ڕێژێکا نووسرابوو

هەرچی بلێم تەمی هەوا دەیقۆستەوە

تەرازووی شەو بە دوامەوە

خۆی دەکێشێ.

قەلاتی کورد دروشمی (ئازادی کورد)ە، لەبەر ئەوەی کورد ئازادی نەدیوە، دەبـێ بە خەیاڵ ئەو قەلاتە دروست بکا. لە قەلاتەکـەدا چـی نهێنییـەك هەیـە؟ نـایزانێ. خۆ دەبێ بیر لەوەش بکەینـەوە، هیـچی تێـدا نییـە. کـەوابێ ئەگـەر بگاتـە نـاوی پێویـست بەکەلوپـەلی ناومـاڵی وەشـاوە بیرازێنێتـەوە. لـەو رۆژگـارەدا لـە سـاڵی ١٩٧٢ شـاعیر لەڕەشـبینیدا دەتلایـەوە، چـونکە سـاڵی ١٩٧٠ (١١ی ئـازار) خـۆی نەکرد بە ساڵی گەیشتن بۆ سەر (قەلاتی کورد) بۆیە چوونە نـاو قـەلات بێئـەنجام بوو. لەپاش ساڵێکیتر یا دوو ساڵ (١٩٧٥) قەلاتەکە تالان کرایەوە.

-٣

ڕەنگە بەئاسانی بتوانین هەندێ لە لاپەڕەکانی ئەم کۆمەڵە شیعرە هەڵدەینەوە بەسووکی بەسەریاندا تێپەڕین، بەڵام ناتوانین وەستانێك لەگەڵ شیعری ( مردن لە گۆڕی سەرشۆڕی دەژیت) نەکەین.

لەم شیعرەدا لایەنگری ئەو باوەڕەیە (مردن لەپێناو ژیان) واتە کۆمەڵێك خەڵك گیانیان دەبەخشن لەپێناوی ئەوەی کۆمەڵێکیتر یان نەوەی داهاتوو سەربەرز و بەختیار بژین. ئەمە لەخۆبووردن و قوربانی تێدایە، مرۆڤ جارێك دەمرێ، گەل نەمرە، شاعیر لەگەڵ ئەوەیە بۆ ئەم مەبەستە (تاك) دەبێ گیانی ببەخشێ چونکە سیفەتی مردن و لەناوچوونی تێدایە، لەپێناوی گەل، نەوەی نەمری و هەمیشە زیندووی تێدایە. ئەم تێیۆرییەی خستە پراکتیکەوە لەژیانی شاعیر خۆیدا، لە کاتێکدا ژیانی لەدەستدا کە تفەنگ بە شانییەوە بوو، لەئازادی دەگەڕا بۆ میللەتەکەی، گەلی ژێر دەست بۆ ئازادی دەگەڕێ، گەلی برسیش بۆ نان، دەبێ (تاك) قوربانی بۆ ئازادی و نان بدا.

شاعیر وێڵی ئازادییە، بەشوێنیدا دەگەڕێ، کۆڵ نادا، ئەوەتا لەشێعری ( کێ لە سەربەزری بەتەمەنترە)دا دەڵێ :

گوڵی خۆزگە

چۆن بۆ چڵی داری ژیان دەگەڕێ

یان چۆن سەعات قورمیشی خۆی لێ ون بووە

ئارەقەی دواکەوتن دەسڕێ

گیانە منیش وێڵی چاوتم

سەد ئەوەندە لێت دەگەڕێم..

لەدوایشدا دەڵێ :

ئەریّ گیانە

ئیتر نامەم بۆ مەنێرە

پوولی پۆستە نامەکانم دەپشکنیّ

سندووری سوور

گۆڕی مردن، بۆ وشەی جوان هەڵدەکەنیّ

ئیتر نامەم بۆ مەنێرە

بەڕێگەی کۆن بۆم مەنێرە

تا دێمە لات، یان تۆ بە خۆت دێیە ئێرە.

شاعیر دۆش داماوە، سەری لێشیواوە (ئازادی) لێبووە بە ئەفسانە! هەموو جۆرە بەرنامە و پیلانێکی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بگاتە ئەو (ئازادی)یە. وەکو بڵێی رێگە و پیلانیتر نەماوە بۆ ئەم ئامانجە بەکار بهێنریّ، مەبەستی شاعیر جۆر و شێوەی دیبلۆماسییەت و پۆلیتیکێکی کلاسیکییە کە تا (١٩٧٣/٨/٢) رۆژی دانانی شیعرەکە بەکارهێنراوە بۆ گەیشتن بە (ئازادی). ئەوەی لە دێڕی ( بەڕیگەی کۆن بۆم مەنێرە) دەربڕیوە. لەپاش ئەوە دیسانەوە سەری لێشیواوە، چونکە نازانی خۆی دەگاتە ئەم ئازادییە! یان ئازادی دێتە لای. رەنگە ئەمە نموونەی دوارۆژبینی بیّ لای شاعیر. ئەوەتا ئێستا هەموو بەڵگەیەك ئەوە دەگەیێنیّ ئێمە بۆمان نەکرا بگەینە ئازادی بەلاّم لەوە دڵنیاین پۆلۆتیکی ئەنتەرناسیونالیزمی (دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان UN) دەورێکی بالاّی دەبیّ لەدوا رۆژدا لە هێنانی ئازادی بۆ خاکی ئێمەش.

شاعیر لە ئازادی بەولاوە شتیتر نابێنیّ، یاخود بەلای ئەوەوە لەهەموو شتێکیتر گرنگترە، لە شیعری ( پیرێکی بەندکراو) دا، مامەپیرە، مامە سوارەیە، بەڵگەی (کوڕی ئازا)ی کوردە. هەرچەندە کوڕی ئازا نەگیریّ، بەند ناکریّ، ئەگەر

بەڕێکەوت بەدیل بگیرێ. زوو کۆت دەشکێنێ و پێوەند دەپچڕێنێ و خۆی ئازاد دەکا. ئەویش وێڵی ئازادییە، لەپشت چیای قاف، لەنزیک ئەشکەوتی کانیاوی ناوی ژیانیش بێ، دەبێ (ئازادی) بدۆزێتەوە. شاعیر ئازادی لە گوارەی نازانین و نیگار و شۆڕە کچاندا دەبێنی :

مامە سوارە

مناڵەکان، چاوەڕێتن، لەو بنارە

ڕۆڕۆیانە، دەگریەن بۆ جووتێ گوارە

بۆ دەستگیرانی دێرینیش، کوانی گوارە

مامە سوارە، کوانی گوارە

کوانی گوارە

بێنە گوارە

جارێ گوارە نییە بەڵام جوانان بەبێ گوارەش دەژین.

-٤-

دوورکەوتنەوەی قوتابیان لە مامۆستا کارەساتێکی جەرگ بڕ و تەپینی دەروونە بۆی، یەکێ لە شیعرە پڕ سۆز و گیانییەکانی شاعیر ( برووسکەیێك لە دڵەوە) یە.

شاعیر مامۆستا بووە، زوو زوو دەبوو بەمیوانی گرتووخانە و بەندیخانە و ناو ئەو شاخانەی نەدەکەوتنە بەرچاوی نەیار. لە قوتابیان دوور دەکەوتەوە، دوورکەوتنەوە پچڕانی رەگ و دەماری ژیانە بۆ ئەو مامۆستایەی قوتابی خۆی خۆشبوێ و بەبێ ئەو هەڵنەکا.

جەمیل رەنجبەر هەست و نەستی ناسکی دەڕژێنێتە سەر تەلی کەمانجە، ئاوازی نەمری دەخزێ تا هەموو (هەبوون، گەردوون) دەگرێتەوە. بەڵێ شاعیر بە لەش

له شاگرده‌کانی دووره، به‌لاّم به گیان له‌گه‌لّیاندایه که به‌م جۆره قسه‌یان له‌گه‌لّدا ده‌کات:

له‌گه‌لّتانم

شاگرده‌کان دوور نیم لیّتان

نزیکتانم

توخمی شیله‌ی گوڵه‌گه‌نمی فه‌ریکتانم

له‌ناو جانتای کتیّبتانا

ده‌رسی شیکاری شه‌وتانم

نزیکتانم، کاوه‌ی نه‌ورۆزی خه‌وتانم

له‌گه‌لّتانم، له‌هاتوچۆی قوتابخانه

دلّم له‌ناو دلتانایه

په‌پووله‌ی زیندانی ته‌مه‌ن

له‌ناو باخی گوڵتانایه.

—٥—

ده‌بیّ هه‌ستی شاعیر چۆن گۆڕانیّکی به‌سه‌ردا هاتبیّ، له‌وکاته‌ی کۆتایی به ژیانی شه‌هاب و جه‌عفه‌ر و ئه‌نوه‌ری به‌رگویّ که‌وتووه؟ ره‌نگه ئه‌گه‌ر شاعیرانه بۆی بچم، ده‌بیّ بلّیّم جه‌میل ره‌نجبه‌ر له‌و کاته‌دا خۆزگه‌ی کردووه ئه‌ویش یه‌کیّك بوایه له‌وان، چونکه له‌گه‌لّیاندا هه‌وپیشه بوو له گۆڕه‌پانی وشه و خه‌باتی کوردایه‌تیدا، به‌لاّم له شیعری (به‌یادی تاڤگه سووره‌که) له سوچیّکی تره‌وه ته‌ماشای دیمه‌نه‌که ده‌کا. ئه‌م شیعره‌ی شاعیر له‌پاش له‌سیّداره‌دانی قاره‌مانه‌کان نه‌نووسراوه‌ته‌وه، به‌لّکو دوای تیّپه‌ڕبوونی سالّیّك واته یۆبیلی پیرۆزی سالّیّکی شایی و زه‌ماوه‌ندی خویّن، تاقیکردنه‌وه‌ی هه‌ستی شاعیر

ساڵێکی خایاندووە، ماوەی ساڵێکی تەواو لە کەلێنێکی شاراوەی دڵ و مێشکی شاعیردا وێنەی سێ قارەمانەکە ئاوا نەبووە. تاقیکردنەوەکە شیعرێکی پڕ سۆزی داهێناوە، لەدوا کۆپلەیدا دەڵێ :

ئەی چاوەکان

ساڵێ ڕۆیی و تیشکەکانتان ئاگر دەگرن

داڵی خنکان بە تۆوی لاشەتان دەمرن

زۆر چاویتر، بۆ بارەگای ئێوە دێن و

بڕیاری سەربەرزی دەدەن.

لە خاکی گڕ تێبەربوا

بەرماڵی شۆڕش رادەخەن

زۆر گیانیتر

تەرنەکانتان ماچ دەکەن و

دەبنە پردی بەرەو بەیان

لافاوی ڕووناکی زۆر چاو

میوانی ماڵی هەژارە، بۆ خواستنی یەك دەسگیران..

-٦-

ڕووداوێکی گەورەی ئەدەبی بەسەر یەکێکی وەکو جەمیل رەنجبەر بەئاسانی تێنەپەڕیوە. ڕووداوەکە درێژخایانە. دەردی بێ دەرمانی (یەکێتیی نووسەرانی کورد)ە، نە دەژی سوودی لێوەرگرین، نە دەمرێ رزگاریمان لێی ببێ. بەڵێ ئەم رێکخراوە لەپاش هەرەسە پشت شکێنەکەی بەهاری ١٩٧٥ەوە ، لەپاش ئەو گۆڕانە بنچینەییە سۆسیۆپۆلیتیکییەی بەسەر کوردستانی عێراقدا هات، یەکێتیی نووسەرانی کورد بوو بەمەیدانی دەلاڵخانە، وشەی کوردی و دواڕۆژی کوردی تیا

مەزاد دەکرا، بێگومان جەمیل رەنجبەر لە شیعری ( ئـەو نووسـەرانەی دەروونیـان چاڵی بەفرە) تـەعبیر لـە هەڵوێـستی هـەموو ئـەو نووسـەرە رەسـەنانە دەکا کـە خۆیـاب دوورەپـەرێز گرتبـوو لـە کـۆنگرەی پێنجـەمی سـاڵی ١٩٧٨ بەشـدارییان نەدەکرد. شاعیر لەدوا کۆپلەی شیعرەکەیدا دەڵێ :

ئەدیبەکان

دوای وشەی کۆنگرەتان

گەر چۆلەکە بۆ شازادەی پاشا نەگرن

ڕەوە کۆتری سەربڕاو

بەدیاری بۆ گیرفان نەبرێ

نابێ .. نابێ..

ئەگەر درۆی هەموو دنیا

بکەی بە بلوێری حیزی بلوێرژەنی

نانی (کانە)تان نادەنێ..

—٧—

شاعیر داهێنانی لە مانا و ناوەڕۆکدا زۆرە، لەبەرئەوە لـەناو ئـەم کۆمەڵـە شـیعرەدا شیعری جوان دەکەوێتە بەرچاو. نـاوی شـیعر، هـەموو شـیعرێك رەنگـە زوو لـەبیر بکرێ، یان پشت گوێ بخرێ، بەڵام هەندێ لە ناوەکانی ئەم شیعرانە خۆیان دێـرە شیعرن، یاخود پارچە شیعرێکی سەربەخۆن، لێـرەدا مـن نامـەوێ نـاوی شـیعری ( ئەو کتێبەی وشەی بەخەنجەر نووسراوە) بکەم بە بەڵگە بۆ ئـەم مەبەسـتە، بـەڵکو ناوەڕۆکی شیعرەکە خۆی گرنگە بەلامەوە. لەسەرەتای شیعرەکەدا دەڵێ :

ڕیزە چیاکان

وەکو تەونی بەرەبەیان، راچەندرابوون

برۆی رووناکی چاوی خۆر
وەکو ریسی مافووری دەستی قەیرە کچ
بەگوڵاڵەی باڵا لاوی رایەڵ کرابوو...

مەبەستی دروستکردنی ئەبستراکتێکە(تجرید) خاك لەناو سروشتدا لـە قاڵـب دەدا. ئەو خاکە بووە بە مایەی ئازار و ئەندێشە، بەڵام ناشرین نەبووە، لەبـەر ئـەوە هـەر جوانە و خۆشەویـستە، لـەپاش گەشـتێك لـە گێتیـی وردەکـاری و وشـە و رسـتە و تـەعبیر و مانـا، ناشـرینی لـەخاك دوور دەخاتـەوە، جـوانی دەکـا بـە ئـەدگاری هەمیشەیی ژیان کە دەڵێ :

هاتم هاتم
ناویان لێ نام بزمار کوتە
چەکوشێ بووم
ئەو دارتاشەی، ئەسکەملی ئەنجومەنی
کۆشکی سپی دروست دەکرد
ئاسنگەری کەشیشبەندی
بەندیخانەی کۆشکی (باستیل)ی خەستدەکرد
هێزی منی پێنەکرا
کەوی کێوی باوەڕی پێ هەڵنەفڕا..

—٨—

جەمیل رەنجبەر، شـاعیرێکی ناسـك و هـێمن و لەسـەرخۆ بـوو، لەمەیـدانی وشـەی جـوانی کوردیـدا ورد لـەگۆڕەپانی خـەباتی چـەکداری کوردایەتیـدا درشـت بـوو، لەگێتیی جوانکاریـدا هونـەروەر بـوو. زمـانی کـوردی بـاش دەزانـی، لەپـەروەردە شارەزا و لە وانە وتنەوە سەرکەوتوو بوو، لە کۆڕی خەبات و جەنگدا خـوێن گـەرم

و بزێو و چالاك بووە. بە هەموو جۆرێ جەمیل رەنجبەر لەهەردوو باردا، وشەی جوان و خەباتی چەكداری راستگۆ بووە لەگەڵ خۆی، بیروباوەڕە ناسیونالی و مرۆڤایەتییەكانی كردووە بە بەرنامەی ژیانی. نە تەنیا بە قسە، بەڵكو بە كردەوە هەموو تێرییەكانی گواستۆتەوە مەیدانی پراكتیك.

جەمیل رەنجبەر سی و سێ ساڵ لەتەمەنی بە قەوارە كورت و كەم، بە ناوەڕۆك درێژ و زۆر لەسەر تەختەی قوتابخانە و گۆڕەپانی جەنگاوەری و بەندیخانە بردۆتە سەر، یاد و بیرەوەرییەكی زۆری بەجێهێشتووە، بەڵام بە نرخترین میراتی ئەم كۆمەڵە شیعرەیە.

دوا مەڵبەندی ژیانی شاعیر چەك بە شانەوە، لە خەباتدا بوو، لە گوندی جەلكانی پشدەرە رەقەی بناری كێوەڕەش لە ناوچەی سەنگەسەر كاتژمێری سێی پاشنیوەڕۆی رۆژی ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ بوو، دوو هەلیكۆپتەری پڕ چەك بە دۆشكە كۆمەڵێك جەنگاوەری كوردییان گوللەباران كرد، لە ئەنجامدا هەشت كەس شەهید كران، یەكێكیان جەمیل رەنجبەر بوو، كۆمەڵێكیش بریندار بوون، یەكێكیان ئەبوبەكر خۆشناو بوو.

گیانی شەهیدی رێگای ئازادیی كورد و كوردستان جەمیل رەنجبەری شاعیر بە باڵەفڕێ خۆی گەیاندە بەهەشتی بەرین و لەگەڵ پەپوولە رەنگینەكانی كۆمەڵە شەهیدانی وشەی كوردی و دوارۆژی كورد جووت بوو. بەتایبەتی لەگەڵ وەزیری نادری و مارف بەرزنجی و هیتر. لەوێ، لەدواییدا، پێشوازی لە عەبدولخالیق مەعروف و شاكیر فەتاح و دڵشاد مەریوانی و هیتر كرد.

ئەمانە هەموویان نەمرن چونکە نامرن. لەبەرئەوەی داهێنـەری بەرهـەمێکن ناویـان لەبیر ناچێتەوە، کۆن نابن، هەموو رۆژگار و نـەوەیێکی کـورد و ئـادەمیزادی تـری سەر رووی زەوی پێویستی پێیان هەیە.

هەولێر مەڵبەندی رووناکی
١٩ ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٥

تێبینی مەشخەڵ : ئەم پێـشەکییەی دکتـۆر مـارف خەزنـەدار بـۆ دیـوانی جـەمیل رەنجبەر، تەقریبـەن هـەر هـەمان بابەتـە کـە دکتـۆر مـارف خەزنـەدار لـە کتـێبی مێـژووی ئـەدەبی کـوردی بـەرگی حەوتـەم ١٩٤٥ – ١٩٧٥ لـە بەشـی پـەنجا کـە تایبەتـە بـە ژیـان و شـیعری جـەمیل رەنجبـەر لـە لاپـەڕەکانی ٦٧٩– ٦٨٧ دا تۆماری کردووە، بەڵام برِێکیش جیاوازیان هەیـە. مـن لێـرەدا هـەردوو بابەتەکـەم داناوە و بە پێویستم زانی خوێنەر ئاگاداری هەردوو بابەتەکە بێت.

نووسینی : یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی

لکەزەیتوون لە گێژاوی خوێنا

-١-

ئای بۆ وشەی زمانزانی دەروونی رۆژ
چۆن گوللە بۆ سینگی دووژمن ..وا دەتەقیَ
ئای بۆ بیری پێشمەرگەی لات
لەقەد پاڵی هەموو کێوێك
لەسەر لاشە و خوێن دەچەقیَ
ئای بۆ دایکی گەرووی ئازار
کە بە مەمکی بابەگورگورِ
لەژێر گڕیَ سینگی تۆڵە
ڕۆڵەکانی گۆش دەکردن
زامە سارِێژ نەبووەکانی باپیرانی
بەفرچکی رزگاری (خۆی) گۆش دەکردن

-٢-

بەتوورِەیی..
دەرگەم لە ساڵی حەفتاو یەك بەدڵ داخست
پێچکەی ناڵەی سیمفۆنی ژین
چاوی ساڵی نوێی هەڵێنا..بە زەبری مست

دوێنێ..پێرێ،
کۆمارێکمان لە دایك بوو بەرگتان نەگرت
کە لێیان داین..
لەپێناوی تامی دیلی، دەنگتان نەکرد.

-٣-

بەتوورەیی..
پەردەی شانۆی زامی چاوم، هەڵدایەوە
قژی خۆریش..
بە هێمنی بۆ سەر سینگی خۆشەویستم، رژایەوە.
چونکە پێرێ..
ئارەقەی دیلیمان نەسڕی
هەر دۆشاومان بۆ بن گونی خۆمان دەکڕی
چونکە دوێنێ..
مافمان خورا..خۆمان کڕ کرد
هەر گیرفانی خۆمان پڕ کرد.

-٤-

دەستی خەمی..
پێشڕەوی ناو بورکانی خوێن..بەتوورەیی
پەتی مێژووی دوێنێ و ئەمڕۆی توند گرێدا
گڕی ئاسۆ
بۆ پێکانی شەوی شۆڕش وا لەڕێدا

چونکە تا پار..تا ئەمڕۆکەش
لەپردی پەیمانی چەورا ..هاتین بە غار
هیچمان نەینا..
نە بۆ برسی..نە بۆ هەژار

-٥-

ێ
شیعرەکانم خوێن و گڕن
وەك دایکێکی کۆرپە ونبوون
بۆ پەلاماری پەیامیٚ..هار و دڕن
دە گویٚ بگرن..لە هۆنراوە..لە شیعری نویٚ
خۆ گەر شیعرم بەرتیل بوایە گوێتان دەگرت
دەمی بیری گیان مردووتان..
وەك پاروویەك قووتی دەدا.
ئەگەر شیعرم تۆی شەڕ بوایە..گوێتان دەگرت
دەستی رەشی زامی دوورتان
لە کێڵگەی برایەتی گەلدا
زوو تۆی دەدا

ب
ئەگەر شیعرم قایل بوایە..بەژێر دەستی
گوێتان دەگرت
خوێن و زامی گرپە دوێنیٚ

بەبار داخی پێ دەخواردن
ئەگەر شیعرم دانسی شۆخی ئاهەنگ بوایە
گوێتان دەگرت
بلیتی گران بایی..
سەدان دینار، زۆر قوربانی پێ دەژماردن

ج
ئەگەر شیعرم سامان بوایە گوێتان دەگرت
سایلۆی نیازی چاو برسی
خێرا دان و پارە و خوێنیان، هەڵدەمژی
یا گەر شیعرم دیلی زۆرداریتان بوایە
لەپردی زەبری دیوەخان
بۆ بیستنی هەر وشەیەك
چەندین بەندەتان دەکوژی.

د
شیعرەکان..
گۆرانییەکی بیری نوێیە
پارووی دەمی زگی برسیی کوردی پێیە
شیعرەکانم خوێن و گڕن
وەك دایکێکی کۆرپە ونبوو
بۆ پەلاماری پەیامێ هار و دڕن
بۆیە ئەگەر..

بڵێن ئێمه..

بڵێن ئێمه له شیعرەکانت بێبەرین

لێتان ناگرم..

دەرەبەگن بۆرجوازین

ترسنۆکن، بەگشت جۆرە ژینێك رازین

دیارە دڵتان چاوتان بیرتان

هێشتا فێری هۆنراوەم نین.

١٩٧١/١٢/٢٨

# لکە زەبنون لە گێژاوی خوێندا و
# چەند سەرنجێکی رەخنەیی

ئــەدەب بــە هــەموو لکەکاکنییــەوە ( شــیعر، چــیرۆك، رۆمــان، شــانۆنامە، پەخشان..تاد) هەمیشە لەبارەی ژیانی میللەتـەوە دەدوێـن. کـە باسـی شـیعرمان کرد یەکسەر ئەوەمان بەبیردا دێ،کە دەبێت مەبەستێك لەچەند دێرێکی رێکوپێك و خاوەن کێش و سەرواوە دەربڕابێت. ئەم دەربڕینە کتومت دەربڕین لـە هەسـتی شاعیر دەکاتەوە. یانی شاعیر لە چ چینێکی کۆمەڵایەتی بێت، بۆ ئەو چـینە قـسە دەکات. گەلێ جاری واش هەیە کە شاعیر لە چینێکە و نووسـینەکەی بـۆ لایەکـە. گرنگ ئەوەیە وەك ( ماوتـسی تـۆنگ) دەڵـێ : ( ئـەو ئەدەبـەی لـەڕاژەی خـاوەن زەوی و زار بـۆرژوازی دایـە ئـەوە ئـەدەبێکی دەرەبەگایـەتی و بۆرژوازییـە. ئـەو ئەدەبەی کە لەڕاژەی ئیمپریالیزم دایە ئەوە ئـەدەبێکی خەیانەتکارییـە). چـونکە ئەدەبی واقیعی خـۆی لـە دوو لاوە دەبێنێـت، یەکـەمیان تـا چ رادەیـەك لـەڕاژەی جەماوەرەوەیە. دووەمیان چۆن ئەو راژەیە بەجێ دەگەێنرێت.

لەبەر ئەوەی کرێکار و جووتیار و بۆرژوازی بچووك زۆربـەی زۆری لـە گـەل دروسـت دەەکەن، بۆیە هەر ئەدەبیك بە زمـانی ئـەوان نەنووسـرێت و لێـی تـێ نەگـەن بـە ئەدەبی گەل ناژمێردرێت. چونکە ئەدەبی راسـتەقینە ئەوەیـە کـە بتـوانێ لەگـەڵ کۆمەڵانی خەڵك تێکەڵ بێـت و بیروڕایەکـەی ئـەوان وەرگـرێ و لەچوارچـێوەیەکی شیاودا پێشکێشی بکاتەوە. بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی کرچ و کاڵ دەرنەچـێت. بـەر لەهـەموو شـتێکەوە دەبـێ بزانـی بـە چ رێگایـەك دەتـوانی مەبەسـتەکەی بـەناو کۆمەڵدا بڵاو بکاتەوە و کاریان لێ بکات و بەشـداری لـە گـۆڕان بکـات. کـەوابێ بـۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکەی خۆی دەبێ بـیر لـەوە بکاتـەوە ، کـە بـەخۆی تـا چ

رادەیەك لەگەڵ جەماوەرە و بیروڕای خۆی چۆنە. ئەو کۆمەڵانەی کە بۆیان دەنووسێ کێن. پلەی زانستی و زانیاریان چەندە. بەرزی ڕۆشنبیرییان لە چ پلەیەکە و باری ژیانیان چۆنە. کە ئەمانەی بەپێی تیۆرەکانی مارکسیزم لینینیزم لێکدایەوە گومانی تێدا نییە بەسووك و ئاسانی دەتوانی ویستەکانی خۆی بەناو خەڵك بڵاو بکاتەوە و بگرە کاریشیان تێ بکات.

بۆ ئەوەی باسەکەمان لەڕێبازی دیارکراوی خۆی نەچێتە دەرەوە و درێژە نەکێشی لەخوارەوە بەپێی توانا شیعرەکەی شاعیر (جەمیل ڕەنجبەر) شی دەکەینەوە و لەڕووی ناوەڕۆك و زنجیرەی داڕشتنی بیروڕا و مەبەستی گشتی لێکی دەدەینەوە و کەموکورتی و چاکەکانی دەخەینە ڕوو.

شیعری ( لکە زەیتوون لەگێژاوی خوێندا) بریتییە لە پێنج پارچە، لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوە لەهەموو ڕوویەکی شیعرەکە کاتێکی یەکجار زۆری دەوێت. بۆیە جارێ پێشەکی ئەو وشانەی کە ناڕێکن نیشانیان دەدەین. ئینجا دێینە سەر ناوەڕۆکی گشتی.

١- شاعیر دەڵێ : ( بەفرچکی ڕزگاری (خۆی) نۆش دەکردن) وشەی خۆی لە جێگای خۆیدا نییە، چونکە ئەو نیشتمانەی ئەو باسی دەکات بە واتەی ئێستا هێشتان ڕزگاری نەدیوە تاوەکو فرچکیان وەك خۆی پێ بگرێ.

٢- شاعیر دەڵێ : (لەپێناوی تامی دیلی وەك پێویست بوو دەنگیان نەکرد) لێرەدا ئەگەر شاعیر مەبەستی خەڵکی بێگانە بێت ئەوا تامی دیلی ئێمە چ کارێك لەوان ناکات. خۆ ئەگەر لەگەڵ خۆشمانی بێت ئەوا دیسان ناڕێکە چونکە نەك هەر دەنگ کرا بەڵکو بەسەدان لاویشمان لەم پێناوەدا شەهید کران.

٣- شاعیر دەڵێ : ( شیعرەکانم خوێن و گڕن) لەم دێڕەدا ڕستەی خوێن و گڕن بەکار هاتووە، ئەوەی ڕاستی بێت گڕ بۆ ئاگرە. هەرچەندە خوێن گەرم دەبێ،

بەڵام ناسووتێت کە شتێکیش نەسووتێ چۆن گڕ دەگرێت. ئەگەر وشەی ئاگری بەکار بهێنابوایە و بیوتبوایە (ئاگر و گڕن) سەنگی شیعرەکەش تێك نەدەچوو، ماناشی چاکتر دەدا.

٤- شاعیر دەڵێ : ( لەگێڵگەی برایەتی گەلدا زوو تۆی دەدا) رستەی زوو (تۆی دەدا) رێك نییە. ئەو واتایە نادات کە ئەو مەبەستییەتی، ئەگەر بیوتبوایە زوو ( وەبەر دەهات) باشتر بوو. چونکە (تۆی شەڕ) لە کۆڵگەیەکدا بچێندرێت(بەردەدا) نەك تۆ.

٥- شاعیر دەڵێ : ( ئەگەر شیعرم سامان بوایە گوێتان دەگرت) هەرچەندە مەبەستی شاعیر لە وشەی (سامان) پارە و پوول وماڵە، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت شیعریش سامانێکی بەنرخە. راستە هی یەکەم ماددەیە، بەڵام هی دووەمیش سامانێکی مەعنەوییە و گەلێ جار بە نرخ تریشە.

بۆ بەڵگەش بە هەزاران دەوڵەمەندی خاوەن گەنج و بارگەی (لیرە) کۆچیان کردووە کەس هەر باسیشیان ناکات، ئەگەر چی بابەتاهیری هەمەدانی (٩٦٠) ساڵ بەر لە ئێستا شیعری نووسیوە، ئەمڕۆ نەك بە سامانی ئەوی دادەنێت و بەس، بەڵکو بە سامانی نەتەوەکەمان دادەنرێت و شانازی پێوە دەکەین.

٦- شاعیر دەڵێ : ( لەپردی زەبری دیوەخان بۆ بیستنی هەر وشەیەك چەندین بەندەتان دەکوژی). وشەی (دەکوژی) بەکار هاتووە بێ ئەوەی شوێنی خۆی بێ، چونکە ئەگەر مەبەستی لەگەڵ زۆردارەکان بێت، دەبوایە بڵێ ( دەکوژت) ئەگەر مەبەستی لە رەشورووتی چەوساوەش بێ دەبوایە بڵێ ( دەکوژرا).

بەمەوە لە پردی زەقی وشەکان دەپەڕینەوە و دێینە سەر مەبەست و ناوەڕۆکی شیعرەکە و بە شێوەیەکی گشتی لێکی دەدەینەوە. هەرچەندە شیعرەکە لەچەند بەشێك پێکهاتووە، بەڵام هەمووی بەیەکەوە بەستراونەتەوە. هەر پارچەیەکیش

بەتەنیا واتای خۆی دەگەیەنێت. خۆ ئەگەر هەمووشی پێکەوە بەشێوەیەکی گشتی نیشان بدرێت. دیسان وەك زنجیرەیەکی لەیەك نەپچڕاو وێنەیەکی رەنگاوڕەنگی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دەگرێت. ئەگەر تەماشای تەواوی شیعرەکە بکەین لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەبینین بەیەك شێوە و یەك نەغمە بیروباوەڕەکەی دەردەبڕێت.

ئای بۆ وشەی زمانزانی دەرروونی رۆژ
چۆن گوللە بۆ سینگی دووژمن ..وا دەتەقیٚ
ئای بۆ بیری پێشمەرگەی لات
لەقەد پاڵی هەموو کێوێك
لەسەر لاشە و خوێن دەچەقیٚ

لێرەدا شاعیر بە دوای وشەی ورشەداری روونی ناو دەروونی رووناکی رۆژ وێڵە، کە وەك گوللەیەکی ئاڕاستەی سینگی دووژمن بتەقیٚ، یان چۆن بەدوای بیری ئەو پێشمەرگە قارەمانە دەگەڕیٚ کە لە هەموو شەڕێك وەك سەرەڕم دەچەقێتە دڵی دوژمن و باکی لە دەربەدەری و کوشتن و گرتن نییە. پاڵەوانانە لەسەر لاشەی هاوڕێکانی رادەوەستێت کە بە دەستێك خوێنی زامەکانیان دەسڕێتەوە و بەوی تریش لەگەڵ چەکە دوژمن شکێنەکەی پەیمان نویٚ دەکاتەوە بۆ سەندنی ماف و تۆڵەی ئامانجی هاوڕێیەکان بەمەشەوە راناوەستێت و هەر دەگەڕیٚ.

ئای بۆ دایکی گەرووی ئازار
کە بە مەمکی بابەگوڕگوڕ
لەژێر گڕی سینگی تۆڵە

ڕۆڵەکانی گۆش دەکردن
زامە سارێژ نەبووەکانی باپیرانی
بەفرچکی رزگاری (خۆی) گۆش دەکردن

ئەو دایکە بەرهەمی مەمکی نەك هەر بابەگوڕگوڕە، بەڵکو بەدەیان کانی تری بەنرخی لێ دەردەبێت. بۆیە شاعیر زۆر بەسەربەستی دەیدرکێنێ و دەڵێ : ئەگەر رۆڵەکانی بەو مەمکە پەروەردە بکات، گومان لەوەدا نییە جۆرە نەوەیەکی تر گۆش دەکرێت، کە فرچك بەشیری رزگاری وڵاتەکەیان بگرن و خوێنی خۆیان لەلا هەرزان بێت.

ئەگەرچی پێشمەرگە هەر ئەوانە نین دەستیان داوەتە چەك، بەڵکو هەموو ئەو کەسانەن کە خۆیان بەقەردار دەزانن بەرانبەر نیشتمان، یان چاکترە بڵێین بەرانبەر ئەوەی شۆڕشگێڕی داهاتوو. هەرچەندە من لێرەدا لەگەڵ شاعیر نیم کە هەموو ئاواتێکی ئەدەبی و داوای وشەی جوان و پێشمەرگەی بەنجەرگ و دایکی گەرووی ئازار بکات بۆ ئەوەی بە بەرهەمی مەمکی خۆی و بەلایلایەی پڕ لە ئومێدی بەختەوەری نەتەوە و سەربەستی وڵات فرچکیان پێ بگرێ و گۆشیان بکات. چونکە ئێستاش و بەر لە ئێستاش بە کۆمەڵ خەڵکی وامان هەبووە و هەیە، کە مردن بە ترسنۆك دەزانن و هەمیشە لە پێناوی مافە رەواکانی میللەت ئەوان بەدوای مردندا رادەکەن. بەڵکو گەلێ جاری وا هەیە لە مەیدانێکی تەسکدا زۆرانبازی دەکەن.

بەتووڕەیی..
دەرگەم لە ساڵی حەفتاو یەك بەدڵ داخست
پێچکەی ناڵەی سیمفۆنی ژین

چاوی ساڵی نوێی هەڵێنا..بە زەبری مست

ڕاستە ئێمە هەمووومان لە رابردوو تووڕەین، چونکە ئەوەی مافمان بووە، نەمان دیوە. ئەوەی ویستومانە بۆمان نەکراوە. ئەوەی بۆ خەڵك هەرزان بووە، بۆ ئێمە بەخوێنیش وەدەست نەهاتووە. ئەگەرچی لەم دێڕەدا کە دەڵێ ( پێچکەی ناڵەی سینفۆنی ژین چاوی ساڵی نوێی هەڵێنا بە زەبری مست) بە خۆشی بڕوای بەوە هەیە، کە کاروانی پێشکەوتن و پەرەپێدان ناوەستێ هەزار ئەملا و ئەولا کاری تێ ناکات.

پێویستەکانی ژیان باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و بەرەو پێشچوون بە شەق لەهەموو کۆسپ و خراپەیەك هەڵدەدا کە لە پێش رەوڕەوەی مێژوو پەیدا دەبێ، دەتوانم بڵێم لێرەدا خۆی راست کردوۆتەوە کە نەبوونمان لە رابردوو ئەوە نەبووە کە نەبووین، بەڵام لافاوی زەمانە و گێژاوی نەگبەتی وەك عەزیاکەی سەرچاوەی شار رێگای لێ گرتبووین. ئێستا (ئەحمەد پاڵەوانێك) بەڵکو سەدان ئەحمەد پاڵەوان خۆیان تەرخان کردووە و پێشبڕکێ دەکەن بۆ جەنگی عەزیاکە.

دوێنێ..پێرێ،
کۆمارێکمان لە دایك بوو بەرگتان نەگرت
کە لێیان داین..
لەپێناوی تامی دیلی، دەنگتان نەکرد.

لەوەوە دەردەکەوێ ئێمە کە نەبووین، هەبووین، بەڵام راستە بەرگمان بێ نەکرا. بۆمان ساز نەکرا. نەمان توانی بیپارێزین، ئەگەرچی ناوەکەیمان لەدڵدا

هەڵکەندووە، کە کۆمارێکیان لێ تێك داین، ئێمە دەنگمان کرد، نەك وەك ئەو لە شیعرەکەدا دەڵێ ( لە پێناوی تامی دیلی وەك پێویست بوو دەنگتان نەکرد.)
شاعیر ئەگەر لەو دێرەدا نیازی دەوڵەتانی سۆشیالیست بێت، کە لەکاتی ( کۆماری مەهاباد)دا دەست رۆیشتو بوون، ئەوا منیش دەنگی خۆم لەگەڵ ئەوەدا دەکەم بەزەنگ و دووبارە بە گوێیان دا دەچرپێنین، بەڵام ئەگەر لەگەڵ خۆمانی بێت ئەوا لە دوو رێگای لەیەك جیاوازین و تەنانەت یەکتریش نابینین.
بەم وشانە دڵی شاعیر داناکەوێ و دێتە سەر گلەیی و گازاندەیەکی راستەوخۆ بەبێ شاردنەوە پێمان دەڵێ :

شیعرەکانم خوێن و گڕن
وەك دایکێکی کۆرپە ونبوون
بۆ پەلاماری پەیامێ..هار و دڕن
دە گوێ بگرن..لە هۆنراوە..لە شیعری نوێ
خۆ گەر شیعرم بەرتیل بوایە گوێتان دەگرت
دەمی بیری گیان مردووتان..
وەك پارووی‌ەك قووتی دەدا.
ئەگەر شیعرم تۆی شەڕ بوایە..گوێتان دەگرت

شیعرەکە مانایەکی قووڵ و پڕ لە هیوا و خۆزگەیەکی زۆری تێدایە، گەلێ لەمەش پتر لە دڵی شاعیردا هەیە بۆیە وا بە گەرمی کەموکورتییەکانی ناو کۆمەڵ دەردەبڕێت و لەم رێگایەوە هەرنەبێت دەیەوێ هەندێکی چارە بکات.
زۆر چاك دەزانی، کە (بەرتیل) بەهۆی چاوبرسییە شیر پیسەکان دەوری خۆی دەبینێت، هەستی بەوە کردووە کە زۆر جار حەق لەژێر ناحەقایە، بەڵام لەوەدا

لەگـەڵی نـیم کـە دەڵـێ : ( دەمـی بـیری گیـانی مردووتـان وەك پارووپـەك قـووتی دەدا) چونکە هەرچەندە رۆشنبیری بۆرژوازی و کۆنەپەرستی کار دەکاتـە سـەر کۆمەلانی خەڵك، بەڵام هەرگیزا و هەرگیز، دڵ و دەروونی پیس نابێ و ویـژدانی رێگا ون ناکات و گیانی نـامرێ، یـان کـە دەڵـێ : ( ئەگـەر شـیعرەکانم تـۆی شـەڕ بوایە گوێتان دەگرت) لەوەش دیسان بـەلای منـەوە وەك بیرێکـی کـۆن بـیری لـێ کرووەتـەوە. دەنـا جـەماوەر قـەت لـە وتـەی دووبـەرەکی و شـەڕ و ئـاژاوە و دەردەسەری گوێی راناگرێ تەنیا ئەگەر بە زۆر بەسەری دا بسەپێندرێن.

خۆ ئەگەر تۆی شـەڕیش چـاندرا، بێگومـان بەماوەیـەکی زۆر زوو لـەناو کۆمـەڵگای دواکەوتوو دێتەبەر، چونکە دەستەیەکی وا لەو پێناوەدا کار دەکـەن کـە لەلایـەن بێگانـە نیـوە دەرەبـەگ و نیـوە سـەرمایەداری نـاوەوەی وڵات و سـەرمایەداری بێگانـە پاڵپـشت دەگـرێن، جـا لەبەرئـەوەی بـەپێی رژێمـی بـاری کۆمەلایـەتی و ئـابووری ئـەوان دەسـتەلاتدارن بۆیـە شـتەکەیان زوو پـەرە دەسـێنێت و بـەناو خەڵکدا بڵاو دەبێتەوە. دەنا وەنەبێ کۆمەلانی خـەڵك حـەز بـەوە بکـەن. شـاعیر پەسـت و دڵگـیرە لـەوەی کـە خـەڵك زوو لەمەبەسـتەکەی ناگـەن و رەش و سـپی مەسەلەکە لێك ناکەنەوە، بۆیە وا بە کوڵ ئەم وشە ئاگرینانـە وەك پـەنگری کـەش لەسەر گۆشتی رووت دادەنێ و بەجزەی دەخات بەتایبەت کە دەڵێ :

ئەگەر شیعرم قایل بوایە..بەژێر دەستی
گوێتان دەگرت
خوێن و زامی گرپە دوێنێ
بەبار داخی پێ دەخواردن
ئەگەر شیعرم دانسی شۆخی ئاهەنگ بوایە
گوێتان دەگرت

بلیتی گران بایی..
سەدان دینار، زۆر قوربانی پێ دەژماردن

لێرەدا مەبەستی لەژێر دەستی ئەوەیە : کە ئەگەر شیعرەکانم وەکو شتە کۆنەکان لەسەر زوڵف و گەردەن و ..تاد لاتان خۆش بوو، یان ئەگەر باسی کۆنەپەرست و داگیرکەرانی نەکردایە نەدەترسان و هەر پێتان چاك بوو. بەڵام چونکە رێگاتان نیشان دەدا و وشیارتان دەکاتەوە لەلاتان گرانە و بەدڵتان نابێت. زۆر جوان بۆی هاتووە کە باسی ( دانسی شۆخی ئاهەنگ) دەکات، تیری لە نیشان داوە. راستە لاوان ئامادەن بە دەیان دینار لەپێناو چەند چرکەیەك خەرج بکەن. رەنگە گەلێ جاری وا هەیە لەپێناو ئەوجۆرە شتانە ئامادەبن گیانیش ببەخشن، ئەگەرچی ئامادەنین پشتگیری راستی بکەن و خۆیان بۆ ماندوو بکەن. خەڵکێکی زۆر بە بەزم و هەوەسەوە خەریکن، رۆژ لە حیسابات و شەو لە رابواردن، یان رۆژ لەملا و شەو لە لێکدانەوەی پڕ لە ئەندێشەی پڕوپوچ، رۆژێك بە تەواوی دەفتەری حیساباتی نەتەوەکەیان نایێننە گۆڕێ و بزانن چەند قەردارن و چۆن دەتوانن قەردەکە بدەنەوە. چ رێگایەك بگرن باشە بۆ دانەوەی قەردەکە. لە گوێ راگرتنی ( ژێردەستی و دانسی شۆخی ئاهەنگ) تێ دەپەڕێنێ کاتێ دەڵێ :

ئەگەر شیعرم سامان بوایە گوێتان دەگرت
سایلۆی نیازی چاو برسی
خێرا دان و پارە و خوێنیان، هەڵدەمژی

دیسان لێرە بەوردی لە مەسەلەکە نزیك بووەتەوە. چونکە بەڕاستی ( سامان) لای خەڵك شیرینە، بۆیە هەموو کەس بەجۆشییەوە تێی دەڕوانن، یان دەڵێ :

یا گەر شیعرم دیلی زۆرداریتان بوایە
لەپردی زەبری دیوەخان
بۆ بیستنی هەر وشەیەك
چەندین بەندەتان دەکوژی.

بەڵێ گەلێ جار تەنیا بە وشەیەك دەیان کەس کوژراوە، تەنیا بەدەست لە سمێڵ دانێك چەند کەسانێك لە دەرەوەی دیوەخان هەتك کراون، بۆیە ناحەق نییە ئەگەر هەموو ئەو خاسیەتە نالەبار و ناڕێکانەی ناو کۆمەڵ وەك خۆی نیشان بداتەوە، چی ئەخاتە سەر تەنیا ئەوە نەبێت کەبیەوێ بڵێت بەسیەتی واز لەو کردەوە خراپانە بێنن و چیتر بەم جۆرە بیروڕا کۆنەپەرستانە کە لە خزمەتی پاراستنی فەرمانڕەوایی چینە چەوسێنەرەکانە بڕوا مەکەن. هەنگاو بۆ پێشەوە بنێن، زۆر بەداخە لە یاساکانی کۆن و نیوە دەرەبەگایەتی. بە کوڵە بۆ کەردەشێك کەهەرچی پاشماوەیی وا هەییەتی، سەرنگوون بکرێ. بە ئاواتەوەیە بۆ رەشکردنەوەی ئەو نەریت و یاسایانەی کە لە راژە و بەرژەوەندی سەرەك خێڵ و ئاغا و چڵکاوخۆرەکانە. بەمە هەوڵێکی چاکی داوە کە هەستی چینێك دەربخات کە لە ناو کۆمەڵێ ئێمەدا بە ئازار گۆش کراون و دەیەکی ژیانیان پێکەنین و سانەوەی تێدا نییە. لە کۆتایی شیعرەکەی باسی ئەوە دەکات کە بە خۆی ناوەڕۆکی دەربخات و بە خەڵك بڵێ : شیعرەکانم ئەوانەی سەرەوە نین بۆیە گوێتان لێ رانەگرت. با ئێوەش گوێم لێ رانەگرن، یان باشترە بڵێم

هەوەستان لەگەڵ نەیەت. بەڵام شیعرەکانم شۆڕشێکی نوێخوازی پڕ بەپێستی خواستی گەلە.

شیعرەکان..
گۆرانییەکی بیری نوێیە
پارووی دەمی زگی برسیی کوردی پێیە
شیعرەکانم خوێن و گڕن
وەك دایکێکی کۆرپە ونبوو
بۆ پەلاماری پەیامیٚ هار و دڕن

هەوڵی داوە کە شیعرەکانی لە چوارچێوەیەکی وادابن کە گۆرانی نویٚ بن بۆ نەوەی نویٚ و کردەوەی نویٚ. ئەگەرچی ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ رۆشنبیری بۆرژوازیانەی ئەو سەردەمەدا نەگونجێت، بەڵام خۆراکە بۆ ئەو کەسانەی کە بە دوای رزگاری و بەختەوەریدا وێڵن، کە گوێیان لەهیچ شتێك نییە لە ئازار و ئەشکەنجە، لە گرتن و کوشتن، لە تالان و وێرانکردن لەپێناو ئەو ئامانجە پیرۆزەی کە ویژدانی کپ کراومان راست بووەتەوە داوامان لیٚ دەکات کە بیروباوەڕی دڵ و دەروونی پاکمان دەربڕین. لەگەڵ ئەو هەموو گلەیی و سکاڵایە خەڵکەکەشی هەڵسەنگاندووە.

بۆیە ئەگەر..
بڵێن ئێمە..
بڵێن ئێمە لە شیعرەکانت بێبەرین
لێتان ناگرم..

دەرەبەگن بۆرجوازین

ترسنۆکن، بەگشت جۆرە ژینێك رازین

دیارە دڵتان چاوتان بیرتان

هێشتا فێری هۆنراوەم نین.

دیسان نابێت بەم جۆرە هەموو لۆمەکە بکەوێتە ئۆباڵی خەڵك، چونکە دەبێت بارودۆخی بابەتی رەچاو بکرێ، لە رزگاری گەیشتن ماوەیەکی چاکی دەوێ. هەوڵ بۆ دانی ماوەیەکی باشتری دەوێت. خۆ بە کوشت دان گیانێکی قاڵبووەوە و خودێکی نەویستی دەوێ. بێگومان ئەوانەش هێشتان وەك پێویستە لەناو دڵی ئێمەدا جێگیر نەبووە، بۆیە ئەویش گەڕاوەتەوە سەر هۆیە سەرەکییەکە کە پەروەردەی رابردووە و ناحەقی نییە ئەگەر تا رادەیەکیش وابن.

بەگشتی شیعرەکەی شاعیر (جەمیل رەنجبەر) بەلای منەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێ کەموکورتی تێدایە و لە هەندێ بیروڕادا لەگەڵیدا نیم، بەڵام لایەنی چاکەی گەلێ پترە و بە زنجیرەیەکی لەیەك نەپچڕاو کۆمەڵێك خواستی نیشان داوە گەلێك نارێك و ناشیاوی ناو کۆمەڵێ دەرخستووە کە پێویستە ئێمەش لەگەڵ ئەودا بە توندی بەگژ ئەو جۆرە خاسیەتە نامرۆڤایەتییانەدا بچین و رووبەڕوویان ببینەوە.

**سەرچاوەکان :**

گۆڤاری نووسەری نوێ گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێر ژمارە (...) ١٩٧٢ لاپەڕە ٢٤ – ٤١.

گۆڤاری نەوشەفەق گۆڤاری ئەدەب و رۆشنبیری ژمارە ٥٩ ئابی ٢٠٠٨ لاپەڕە ١٢٩– ١٤٢ .

# بەشی دووەم

## جەمیل رەنجبەر لە بەردەم ئاوێنەی یادەوەری

ئەم نووسین و یادەوەرییانەی لەم بەشەدا دەیخوێننەوە پێش ئامادەکردنی ئەم کتێبە نووسراون و لە سایتی شەهید جەمیل رەنجبەر بڵاو کراونەتەوە جگە لە یادەوەرییەکی من نەبێ، کە لە کاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا نووسیم. لێرەوە دەبێ سوپاسی بەڕێوەبەری سایتی شەهید جەمیل رەنجبەر لە فەیسبووك و هەریارخانی کچی جەمیل رەنجبەر بکەم کە ڕێیان دام ئەم بیرەوەری و شیعر و یادەوەرییانە لێرەدا بڵاو بکەمەوە. ئەوەی سەرنجی راکیشام لە دەقانە ئەوەیە کە خاوەنەکانیان جەمیل دەناسن. ناسینەکانیشیان کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و

ئـەدەبین. ئەمـەش وا دەكـات كـە خوێنـەری ئـەو دەقانـە وەكـو دەلاقـە لێیـەوە بڕواننە جەمیل ڕەنجبەر و ژیانی و هەڵسوڕاوی سیاسی و ئەدەبیی. واتـە لـە میـانی ئـەم نووسـین و شـیعر و بیرەوەرییەكانـەوە دەتـوانین وێنـەی جـەمیل ڕەنجبـەر ببیـنین. دەقـەكان بەگـشتی دوو وێنـەی جیـاوازی ڕەنجبـەرمان نیـشان دەدەن. وێنەی یەكەم جەمیلی پێشمەرگەی یـەكێتیی نیـشتمانی كوردسـتان و شـەهید لـە پێنـاو ڕزگـاری كـورد و كوردسـتان. وێنـەی دووەم جـەمیلی پێـشكەوتووخواز و تێكۆشەر و خەباتكاری چینایەتی لە پێناو ئازادی و ڕزگاری كرێكـاران لـە سـتەمی بـورژوازی. ئـەم دوو وێناكردنـەش سـەر بـە دوو تێـڕوانینی چـینایەتی جیـاوازن. هەرچۆنێك بێت، ئەوانەی وێنەی یەكەمی جـەمیل ڕەنجبـەر وەك شـەهید لـە پێنـاو ڕزگـاری كـورد و كوردسـتان دەكێـشن هەسـت دەكـەم لەلایەكـەوە بـە قـووڵی لـە شیعرەكانی جەمیل ڕەنجبەر نەگەیـشتوون و ڕەنجبـەر بـەو دیـدگا و ئایدیۆلۆژییـە دەسپێرن كە تا ئاستێك ناكۆك بوو بە بیركردنەوەی. لەلایەكی تریـشەوە هەسـتی شەهید بوون لە ڕیزەكانی ڕێكخراوێكی سیاسی (ی ن ك) و ئینتمـا بـۆ ئـەو حیزبـە زاڵـە بەسـەر دەقەكانیانـدا. لـە كاتێكـدا ڕەنجبـەر خـۆی لـە زۆربـەی هـەرە زۆری شیعرەكانیدا بە ڕوونی و بە ئاشـكرا ئینتمـای خـۆی وەك جـەنگاوەرێكی خـەباتی چینایەتی كرێكاران بۆ چینی كرێكار و زەحمەتكێشانی كوردسـتان نیـشان داوە. بـۆ ناسـینی وێنـەی ڕاسـتەقینەی ڕەنجبـەر دەبـێ بگەڕێینـەوە بـۆ شـیعرەكانی ڕەنجبـەر خـۆی. پێویـستە لـە زمـانی ڕەنجبـەر خۆیـەوە ببیـستین كـە لـە چ سەنگەرێكدایە و شیعرەكانی بۆ چ مەبەستێك نووسراون. مـن بـەش بـەحاڵی خـۆم لەگـەڵ وێنـەی دووەم دام و خوێنـەریش بـا سەرپـشك بێـت لـەوەی چ وێنەیـەكی ڕەنجبەری قەبووڵە.

# دوای هەر ناخۆشییەك خۆشی دێت

نووسینی : هەریار جەمیل رەنجبەر

شـەهید ئەونـدە زوو ئێمـەی بەجێهێـشت پێڕانەگیـشتین تێـر سـۆزی بـین بۆیـە بیرەوەرییـەکانی شـەهید لەگـەڵ مـن وەرگـیراوە منـیش بەشـێوەیەکی فانتـازی گێراومەتەوە و تێکەڵ بە سەرگوزشتەی مندالّیم کردوە وە بـە بـێ هـیچ موبالەغـە تێکردنێك گێراومەتەوە.

کیژم دوای هەر ناخۆشییەك خۆشی دێت!،

لە رەحمی دایکم هـەموو سـترێس و ئازارەکـانی ژیـانم هەڵمـژیی ئەوەنـدە بـچووك بـووم خـەمی هـەموو دنیـام بـە کـۆڵ بـوو. هـەنێك جـاریش لـە بـەر گـرژ بـوونی ماسـکولکەکانی سـکی دایکـم دووچـاری هاناسـە بـڕی دەبـووم ئەوسـا دەمزانـی خەمەکان پێوەر ناکرێن ئەوەندە زۆرن هەموویان بـەخوڕ باریونەتـە سـەر دایکـی بێبـەختم. وەك دووری بـاوکم و گیرانـی بـاوکم پەشـۆکاوی بـارودۆخی ئـەمنی ئەوساکە.

ناوە ناوە گوێم لە چرپە چرپی داپیرەم دەبووم و دەیوت:( بەسـە کیـژی خـۆم وا لەخۆت مەکە دوای هەر ناخۆشییەك خۆشی دێت)

دوای چەند مانگێك ئەوەندە بە ئازار لە دایك بووم وەك بلێـی چـەندین دوانـەی تـر لە ژانی هەموو گەل لەگـەڵ مـن لـە یـەك کاتـدا لـە دایـك بـووبێ، دایکـم دووچـاری خوێن بەربـەربوونێکی زۆربـوو منـیش هـەموو سترێـسەکانم لەگـەڵ خـۆ هێنـابوو و دووچاری گریان و زریکە و قیژەو هۆڕێکی بێوەستان بووم نە بەرۆژ نە بەشـەو کـڕ نەدەبوومەوە، تەمی یاخی بوونی منی ساوا هەمووانی گرفتار کردبوو. هـەر رۆژێـك

منیان دەبردە سەر شێخێك و پیاو چاكێك هەر جارێك دكتۆرێكیان پێدەكردم، دەردی من ئەوەندە گران و سەرسام بوو كەس لێ حاڵی نەدەبوو و نەیان دەزانی هۆكاری گریانەكانی من چییە !
ڕۆژێكیان لەپڕێك تۆشی زریكە و گریانێكی ترسناك بووم نە دەمتوانی بنووم و شیریش بخۆم! هەموویانم پەشۆكاندبوو، دایكم ئەوەندە بێ هێزبوو خەریك بوو لە هۆش خۆی بچێت! دیار بوو هەواڵی دادگایی باوكمی بە حوكمی هەتا هەتایەی بیستبوو، ئەوەندەم زانی دایە فەوزیەی داپیرەم عەبا ڕەشەكەی كردە سەری و منی لە باوەشكرد و رایكرد بەرەوە (سوڵتان مزەفەر ) من تەنها بزواندنی لێوەكانی داپیرەم دەخوێندەوە دیار بوو دوعا و ئایەتی كورسی دەوتەوە، كە گەیشتین داپیرەم گریا كەوتە نزاو پاڕانەوە و وتی: خوایە رەحمێك بەم ژنە قوربەسەر بكە خۆشی لەژیانی خۆیێ نەبێنی!
ئینجا منیشی بەرز كردەوە وتی : لە بەر خاتری ئەم ساوایە هەست بە هەموو شتێك دەكات زەمبی نییە خوایە جەمیل بەڕەڵا بێت و بگەڕێتەوە ناو ماڵ ومنداڵی. منیش بە هەموو هێزم دەمزریكاند و نەمدەزانی بۆ! ئەوەندەم زانی ژنێك لە داپیرم نزیك بۆوە گوتی : مەگری دایە (دوای هەر ناخۆشییەك خۆشی دێت) بەس گریانی ئەم ساوایە باش نییە چارەیەكی بۆ بكەن ئەگینا سەری یەكێك دەخوات!
داپیرەم تۆزێك داماو دیار بوو قەناعەتی بە ژنە هێنا زۆر بە خێرای وەڵامی دایە و وتی :
خوانەكات،خوانەكات
من نە لە داپیرەم گەیشتم بۆ منی بەرزكردۆتەوە و بە دەنگ دەگرێت!

نە لە ژنەش گەیشتم بۆ دەڵێ گریانی ئەم ساوایە باش نییە ئـەگینا سـەری یـەکێك دەخوات!

ئەوەنـدە مانـدوو بـووم و داپیرەشـم ئەوەنـدە لـە بـن گوێیـەکانم ئایـەت و دوعـای خوێندبوو وەك بڵێ لای لایەی بۆ دەکردم تا بەیانی خـەوتم، سـبەێنی وەك هـەموو رۆژەکانی تر هەموویانم بەزریکە و هۆڕ و گریانم راچڵەکاند.

ڕۆژێکیان مواجەهەی بەندیخانە دەبێت و بـابم داوا دیـتنی مـن دەکـات بـە درێـژای رێگـای بەغـداد لـە نـاو پاسـەکە هەسـتم دەکـرد هـەموو شـتەکان دێنـەوە یـەك و ئادەمیزادەکانیش سەرەکانیان بەدەستەکانیان هەڵگرتبوو لە ترسا خۆم زۆر گـرژ کردبۆوە و دەگریام تا گەیشتینە بەندیخانە.

کە گەیشتین باوکم لە ئامێزی کرد و ماچی کردم وتی : هـەریارەم دەڵـێن تـۆ بـەو بچووکییەی خۆت هەموویانت گۆشەگیر کردووە ؟

دواتر دایە پێکەنین و وتی بۆ وادەکەیت کـچە فریـشتەکەم دەڵێـی تـۆ پـەیامێکت پێیە و ئێمە لێت تێناگەین ؟

من دەستم کردەوە بە گریان ئەمجارە شێخ دارۆ وتـی : جـەمیل بیـدە مـن بـەڵکو لای من کڕ دەبێتەوە بزەی لێوانی مامـە دارۆ هێـوری کردمـەوە، مـن لـەم بـاوەش دەچوومە ئەو باوەش تا دووبارە چوومەوە باوەشی بـابم و گریامـەوە، دەمویـست من نامـەی خـۆمی پێڕابگـەێنم و بڵـیم بەسـە بگـەڕێوە ناومـان، هەسـتم کـرد تـێم گەیشت ئـەویش بـە دەنگـە خۆشـەکانی بـە گـۆرانی (لـە سـیلەی قـەبران هـاوارە )وەلامی دامـەوە تـا خـەوتم. ئەوەنـدەی گەشـبینیم لـە چـاوانیی بـینی لەوەتـەی لەدایك بوویمە، لە چاوی کەسێکم نەبینی بوو!

مواجەهە تەواو بوو کاتی گەڕانەوەیە بابـەم وتـی : سـەعادەت هێـور بـەوە خـۆت هەراسان مەکە ژیان بەرخودانە زۆر کەمان ماوە، تۆ هەموو جار هـەریارم بـۆ بهێنـە

دەردی ئەو لای من چارە دەکرێت دەتوت ئەو لە دکتۆرەکانیش باشتر دەزانێت من چیمە!

ساڵێك رۆیی ..دوو ساڵ رۆیی ئەم رستەیە زۆر دووبارە دەکرایەوە "کیژم دوای ناخۆشی خۆشی دێت" وام لێهات بوو زۆر رقم لەم دێرە ببێتەوە.

تەمەنم بوو چوار ساڵ و رۆژێکیان دایکمم بینی دەیقیژاند و لە خۆیی دەدا وام زانی رۆژی قیامەتە زۆر ترسام و بە هەموو هێزی خۆم منیش لەگەڵیا زریکاندم.

دیار بوو دایکم هەواڵی شەهید بوونی باوکمی پێگەیشتبوو، هەستم کرد ژیان و هێوور هێوور بەسەرمدا دەوەرن.

من هیچ لەم دونیا ناخۆشەم نەدەزانی تەنها وەك عەبا رەشەکەی داپیرەم دەهاتە بەرچاو، هیچ رەنگێکی ترم تێدا بەدی نەدەکرد دوای چەند مانگێك هەموو شەو گوێم لە هەنسك و گریانی دایکم دەبوو.

پێنج شەممەیەك رۆژی سەرقەبران، هەمووومان دەچووین بۆ سەردانی گۆڕی بابەم، لە کاتی پەڕینەوە سەیارەیەك زۆر بە خێرایی و بە خەراپی لە خوشکە گەورەکەم (هەرەوەز) دەدا کە دوو ساڵمان جیاواز بوو خوشکەکەم بە عەرزەکە کەوت و خوێنی لێبەربوو. خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە دایکم لە شوێن خۆی سڕبوو بە جلە رەشەکانی بەرییەوە دەستی کرد بە گریان و لەخۆدان، منیش دەستم کرد بەزریکاندن و پێیەکانم لە عەردیدا دەکووتی و بەدەنگ دەگریام، لەپڕ داپیرەم ئاوڕی لێدامەوە بە گریانەوە وتی :"بەسە کچێ ئەوەندە گریای ..ئەوەندە گریایی تاسەر بابت خوارد بەسە مەگری، باسەری خوشکیشت نەخۆی!."

.داپیرەم هەمان قسەی ژنەکەی (سوڵتان مزەفەری) دووبارە کردەوە! من گریانەکانم هەمووی قووتداوە بەڵام نەمتوانی فرمێسکەکانم راگرم، بەدزییەوە

فرمێسکەکانم دەسڕییەوە ئەم ڕستەیەی داپیرەم زۆر پرسیاری لا دروست کردم و پەستی کردم!.

لەبەر ئەوەی دایکم بەردەوام لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی دائیرەی ئەمن بوو کە گەیشتینە خەستەخانە دوو ئەمنیش لەگەڵمان هاتن بە دکتۆرەکانیان وت: چارەی مەکەن ئەمە کێژیی (موخەریبە) دکتۆرەکان کەس ئامادە نەبوون چارەی خوشکەکەم بکەن تەنها دکتۆرێکی (کووبی) نەبێت وتی: لەسەر بەرپرسیارییەتی خۆم من سوێندم خواردووە هەموو نەخۆشێك بێ جیاوازی چارە بکەم خێرا خوشکەکەمی بردە ژووری نەشتەرگەری، دایکم ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو لێوەکانی خوێنیان تێدا نەمابوو، من زۆر لە دایکم دەترسام ئەویش بەجێمان بهێلێت، ناوە ناوە داپیرەشم دڵنەوای دەکردەوە دەیوت "چاك دەبێتەوە زۆرت بینی و کەمت ماوە کیژی خۆم ئارامبە دوای هەر ناخۆشییەك هەر خۆشی دێت". منیش لەو کاتەی کە داپیرەم وای پێوتم نەدەوێرام بگریم، دەموت با خوشکیشم نەمرێت!

تەمەنم بووە شەش ساڵ ئێمە لە ژوورێکی بچووکی ماڵی داپیرەم لە تەیراوە کە بە دەستی باوکم و شەهید( جەعفەر عەبدولواحێد) دروست کرا بوو، دەژیاین. دیار بوو دایکم زۆر سێبووری پێ دەهات. وردە وردە گەورە دەبووین دایکم هەستی بە ناخۆشییەکانی دەکرد و نەشیدەتوانی هیچ بکات لە بەر ئێمە تەنها گریان نەبێت، ڕۆژی عارفەێکیان دایکم خەریکی ماڵ خاوێن کردنەوە بوو بە دەنگ دەگریا، زۆر سەیرم کرد لە هەموو فرمێسکەکانی گەیشتم

زیاتر چوومە پێشەوە وتم باجی مەگریێ دوای هەر ناخۆشییەك خۆشی دێت بە لا چاوەکی سەیری کردم و وتی: هەستە بڕۆ سەیری تەلەفزیۆن بکە جارێ تۆ منداڵی چ لە خۆش و ناخۆش نازانی. منیش بە قسەم کرد و بە هێواشی هەستام

زۆر بە کزی وتم من لە خۆشی نازانم بەڵام دەزانم تامی و رەنگ و بۆنی ناخۆشی چۆنە !

وردە وردە گەورە بووم دەردەکەشم گەورەتر و گرانتربوون. ئەمجارە چوومە ناو رەحمی نیشتمانم ورد و درشتی ئازارەکانیم بە گەورەیی هەڵمژی، نیشتمان چەشنی دایکم خۆشی لە خۆی نەبینووە.

ئەی ئەوە نییە هەردووکیان خۆشەویستەکانیان شەهید کراوە و زامدارن.

ئەی ئەوە نییە هەردووکیان لە ناو بورکانی ئازارەکان تواینەوە بە دەنگ دەگرین کەس گوێ بیستییان نابێت.

ئاخ هەموو سات لەخەمی نەتەوەکەم فرمێسکەکانم قەتیسداوە ناوێرم بگریم نەخواستە ئازیزەکانمان بۆ ئەزەل جێمان بێڵن

نەخواستە دۆستی نیشتیمانی پڕ لە نیاز و عەشقخوازی، نۆبەرەی گەل و هەموو دڵسۆزان و خۆشەویستە فیداکارەکانی نەتەوەکەم وەك خۆم ئاسا بچێژن لە نەهامەتی و ناخۆشییەکان ژانی سەردەم. دیارە دەردی من ئاهی دایکمە و ئاهی دایکم هی و نیشتیمان و شەهیدانمانە.

.. ناوێرم بگریم و دەترسیم نەوەك ئەمجارە نیشتمانم ئێمە جێ بێلێت وەك چۆن باوکم ئێمەی جێهێشت!.

# بیرەوەری پیەزبندووەکان
# بەیادی شەهید جەمیل رەنجبەر

نووسینی : مەهدی کاوانی

کاتێ کە هەندێ کاتی هەستیار دێنمەوە پێش چاوی خۆم هەروا دەزانم ئێستاکەیە .چەند رۆژێکە شەهید لە زیندان لە رێگای لێبوردنێکەوە ئازاد کراوە .عەباس ( حاجی مەمۆ) گوتی : مەهدی بابڕۆین بۆ ماڵی جەمیل رەنجبەر، منیش پڕ بەدڵ پێم خۆش بوو لەبەر ئەوەی لە لایەکەوە لە سجن هاتۆتە دەرو پێمخۆش بوو دڵخۆشی خۆمی پێ رابگەیەنم بە بۆنەی ئازاد بوونی و لە لایەکی تر حەزم دەکرد دووبارە ئاشنا بم بە مامۆستا هەرە بەرزەکەی بزاڤی نیشتمانیمان و کە لە کاتی قوتابی بوونیشم لە ناوەندی و دوا ناوەندی ئەو زاتە بەرزە سەرکردایەتی ئێمە و هەموو پارێزگای هەولێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی دەکرد .

ڕاست بوو شەهید بەخێر هاتنێکی گەرمی لێ کردم بەڵام لە کاتی قسەکردنەکانی حاجی لەگەڵی لە سەرباس و خواسەکانی شۆڕش ئەو بە حەزرەوە قسەی دەکرد . من بۆ خۆم ئەو گومانەم لا پەیدا بوو کا کاکە جەمیل بۆیە وا بە حەزر قسان دەکات من ناناسێتەوە . باش بوو حاجیش هەستی کرد و وەجواب هات گوتی دەڵێ ئەو نەفەرە ناناسیتەوە . ئەوە مەهدی کوڕی شەهید حەمید کاوانییەو ئەویش یەکسەر هەستایە سەرپێ و باوەشی تێم گرتم و بە دوایەوە لە من جوانتر ئەو کاتانەی وەبیر دەهێنامەوە کە پێکەوە لە قوتابیان کارمان دەکرد و بە منی گوت ئەتو قوتابییەکی زۆر حەروك بوویت لە ناو یەکێتیی قوتابیان .

ئیدی هەر ئەو جارە و ئیدی نەمدیتەوە .

چەند جار پاش شەهید بوونی جەمیل، هەزار رەحمەت لە باوكی كە دەچووم بۆ دوكانەكەی بە تایبەتی لە كاتەكانی مفاوەزاتی یەكێتیی لەگەڵ رژێم و هەندێجار لەگەڵ هاورێ سدیق و ئەو كاتی ئێمە زیاتر لەگەڵ ئەو لایەنەی كە دواجار بوونە ئاڵای شۆرش هاوتەریب بووین و باوكی شەهیدیش هەزار سڵاو لە گۆرە پاكەكەی سەری با دەدا و دەیگوت بەس مام جلال . ئێستاش كە ناوەرۆكی ئەو پەخشانە بە سۆزو پر بە مانایەت شی دەكەمەوە و زۆر زۆر شادمانم كە تۆش لە زەمەنێكی تر هەمان ئەو شتانە دەدركێنی كە ئێمە لە ساتەكانی شاخ دركمان پێ دەكرد. ئەوەی ماوەتەوە دەڵێم نەك جارەك بەڵكو هەزار جار شەهید وەك مۆمێكی زۆر زۆر رووناك ماڵئاوایی لە ئێوەو ئێمەش كرد، بەڵام لە شوێن خۆی هەزاران مۆمی داگیرساندووە و یەكێ لە مۆمە هەرە رووناكەكان هەریارە ، هەریارە و هەریارە تەمەنت درێژ بیت بە خوا پەخشانێكی بە سۆز و پر مانات نووسیوە دەستەكانت خۆش .

# یادت بەخێر برا فارەمانەکەمان!

نووسینی : مەجید ساڵح گۆران ... برای شەهید جەمیل رەنجبەر

هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی پارتیزانی کوردی و پێش هەڵگیرسانی شۆرشی نوێ، بنەماڵەی حاجی ساڵح عزیز رۆڵی خۆیان بینیوە و لە خەبات و قوربانیدان نەوەستاون. هەروەك چۆن لە شەرێکی دەستەو یەخەی دوژمنانی کورد و لە پێناوی کوردستان براکەم( شەهید یاسین ساڵح) شەهید دەبێت و خۆشم بە سەختی بریندار دەبم. ئەمانە هەمووی کاریگەری دەبێت لەسەر جەمیل رەنجبەر و هەر یەك لە ئەندامانی خانەوادەکەمان و بە تایبەتی جەمیل رەنجبەر و زۆر بە زەقی رەنگدانەوەی دەبێت لە شیعرەکانی و نەتەوایەتی لە ناوخانەکانی لەشیا بوو چرۆ دەردەکا.

جەمیلی برام هەر چەند لە خۆم بچووکتر بوو بەڵام زۆر گەورە بوو لە بیرو باوەڕ و بە هەڵسوکەوت و هەڵوێستی بوو، دڵێکی تابلێی گەورەی هەبوو جێگای هەر هەموو کەسی دەبۆوە. هەرچەند لێ نزیك بەبایەوە بە کەسایەتییە جوانەکانی، بە رەوشتە بەرزەکەی سەرسامی دەکردی. زۆر دانا و لێهاتوو بوو، بە قابلیەت بوو، لە هەموو مەجلیسەکان دەبووە خاوەن مجلیس و بە گفتە خۆشەکانی ئاوەدانی دەکردەوە.

هەر هەمووانی خۆش دەویست، هەر کە سەردانیم دەکرد لە( سجنی ئەبو غرێب ) دەیگوت: براکەم تخوا ماڵ و منداڵیش بهێنە زۆر بیریان دەکەم!

زۆر جار لە کاتی مواجەهە لە بەندیخانەدا جەمیلیان دەخستە( سجنی ئینفرادی) لە بەر ئەوەی لە ناو سجنیش خەریکی چالاکییەکانی دەبێت و لەگەڵ

بەندکراوەن. بەس بەوەش ناوەستێت، بەڵکو لە هەمان کاتدا لەدەرەوەی سجنیش خەریکی چالاکیی دەێت، بۆیە دووچاری ئەشکەنج و لێدانێکی زۆر دەبوو.

جارێکیان یەك لە هاوڕێیەکانی جەمیل بە ناوی (نادر قشقە) سەردانی ماڵەوەمان دەکات و بە بابم سالح دەڵێت : "ئێمە هەر هەمووومان لە سجن مەمنوونی مامۆستا جەمیل رەنجبەرین چونکە ئەو نەبوایە هەر هەموومان ئیعدام دەکراین، بەردەوام ئامۆژگاری دەکردین و ئاگادارمان دەبۆوە و ورەی بەرزدەکردینەوە بەرداوام تیکراری دەکردەوە نەکەن ئیعتراف بکەن، نەکەن ئیعتراف بکەن ! خۆڕاگر بن ئەوسا ناچار دەبن ئازاد بکرێن. بەلام ئەگەر ئیعتیراف بکەن ئەوا بێگومان زانیاریتان لێدەستێنن و دواتر لە ناوتان دەبەن." ئەمە قسەی مامۆستا جەمیلی بوو لە سجن بۆ ئێمە و ئێمەش پەیڕەومان دەکرد.

لە ساڵی ١٩٧٩ دوای ئازاد کردنی لە زیندان هاتە لای بابە سالح و گوتی " بابە من ناتوانم لەگەڵ ئەم بەعسە فاشییانە بژیم و زوڵم و زۆرداری قبوڵ بکەم! دووبارە دەچمەوە شاخ، ئێمە شۆرشمان هەڵگیرساند و بۆ وەرگرتنی مافەکانمان وا دەڕۆم بەڵکو بەری ئەم شۆڕشە بەرهەم دەهێنین."

ئەسا من پێم وت برام من لەگەرت دێم و تۆ بەڕێدەکەم ! ئەوەبوو لەگەری چووین بۆ چوار قووڕنە و لای ناسیاوێکمان لاماندا و، جەمیل دەستی کردە ناوجانتاکەی و عەلاگەیەك نوقڵ و چوکلێتی دەرهێنا و هەر هەموو منداڵەکانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە چوکلێتەکانیان دانێ و تەنها یەکێکی هێشتەوە !

من گوتم : بۆ ئەمەت هێشتەوە ؟ ئەویش هاتە وەلام گوتی : ئەمە چوکلێت نییە، ئەمە نامەیە بۆ سەرکردایەتی.

لـەم بەینـەش خـەریکی نامـە نوسـین بـوو بـۆ خێزانەکـەی، و گـوتی براکـەم ئـەم نامەیەم بۆ بگەینە دەست سەعادەتی خێزانم و منیش گەیاندم.

کە ماڵئاوایمان لێك کرد، زۆر بە گەرمی ماڵئاوایی لێکردم، دەتگوت دەیزانـی ئەمـە دوادیدارمان دەبێت.

ڕاستە شەهید جەمیل ئێمـەی جێهێـشت، بـەڵام بـەردەوام لـە دڵمانـە، نـەمتانیوە قەت لە یاد بکەم، ئاخر چی لە یاد بکەم؟ شۆێنی پێکان و ڕۆیـشتنی و پێکـەنین و قـسەخۆشەکانی یـان شـێوە و ئادگـاری دەم و چـاوی بـەژن و بـاڵای، یـان تـین و گەرمیی مەجلیسە خۆشەکانی، یان شیعر و نووسین و گوتاری؟

جـەمیل قـەت نامرێـت. نـەمردووە. چـونکە بـەری ئـەمڕۆی بەدەسـت هێنـا بـۆ نەوەکانی. یادت بەخێر برا تێکۆشەرەکەم .

# بەڵێنت لە دڵمایە کاکە جەمیل!

نووسینی : نەجیبە ساڵح گۆران ... خوشکی شەهید جەمیل رەنجبەر

لەوەتەی چاوم بە دونیا کەوتووە فێری خۆشەویستی نەتەوایەتی و خۆبەخت کردن لە پێناوی، لە لایەن بابە ساڵح و دایە ئاسك و بنەماڵە دێرینەکەمان کراوین، لە پێناوی ئەم بیروباوەرە پیرۆزەمان ئەوەندە قوربانیمان داوە نایەتە هەژمارکردن. یەك لەو کەسەرە گەورەییە بەسەرمان هات و قەد و باڵی هەر هەموومانی شکاند شەهید بوونی کاکە جەمیلە. بۆیە هەرچەند بنووسم هەر کەمە و یادەوەرییەکانی منداڵیم یان یادوەرییەکانی ترهەر خولەکێکم لەگەڵ کاکە جەمیل رۆمانێك لە بیرەوەرییە پڕ لە خۆشەویستی برا گەورە و هاوڕێ بۆ خوشکی بچووکی بووە.

ئێمە دوو خوشك بوین و من بچووکی هەر هەموویان بووم. هەردووکمان ئەوەندە هۆگری کاکە جەمیل بووین و کە دەهاتەوە ماڵ دڵمان زۆر پێ دەکراوە. بە تایبەتی من چونکە بچووکی ماڵەوە بووم بایەخێکی تایبەتم هەبوو لای کاکە جەمیل ئەوەندە منی خۆش دەویست ناوی لێنابووم (گوڵاڵە). جار جار بۆ خۆشی براکانم وخوشکم پێیان دەگوتم (گورارە)منیش پێم ناخۆش دەبوو دەچومە لای کاکە جەمیل و پێم دەگوت، ئەویش ئەوەندە بە نەرم ونیانی و بە پێکەنینەوە دیگوت گوێمدەرێ با وابڵێن من پێت دەڵێم (شای گوڵان).

زۆر باوەڕی بە مافی ژنان هەبوو دەیگوت دەبێت ژن نەچەوسێتەوە و خوشکەکانیشم دەبنە نموونەی ژنی کوردی سەربەرز.

ئەوەندە خۆشەویست بوو لام هەر شتێکم بکردبایە تەنها بۆ ئەوم دەگێراوە ئەویش ئەوەندە متمانە و بڕوای پێدابووین هەستم بە ئارامێکی تەواو دەکرد کاتێك لەگەڵیا دەدوام.

وتەکان و قسەکان و ئامۆژگارییەکانی ئەوندە زوو کاری تێدەکردم و هەمیانم لەبەر دەکرد هەر کە شیعرێکی دەنووسی حەزم دەکرد من یەکەم کەس بم لە بەری بکەم ئەویش دەیزانی من وام ،زیاتر بایەخی پێدەدام .

یەك لەو شیعرانەی کە بە بەردەوام دەیلێمەوە و بە یادگاری دەژێم ئەو شیعرەی کاکە جەمیل بوو کە دوای شەهید بوونی براکەم( یاسین) نووسیبووی و پێشکەشی دایە ئاسکی کردبوو:

پەیمان بێ
پەیمان بێ دایە تاکو دوا تۆڵەم
پێشکەشی گەل و ئەو خاك و خۆڵەم
ئامۆژگاری تۆ هەمیشە دایە
بۆمان پەیڕەو و نەخشە و بڕوایە
تاکو بەخشی کەم گیانی بێگەردم
بە دۆڵ و چیا و نزار و هەردم
نازی دوژمنت ئەگرم بەخوێن
مەرجە تاماوم نەشکێنم بەڵێن

کاکە جەمیل بەڵێنی خۆی بۆ خاك نیشتیمانەکەی و بۆ تۆڵەی خوێنی براکەی و گەلەکەی گیانی بێگەردی بەخشی و بووە قوربانی ئەم کوردستانەمان، منیش خوشکی بچووکت نەجیبە و(گوڵاڵە)ت بەڵێنت پێدەدەم هەتاهەتایە ڕێبازی پیرۆزت بەرنەدەین ئەی ڕەمزی کوردایەتی و نەتەوایەتیمان کاکە جەمیل ماڵئاوا.

# له سالیادی شەهید جەمیل ڕەنجبەردا

نووسینی : مامۆستا سدیق سالّح گۆران ... برای شەهید جەمیل ڕەنجبەر

شەهید جەمیل شەش سالان بە تەمەن لە من گەورەتر بوو، لە سەردەمی منداڵی و گەنجایەتیمدا کاریگەرییەکی زۆری لە سەر ڕێڕەوی بیرکردنەوەی مندا هەبوو. بۆیە هەر وەك مامۆستایەکی لێهاتوو ڕێنمایی دەکردم و زۆر شتی بۆ ڕوون دەکردمەوە. جەمیل هەمیشە لەبەرچاومە، بزەو پێکەنینی، چالاکییەکانی، هاتوچۆی، گورج وگۆڵیی، هەڵسووکەوتی ڕۆژانەی، گفتوگۆ و قسە خۆشەکانی، خوێندن و نووسین و پیاسەی ڕۆژانەی، داهێنانی شیعر و هەڵبەستەکانی، خواردن و نووستنی، ڕۆژانی سەردانکردنیم لە بەندیخانە، سەردانیم لە کاتی پێشمەرگایەتی لە گوندی نازەنین، ئەمانە هەمووی بە شێوەیەك لە ناخما چەسپاون، وەك شریتێك دێنەوە بەرچاوم، وەك ئەوەی جارێکی تر بە جەمیل شاد دەبمەوە و ڕۆژێك دادێ دەستلەملانێی دەکەم و وەك جاران ئەملاو ئەملای ماچ دەکەم، تێر بۆنی دەکەم. بۆیە دەتوانم بڵێم جەمیل لەبەرچاومایە، لە هەست و نەستمدایە، جەمیل زیندووە و هەر دەگەڕێتەوە.

جەمیل ڕەنجبەر تەنیا برام نەبوو بەڵکو هاوبیر و هاوڕێم بوو پشت و پەنا و قەڵای هەولێرم بوو. بۆیە بە شەهید بوونی قەڵا و پشتیوانەکەم ڕۆیی، چونکە من نزیکترین کەسی ئەو بووم. زۆر شت هەیە لای من باسی کردووە کە ڕەنگە بۆ هیچ کەسێکی تری باس نەکردبێ. ئەو متمانەیەی کە بە منی هەبووە ڕەنگە بە کەم کەسی هەبووبێ. شایانی گوتنە کە ڕەنجبەر بە تەنیا برا و پشتیوانی من نەبوو بەڵکو برا و قەڵا و پشتیوانی هەموو هاوبیران و ڕۆشنبیران و چەوساوەکانی کوردستان بوو. ڕاستە گەلی کوردستان، هەژاران و ڕەنجدەران،

قەڵایەك یان شاعیرێكی شۆڕشگێریان لەدەستدا، بەڵام بنەماڵەكەشمان بە منیشەوە برایەك و هاوڕێ و پشتیوانێكی گەورەمان لەدەستدا، كە ئاسەواری تا ئێستاش لەسەرماندا روون و ئاشكرایە.

لە رۆژگارە سەخت و دژوارەكانی سەختی خەباتی كۆمەڵەدا، لە حەفتاكاندا و بە تایبەتی لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول، پەیوەندییەكی پتەومان پێكەوە هەبوو، لە ماڵەوە، لە مامۆستایەتی، لە كۆمەڵی هونەر و وێژە، لە بەندیخانە، لە كۆڕ و كۆبوونەوە و بۆنەكاندا، ئینجا من لێرەدا هەندێ لەم یادگاریانە باس دەكەم.

لە دوای ئازادكردنی لە بەندیخانەی ئەبوغرێب، رۆژگارێكی تا بڵێی پڕ ترس و تۆقینی بەعس بوو لە كاری رێكخستنی كۆمەڵەدا. كاك حاجی مەمۆ بەو سیفەتەی ئەندامی سەركردایەتی ناوەخۆ دەبێ و لێپرسراوی كۆمیتەی شاری هەولێر دەبێ( ئەو كاتە تەنیا یەك كۆمیتەی هەولێر هەبوو كە سەرپەرشتی رێكخستنی كۆمەڵەی دەكرد لەگەڵ چەند خەتێكی بچووك)، بەندەش بەو سیفەتەی كە ئەندامی كۆمیتە بووم و حاجی مەمۆ راستەوخۆ لێپرسراوم دەبێ، پێی راگەیاندم كە لە سەركردایەتییەوە بانگەوازی ئەوە كراوە كە ئەو هەڤالانەی بەر عافواتەكە كەوتوون بە تایبەتی چەند كەسێك هەن دەبێ بێنە دەرەوە و خۆیان بگەیەنن بۆ سەركردایەتی لە شاخ، منیش بەو حیسابەی كە نزیكترین كەسی ئەو بووم ، بۆیە منیان هەڵبژارد كە ئەم بانگەوازەی سەكردایەتی بە رەنجبەر راگەیەنم. منیش ئەم قسەیەم لە پێش نادی فەرمانبەرانی هەولێر پێ راگەیاند. رەنجبەر وەك ئەوەی جەژنی لە دایك بوونی بووبێ، خۆی بۆ سەفەری ئەزەلی خۆی ساز و ئامادە كرد. لە دوای چەند رۆژێك ماڵئاوایی لێكردین و بەرەو قەڵادزێ و ناوزەنگ و تووژەڵە بەڕێمان كرد. لەو كاتییەوە تەنیا یەك جار بینیم،

ئەویش کە لـە هـاوینی ١٩٨٠ لـە گونـدی نـازەنین سـەردانم کـرد و لەوێدا شـەهید جەمیل و شەهید مامۆستا کاوەم بینی.
لە دوای راکردنم لە بەندیخانەی(مرکز استخبارات اربیـل) " کـە بـۆ ماوەیـەکی زۆر بێ سەرو شـوون کرابـووم" بـە هـەر شـێوەیەك بـوو لـە رێگـەی کـەس و کارمـەوە گەیـشتمە نـاو هێـزی پیـشمەرگە. بـە هیـواو ئـاواتێکی زۆرەوە لـە خـەیاڵی ئـەوە دابووم کە جەمیل لـە خـڕی نـاوزەنگ دەگەڕێتـەوە، کـە ئـەوکاتی سـەرکردایەتی یەکێتی لەوێ دەبێ، خەبەری راکردنی من دەزانێ و بـە یـەك شـاد دەبینـەوە. لـە خەیاڵی ئەوەبووم ئەمجارەیان وەك جووتە بـرا پـشتیوانی لەیـەك دەکـەین لـە نـاو سەنگەری پێشمەرگایەتیدا خەباتی خۆمـان درێـژە پێـدەدەین. چـەندین خـەیاڵی خۆشم بۆ دەهات بۆ نموونە:
ئەگەر ئەو خەبەرەی راکردنی من بزانێ چەندە دڵی پێ خۆش دەبێ!...
یان بە چ جۆرێك و لە ناکاو خۆمی پێ نیشان بدەم!...
مامۆستا بەکر یەکێ لەو کەسانەیە کە ئاگای لەم مەسـەلەیەیە. ئـەو کاتـەی کـە لـە دۆڵـی بالیـسان بـووین لـە گونـدی بێـراوە، زانیمـان کـە شـەڕ بـووە لـە ناوچـەی کێوەڕەش و کۆپتەر ناوچەکەی بۆردومان کردووە و چەند کەسێك شـەهید بوونـە. دواتـر مامۆسـتا کـاوە کـە لێپرسـراوی هێزەکـە دەبـێ، بڕیـار دەدا هێزەکـەمان بگەڕێتەوە دۆڵی نازەنین. شەهید مامۆستا کاوە هەر ئەوەنـدەی پـێ گـوتم کـە لـە شەڕەکەی کێوەرەشدا جەمیلیش تۆزێ بریندار بووە، مـن یەکـسەر هەسـتم کـرد کە دەبێ شەهید بووبێ بەڵام وا ناڵێ! دیاربوو دەیان زانی کە شەهید بـووە بـەڵام بە منیـان نـەدەگوت. لـە دوای ماوەیـەکی کـەم کـە چـاوەڕێی هێـزە گەڕاوەکـەی سەرکردایەتیمان دەکرد، هەر کە گەیشتینە گوندی سەکتان یەکمان گرتەوە. کاك فەرەیدون عەبدولقادر کە لەگەڵ قافلەی ئەم هێزەدا بوو، ئێمـەی لـە گۆرەپـانێکی

گوندی سەکتان کۆکردەوە و لە وتارەکەیدا، شێوەی بەسەرهاتی ئەم کارەساتە جەرگبڕەی گێڕایەوە کە چۆن دوو کۆپتەری دوژمن بە شەستتیرو سارووخ پۆلێ پێشمەرگە شەهید دەکەن و کە بە داخەوە یەکی لەوانە شەهید جەمیل رەنجبەرە! دەسبەجێ فرمێسکم لە چاواندا هاتە خوارەوەو خۆم بۆ نەگیرا زۆر گریام. کاک فەرەیدوون پرسەو سەرەخۆشی خۆی پێ راگەیاندم، هەروەها کادر و پیشمەرگەکان پۆل پۆل دەهاتن سەرەخۆشیان لێ دەکردم و دڵنەواییان دەدامەوە. لەوانە شەهید سەید کەریم، شەهید مامۆستا کاوە، مامۆستا بەکر مستەفا، کاک فاروقی عەلی مەولوود، کاک شۆرش حاجی، خوالێخۆش بوو دکتۆر مەجید، خوالێخۆشبوو قاسم سیاسی و پێشمەرگەکان یەکە یەکە، زۆرانی تریش کە دەبێ ببورن ناویانم لە بیر نەماوە. بە راستی ئەگەر ئەو دڵنەواییەی ئەوانە نەبوایە زۆر زەحمەت بوو لەم بارە سەختەدا بەرگەی ئەم کارەساتە دڵتەزینە بگرم. بەم جۆرە هەموو ئەو خەونانەی کە لە مێشکی مندا هەبوو یا ئەو نمایشانەی لەگەڵ برادەراکانم دروستم دەکرد ئەگەر شەهید جەمیل هات لە ناکاو خۆمی پی نیشان دەدەم، ئەم خەیاڵانەم هەمووی رەوییەوە و سارد بوومەوە. بەم جۆرە دیدەنی جەمیلم لێ بووە دابڕانێکی ئەزەلی و قەت نەمتوانی بیبینمەوە، بۆیە لەوێ رۆژێوە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ بێ ئومێدییەکی زۆر باڵی بەسەرمدا کێشاوە.

نەمری و سەربەرزی بۆشەهید جەمیل و گشت شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان

# جەمیل ڕەنجبەر تەنیا شاعیر نەبوو!

نووسینی : شێخ عەلی

ڕاستە کەم نووسەر و شاعیری ئەمڕۆی کوردستان هەیە ناوی شەهید جەمیل ڕەنجبەریان بە شاعیر و نووسەر بەرگوێ نەکەوتبێت و هۆنراوەکانی شەهیدیان نەخوێندبێتەوە! هەروەها لە ریزەکانی پێشمەرگەی کوردستان کێ هەبوو دیدەنی نەکردبێت! یاخود لەسەرخۆ باسی جەمیل ڕەنجبەری بە چرپە بە گوێدا نەدرابێت! زۆر لە پێشمەرگەکانی ئاواتەخوازی ئەوە بوون بزانی ئایە ڕەنجبەر کێیە؟ وە خەڵکی کام گوند و شارە؟ من یەکێك بووم لەوانەی کە لەمەوبەر ئەم شاعیرەم نەدەناسی..بەڕاستی ئەوەی لەگەڵ ئەم هاوڕێیە شەهیدەم ئاشنایی نەبووبێ، تەنیا بە ناز ناوەکەی بۆی ساغ دەبێتەوە کە شاعیری شەهیدی ڕێگای شەرەف و سەربەرزی، مرۆڤێکی ڕەنج کێش و کرێکار بووە، دۆستی ڕاست و نزیکی هەژارەکان بوو.

داخەکەم کە وەختێکی کەم لەگەڵ ئەم ڕۆڵە نەبردە ژیام، بەڵام ژیانی چی؟ بە دوای مردنا دەگەڕاین لە پێناوی دۆزینەوەی سەرچاوەی ژیان نەك بۆ خۆمان، بەڵکو بۆ هەموو خەڵکە چەوساوە مافخوراوەکانی کورد لە گوند و شارا..پێکەوە لەگەڵ هاوڕێ پێشمەرگەکانمانەوە، کەژ و کێو و دەشت و دۆڵی ناوچەکانی پارێزگای هەولێرمان دەکێلا، پێشمەرگە بووین بانگی ڕاستیمان بۆ جوتیاران دەدا.

هاوڕێ جەمیل ڕەنجبەر هەمیشە هەوڵی ئەوەی بوو کە گرێ کوێرەی ژیانی کۆمەڵی کوردەوای بکاتەوە، سەری گلۆڵەی ئالۆزکاوی دۆزیبوەوە و دەیویست چەوساوەکان بە پووختی و بە دەستی خۆیان هەڵیبەکەنەوە، بەڵام بۆ بینینی ئەم ئاواتەی بردە ژێر گڵەوە، مەرگ مەودای نەدا، شیرینی سەرکەوتن تام بکات، مەرگی بەردەستی فاشییەکان دڵی گەورەی پڕ لە جۆش وخرۆشی شۆڕشگێڕانەی ڕەنجبەر لە لێدان بخات و وشە و بەژن و باڵای قەشەنگی ئەم لاوەمان لە بەرچاو ون بەکات، بە هیچ شێوەیەك ناتوانین بیرو باوەڕ و خواست و ئارەزووی شەهید لە دڵ و مێشکماندا دەربهێنین، بەڵکو بە پێچەوانەوە خوێنی سووری جەمیل ڕەنجبەر و شەهیدانیتر کە دەبێتە نەوت و ئیسپرت و بەنزین و، ماشین و دەزگای خەباتمان زیاتر دەخاتە گەڕ و تین وتاوی کاروانەکەمان بە گوڕتر دەکات وە لە ئاوات و حەساوەگەی دوارۆژ نزیکترمان دەکاتەوە.

هاوڕێ جەمیل ڕەنجبەر لەگەر ئەوەیدا کە شاعیرێکی بیر پاك و شۆڕشگێڕ و خاوەن خامەی نووسین بوو، مامۆستای قوتابخانەش بوو بەر لە هاتنە ڕیزی پیشمەرگەی کوردستان، دەرسی ڕووناکی و ژیانی دوا ڕۆژی سەرکەوتنی بۆ منداڵەکان داوەتەوە، مامۆستایەکی بێ باك و چاونەترس بوو، دوژمنی چەوسانەوە بووە.

مامۆستای نەمر دوای بەربوونی لە بەندیخانەی فاشییەکان بە بیرو باوەڕە شۆڕشگێڕەکەیەوە هاتە ڕێزی پێشمەرگە، چونکە ئەو بیروباوەڕە خۆراکی ژیان و سەرکەوتنی شۆڕشیکی نوێی پێبوو.

لە ریزی شۆڕشدا هەمیشە لە هەموو کاروبارێکی خەبات لە پێشەوە بوو وەك کادیرێکی عەسکەری سیاسی شان بە شانی برا پێشمەرگەکانی خەباتی دەکرد،

له مـەرگ و مـردن و دوژمـن تـا رۆژی شـەهید بـونی قـەت سـڵی نـەکردوە تـا ئـەو ڕۆژەی لە ڕێکەوتی ١٨–١١–١٩٨٠ ملوانکەی سووری شەهید بوونی لـە مـل کـرد و ماڵ ئاوای لێکردین و کەلێنێکی خستە دڵ و دەروونمانەوە.

# شەهید جەمیل رەنجبەر و یادێکی زیندان

نووسینی : سەردار بەرزنجی

بەر لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، نسکۆ باڵی کیشابوو بەسەر بارودۆخی سەرجەم کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، بەلام لە نێو چینی رۆشنبیران و شۆرشگیران ژیلەمۆی شۆڕشێکی نوێ تادەهات گەرم و گورتر دەبوو. رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان هێل و شانە و ئەڵقەکانی رۆشنبیری گەیاندبووە سەرجەم شارو لادێکانی کوردستان. دیارە رژێمی بەعس بە هەموو حیساباتی خۆی سەرکەوتنی گەورەی بە دەست هێنابوو، بەلام چاوی دڕندانەشی بڕیبووە رێکخستنەکانی کۆمەڵە و هەندێ گروپ و باڵ و بزاڤی سیاسی دوای نسکۆ. دیارە زیندانەکانیش تژی کرابوون لە خەڵکانی شۆرشگێر و نیشتمان ویست. بەر لە ئێمەش خالە شەهاب و شەهید جەعفەر و شەهید ئەنور و زۆرینەی سەرکردایەتی کۆمەڵە لەزیندانێ ئاخنرا بوون. ئێمە کاتێ گەیشتینە ئەبوغرێب زیندان تژی بوو. دوای ئەوەی ئێمەیان مارکوژ کرد زۆریان لێداین ئێمەی ماندوو هیلاك و برسی و چلکن وەکو چۆلەکەی سەرمابردەڵە لەترسان و لە برسان هەڵدەلەرزین. دوای ئەو ئاهەنگە خۆشە ئێمەیان بەسەر قاوشەکان دابەش کرد. دیارە پێش کات چەندیین رێنماییان بۆ خوێندینەوە کە ترساندن و تۆقاندن بوو. دوای دوو رۆژان لەگەڵ برادەرێکی ناوچەی ئاغجلەری لە گۆرەپانی گەورە پیاسەمان دەکرد ئێمە لەو گۆرەپانە لەو گروپەی خۆمان زیاتر کەسمان نەدەناسی وە یا کەسمان وەبیر نەدەهاتەوە دەنا دەمانزانی دۆست وخزم و هەڤاڵمان لێرە زۆرە.. ئێمە لەپیاسەی خۆمان بەردەوام بووین لەپڕ گوێمان لەدەنگی لاوکێك بوو یەکێك ناوی منی دەهێنا بەلام دەتوت لاوك و یان حەیران

دەچڕێت کاتێك ئاوڕم دایەوە دیتم جەمیل ڕەنجبەرە، لەگەڵ حاکم برایم بە دوو قۆڵی پیاسە دەکەن. بۆ ئەوەی سیخور و مونافیقەکان هەستیان پێ نەکەن، ئەو لەگەڵ حاکم برایم هەندێ ڕێنمایی و ئامۆژگاری ڕێکخستنیان داینێ چونکە زیندانی تازە هاتوو وەگ گای ڕەش لە دوور را دیار بوو سەرمان سفر کرابوو ( جلی کانە)ی زیندانمان لەبەردابوو ئەوانەی تازە دەهاتنە زیندان چاودێری توند دەکران بۆ ئەوەی نەتوانرێت جارێکی تر ڕێك بخرێنەوە وە یا بە ڕووخاوی بیان هێلنەوە سوودیان لێ وەربگرن بۆ سیخوری کردن و مونافیقی. بەڵام ئێمە ڕێنماییەکانی شەهید جەمیل زۆر شتی نێو زیندانی بۆ ڕوون کردینەوە ئاهێکی خۆش هات بەسەر دڵ و بیرکردنەوەمان. دوایش لە ڕێگەی ( ئەنقەرچی) قاوشەکەی خۆیان دیار بوو توانیبوویان بە سیاسەت و تەکنیکی خۆیان ئەنقەرچییەکەیان بۆ ڕاپەراندنی هەندێك ئیش و کاری خۆیان بەکار بهێنن، لەوانەیە خەڵکانێك هەبن بپرسن ئەنقەرچی چییە ؟ وە یا کێیە ؟ ئەنقەرچی ئەو کەسەیە کە دەچێت خواردنی دروستکراو لە چێشتخانەی زیندان دەهێنێت بۆ قاوشەکان بەرامبەر بڕێك پارە کە زیندانییەکان لە نێوان خۆیان بۆی کۆ دەکەنەوە، لە هەموو حاڵەتەکانیش پێویستە و دەبێت ئەنقەرچی سیخوڕی دائیرەی ئەمنی بەندینخانە بێت بەڵام هەیانە دوو سەرە کار دەکات. شەهید جەمیل بۆ ئێمە لە دەرەوە و لە نێو بەندینخانە مامۆستا و ڕابەر و سەرکردەیەکی بوێر و ئازا و چاو نەترس و بە توانا بوو. وە یەکێك لە خاسیەتە هەرە بەرزەکانی شەهید جەمیل ڕەنجبەر ئەوە بوو لە ناخۆشترین کاتا لەو کاتانەی کە دایەرەی ئەمنی بەندینخانە زۆر توندی دەکرد ئەو لە چالاکییەکانی خۆی نەدەکەوت چونکە لە خەڵەتاندنی سیخوڕەکان توانای نواندنی زۆر بەرزی هەبوو دەیتوانی هەموو کات لە خشتەیان ببات. لە زیندان بووم دایکم مردبوو

بەلام کاتێك مواجەهەم هات کەس پێی نەوتم بەلام بە شەهید جەمیلیان وتبوو کە دایکی مردووە بە حوکمی ئەوەش کە من زۆر داکۆنی بووم دایکم زۆر خۆش دەویست لەهەمان کاتیشدا دایکم پوری شەهید جەمیل بوو. دوای تەواوبوونی مواجەهە شەهید جەمیل وتی وەرە با بە جلی وەرزش پیاسەیەك بکەین بۆ ئەوەی سیخورەکان بزانن وەرزش دەکەین بۆ خۆشمان هەندێ هەواڵ و دەنگوباس دەگۆڕینەوە. دوای ئاڵوگۆری هەواڵەکان شەهید جەمیل باسی مەرگ و شەهادەت و ژیان و بوون و نەبوون و چەندین شتی تریشی کرد ، وای هێنامە قەناعەت کە مردن برا گەورەی هەموو لایەکە و هەموومان رۆژێك دادێ هەر دەمرین، بۆ مەرگی دایکیشم دڵنەوایی زۆری دامەوە و پرسەیەکی رێك و پێکمان بۆ دانا لە زیندان. دوای ماوەیەکی کورت ئێمە هەموو گواستراینەوە بۆ بەشی (موقوف العام) کە دوایی ناوی لێنرا ( ئەحکام ئەلخاسە ) کە بەندینخانەیەك بوو تایبەت بوو بە حوکمە تایبەتەکان واتا تایبەت بوو بە زیندانییە سیاسییەکان لەوێش من و شەهید جەمیل و فەرهاد کاوانی و خالید هەرکی و دکتۆر کارۆخ و پیرداود حەمەد عیسا کەوتینە دوو ژووری تەنیشت یەك بووین بە سەفەرداش، ئەو زیندانیانەی کە پێکەوە نان دەخۆن لە زیندان پێیان دەوترێت سەفەرداش ، شەهید جەمیل چرای رووناکی ژوورە تاریکەکانی زیندان بوو تێشووی ورە و خۆڕاگری و بەرخودانمان بوو زەردەخەنەکەی بزەی سەر لێوی لە کاتی لێدانیشا بۆ ئێمە قیبلەی خۆڕاگری بوو. یادی بەخێر ئەو مرۆڤە مەزنە. یادی بەخێر ئەو شاعیرە بوێرە. یادی بەخێر ئەو پێشمەرگە خۆنەویستە.

# جەمیل بەس هاوسەرم نەبوو
# مامۆستاشم بوو

نووسینی : مامۆستا سەعادەت ... هاوسەری شەهید جەمیل ڕەنجبەر

من لە بنەماڵەیەکی دیندار و مامناوەندی شاری هەولێر پەروەردە بووم، لە بەرواری ١٣-٢-١٩٧٢ ژیانی هاوسەریم لەگەڵ ئەم میرخاسە پێك هێنا. هەردووکمان مامۆستا بووین، بەڵام شەهید فێرگەیەێك بوو نەك مامۆستا هەموو ڕۆژ وانەیەکی تازەی فێر دەکردم، فێری پەند و حیکمەی ژیانی کردم، فێری خۆڕاگری و چاونەترسی کردم ،فێری ئازایەتی کردم.

سەرەتا بۆ من زۆر زەحمەت بوو لە ژیانێکی داخراوا و ڕاست بچمە ناو ژیانێکی کراوەی کە زۆر جیاواز بوو لەگەڵ ئەو بیئەیەی لێ پەروەدە بووم. هەستم دەکرد هیچ لەم ژیانە تێناگەم، جەمیلیش هەر کە سەیری دەکردم هەستی پێدەکردم، هەنگاو بە هەنگاو لە گەڵم دەستی پێکرد هەرجارێك کتێبێکی دەدا پێم تا بیخوێنمەوە، کە تەواو دەبووم لە خوێندنەوەی دەیگوت دەی بۆم باس بکە چی لێ فێر بووی؟ ئێنجا گفتوگۆی لەگەرم دەکرد تەنها بۆ ئەوەی بزانێ من ئەم کتێبەم تەنها خۆێندۆتەوە یان تێشیگەیشتم!

هەردەم دەیویست لەم چینەی کەلێی پەروەردە بووم دەرمبهێنێت و فێری ژیانی سادەی ناو ڕەشماڵ بکات هەتا لە جل و بەرگ عەبا و پێچەی پێ فرێدام دەیگوت (ژن وەك پیاوە نا بێت خۆی بشارێتەوە چونکە لە کۆمەڵگا دوور دەخرێتەوە لە ئەنجام کار دەکاتە سەر پەروەردەکردنی نەوەیەکی سەقەت و نا دروست).

ڕۆژێکیان هەرەوەزم تازە لەدایك ببوو و قۆنداخە بوو نەخۆش بوو بردمانە لای دکتۆر جەمیل گوتی نە عەبا لەسەر دەکەی و نەهەرەوەزیش لە ئامێز دەگریت، هەرەوەزی لە ئامێز گرت و ڕۆیشتین بۆ عیادەی دکتۆر خورشید دزەیی کە لە لای چایخانەی "وەسمان" بوو بەرامبەر قەلای هەولێر، هەموو خەڵکەکە سێریان دەکردین بە شێوازێکی عەیبە و ناشرین، هەریەکە و تەعلیقێکی لێدەداین ئەو دیگوت وەڵڵا عەیبە لۆ پیاوان جوان نییە منداڵی ساوا لە ڕێگا هەڵبگرێت..! یەکێکی تریش دەیگوت خوشکم جوان نییە تۆ ئەم منداڵە لە پیاوەکەت بستێنە..! من لە شەرمان سۆر هەڵگەڕابووم و نەم دەتوانی ڕاست بڕۆم خۆم لە پەنای جەمیل دەشاردەوە ئەویش خۆی تورە دەکرد و دەیگوت ڕاست بڕۆ و سەرت بەرز بکەوە و سەیری هەمووشیان بکە با قسان بکەن .. ئەویش دەم بەپێکەنین لەگەڵ خەڵکەکە پێدەکەنی و بە شێوازێکی زۆر شێرین دەیگوت وەڵڵا براکەم تۆش وەك من بکە دەزانی چەند خۆشە جەرگی خۆت لە باوەش بگریت و یارمەتی خێزانت بدەیت! تا گەیشتینە عیادەکە هەر ئەم دێرەی دووبارە دەکردەوە. دواتر پێ گوتم (ئێمە پێویستە بگۆڕین بۆ ئەوەی بگۆڕێن دەبێت یەکەم جار خۆمان بگۆڕێن ئێنجا دەورو بەرمان دواتر کۆمەڵگە).

پیاوێکی ڕاستگۆ و عادل بوو حەزی لە پارە و دەوڵەمەندی نەبوو، دەیگوت ئەگەر پارەت هەبوو بە دڵی خۆت بیخۆ، جلی جوان لە بەر بکە. خەڵکی هەژاریشی پێ تێر بکە ئەوەی دەمێنێتەوە دابەشبکە، حەزی لە خشڵ و زێر نەبوو دەیگوت گەردانی زێر، پەتی سێدارەیە

و بازنی زێریش کەلەپچەیە. بۆیە هەموو زێرەکانی فرۆشتم دابەشی سەر هەژارانی کرد، دەیگوت مادام ئێمە هەمانە بیخۆین پێویستیمان پێ نییە با خەڵکی ترسوودی لێوەربگرێت و لە ئێمە زیاتر پێویستیان پێیەتی.

هـەموو برادەرەکـانی لـە چـینی هـەژاران بـوون جارێکیـان پـێم گـوت تـۆ بۆچـی برادەرەکانت هـەمووی لـەم چـێنەنن، گـوتی ئـەم هاوڕێیانـەم هـەر هـەموویان زۆر دەوڵەمەندن، هەرچەندم کرد من تێنەگیشتم چونکە لە رواڵەتیان وا دیـار نـەبوون.
گوتی ئێستا بۆت روون دەبێتەوە، برادەرێکی کە ناوی عەزیز بوو خەڵکی باتاسـێ بوو کوڕێکی هەژار بوو تـەعاروفی پێکـردین و دەعـوەتی مـاڵێ کـرد و تۆزێـك دوا و قـسەی کـرد دیـار بـوو خـاوەن زانیـارێکی زۆر بـوو، زۆر کتـێبی خوێنـدبۆوە زۆر رۆشـەنبیر بـوو، دواتــر رووی تێکــردم گــوتی وەڵامەکــەت دەســت کــەوت ؟(دەوڵەمەنــدی لای مــن دەوڵەمەنــدی دڵ و هــزر و بــیری نەتەوایەتییــە نــەك وەك دەوڵەمەندی بورجوازییەکان، تەنها شێواز و رواڵەت بێت).
گوتی ئێمە هەر هەموومان لەم چینە هاتووینەتە دنیـا و نابێـت ئەسلی خۆمـان لـە بیر بکەین کە رۆژێك لە رۆژان هەژار بووینە. بۆیـە مـن زۆر دڵـم بـە چـینی هـەژاران دێت. کە پرسیارم لێدەکرد دەمودەست وەڵامـی نەدەدامـەوە، بـەڵکو هـەموو بـە نموونەیەکی عەمەلی پێشانی دەدام تـا قەناعـەت بهـێم تـا وەك وانەیـەك لـە یـادی نەکەم.
جـەمیل قـودوەی مرۆڤایـەتی بـوو، وەك مانـدێلا و غانـدی بـوو، بـەڵام تەمــەنی ئەوەندە کورت بوو لە ٣٤ ساڵی ئێمەی بەجێ هێشت ئاخۆ ئێستا بمابـە، نموونـەی هەموو سەرۆکەکان دەبوو، بەڵام مرۆڤی باش تەمەنی کورتە تەمەنێکی زۆر کـورت ناوێکی زۆر مەزن.
هەردەم دەیگوتەوە (دەزانی بۆ خەڵك منیان خۆش دەوێت ؟ چونکە مـن خـەڵکم زۆر خۆش دەوێت و هەردەم خۆم لە وان دەدۆزمەوە ئەوان ئاوێنەی منن)
جەمیل زۆر ئامۆژگاری دەکردم و منیش بە نـاوی جەمیلـەوە ئامۆژگـاری منالـەکانم کرد، و هەردەم بە یادی ئەم کەڵە پیاوە ژیاوم هەرچەندە تەمەنی زۆر کورت بـوو.

بەڵام بۆ من داستانێکی زۆر مـەزن بـوو. جـەمیل گیـان دوای تـۆ وەك چـۆن فێـری خۆڕاگریت کردم بەرگەی هەموو ناخۆشییەکانم گرت و بوومـە بـاب و پیـاو دایـك و برا بۆ هەر سـێ کیژۆڵـەکانمان. یـادت بـەخێر جـەمیل گیـان بـیرت دەکـەین هـەر هەموومان.

تێبینییـەکی عەبـدوڵا سـلێمان(مەشـخەڵ) : سـەعادەت خـان لـەم بیرەوەرییەیـدا دەڵێ " بەڵام تەمەنی ئەوەندە کورت بوو لـە ٣٤ سـاڵی ئێمـەی بـەجێ هێـشت" . بەڵام کاتێك تەماشای ساڵی لە دایکبوونی رەنجبـەر دەکـەین ١٩٤٩ و سـاڵی گیـان بەختکردنی ١٩٨٠ دەکاتە ٣١ ساڵ نەك ٣٤ ساڵ. ئیتر پێدەچێت ئـەم جیاوازییـە هەڵەی تایپکردن بێت.

# بۆ ساڵیادی هاوڕێی شەهید جەمیل ڕەنجبەر

نووسینی: هیوا سەرهەنگ

هاوڕێم .. جەمیل ڕەنجبەر .. یادەکانی تۆ و هەموو ئەو هاوڕێیانەی سەرەتای ژیانی سیاسی و بیرکردنەوەمان لە گلۆڵە ئاڵۆزەکانی ئەو زەمانە، بەردەوامی بە ژیانی ئێستەم دەدەن و هەمیشە بنچینەی خوێندنەوەی تێگەیشتنەکانن بۆ من و هاندەری درێژەدانن بە خەبات و تێکۆشان بە تەواوی بوارە جیاجیاکاندا .

لە بیرم دێت، ئەو دەمەی تۆم تیا ناسی، هاوڕێیەتی ڕێگەی خەباتی سیاسی بوو، تۆش ڕووناکبیرێکی بیر تیژ، شاعیرێکی ناسک و شۆڕشگێڕ، وشەکانت بە قەندیلی ئازادیدا هەڵدەزنان. خۆت بە بەشێك لە کێشەکان دەزانی و هیچ کات بێ بایەخ لە ململانێکانت نەدەڕوانی، هەر بۆیە سەرەڕۆییت بە کۆپلەی شیعرەکانت دەکرد .. کڵپە سەندوو .. دەتویست دنیایەك ڕۆشن کەیتەوە.

هاوڕێی شەهید .. ئەی سیاسەتمەدار و شاعیرە پێشمەرگەکە .. ئەو دەمانەی بە جەستە بەندیان کردی نەیانتوانی دەنگی وشەکانت بەند بکەن .. کە ئازاد بوویت، خۆت و وشە و بەهرەکانت بوونە هەڵۆیەکی بەرزەفڕ و بەرەو ئەو چیا بەرزانەی لە ناختا بڵند ببوون، هەڵفڕین. تۆ لە چیا و ئێمەش لە پێدەشتەکاندا گوێمان نابوو بە هەناسەی ئەو هەواڵە شیرینانەی لە ئێوەوە بۆمان دەهات. بەڵام هاوڕێم، ڕۆژی ١٩٨٠/١١/١٨ لە پڕ هەواڵ گۆڕا، شار شڵەژا .. خەم بوو بە تەم .. تەم بوو بە خەم .. ئەمجارەیان جەستەیەکی خوێناوی پڕ لە تیشك .. نوورانی خۆی کرد بە دەروازەی شاردا و کەس نەیتوانی خۆی ڕێ لە ئاپۆرەی جەماوەرێك بگرێ کە پێشوازی لە تەرمی شەهید جەمیل ڕەنجبەر دەکەن.

ئەی شەهید .. ئەی هاوڕێی ڕووناکبیران .. ئەی ناخ پڕ لە ئازارەکەی ڕەنجدەران و زەحمەتکێشان. لەو کاتەی یاد و بیرەوەرییەکانت ئازاری بێ تۆییم رادەژەنن .. نیگام بەو چیاو کێو و گوند وباخ و ڕەزانە هەڵدەزنن، چیتر ناسووتێن، نابرژێن، پێی چەپەڵی دوژمنێ پیسیان ناکات ..! بینابیم ڕۆژگارێك ماچ دەکات، پڕ ئازادی، سەرفرازی، ئاوەدانی .. هەر هەمووومان لەدەم نزرگەی پیرۆزی پڕ خۆزگە و ئاواتی تۆش و هەموو شەهیدە سەربەرزەکان کە بە خوێنی خۆیان ئەم ڕۆژەیان بۆ گەلەکەمان دروست کرد، هەوای ئازادی و سەربەستی هەڵدەمژین.
ئێوەی شەهید ڕۆحی پیرۆزتان ئارامبەخشی ئەم ژیانەی ئەمڕۆمانە.
خۆ تۆ هەمیشە دەتگوت ( ئەگەر بە دەست دوژمنان بکوژرێم .. چەند خۆشە میللەت بڵێ ئەوە شەهیدی کوردستانە ).

تێبینی : ئەم وتارە لە ژمارە ( ١٠٠) ی ساڵی نۆیەم – نۆڤەمبەری ٢٠٠٤ لە مانگنامەی ( بێوار ) بڵاوکراوەتەوە.

# لەسالیادی شەهید جەمیل ڕەنجبەردا

نووسینی : بەکر مستەفا سەعید

لە شەستەکان و حەفتاکاندا، لە شاری هەولێر ناوی مامۆستا جەمیل رەنجبەر زۆر دەبیسترا. بەتایبەت لە دوو ناوەندا

یەکەم: لە ناوەندی ئەدیب و رۆشەنبیران.

دووەم: لە ناوەندی کوردپەروەر و سیاسەت ویستاندا.

من خۆم شەخسی نەمدەناسی بەلام ئەم ناوەم زۆر دەبیست، وە حەزم دەکرد بیناسم چۆن و کەی؟ نەمدەزانی و بۆم نەکرا.

لە بیرمە لە ساڵی ١٩٧٩ کە لە بندیخانە بۆ دووەم جار ئازاد کرا بوو لەگەڵ رەفیقێکم کە رەفیقی مامۆستا جەمیل رەنجبەریش بوو لە گازینۆی مەچکۆ لە هەولێر تاکو نادی مامۆستایان پێکەوە رۆیشتین و تۆزێك لە وێندەر یەکترمان ناسی، ئەوسا زۆر شانازیم بە مامۆستا جەمیل رەنجبەر دەکرد لام ئینسانێکی ئاسایی نەبوو پەیف خۆش رۆشەنبیر بوو.

خۆشبەختانە لە ساڵی ١٩٨٠ کە بووم بە پێشمەرگە وا رێکەوت یەکسەر مامۆستا جەمیلم ناسی هەر زوو بوین بە رەفیق وەك بڵێی چەندین ساڵە یەکتر دەناسین، هەتا گاڵتە و نوکتەش کەوتە نێوانمان. چونکە مامۆستا جەمیل رەنجبەر خۆش مەحشەر و دەم بە پێکەنین و قسە خۆش بوو.

هەموو جار زۆر ماندوو باین سەر دەخستە سەرم دەیگوت ( رەسول ماڵت نەبوو ..ڕەسول حاڵت نەبوو..ڕەسول مامۆستا و مدیر نەبووی! لە چی دەگەڕایت و بۆ وات لە خۆکرد؟) مەبەستی لە رەسول هونەرمەند "ڕەسول گەردی" بوو ئەویش مەسەلەیەك بوو لە ساڵی ١٩٧٤ بەسەر رەسول گەردی هاتووە لە ناو شۆڕش.

لــه ســاڵی ١٩٨٠ بــۆ تەشــکیلاتی شــۆرش و(ی ن ك) لــە رووی عەســـکەری و ڕێکخستنەوە لە هـەموو ناوچـەکانی هـەولێر ئـەوەبوو لێژنەیـەکیان پێـك هێنـا بـە ناوی لێژنەی شەهید ئاودێر کە لە :

شەهید مامۆستا کاوە،کە ئامیر کەرت بوو رابەری سیاسی هەرێمیش بوو

شەهید مامۆستا حەمید کەریم

، شەهید عەلی سالح ئامیر کەرت بوو جێگیری ئامیر هەرێمیش بوو

شەهید مەلا غفور

ئەمانە ئەندامی ئەم لێژنەیە بوون.

شەهید جەمیل رەنجبەریش لێپرسراویان بوو. لێپرسـراوی رێخـستنی کۆمەڵـە بـوو لە سنووری هەولێر ،هێزەکەمان هەمووی خۆی لە مامۆستا جەمیل دەدۆزییەوە.

پێش رۆیشتنی مامۆستا کـاوە و شـەهید جـەمیل لـە کۆتـای مـانگی ٩–١٩٨٠ بـوو خەبەرمان بۆ هـات خێـزان و منداڵـەکانی مامۆسـتا جـەمیل هاتوونەتـە نـازەنین لا ماڵی (خاڵە کاکە)ن. ماڵی خاڵە کاکە ئـەو سـەردەمە وەك بارەگـا و شـوێنی نهـێنی دەنـــگ و باسمـــان بـــوو، زۆر خزمـــەتی یـــەکێتیی نیـــشتمانی کوردســـتان و پێشمەرگەیان دەکرد.

مامۆستا جەمیل چووە ماڵی خاڵە کاکە بۆ بینینی منداڵـەکانی، و ئێمـەش لـە نزیـك ئـەو لـە شـاخی ئـاوگرد ماینــەوە ئاگامـان لێـدەبوو، بـەیانی زوو پـێش رۆژهــەلات مامۆســتا جــەمیل هاتــەوە لامــان بــە دڵێکــی خــۆش هــەر پێدەکــەنی، ئێمــەش هەموومان دامانە بەر تەعلیق و گاڵتەکردن لە گەڵی.

ڕۆژی دواتر لە ئاوگرد نزیك گوندی سناوە بووین بۆ نـانی ئێـوارە دیـسان بریـاردرا بچینە نازەنین و مامۆستا جەمیل یەکسەر گـوتی بـا زوو بـڕۆین و پێکـەوە تـەوزیع دەبین گوتم باشە.. رۆیشتن لە رێگا زۆر خێرا دەڕۆیشت. وتم چـی بـووە بـۆ پەلـە دەکەی مامۆستا ؟ خۆ جەمەعەتمان جێهێشت!

ئەیش بە پێکەنینەوە وتی دەچین بۆ ماڵی خاڵە کاکە بەڵکو خوایە منداڵەکانم مابن، هەرچەند من وەعدم پێ نەدابوون بگەڕێمەوە لایان، گەر بم زانیبایە لەم ناوچانە دەماین پێیانم دەگوت ئەوانیش بمابان! بەڵام پێم عەیب بوو وەعد بدەم و دواتر نەچمەوەش، بەخوا لە دیتنیان تێر نەبووم. دەڕۆین بەڵکو مابن!

گەیشتینە ماڵی خاڵە کاکە لە باخچە بوون سەیری کرد منداڵەکانی دیار نەبوون ، مامۆستا جەمیل لە شوێنی خۆی وەستا و هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا دیار بوو زۆر خەفەتی خوارد، من ئەوکاتە ژن و منداڵم نەبوو بەڵام هەستم بە مامۆستا جەمیل کرد کە بۆی زۆر ناخۆش بوو ئەوسا زانیم کە خۆشەویستی ماڵ و منداڵ چۆنە! . ئەوە دواجار بوو مامۆستا جەمیل خێزان و منداڵەکانی بینێ.

ڕۆژێکیان لە ١٢–١١–١٩٨٠ بوو چوینە گوندی بالیسان مامۆستا سدیق ساڵح برای شەهید جەمیل ڕەنجبەر لەوێ چاوەڕوانی دەکردین، ئەویش لە بەندیخانەی رژێم بە شێوەیەکی سەیر و ئازایانە رایکرد بوو و رزگاری ببوو دیار زۆر ئەشکەنجە درا بوو یەکسەر بوو بە پێشمەرگە و زۆر دڵخۆشێش بوو هەر دەتگوت تازە لە دایك ببوو، هەموو هیوای ئەوە بوو براکەی خۆی مامۆستا جەمیل رەنجبەر ببینێت و بە یەکتر شاد بن.

لە ١٨–١١–١٩٨٠ لە گوندی جەلی بناری ئاوە گردبوینەوە دیار بوو ئەم ڕۆژە شەممە بوو دەنگ و باس بڵاو بۆوە کە شەڕێکی قورس لە بناری کێوەڕەش روویدا و چەندین پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون بەڵام نەماندەزانی کێن!

ڕۆژی دواتر چوینە گوندی سکتان هەمان دەنگۆ هەبوو سەعات ٨،٣٠ شەو بوو من راکشابووم ، مامۆستا کاوە بانگی کردم گوتی وەرە با پیاسیەك بکەین لەگەڵ کاك علی سالح، سێ بە سێ چەندین جار هاتوچۆمان دەکرد هەستم کرد ئەوان ئاسایی نینە ! وتم چییە بۆ وا بێدەنگن، مامۆستا کاوە گوتی خەفەتمان زۆرە ویستمان تۆش بەشدار بیت نامانەوێت پێشمەرگەش بزانێت لەبەر مامۆستا

سدیقی برای و لەبەر ورەی پیشمەرەگە،( لەبەر ئەوەی مامۆستا جـەمیل رەنجبـەر شەهید بووە) من زۆر تاسام. بۆ من ئەم هەواڵە زۆر گـران بـوو. کـاری تێکـردم بـۆ یەکـەم جـار هاورێیەکـەم و بەرپرسـەکەم شـەهید ببێـت ، وتم چـۆنتان زانـی ؟ نامەیەکیان دەرهێنـا و منـیش لایتەکـەم لێـدا و خۆێندمـەوە کـە لەلایـەن وشـیارە سوور برای حاکم سەردار بوو نووسـرا بـوو باسـی شـەڕەکە دەکـات کـە چۆن بـە هەلیکۆپتـەر بـە رۆژ نزیـك گونـدی پیرانـەڕەش درانـە بـەر شـاڵاوێکی دڕندانـە بـە هاوەن ناپاڵم و لـە ئـەنجام ژمارەیـەك شـەهید و برینـدار بـوون لـە وانـەش شـەهید مامۆسـتا جـەمیل رەنجبـەر ، چـەند جارێـك بـە بـێ دەنگـی و بـە خەفەتـەوە هاتوچۆمان کرد لە پڕ مامۆستا کاوە وەستا و هاواری کرد وتـی : ئـاخر برادەرینـە زۆر زوو بوو زۆرمان کار بـە مامۆسـتا جـەمیل هـەبوو زۆر پێویـست بـوو لامـان لـەم ناوچانە، ئاخر زۆر زوو بە جێهێشتین.

لە ٢٣-١١-١٩٨٠ هێزێکی پێشمەرگە گەیشتە لامـان بـەڵام ئێمـە هـەر هـەموومان زۆر خەمبار بووین لە گوندی سکتان کۆبوینـەوە کـاك فەریـدوون باسـی شـەڕەکەی بـۆ کـردین و شـەهید بـوونی جـەمیل رەنجبـەری بـە ئـاخێکی گـەورە راگەیانـد، کلاشیکۆفەکەشـی درا بـە مامۆسـتا سـدیقی بـرای شـەهید جـەمیل رەنجبـەر بـۆ درێژەدان بە خەباتی شەهید.

لە یادی ئەم کەلە مێردە خۆشەویستەدا بـە پێویـستم زانـی پێتـان بڵـێم مامۆسـتا جەمیل رەنجبەر پیاوێکی زیرەك و ئـازا بـوو خـاوەن هەڵوێـست و بـیر وبـاوەرەکی پتـەو بـوو پیـاوێکی بـە ورە و ئـازا چـالاك بـوو هـەزار سـڵاو لـە گیـانی پـاکی ئـەم شەهیدە مەزنە.

# بۆ چلەی شەهید جەمیل رەنجبەر

نووسینی : هەڤاڵ کوێستانی

کاك جەمیل...

دەمێك بوو دەمزانی جەمیل هاوڕێمە، بەڵام هێشتا نەمدیتبوو، لە بەر ئەوەی شاعیرێکی شۆڕشگێر و راستگۆ بوو، لە بەر ئەوەی خاوەن هەڵوێست و هاوڕێم بوو. خۆشم دەویست. بۆ یەکەم جار لە سەنگەری خەباتا یەکتریمان ناسی. کە ناسیم! گەلێ شاد بووم ، چونکە زانیم لە خۆشەویستیەکەمدا بە هەڵەدا نەچووم.

چەند مانگێك بە یەکەوە ژیاین ،زۆر جار ئەو شیعرانەی بۆ دەخێندەمەوە کە لە بەندیخانە نووسیبووی.گەرچی لە من بە تەمەنتر و خاوەن تاقیکردنەوەیەکی شیعری پتر بوو، بەڵام حەزی لە سەرنج و تێبینی و رەخنەی دروستکەرانە دەکرد .ئەو رۆژەی بڕیاری چوونە ناوچەی دەشتی هەولێری درا، هەموو لەشی خۆشی لێ دەتکا، هەر خێرا کەوتە کۆکردنەوەی بەیاننامە و بڵاوکراوەکانی یەکێتی و کۆمەڵە، بە بیانووی بڵاوکردنەوەیان لە ناو خەڵکی زەحمەتکێشی ئەم ناوچایەدا، هەرکە پێشمەرگەیەکی ئەوێ دەهات هەواڵیم دەپرسی ، ئەویش هەواڵی ناوچەکەی بۆ دەناردم بیرمە لە دوا نامەیدا نووسی بووی:

"بەختەوەرم و دەتوانم ئەوەندەی لە توانامدایە خۆم ماندوو کەم چونکە خەڵکم خۆشدەوێت و خەڵکیش منیان خۆشدەوێت".

لە ١٨-١١-١٩٨٠ بە هەمووی سێ چوار رۆژ بوو لای ئێمە گەڕابوونەوە لە ناوچەی پیرانەوە و بەرەوە دەشتی هەولێر دەکشان، لە پڕ دوو فڕۆکەی

فاشیستەکان بڵاوەیان پێکردن و بە تایبەتی ئەم ناوچانەیان تەواو بۆردومـان کـرد و گەڕانەوە. دوای تەواو بـوونی بۆردومانەکـە هاوڕێکـانی رایـان کـردە شـوێنەکە و چـەندین بانگیـان کـرد مامۆسـتا جـەمیل مامۆسـتا جـەمیل ئـەو هـیچ وەڵامـی نەدەداوە، تومەس خەریکی ئەوە بوو لە گەڕ حەوت هاوڕێی تـری سـواری ئەسـپی بوو بەرەو گەشتێکی ئەبەدی ئەڕۆیشتن، نیـشتیمانیش بـە خـوێنی گەشـی سـوور هەڵگەڕا.

تێبینی : ئەم بابەتەی کاك هەڤاڵ کوێستانی لە نامیلکەی ( چەپکێك گوڵی سـوور بۆ چلەی شاعیر و پێشمەرگەی کـورد مامۆسـتا جـەمیل رەنجبـەری شـەهید) بـڵاو بۆتەوە.

# بەکەلەپچەوە
# لە هەولێرەوە بۆ کەرکووک

نووسینی : خالید هەرکی

سەبارەت بەو یادەوەریانەی لەگەڵ باوکی رەحمەتی دیارە گەلێکن بەڵام من تەنها ئاماژە بە رۆژێك دەدەم کە دەگەرێتەوە بۆ ئەوکاتەی بەیەکەوە گەشتێکی زیندانیمان لە هەولێرەوە دەست پێکرد و لە ئەبوغرێب دوای دوو ساڵ و سێ مانگ کۆتایی پێ دێ .

هاوینی ساڵی ١٩٧٧ بوو بەتەواوەتیش مانگی شەش بوو کە لە ئەنجامی ئاشکەرا بوونی رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان (کۆمەڵە) لە هەولێر ژمارەیەك لە هەڤاڵان دەستگیر کراین کە ٥٣ کەس بووین پێنجیان لە سێدارە دران و ٢٨ مان حوکمدران و ئەوانیتر دوای ماوەیەك بەهۆکاری جیا ئازاد کرابون ، ئەوێ رۆژێ دائیرەی ئەمنی هەولێر سەرەتای قۆناغی گەشتەکەمان دەبێ دوای ئەنجام دانی بە ناو لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدانمان کە هەر لەو ئەشکەنجەدانەی هەولێر یەکێك لە هەڤاڵانمان بە ناوی عوسمان حەمەدئەمین ناسراو بە (عوسمانە گچکە) لە ژێر ئەشکەنجە گیانی لەدەستدا. کاتێك ویستیان لە گرتووخانەی ئەمنی هەولێر بەرێمان کەن بۆ گرتوخانەیەکی تر، کەسمان نەمان دەزانی بۆ کوێمان دەبەن و چارەنووسمان چی دەبێ، ئەو رۆژە وا رێککەوت کە من و شەهید جەمیل لە یەك سیارە سوار کراین و هەردوکمان لە دواوەی (مسلحە) پیکابێك لە تەك یەك سوارکراین کە سێ تا پێنج سیارە دەبوون ئێمەیان بەرەو شوێنێکی نادیار دەبرد لەوکاتە هەمووومان چاومان بەسترابۆوە و

دەستەکانیشمان کەلەمچە کرابوون. ئێمە کە لەگەڵ شەهید جەمیلدا لەتەنیشت یەکەوە بووین هەردووکمان بە کەلەمچەیەکی تر لە لێواری پیکابەکە گرێدا کە لە شێوەی قەفەس وابوو. لە بەردەرگای دواوەی پیکابەکانیش چەند ئەمنێك خۆیان پێوە هەڵواسیبوو هەر بە تێهەڵدان و شوولاق ئێمەیان سواری ئەم سەیارانە کرد. لە دانیشتنا سەرم نزم کرد قاچەکانی شەهید جەمیلم ناسییەوە بە نیانی و نهێنی وتم مامۆستا تۆی؟

وتی بەڵێ! هێشتا لە وەستان بووین ئەمنەکان خەریکی جێبەجێکردنمان بوون شوێنەکەش (ئەمنی شیمالیان) پێدەوت کە دواتر بوو بە مەڵبەند و ئێستاش وابزانم لقی پارتییە، دیارە مامۆستا بەر لە چەند مانگێك هەمان سەفەری کردبوو دەستگیر کرابوو لەگەڵ چەند هەڤالێك، بەڵام بەهۆی خۆراگری ئازاد کرابوو بۆیە من دڵنیا بووم کە لەم جۆرە کاروانانە زانیاریی هەیە، بە پرتە پرت و لەسەرەخۆ وتم مامۆستا پێت وایە بۆکوێ دەمان بەن ؟ بۆ لە سێدارەدان یا گوم کردن؟

مامۆستا جەمیل وتی :چاودێری بکە ئەگەر دەتوانی هیچ لە ژێر پەرۆکە ببینی ئاخۆ بەرەو کوێمان دەبەن؟ کەرکووك یا موسڵ، ئەگەر موسڵ بوو ئەوە لەسێدارەدانە ئەگەر کەرکووك بوو بۆ هەیئەی خاسە و بە ناو دادگاییەکمان دەکەن هەندێکمان نەجاتیمان دەبێ، منیش هەستم راگرت تا کاتێك ئەمنەکان لە هاواریان دا و وتیان ( یاللە تحرکو یا ولد) ئەوەندەم زانی دەنگی سولفی سەیارەکان هات و کەوتنە جوڵە کاتێك چوونە سەر شەقامی شەست مەتری هەستم لە خۆم بری ئاخۆ بەرەو موسڵ دەڕۆین یا بەرەو رێگای کەرکووك کە دووریانی چارەنووسمان دەبێ، کاتێك گەیشتینە سەر چوارڕیانی بەرەو موسڵ کە ئەوکات بە ناو سەربازگەکەدا دەرۆیشت لە چوارڕیانەکە راستەوڕاست رۆیشت،

لەژێر پەرۆکەوە چاك دیقەتم دایێ کە لەو چوارپیانە رەتبووە و گەیشتینە نزیك سایلۆکە وتم مامۆستا لە رێی موسڵ رەت بووین !

مامۆستا جەمیل وتی: لێماندا کەرکووکە. ئیتر گەیشتینە کەرکووك و دابەشی سەر ژوورەکانی هەیئەی خاسەی کەرکووکیان کردین کە لە ناو سەربازگەیەك بوو بەر لەوەی بچینە ناو سەربازگەکە لە بەردەرگاکە پەیکەری فرۆکەیەکی جەنگیی مەزنی لێ بوو ( ئەوەندەم باش لە بیرە) لەوێوە کاروانە سەخت و دژوارەکەمان بەردەوام دەبێ تا لە ئەبوغرێب گیرساینەوە ماوەی چەند مانگێك هۆڵەکانمان جیا بوو بەڵام دواتر ئەوانەی بە دیدی خۆیان توند و بۆ ئەوان خەتەرناك بوون لە هۆلەکانی بەشی ( ئەحکام خاسە) کۆکردینەوە ئەوسا دووبارە لەگەڵ شەهید بەیەك گەیشتینەوە و ماوەی زیندانییەکەمان بەیەکەوە لە یەك هۆلدا تەواو کرد دوای ئازاد بوونمان دواجار شەهیدم بەم جۆرە بینی . لە پایزی ١٩٧٩ ماوەیەکی کورت بەسەر ئازاد بوونمان رەتی کرد لە مەسیفەوە دەهاتمە هەولێر لە تەیراوەی هەولێر لە نەقلیاتەکەی مەسیف دابەزیم لە شۆستەکە پەریمەوە بە هەڵکەوت سەرم بەرزکرد دەبینم یەکێك لە ناو پاسەکە کە لە سەنتەری شارەوە بەرەو نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر دەرۆیشت یەکێك ئاماژەم بۆ دەکا دەڵێ بوەستە وا هاتم ، کاتێك سەرم بەرز کردەوە بینیم مامۆستا جەمیلە ، ئیتر لەسەر شۆستەکە لە بەردەرگای سەرتاشخانەی (هادی) وەستام تا پاسەکە لە بەردەمی نەخۆشخانەی (تەواری) وەستا و مامۆستا لێی هاتە خوار بەرەو رووم هات ، یەکترمان ماچ کرد و هەواڵی یەکترمان پرسی وتی با مژدەیەکت بدەمێ : ئەوە بریار دەرچووە لە ناوەندی کۆمەڵە کە ئێوە دوبارە پەیوەندی بکەنەوە، بەڵام من دەبێ بچمە دەرەوە ئیتر یەکتر نابینینەوە مەگەر لە دەرەوە، کەسانێکیش دێن پەیوەندیت پێوە دەکەن، لەلایەك دڵم خۆش بوو بە هەواڵی پەیوەندی

کردنەوە لەلایەکیش دڵتەنگ بووم بە ون بوونی مامۆستایەکم کە دڵم پێی خۆش بوو بۆ پەنا بۆ بردن و وەرگرتنی ئامۆژگارییەکانی ، ئەمە دوا دیدارم بوو لەگەڵ شەهیدی قارەمان مامۆستا جەمیل رەنجبەر. ئیتر لەم یادە هەر ئەوەندەمان لەدەست دێ درود بۆ گیانی بێ گەرد و پەیمان نوێکردنەوە بە شەهید ببەخشین، سەربەرزیش بۆ سەرجەم خانەوادەی .

تێبینییەکی عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) : ئەم ناو و نیشانەی سەرەوە من بۆم داناوە.

# نامەیەك لە كوردستانی ئێرانەوە
# بۆ شەهید جەمیل رەنجبەر!

نووسینی: ص.مهتدی

برایانم لە باشوور: تكایە ئەم نووسراوەم لە باتی سەرخۆشی لێ وەربگرن بیدەن بە هەموو رەفیقان و بنەماڵەی شەهید جەمیل رەنجبەر.

(مەلەك شا) دێیەكە لە ناوچەی سنەبە فارسی پێ دەڵێن (ملك شا) جەلالەدینی مەلەك شا یان وەك بە فارسی دەنووسن (جەلال الدین ملك شا)، كە شاعیرێكی شۆرشگێری كوردە بە فارسی شیعر دەنووسێ و بەسەر كوردستان دا هەڵدەڵێ.

جەلالەدین لە شعرێكا روو دەكاتە پێشمەرگە و دەڵێ:

من بە شیعرەكەم شەڕ ئەكەم

هەر وشەیەك ئەكەمە گوولە و

لە دڵی رەشی دوژمنی هەڵدەكەم!

تۆ بە تفەنگەكەت بیكە !

هەڤاڵی پێشمەرگە!

شەهید جەمیل رەنجبەر ئەم دوو ئینسانەی لە یەك شوێن لە یەك لەش كۆ كردبۆوە.

شاعیر و پێشمەرەگە !

بە هەردووك چەك دژ بە دوژمنانمان شەڕی دەكرد..كە شیعرەكان و تفەنگی سەرشانی.

با مێژوونووسان بنووسن .. ئا بەم چەشنە بووكە شیعر لە دیوەخانی حاكم میرەكان هاتە دەر..

له کۆشك و تەلاری سەرمایەدارەکانیش هاتە دەر..
لە دانشگا و دایەرەی رۆناکبیران وخوێندەوارانیش هاتە دەر..
چووە ناو کارگە و بوو بە کوتەك کەوتە دەست کرێکاران..
چووە مەزرا، بوو بە داس کەوتە دەست فەلاح!
چووە ناو سەنگەر ، بوو بە تفەنگ کەوتە دەست پیشمەرگە!
با مێژوونووسان بنووسن:
ئا بەم چەشنە بوو کە شاعیر خۆی بوو بە شیعر!
وێـژرا ، نووسـرا، لەبـەرکرا، روون و رەوان گـورچ و گـشت، گـەرم وگـووڕ، سـوار وسوور!
کەوتە زار و بە دڵیشا کردی خگور!
با مێژوونووسان بنووسن :
ئا بەم چەشنە بوو کە دوو هونەر بۆ هەمیشە هەتا هەتا لە یەك جیا بوونەوە:
یەکەم: هونەری بەرەنگاری و بەگژا چوونە !
و هونەری گەشە و گۆڕان!
دووەم: هونەری دانەواندن و دامرکان!
هونەری گەڕانەوەو کتمان!
جەمیل رەنجبەر نوێنەر و رابەر بوو،
شەهید و شاهێدە بۆ هونەری یەکەم
جا با هەموو هەرزە وێژانی شاری خامۆشـان، زارشـڕ و زمـان درێـژ، قالۆنـچەی نـاو قامووسی خیانەت، وتە و وشەی لێـك لـووس کۆکەنـەوە تـا بیکـەن بـە ملوێنکـە و ملکەچی پێ برازێننەوە!

سڵاو له گیانی ئەم شاعیره مەزنه، ئەم پێشمەرگه قارەمانه. جێگای خاڵییه وپڕ نابێتەوه.

تێبینی : ئەم بابەتەی کاك سەلاحەدین موهتەدی لە نامیلکەی ( چەپکێك گوڵی سوور بۆ چلەی شاعیر و پێشمەرگەی کورد مامۆستا جەمیل رەنجبەری شەهید) بڵاو بۆتەوه.

# ئامۆژگاری

نووسینی : خەلیل نازەنینی

هەزاران سلاو لە گیانی ئەم هەلۆیە بەرزە فڕە.

شەهید جەمیل توێشووی سەفەری ناوەخت و

شاخی ورە

و

ڕەوەزی لەسەرخۆی

و ،

خوڕەی ئاوی کانیاو بوو خورپەی

دڵی.

شەهید جەمیل نموونەی مرۆڤی هاوچەرخ و

تا بڵێی بەڕەوشت و پڕ ئسول بوو.

بەمناڵی من کوڕێکی کورد وتەنی عەجول و شەڕاوی بووم.

هیچ وەختێ بێ دام بۆکس و چەقۆ نەبووم.

هەر رۆژ لەگەڵ یەکێك بەشەڕ دەهاتم،

باوکم ماندوو ببوو هێندەی ئامۆژگاریم بکات و لێم بدات،

کاتێ شەهید جەمیل منی بینی ،لە کۆتایی ساڵی حەفتاکان ،لەدوای یەك دووجار ئامۆژگاری کردنم ،تێی گەیاندم من دەبێ هاوڕەگەزەکانم خۆش بووێت نەك هێرشیان بکەمە سەر و شەڕیان لەگەڵ بکەم. دوای ماوەیەك کردمی بە ئەندامی کۆمەڵەی رەنجدەران، ئیتر لەو رۆژەوە تا ئەمرۆ هەمیشە بۆیەك چرکەش بڕوام بەتووند و تیژی نەماوە ،مەگەر بەرگری رەوا نەبێ.

شەهید جەمیل پیاوێکی خەڵکی بالیسانی گرتبوو ،چونکە پیاوەکە خۆی بۆ مەجلیسی شەعب کاندید کردبوو،

ئێوارە منی لەگوندی نازەنین بانگ کرد وتی :

بڕۆ کاسێتێکی بەتاڵم بۆ ئامادە بکە ،ئەمەوێت هەندێك زانیاری لەو پیاوە وەربگرم و بزانم بۆچی خۆی کاندید کردووە.

پێی وتم : وا خۆم نیشاندەدەم کە ماڵی ئێوە ناناسم، وتی تکایە ئەمە بە دایکت باوکت وخوشك و براکانت بڵێ قسەم لەگەڵ نەکەن وەکو ناسیاو و دۆست، ئەو وا خۆی پیشاندا کە ئێمە ناناسێ.

ئیتر ئێوارە کە پێشمەرگەکان دابەشبوون ،شەهید جەمیل و کابرای گیرا و لەگەڵ یەك پێشمەرگەی تر هاتنە ماڵمان،

دووای نان خواردن داوای لێکردین ،کەوا جێیان بێلین بەتەنها ،داوای کاسێتەکەی کرد،

منیش زۆر گەڕابووم ،کاسێتی بەتالمان نەبوو ،کاسێتێکم هێنا

،قورئانی لەسەر تۆمارکرابوو بە دەنگی عەبدولباست .

وتی بەتاڵە ؟ وتم بەڵێ

ئیتر ئێمە جێمان هێشتن ،شەهید خەریکی تۆمارکردنی وتو وێژ بوو لەگەڵ کابرای کاندید بۆ مەجلیس شەعب .

لەهەمووی سەرنج راکێشتر لەلام شەهید تورە نەدەبوو ،هەرچەندە کابرای کاندید خۆی لە وەلامەکانی شەهید ئەدزییەوە.

کەتەواو بوون لە تۆمار ،دیار بوو شەهید جەمیل ویستبووی لە تۆمارەکەی دڵنیا ببێتەوە، کە کاسێتەکەی لێدایەوە ،بۆی دەرکەوت کەوا ئەن کاسێتە هی تۆماری

قورئان بوو ،نەك بەتالّ، بۆیە کەمێ پێکەنی و لە پەناوە سەرێکی لێبادام،وای زانی بە ئانقەست ئەمەم کردووە.
لێم پرسیار کرد خۆ ئەم پیاوە ناکوژن ، وتی نەخێر ،من نامەوێت خوێن لە لووتی ئادەمیزادێك بێت .
جارێکی تر هەر لەگوندی نازەنین ،هات لام وتی بڕۆ حەمامێکم بۆ ئامادەکە ،بەخوا ئەسپێ خواردمی هاوڕێ .منیش چومە مالّەوە حەمامان بۆ گەرم کرد،لیفکە و سابون ئاوی گەرم.
کە خۆی شووشت ،هاتەدەرەوە وتی هاوڕێ ئەوە تۆ تیئێنتیت بۆدانابوو یان حەمام؟؟؟؟
وتم بۆ ؟
وتی سەیری پشتم کە ،کە دیم هەمووی خوێن بوو .مەزانە دەزی لە لیفکەکە هەڵچنرابوو ،ئەویش خشاندبوو بەلەشی و دەرزیش زامداری کردبوو.
لەدوایی پێکەنی وتی زۆرم چلك لەسەر پێست بوو ،بۆیە سەرەتا هەستم پێنەکرد .
منیش وتم ،ئەوە دەزەی نیە زامداری کردوویت ،بەلکو ئەسپێکانتن بوون.سەری رێزو نەوازش بۆ ئەوکەلە شەهیدە.

# داخ و پرس

نووسینی : مستەفا حەسەنە گەورە

کۆپتەرەکانی بەعس پیاوێکی هەست ناسك و شاعیرێکی مەزنیان شەهید کرد کۆپتەرەکان بەبەر چاوی ئێمەوە بۆردومانی ئەو ناوچەیان دەکرد من چوومە سەربان بۆ ئەوەی زیاتر ببینم کویێ بۆردومان دەکەن بۆردومانەکە کۆتایی هات، بۆ سبەی هەواڵی شەهیدبوونی کۆمەڵەك پێشمەرگەمان بیست، وتیان هەرهەموویان نووسەر و شاعیر بوون.

چیرۆکەکە ئاوا بوو پێشتر لە بناری کێوەرەش مەفرەزەکەی شەهید عەبدوڵا سووری حزبی سۆشیالستی ئەوسا تەقەیان لە سەیارەیەکی سەربازی کردوبوو، کۆپتەرەکانیش بۆ ئەو مەبەستە هەستا بوون، ئیتر بە رێکەوت ئەو پۆڵە پێشمەگە نووسەرە لەو بنارە بوون لە رێگایان بۆ سەرکردایەتی یەکێتی.

دواتر زانیم کە شاعیر جەمیل رەنجبەر لە ناو شەهیدەکاندا بوو

گیانی شاد شەهیدی چەوساوە و رەنجدەرانی کوردستان کاتێك بوومە پێشمەرەگە و شیعرەکانیم لە ئەدەبیاتی شاخدا بینی، ئەوسا زانیم کۆپتەرە نەگریسەکانی بەعس چ پیاوێکی هەست ناسك و چ شاعیرێکی مەزنی شەهید کردووە.

زیاتر خولیای شیعر وبیرو بۆچونەکانی بوو.

ئێستاش داخەمە ئەو پرسە رەوایەی کە سەدانی وەك مامۆستی جەمیلی تێدا بوو و بوو بە قوربانی و زۆرترین خوێنی بۆ رژا و کەمترین دەستەکەوت بەدەست هات.

سڵاو لە گیانی پاکی یادی هەردەم بەرزو بەرێز بێت.

تێبینی :

ئەم ناو و نیشانەی سەرەوەی یادەوەرییەکەی کاك مستەفا حەسەنە گەورە من دامناوە.

# یادەوەرییەك
# كە زۆر جار باسم كردووەو باسی دەكەمەوە

نووسینی : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

لـە زسـتان و بـەهاری سـاڵی ١٩٩٠-١٩٩١ ئـەوكات رژێمـی بەعـسی خوێنمـژ لـە ئەنجامی داگیركردنی وڵاتـی كوەیت،دەرگیری شـەڕێكی بێمانـا ببـووەوە لەگـەڵ هاوپـەیمانان، فەزایـەكی عەسـكەرتاری و ئاسـۆیەكی رەش بـەری ژیـانی خـەڵكی گرتبـوو، بەعـسیش بـۆ وەڵامدانـەوە بـە قەیرانـە سیاسـیی و سـەربازییەكانی خەڵكێكی زۆری بۆ سەربازی بانگ كردبۆوە. منـیش یـەكێك بـووم لـەو بانگراوانـە بەڵام هەرگیز نەچوومە پێشەوە و خزمەتی سەربازیم نـەكرد. چـونكە لەیەككاتـدا هەڵـسوڕاوێكی چـالاكی رێكخـراوی ( رەوتـی كۆمۆنیـست) و ( حەلقـەی ئـەدیبانی كۆمۆنیـست)بـووم. بۆیـە بـۆ چاوبەسـتەگی پیـاوانی بـەعس كـە وەك سـەگی هـار كەوتبوونـە گیـانی خـەڵك، ناچـار بـووم خانوویـەكی قـاپی باغڵەمـە لـە گـەڕەكی عەردی مەلایان(حی العلماو) لـە كـەناری شـاری هـەولێر، كـە ئـەوكات گـەڕەكێكی قەراغ نشینی هەژارنشین بوو، بە كرێ بگرم. ئەو سەردەمە لە ترسـی زمـان لێـدان و گـرتن، خانووەكـەی خۆمـانم لـە گـەڕەكی نەسـیج بـەكرێ دابـوو و خۆشـم گواستبوومەوە عەردی مەلایان. لـە گـەڕەكی مـەلایان دراوسـێیەكم هـەبوو كـە لـە سێ برا و دایكیك پێكهاتبوون و خـەڵكی كـەركووك بـوون. پەیوەنـدیم لەگـەڵ بـرا گەورەكەیان كاك نەجمەدین زۆر خۆش بوو. برایەكی كاك نەجمـەدین سـەرباز بـوو و بـە ماوەیـەكی زۆر كـەم پـێش راپـەڕین لـە جـەنگی عێـراق – كوەیـت بـوو بـە قوربانی. جا لەبەر ئەوەی پرسەكە قەرەباڵغ بوو و هەروەها مـاڵی كـاك نەجمـەدین بچووك بوو، پرسەی پیاوانمـان گواسـتەوە مـاڵی ئێمـە. كـاك نەجمـەدین زاوایـەكی

هەبوو بە ناوی مامۆستا سابیر. مامۆستا سـابیر مـاڵی لـە گـەڕەکی (حـەی شـورتە) بوو. ئەو سێ رۆژە سەرباری جێبەجێکردنی رێ و رەسمی پرسەکە، بـەردەوامیش گفتوگۆی سیاسیمان دەکرد. مامۆستا سابیر کە زانی باسی شیعر دەکـەم و حـەزم لە شیعرە و جێی متمانەم پێیوتم من برای جەمیل رەنجبەرم..منـیش ئـەم کۆپلـە شیعرەی رەنجبەرم بۆ خوێندەوە :

ئاو و گڵی ئەم سروشتە

بۆ پێویستی خەندەی مرۆڤ

دەکەین بە هۆنراوەی ژیان

پێستی ئەسمەری ئێمەیە

بەرد و خشتی خانووی بەرز و

شەقامی شار دەشێلێت و

ئارەقەی خوێن

هەڵدەسوێ لە گیانی دیوار

کە شیعرەکەم لەبەر بۆ خوێنـدەوە فرمێـسك زابیـە چـاوەکانی مامۆسـتا سـابیر و دەستی بە گریان کرد. منـیش لـە لایەکـەوە هـەم ئیحـراج بـووم بـە بینـینی ئـەو دیمەنەی مامۆستا سابیر و هـەمیش خۆشـحاڵ بـووم کـە لەگـەڵ نـزیکترین کەسـی جەمیل رەنجبەر خەریکم باسی شیعرەکانی رەنجبەر دەکەم. چـونکە جـەمیل بـۆ مـن ئـایکۆنێکی ئـەدەبی کرێکـاریی و سۆشیالیـستیی بـوو و یـەکێك بـوو لـە گیانبەختکردووانی رێگای ئازادی، بۆشم گرنگ بوو وردترین زانیاریم سەبارەت بـە ژیان و شیعر و خەباتی ئەو شاعیرە هـەبێ. بەهـەرحاڵ دوای پرسـەکەش جـارێکی تر مامۆستام بینییەوە و ئـیتر ئاگـام لێـی نـەما. ئـەم یادەوەرییـەم لەگـەڵ براکـەی جەمیل رەنجبەر (مامۆستا سابیر) کاڵ نەبۆوە و لە نەستمدا بـۆ خـۆی دەژیا،( تـا

لەم یەك دوو ساڵە جارێكی تر لە رێگەی پەیجی كۆمەڵایەتی فەیسبووكەوە بەمامۆستا سابیر شاد بوومەوە). بەوپێیەی جەمیل رەنجبەر بە هونەری شیعر لە خەبات و تێكۆشانی چینایەتی كرێكاران و زەحمەتكێشانی كوردستان دەدوا و چونكە خۆشم ئەوكات ئەندامێكی كارای (حەلقەی ئەدیبانی كۆمۆنیست) بووم، و شیعرەكانی رەنجبەرم بۆ گرنگ بوو، بۆیە چەند جارێك ئەم یادەوەرییەم لە لای هاورێیانی حەلقەی ئەدیبانی كۆمۆنیست و تەنانەت هاورێیانی رێكخراوی رەوتی كۆمۆنیست باس كردووە و ئێستاش جارێكی تر وا بۆ ئێوەم باس كردەوە.

كەنەدا

شەشی شوباتی ٢٠١٥

# هەستێکی جوان... بیرەوەری

نووسینی : شوکور گۆران

لە یادی شەهیدبوونت هەزار سڵاو لە گیانی پاکت مامۆستا و شاعیر و زیندانی موئەبەد و پێشمەرگەی سەرکردە و بیرمەند و ماندوونەناس. پێش هەشتاکان باشم لە بیرە حوکمی موئەبەد درابوو لە(سجن ابوغریب المرکزی قسم الاحکام الپقیلە / ژووری زیندانی/ م٣) بوو کە زۆر جار نامەمان بۆ دەنووسی بە زمانی عەرەبی زۆر کەیفی خۆش دەبوو وەك خۆی دەیوت بەڵام بەداخەوە هیچ لەو نامانەمان لا نەماوە لەبەر دڕندایەتی ئەو رژیمە. لە پاشان بەر (عفو عام) کەوت رزگاری بوو. دووبارە چوە شاخ پیشمەرگایەتی هەڵبژارد بەڵام داخەکەم کۆپتەرەکان مەرگ سەمتیەکانی دووژمن، خەباتیان پچراند و کۆتاییان بە بەرخودانی ئەم مرۆڤە بەرزە هێنا بەڵام هەرگیز وشە و رەفتارە شیرینەکانی لە یاد ناکرێن. وە لە کۆتایی هەشتاکان کە دامەزرام وەك مامۆستا لە ناوچەی هەریر و باتاس وا دیار بوو زۆر بە وەفاداری و ئەمەك باسیان لە مامۆستایەکی چالاك و خۆشەویستیان دەکرد کە مامۆستا بووە لەو دەڤەرە خەڵکی شاری هەولێر بووە زۆر یارمەتی قوتابیانی داوە و لە رووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر گران و قسە خۆش بووە ئەویش مامۆستا و شاعیرجەمیل رەنجبەر بووە. هەزار سڵاو لە گیانت لە یادی شـــــــــــەهید بوونت.

# بیرەوەر ییەك

نووسینی : سەعدی ئەحمەد پیرە

شەهید جەمیل رەنجبەرم ساڵی ١٩٦٨ ناسی لەبەرپرسەکانی بزووتنەوەی قوتابیان باڵی مەکتەب سیاسی" م س" بوو.
گەنجێکی زۆر جوان، دەنگخۆش، شاعیر و عاشق، چەپێکی واقعی لەگەڵ ئەوەی من پارتی بووم، بەڵام دڵم بە جەمیل و هیوا دە کرایەوە.
دوای ساڵی ١٩٧٠ و تێکەڵبوونەوەی هەردوو باڵی پارتی زیاتر یەکترمان دەدیت، کارمان پێکەوە بوو. خوێندەوارێکی زۆر باش بوو.
١٩٧٤ مانگی ئازار بووین بە پ م. من بووم بە کارگێڕی ناوچە، بارەگامان لە گوندی ئێندزە ناودەشت بوو، کاك جەمیل لەگەڵ برادەرەکانی بە نهێنی لە کۆمەڵەی مارکسی لینینی کاریان دەکرد. ماڵێکیان هەبوو لە چۆمان. بیرمە کاك(ئەرسەلان بایز، جەمیل رەنجبەر، حاجی مەمۆ، دلشاد عەبدوڵا، د عومەر حەمەد، شاخەوان.....هتد)
کاك جەمیل سەردانی کردم لە ئێندزە ئاگادارم کردەوە دەبێت عیلاجی خۆیان بکەن، دە یانگرن و ماڵەکە یان بگۆڕن.
قۆناغی چوارەم دوای رێکەوتنامەی جەزائیر هاتە لام..
وتی : بابگەڕێینەوە هەولێر، وا بەئاسانی شۆڕش تێکناچی دەست پێدەکەینەوە، زۆرم پێخوش بوو. وتم ئێوە برۆن، من چاوەڕێ دە کەم. ئیتر مەخابن داخی گرانم نەمدیتەوە. هەزاران سلاو لە گیانی پاکی.

# جەمیل رەنجبەر
# لە یادەوەری داپیرە فەوزیەدا

داپیرەی میهرەبانم (فەوزیە یونس نادر) بە زمانی سادە و زاراوە شیرینەکانی بۆی گێڕامەوە وتی :

رەمزیە "سعادەت" کیژە تاقانەکەم زۆر بەناز وفیز گەورە کرد بوو، لەم زەمانەی ئێمە بە گونجاویان دانەدەنا، کیژ خوێندن تەواو بکات، من ئەم فکرەم پێ خۆش نەبوو. رەمزیە لە خوێندن دەربێنم وەکو دەستەخوشکەکانی و ئامۆزایەکانی، بۆ ئەم مەبەستە دژایەتی هەمووانم کرد هەتا "حاجی محمد"یش و بەزۆری و بەنهێنی خۆێندی ناوەند و دارمعلمینم پێ تەواو کرد، دیار بوو چەند جارێك "جەمیل" لەرێگای بۆ مەکتب بینیبووی، رای لێ بوو..

جەمیل سەرەتا چوو لای براکەم "عەبدولخالیق" بۆ داوا کردنی چونکە واتێگەیاندرا بوو گوایە باوکی "رەمزیە" حاجی محمد" پیاوێکی توندو دیندارە، لەوانەیە رازی نەبێ پێ چونکە جەمیل مەیلی کۆمۆنیستی هەبوو.

'عەبدولخالیق' بەماوە یەکی زۆرکەم ئاشنای جەمیل بوو و زۆری خۆشویست وەك بڵێ ئەمانە دەمێکە برادەر بن هەرچەندە جیاوازی تەمەن لە نێوانیاندا هەبوو بەڵام رێگر نەبوو لەبەردەم جەمیل خۆشەویستی عەبدولخالیق بۆ خۆی راکێش بکات.

دەمەو ئێوارەیەکیان ئەوکاتانە بوو کە حاجیش لە ماڵ بوو "عەبدولخالیق" هاتە ماڵمان ، پێشتر مەوزوعی جەمیلی بۆ من باس کرد بوو، دەمزانی بۆ چی هاتووە و دەستم لەسەر دڵم بوو نەوەك حاجی تورە بێت.

برام خاوەن زمانێکی شیرین بوو توانی حاجی ئیقناع بکا، ماوە رەمزیە ئیقناع بکات، هەر هەمان رۆژ بە رەمزیەشی وت دیار بوو رەمزیە رەفزی دەکردەوە و دەیوت مێرد ناکەم، براکەم بە توندی دووا لەگەڵی و وتی: جەمیل پیاوێکی هەتا بڵی مەرد و رۆشەنبیرە و دەبێ مێردی پێ بکەی و لەو پیاوەشت باشتر بەدەست ناکەوێت دەنا هەتا عومرت ماوە بەقەیرە کچی دەمێنی هەر دەڵێ ئەوە پیاو نا ئەمە نا ...!

هیشتا من "جەمیل" م نەبینیوە بەلام مەدح وسەنای برام بۆ "جەمیل" وای لێکردم پەرۆشی بینی بم.

رۆژێکیان پێش کەسو کاری بنێری بو خواز بینی رە مزیە خۆی وبرام هاتن وەکو تەعارفێك، یەکسەر دەستی ماچ کردم وهەستێکی زۆر نزیکم بۆ دروست بوو کە ئەم کورە قۆزە زۆر دەمێکە دەناسم..! لەدڵی خۆم وتم راستە کورێکی زۆر جیاوازە بۆیە دەبێ رەمزیەی تاقانەی براکانی باقی ژیانی خۆی لەگەڵیا بەسەر ببات، قسە خۆشەکانی جەمیل و ئاودانی و رێزی دیار بوو وای لە رەمزیەش کرد کە دڵی پێ خۆش بێت، ئەمە بۆمن گرنگ بوو کە کیژەش قەناعەت بە کورە بێنێ و رازی بێت.

زەمان چو و زەمان هات، جەمیل بووە ئەندامێك لە ئێمە و خوا هەرەوەزیانی پێ بەخشی، هەموو رۆژ دەهات و زۆرجار هاوڕیەکانی دەهێنا ودەیوت:

دایە فوزیە بە ئیجازەت ئێمە خۆمان دەعوت کردوە بە دەستاوە خۆشەکانت جا نانی رەقیش بێت..!

دەموت: نا کوڕی خۆم تۆ و برادەراکانت کوڕی منن ئێرەش ماڵی خۆتانە خوای دەکرد ئێوە دەهاتن..؟

خێرا خێرا دانەدەنیشت و یارەمەتی دەدام لە ئامادەکردنی خواردن، ئەمە بۆ من تازە بوو ، چونکە لە عادەتی ئەوکات واباو بوو نابێت لە کارو باری ناومالّ پیاو یارمەتی ژن بدات، ئێستا شوکور دنیا گۆڕاوە، ئینجا هەتا برادەرەکانێشی وەکو خۆی روح سوک ودۆست پەرست بوون ئەوانیش یارمەتیان دەدام، بەدەم یارمەتییەوە دەیوت دایە تۆ خواردنت دروست کردو ماندوو بووی ئێمەش کفرە بخۆین و لەشۆێن خۆمان راکشێن نابێ ناشێ هەر عەیب وشورییە و هەتا خواش قبولّ ناکات رووی تێکردم وتم ئەدی وانییە..؟

وتم. زمانت بەستمەوە کورم بلّێم چ

داپێرەم بەهەنسکی ساردەوە بەردەوام بووو وتی:

زۆر دلّم بە جەمیل خۆش بوو پیاوێکی خزم دۆست و بەرێز و رۆشنبیر و دەنگ خۆش بوو، رۆژ نەبوو بەدەنگە خۆشەکانی ئاوەدانی بزەی خۆشی نەخاتە ناو مالّەکەمان، دیار بوو هەر پێچ کورەکانیشم زۆریان خۆش دەویست و پێ سەرسام بوون، بەتایبەت ئیسماعیل و نەجات و ئازاد.. هەمووجار سەردانی خوشك و براکانیشمی دەکرد و هەمویان خۆشیان دەویست، کەس نەبوو جەمیلی خۆشی نەویستبا مەگەر ئەوانەی دلّیان پڕە لە حەقد وپیسی بێت..

ئینجا ئاهێکی هەلّکێشا و وتی: ئاخ جەمیل نەدەبوایە تۆ زوو بڕۆی..

دووبارە درێژەی دایە قسەکانی وتی: رۆژێکیان لەحەوشکە خواردنم دروست دەکرد و بەدیار تەباخە غازە بچووکەکە دانیشتبووم ، هەرەوەزیش تازە پێی گرتبوو لەپێشم یاری دەکرد و سەعادەتیش لە مەکتەب بوو.. هەر ئەوندەم زانی جەمیل و شەهید جەعفەر عەبدولواحد هاتنە ژووری یەکسەر سەری ماچ کردم وتی هەلّمەستە دایە ، دوو کورسی هێنا یەك بۆ خۆی و یەك بۆ جەعفر دانیشتن و

هەرەوەزی کردە باوەشی و تێری ماچی کرد و هەندێك یاری لەگەڵ کرد و، ئینجا رووی کردە من وتی: دایە ئیشێکم هەیە بە ئیجازەی ئێوە دەمەوێت بیکەم..!
منیش وتم بڵێ کورم.. ئەوی بەمن بکرێ تەقسیری ناکەم
وتی: دەمەوێت ژورێك لەم حەوشە گەورەیەی ئێستا کە لێ دانیشتووین و لەم شوێنەش کە کورسیم لێ داناوە دروست بکەم، بۆ ئەوەی کوبوونەکانمان لێ بکەین، و هەر یەکسەر وتی هیچ خەمی مام حاجیشت نەبێ ئیقناعی دەکەم بەڵام من رای تۆم ویست بزانم لام لە هەموو شت گرنگترە، وتم باشە ماڵ ماڵی خۆتە دروستی بکە،
بۆ بەیانی سێ هاوڕێ هێنا، شەهید جەعفەریش نزیکترین هاوڕێ و بەردوام لەگەڵی بوو ئەویش هات، دەستیان کرد بەکارکردن و ئیسماعیل و نەجاتیش بەردەستیان دەکرد،
جەمیل بەدەنگە خۆشەکەی و بەنوکتە، کاتەکانیان بەدەم ئێش و کارەکان بەسەر دەبرد، و منیش خواردنم بۆیان حازر دەکرد و خزمەتیانم دەکرد و ئەوانیش خەریکی کرێکاری بوون، بە ماوەی مانگێك زیاتر توانیان ژێرزمینێکی پتەو جوان لەسەریشی ژوورێکی چوار بەچواری، دروست بکەن وتم: جەمیل ئێوە مهندیسیشن دەك ماشەڵلاتان لێبێ.؟
وتی: دایە ئەمە بەس فکرکردنەوەی دەوێت ئەدی مێشك لۆ چییە، ئێمەش گەنجین توانامان زۆرە نەك ژێرزەمین و ژوورێك دەتوانین دروست بکەین، بەڵکو دەتوانین هەیکەلی هەموو وڵات دروست بکەین، وامان مەبینە..! هاوڕیەکانی دایانە قاقەی پێکەنین چونکە دەیانزانی جەمیل مەبەستی چییە، هەتا جەعفەر وتی بلیمەتی جەمیل ئەوەیە کرێکاری و سیاسەت وئێستاتیشی پێکەوە بەستەوە.

فرمێسك له چاوەكانی داپیرم هاتە خوار و منیش بێدەنگ، چاوم پڕ ببوو لە فرمێسك بەڵام حەزم دەكرد زیاتر بزانم

بە حەسرەوتەوە وتی" ئاخ جەمیل گیان هاوڕێیەكانت بەهەرەتی لاوی وەك تۆ شەهید بوون، دەزانی جەمیل ئەوی ماوەن ئێستا بێ بیروباوەڕەكانن، ئەوانەن كە دەستیان بە خوێنی ئێوە سووره..! وەك بڵێ داپیرەم لەدیار جەمیل دانیشتوە لێداوانی لەگەڵ دەكات..

هەستم بە وشەكانی دەكرد لە قوڵایی ناخییەو دەهاتە دەر. بەردوام بوو لەقسەكردن

ئێستاش ئەم ژووره ماوه كەبەدەستی جەمیل وجەعفەر عەبدولواحێدی دروست كراوه، ئینجا وتی : رەمزیە تاوەكو ئێستا زۆر سێبووری بەم ژووره دێ و هەموو جار پێش لە خارج بێتەوە من بۆی حازر دەكەم چونكە دەزانم بەس لەم ژووره دەحەوێتەوە كیژی خۆمه باش دەیناسم..

ئەم روكنەی جەمیل و هاوڕێیەكانی دروستیان كردوه ئێوه هەرسێكتان لێ پەروەدە بووەن هەریار.. ئەم ماڵەمان پڕه لە بیروەری زۆری رەنجبەر و خەباتی نهێنی.. خەم وئازارەكان..!

فرمێسكی سڕییەوه و وتی:

جەمیل رەنجبەر خاوەن بیروباوەڕێكی زۆر پتەو بوو، چەندین جار لەلایەن بەعس هەوڵ دەدرا ئیغرای بكەن بەپۆستی گەوره، بەڵام یەك زەڕه كاری لە جەمیل نەكردوه بەڵكو تەعزیب و بەندیخانە و مردنی پێ باشتره بوو لە وەی خۆی بیروباوەری بۆ پۆستێك بفرۆشی.

داپیرەم وەستا چەفیەی دەستی لەسەر چاوی دانا و بەدەنگ گریا.. و گریا و بەدەم گریانەوە وتی : جەمیل گیان ئۆخەیت نەکرد و رەمزیەش ئۆخەی نەکرد دوای تۆش میللەتیش ئۆخەی نەکرد، ئێمە و خزم وکەس و کاریشت بێ تۆ بووین ڕووی کردە من وتی دەزانی باوکت بەتەنها بەعس نەیکوشت، بەڵکو شۆڕشیش دەستی هەبوو لە کوشتنی..؟

ئەم رۆژی جەمیل وهاوڕیەکانی بەرێوە بوون بۆ سەرکردایەتی، غەیری سەرکردایەتی کەس بەهاتنی ئەم پۆلە پێشمەرگەییە نەدەزانی..! و جگە لە مەش ئەم هەلیکۆپترانە تایبەت هاتن بۆ قەسف کردنیان ئەمە سودفە نەبوو بەڵکو بەگوێرەی قسەی خۆیان ئیخبارییە و سیخۆری بوو، تاوەکە ئێستاش ئەم سیخۆرانە نگیراون... ئەگەر سەرکردایەتی خەمخۆر با هەوڵی دووزینەوی سیخوڕەکانی دەدا، بۆیە دەڵێم جەمیل بەپلان کوشتیان، چونکە جەمیل پیاوێکی بێ وێنە بوو وە تاوکو ئێستاش لە ناو کوردان وەکو جەمیل قەت دروست نەبووە و لیشناگەڕێن دروست بێتەوە بۆیە بەکوشتنیاندا..

ئەگەر جەمیل بمابای حاڵی گەل وەزعێکی تری دەبوو. دڵنیام لێ نەدەگەرا ئەو دزانەی ئێستا ببنە شت. دڵنایم لێ نەدەگەڕای.. بۆیە زوو تۆیان کوشت، رۆحی پاکت ماچ دەکەم کورە تەمەن کورتەکەم.

١٨-١١-١٩٩٦

تێبینی:

١- رەمزیە ناوی دووەمی مامۆستا سەعادەتە

٢- داپیرم یەکێکە لەو ژنـە تێکۆشـەرانەی ئـەوکات بـەنهێنی خـەباتی دەکـرد لـە شۆڕشی ئەیلول و لە یـەکێتی ئافرەتـان بـوو دواتـر پـشتگیر شۆڕشـی نـوێ کـرد، ببووە پشت وپەنا بۆ کار و چالاکییەکانی شەهید جەمیل وهاوڕێیەکانی.

# دوا دیدار

نووسینی : مامۆستا سعادەت

شـەهید زۆر دەمێـك بـوو خـۆی یـەكلا كردوبـۆوە و نیـشتیمان وخـەباتی شـاخی هەڵبژارد، لەجیاتی رەفاهیەتی ژیان و خۆش گوزەرانی.

دوای ئەوی بەلێبوردنی گشتی ئازاد كرا، ئۆخەی نەكرد دووبارە پەیوندی بـە شـاخ كرد، لەكۆتایی هاوینی سـاڵی ١٩٨٠ داوای بینـینی ئێمـەی كـرد، منـیش زۆرم پـێ خۆش بوو،منداڵەكانم برد و چووین بۆ نازەنین و لە ماڵی خاڵە كاكە ماینەوە .

جـەمیل وەك هەمیـشەی خـۆی، پـڕ لـە هیـوا و بـە گـڕو جـۆش و پێكەنینـەوە دیتمەوە، ئێمەی زۆر بەگەرمی لە ئامێز گرت و تێر منداڵەكانی ماچ كرد. وەك بڵـێ ئەمە یەكەم دیدار و و دوا دیدار بێت، بوێری خـستە باوەشـی خـۆی و هـەروەزیش سەری لەسەر رانی دانابوو و هەریاریش لێ یـاخی بـوو و نەدەچـووە لای ، چـەندی دەوت وەرە، دوای دەتبـەم لەگـەر خـۆم هـەر نەدەچـوو، منـیش لەبەرامبـەری دانیشتبووم، لەدڵی خۆم دەموت بڵێ سـعادەت، دە پێیبڵـێ، ئەگـەر ئێـستا پێـی نەڵێی كەی پێی دەڵێـی. راسـتی نـەدەوێرام پـێ بڵێـم نـەوەك دڵـی لـێم بتـۆری ، ئەویش جار جار دەیوت : دەڵێ دەتەوێت شتێك بڵی..؟

تهریم كردو بانگی هەریارم كرد گوتم كچی وەرە لای بابـە.. جـەمیل هەسـتا سـەر پێ هەریاری توند گرت و ئەویش دیگوت بەرمدە، بەپێكەنینەوە گوتی كچی هـەی بێعار تۆ لە منداڵی من دەچی، تـۆ لـە بابـە دەچـی، ئنجـا ماچـی كـرد و هـەریاری لەباوەشی خۆی ئارام كردەوە،

منیش لەنێوا ستریسی ئەوەی پێ بلێم ..و ناو پێ ناڵێم ..!

دواتر وتم: پێ دەڵێم چ دەبێ با ببێت..
جەمیل سەیری کردم و وتی ئەری سەعادەت تۆ شتێکت پێیە دەتەوێ پێمیبڵێی..؟
منیش وتم: بەڵێ بەڵام لێم تووڕە مەبە.." ئەگەر ئێمەت خۆش دەوێت و منالەکانت لەدڵت لا شیرنترە با وەکو هەندێك لە هاوسەنگەرەکانت بڕۆین ولات جێبێڵێن ولە کوخێکی بچووك بژێین لەم عەزابە خۆشترە هەموو چرکەیەك مردن لەبەر دەرگامانە..تکایە جەمیل گیان تێم بگە با بڕۆین تۆ نابیە یەکەم کەس سەنگەر جێبێڵی ئەی ئەوە نییە فلان و فیسار جێیان هێشتووە..؟
خۆ دەتوانی لە دوورەوەش خەبات بکەی ..! تۆ خاوەن پێنوس و بیروباوەری ..
تا تەواو بووم لە قسەکانم گوێی لێراگرتم ، کە تەواو بووم لێم هاتە پێش و دەستی لەسەر شانم دانا وتی:
ڕاست دەکەی لە هەموو شت راست دەکەی. ئێوە ومنداڵەکانم لێ بۆتە نیشتیمان لە چاوی هەروەز وهەریار وبوێر منالی نیشتیمان دەبینم.. لەچاوی تۆی میهرەبان شەرەفی ژنان وکچانی نیشتیمان دەبینم. من بەس ئێوەم نییە هەموو نیشتیمان هی منە وەکو ئێوە چاویان لەدەست و باز و پێنووسمە..
سەعادەت گیان.. من نابم بە کەس و بەراوردیشم پێ مەکە بەکەس من رەنجبەرم، بەجێهێشتنی نیشتمانیش بۆمن مردنێکی ترە، ئەوکات بە ترسنۆکی سەردەنێمەوە، نەك بە سەربەرزی، دەزانی مردن بەسەربەرزی زۆر پیرۆزە..؟
ئەگەر ئێستا شتێك بلێم باوڕم پێ دەکەی سەعادەت گیان؟
وتم بەڵێ بەتەئکید..!

وتی: هەرەکە لەتەحقیقیان لەگەر دەکردم و جار جار تەعزیبیان دەدام، ئێوەم دەهێنا پێش چاوم و بەرگەم دەگرت، دەموت ئەگەر ئازاد بم ئازادی بۆ تۆ و هەرەوەز و هەریار و بوێر و نێشتیمان دەهێنم. نەمدەتوانی یەك چرکە نە ئێوە لەبیر بکەم نە نیشتیمان .. نیشتیمانم وەکو ئێوە خۆش دەوێت ناتوانم دەستبەردارتان بم . بۆیە ئەم فکرە لە مێشکت دەرکە..

منیش بێ دەنگ بووم ئاهێکم هەڵکێشا و خۆم پێ رانەگیرا و فرمێسکم لەچاو هاتە خوار.. ئەویش وتی ئەمە سەرتایەکە بۆ ژیان بەسەربەرزی، ئای سەعادەت ئێمە دەجەنگین تا بژین نەك بمرین بیری سلبی مەکەوە وە ئەگەر مردیشن سەربەرزین ئێوەش هەم سەربەرزن ،

ئەمشەوی لە ماڵی خاڵە کاکە ماینەوە ،و بۆ بەیانی خواحافیزێکی زۆر گەرمی لێکردین ووتی تێر مناڵەکان نەبووم، دیسان دەتانبیمەوە و وتی بمبورن ئەرکم هەیە دەبێ بڕۆم ... رۆیشت و رۆیشتم، نەمدیتەوە ئەمە دوا دیدارمان بوو.

دوای چەند حەفتەێك هەوڵی شەهید بوونیان بەمن راگەیاند ئەمە کە کۆستێکی گەورە بوو..

دەگێڕنەوە دوای ئێمە رۆیشتین، بۆ عەسرەکە دوبارە زۆر بەپەرۆشەوە گەڕاوە ماڵی خاڵە کاکە و سەیری باخچەکەیانی کرد نە هەرەوەز نە هەریار نە بوێری لێ نەبوو، دەڵێن زۆر دڵگران وخەمگین بوو.

روحت شاد سەربەرزین بە ناوت رەنجبەری من بەیادی خۆش و ناخۆشەکانت ماوم.

تێبینی: وێنەی ئەم مناڵە بچوکەی کەلە ئامێزی رەنجبەر، من نیم خوشەکەی ترمە، بەداخەوە من پێڕانەگیشتم هێچ وێنەیەکیشم لەگەڵی هەبێ..

# خەونی جەمیل رەنجبەر

نووسینی : عەدنان مامە

لە ساڵی ١٩٩١ کاتێ هەولێر ئازاد کرا، "شەهید مەحەمەد"ی برام وەکو رابەری سیاسی تیپ کۆبوونەوەیەکی بەئێمە کرد لەو کۆبوونەوەیە باس لە خەونەکانی شە هیدانمان دەکرد کە چۆن هاتە دێ.

بیرمە باسی شەهیدی سە رکردە کاکە" جمیل رە نجبە ر"ی کرد و وتی :

"شەهید جەمیل رەنجبەر لە کۆبوونەوەێك باسی ئە وەی دەکرد کە ئێمە تەنها خە بات ناکەین بۆ رزگار کردنی کوردستان، ئەبێ ئێمە لەم شاخ و بیابانەوە خەڵك فێری شارستانییەت کەین، فێریان بکەین کە چۆن عاشقی دیموکراتییەت بن، چونکە وشەی دیموکراتی لای گەلەکەمان کەمێك نامۆیە، دەبێ هەر لەم مینبەرەوە لە ناو دۆڵی قووڵی چیاکانەوە، دیموکراتی لە دایك بێت و لە ناو شارەکانی کوردستان پێ بگرێت و گەورە بێ."

شەهید "مەحەمەد" وتی بزانن هەڤاڵینە ئەمە خەونی سەرکردەیەك بوو گیانی خۆی بۆ ئەم نیشتیمانە بەخت کرد و ئێستاش وا لەبەرچاومان هاتەدی. ئێمەی دیموکراتخواز دەبێ پێ بگرین و گەورە بین و پەرە بەقسەکانی ئە و جوامێرە بدەین هیچ کاتێك رێچکەی ئە م کەلە پیاوە دووربین و سەرکردەیە بەرنەدەین.

سڵاو لە مامۆستا و شاعیر و ئە ندازیاری دیموکراتی کاکە شە هید جەمیل رە نجبەر و شەهیدی برام کاکە "مەحەمەد" کە ئەوندەی نەخەیاند لە ٢٤-٣-١٩٩١ لە کاتی ئازاد کردنی کەرکووك شەهید کرا، درود بۆگیانی شەهیدە نەمرەکانمان.

تێبینییەکی عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ) : جەمیل رەنجبەر نە دیموکراتی داهێناوە و نە ئەندازیاری دیموکراتیش بووە، بەڵام دیارە بەو ئەندازەیەی کە مارکسی بووە، هێندەش بڕوای بە بنەماکانی دیموکراتی هەبووە. بۆیە ئەو ناوناوەی جەمیل رەنجبەر بە ئەندازیاری دیموکراتی بە دروست نازانم و هیچ کریدتێك نادات بە جەمیل رەنجبەر.

# من و جەمیل

نووسینی : عارف روشدی

من لە گەڵ کاکە "جمیل رەنجبەر' پێکەوە بەشداریمانکردووە لە "ئوردوگای کاری خوبەشی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان"

لە ساڵی ١٩٧٢ لە شەنگال ، پێکەوە لە گەڵ هەندێ هاوڕێی دیکە بەکاری هەرەوەزی دیوارێکمان بو کانی ژنانی نێو شاری شەنگال بیناکرد، دوای راگۆڕینەوە لە نیو من و کاکە جمیل لە سەر دیوارەکە نووسیمان ( دروستکرنا دیواری ژلایی یەکێتی قوتابیانی کوردستان) ئەو دەیویست بینووسین لە دروستکردنی، من دەمگوت دروستکرد دواجار بە هاڕیی نووسیمان.

هەروەها لە ساڵی ١٩٧٤ کاتێك شەڕ دەستی پێکردەوە ، لە گەڵ کاکە جەمیل پەیوەندیمان هەبوو سەردانم دەکرد لە بارەگای یەکێتیی لاوانی کوردستان، هەنێ جار شعرم دەنووسی جارێك شیعرێکی بە دڵ بوو زور پێشنیاری کرد و لێم وەرگریت و بیداتە هەندێ هونەرمەند بو ئەوەی وەکو سروودێك بو ئیزگە ئامادەی بکەن.

هەرکاتێك بوارمان هەبوایە باس و خواسی مەسەلە رۆشنبیری و فکرییەکانمان دەخستە بەر شروڤەکاری.

لە یەکەم شەوی ئازادبوونی کاکە جەمیل و هاوڕێکانی لەبەغدا بووم دەمزانی بەرلێخوشبوونەکە کەوتوون و ئازاد دەکرێن، چاوەڕێمکردن تا هێنرانە گورەپانی

(التحرير)، دواتر له ئوتيل (اربيل) كـه لـه جـادەی الرەشـيد بـوو لـەوی يـەكترمان بينی.

ئەم رۆژانە لەياد ناچن، يادی ئـەم رۆژانـە بـەخێر و درود بۆگيـانی شـەهيدی نـەمر جەميل رەنجبەر و هەمی شەهيدانی كوردستان.

# جەمیل ڕەنجبەر
# خاوەن پێکەنینێکی پڕ لە ژیان بوو

نووسینی : شێرکۆ جەلال

جەمیل ڕەنجبەر لە من بە تەمەنتر بوو بەڵام برادەرایەتی لەگەڵ "ڕەهبەر"ی برام هەبوو.

عەباس مەمۆ، جەمیل ڕەنجبەر، ڕەهبەر، فەرید زامدار و عبدوللەپەشێو.. ئەوانە زوو زوو بەیەك دەگەیشتن، منیش لە ڕێگای ڕەهبەری جوانەمەرگ جەمیل ڕەنجبەرم دەناسی سڵاوێکمان هەبوو.

کە یەکەمجاریش پەیمانگەی هونەرە جوانەکانم تەواوکرد لە" مێرگەسوور"بە مامۆستای وانەی نیگارکێشان دامەزارام، هۆدەیەکی قوڕم گرتبوو لەم هۆدەیە کە تێدا دەژیام هی ژنێك بوو ناوی "نەزیرە" بوو پێش من لەم هۆدەیە جەمیل ڕەنجبەری تێیدا ژیا بوو، چەند کۆپلە هۆنراوەیەکیشی لەسەردیواری ئەو هۆدەیە نووسیبۆوە.

جەمیل ڕەنجنبەر پیاوێکی کورد پەروەر و مرۆڤ دۆست ومەرد وقۆز بوو. پێکەنینێکی هەتا بڵێیت جوانی هەبووکە پێ دەکەنی هەرحەزت دەکرد تەماشای کەی، هەمیشە بەوپێکەنینە جوانەی دەوروبەری خۆی دەگەشاندوە.

وادەزانم دوێنێیە بەتایبەت هەموو هاوینان کاتژمێرشەشی بەرەوئێواران بەبەردەمی مەحکەمە بەرانبەر "ئۆرزدیباك"ی کۆن تێدەپەڕی کەدەگەیشتمە بەرانبەری پێم دەگۆت: کاك جەمیل ڕەنجبەرچۆنی..؟

ئەویش هەربەوپێکەنینە جوانەیەوە وەلامی دەدایەوە ودیگووت: باشی کوری قۆز..

ئەونەیدەزانی من چ کارەم وکێم بەلام من ئەوم زۆرباش دەناسی کە شاعیرێکی لێهاتووکوردێکی رەسەنی عەیار چواردەیە . یادویادەوریت هەمیشە گەشاوە و شکۆدار بێت شاعیرەخێرلەخۆنەدیوەکەی هەولێر...

یادیان بەخێر ئەوانە مرۆڤی دەگمەن بوون ئەستەمە دووبارەببنەوە.

هیوادارم تۆی کیژی رەنجبەر، بەردەوامی بەو رێگای جوان وپاك بێ گەردەکەی باوکت بدەی لەسەررێچکە ئەدەبیەکە بەردەوام بیت.

لە ساڵڕۆژی شەهیدبوونی یەکێك لە رۆڵە هەڵکەوتوەکانی شاری هەولێردا

# شەهیدبوونی جەمیل رەنجبەر و هەشت پێشمەرگە

نووسینی : حاجی مامۆ

بەدوای نەمانی هەڕەشەکانی ئەو هێزانەی قیادەی موەقەتەی پارتی لە هێرشکردنە سەر بنکەکانی سەرکردایەتی یەکیتی لە خری ناوزەنگدا، کشانەوەیان بۆ ناوچەکانی پێشوی خۆیان، هێزەکانی یەکیتیش کەوتنە گەڕانەوەو جموجۆل بەرەو ناوچەکانی خوارەوە. بەندەش یەکێك لەو پێشمەرگانە بووم، کە خۆم بۆ ئەو جەولەیەی هێزێکی یەکیتی ئامادەکردبوو، کە بەرەوناوچەکانی هەولێرو کەرکوك شۆردەبونەوە... بەڵام لەدوا چرکەدا، کە برادەرانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەبەرێکردنی ئەو کاروانەدا بوون، نەوشیروانیش لەناویاندا بوو، هەرکە چاوی بەبەندە کەوت، لەتەك جەمیل رەنجبەر، شان بەشانی یەکتری لەو کاروانە جێگامان گرتوە. هاتە پێشەوە و داوای لەمن کرد و تۆزێکی دوورخستمەوە و پێی گوتم، بەسود وەرگرتن لە پەندێکی ئینگلیزی کە دەڵێ، هەموو هێلکەکان بەیەکەوە مەخەنە سەبەتەیەکەوە.. باشتر وایە تۆ بگەڕێیتەوە و جارێ دەست لەو سەفەرە هەڵگری .. منیش بەبێ خۆ تەنگاوکردن، بەگوێمکرد و دوعاخوازیم لە جەمیل و سابیر رەسول و ئەو هاوڕێیانە کرد، کە بۆ ناوچەکانی هەولێر لەگەڵ کاروانەکە بەرێدەکەوتن .. بەداخەوە هەر بەدوای یەك دوو رۆژ هەواڵی جەرگبڕی شەهیدبونی جەمیل رەنجبەر و یەك چەپکە پێشمەرگە و چەندانی دیکەی بریندارمان پێگەیشت، لە ناویان عومەری سەید عەلی و سابیر رەسول و

کۆمەڵێکی دیکە هەبوو، کە لە گوندەکانی نێوان لوتکەکانی کێوەڕەش و ماخۆبزنان، کەوتبوونە بەرپەلامارداانی کۆپتەرە مەرگ چێنەکانی رژێمی بەعس .. ئیتر بەگوێکردنی نەوشیروان بۆ من بەباش گەڕایەوە ... لێرە بەدواوە کەوتمە پەیوەندی کردن و هاتوچۆی ئەو کۆمەڵە هاوڕێیەی کە ماوەیەك بوو، بە هاوکاری حشع و حسك لەریزەکانی قیادەی مووەقەتە وازیان هێنابوو بریتی بوون .. لە شەماڵ حەوێزی، مەجید ئاکرەیی، کاروان ئاکرەیی، رەجەب ، شەریف ئامێدی، ئیبراهیم _ شوان _ کە خەڵکی هەولێر بوو.. هتد . ئەو برادەرانە لەو بەری ئەو پردە دارەی سەرئاوەکەی نێوان تـوژەلێ و نۆکاندا، لەبەری نۆکان لەناو خێمەیەکی شڕوشپڕێو دەژیان. من بەدوای جەمیل رەنجبەر چەند جارێك سەردانمکردن و ئەوانیش دەهاتنە سەردانی ئێمە کە لەگەڵ ئەرسەلانیش، پێکەوە دادەنیشتین و گفتوگۆی هاوڕێیانەی یەکتر ماندیکردنمان گەرم دەبوو کە سەرەتایەکەی جەمیل رەنجبەر هەنگاوی بۆ هەڵگرتبوو..

هاوڕێتی جەمیل رەنجبەر و بەندە بۆ قۆناغی خوێندنی ناوەندی کۆماری هەولێر دەگەرێتەوە کە ئەو ساڵێك لە پێش منەوە بوو، هاوڕێیەتییەکەی ئەوێ زەمانیش بۆ ریزی یەکیتی قوتابیانی کوردستان دەچێتەوەو ئەو بەیەك گەیشتنەمان وەك دوو هەڵسوڕاوی ئەو رێکخراوە، کە ئەو دەم لێرەش لە پێشەوەی من بوو.. ناسینی جەمیل و تێکەڵبوونی بۆ سادەیی و خاکیبوونەکەی، هەروەها کوردی قسەکردنەکەی سەرنجیان راکێشابووم.. دیسانەوە ناسیاوی بنەماڵەی هەردوو لامان هۆکارێکی دیکەی نزیکبونەوەمان بوو. هەر لەرێگای جەمیل رەنجبەرەوە بۆ رێکخستنی پارتی پەلکێش کرام، بەجۆرێك وەك دوو برادەر باسوخواسی ئەدەب و نوسین، راوکەیەکی دیکەی زێتر خوو بەیەکەوە گرتنمانی ئاسانکردبوو.. نابی ئەوەش لەبیر بکەم هەردووکمان ئەو دەمی لەتیپی فوتبۆل و

تێنسی سەرمێزی قوتابخانە، باشتر خێواوبووینە بیروهۆشی یەکتری .. جەمیل لە فوتبول لە بەندە بەتواناتر بوو و زۆرتر پێشکەوت، کەچی من لە تێنسی سەر مێز لەو باشتر بووم.

لەڕێگای جەمیل رەنجبەرەوە من بەڕەوتی جیابوەوەی ١٩٦٦ ی باڵی مەکتەب سیاسی ئاشنا بووم و بەگەر کەوتم و هەتا بەیانی یازدەی ئازاری ١٩٧٠ بەیەکەوە لە ناو یەکێتی قوتابیانی کوردستان و رێکخستنەکانی پیشەیی پارتی و هەتا یەکێتی لاوان هاودەم و هەڵسوراو، نزیك بە نزیکیمان هەبوو. جەمیل گەنجێکی هێجگار خوێن شیرین و بەسەلیقە بوو. لە هەرەتی تەمەنییەوە لە پال کاری رێکخراوەیی، زۆر بە دڵسۆزی کەوتبوە ناو جیهانی شیعر و ئەدەبیات، لە خوێندەواری و خۆ رۆشنبیرکردن بێدەرەتان بوو. عاشقێکی پڕ لە هەست و نەستی ناسك بوو، خولیای دنیایەکی تژی لە خۆشەویستی بوو.. جەمیل لەگەڵ هاوڕێیەکانی، هەتا برایەکانی برادەرێکی گیانی بە گیانی بوو، لە مامەلەکردنی رۆژانەدا هەمیشە خەمخۆری هەمووان بوو..

بەدوای چونە شاخ لە ساڵی ١٩٧٤ و بەشداریکردن لە بزاڤی چەکداری شۆڕشی ئەیلول، دوورو نزیك ئاگاداری یەکتریمان هەبوو، تاکو لەگەڵ هاتنە پێشەوەی رۆژانی ئاشبەتاڵی ١٩٧٥، کۆمەڵەش سەرەتا وەك رێکخراوێکی شۆڕشگێڕ، ئاڵای بەردەوامی موقاوەمەت و درێژەپێدانی بزاڤی پێشمەرگەیی لە کوردستانی باشور جاردا.. لە بیرمە لە رۆژێکی سەرەتای مانگی ئازاری ئەو ساڵەدا، بەشێکی دیاریکراوی هاوڕێیانی کۆمەڵە کە لە ناوچەکانی باڵەکایەتی _ بنکەکانی سەرکردایەتی شۆڕش هەبوون. نزیکەی دە ئەندامی کۆمەڵە لە یەکتر کۆبونەوەو بەنیازی دروستکردنی مەکۆی ئەو کارە، بەرەو ناوچەکانی زنجیرە شاخی سورێن لە پشتی ماوەت بەرێکەوتین، کە یەکێك لەو هاوڕێیانە جەمیل رەنجبەر بوو..

بەدرێژایی مەودای گوزەری رێگاکەمان، کە ئەزمونێکی تالوتفت بوو، بەلام لەبیرم نەچووە، رەنجبەر هەرچەندە وەك بەندە ئەندام و پێشمەرگەیەکی ئاسایی کاروانەکە بوو، کەچی هەمیشە لە گشتمان زیاتر پەرۆشی رێکوپێکی بوو، لەزۆربەی کاروبارەکانی ولاخ بارکردن، پاسەوانی و دابەشبوون بەسەر مالّی جوتیارەکانی ئەو گوندانەی پێیدا تێدەپەڕین، رەنجبەر هاوڕێیەکی بەحەوسەڵە، دەم بەپێکەنین، هاوکاروخاکی لە کۆمەککردن بەبێ ماندوبوون بۆ هاوڕێیەکانی لەسەر پێیان بوو..

ڕۆژان چوون و هاتن، هەرچەند شیرازەی رێکخستنمان لەناو کۆمەڵەدا، نزیکی یەکتر نەبوو، من زۆرتر بەهۆی تەواوکردنی دواسالّی خوێندنەکەم لە بەبەغداد، کەمو زۆر لەگەلّ رێکخستنەکانی ئەوێ بووم و بەوە ئاگاداربووم جەمیلیش لەگەلّ کۆمیتەی ناوشاری هەولێر هەلّسوڕاو بوو.. لێرەو لەوێ کە یەکترمان دەدیتەوە، ئەویش زۆری لەگەلّ دەگوتم، کە بێمەوە بۆناو رێکخستنەکانی کۆمیتەی هەولێر، کە هێشتا رێکخستنەکانی کۆمەڵە زۆرتر، خەتوختوتی بلاو بوو، بەلام من سەرم نەدەهێنا بەرێ و ئەو دەمیش لەگەلّ هەلّوێستی تەسلیم بونەوە بەرژێم زۆر نەیار بووم.

ئەو برادەرانەی کۆمیتەی هەولێر بەدوای رۆیشتنی مامۆستا جەعفەر و ئەرسەلان بایز و دەستنیشانکردنی عبدالرەزاق سێگرتکانی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمیتەی هەولێر و ناتەبایی لەگەلّ نابراو لەگەلّ کۆمیتەی هەرێمەکانی بەڕێوەبەری کۆمەڵە بەدوای بەجێهێشتنی کۆمەڵە لەلایەن سەرکردایەتییە رەسمییەکەی لە لایەك و دووری جەمیل رەنجبەر لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵە لەناو شاری هەولێردا، کە زۆرتر بەهۆی مامۆستاییەکەی بوو لە ناوچەی سیدەکانی پارێزگای هەولێر، ئەو رێکخستنانەی هەولێر بەهۆی دەستەپاچەیی مەسولەکانی لە کاروباری

ڕێکخراوەیی نهێنیدا، تووشی دوو سێ شالاّوی ڕاوەدونان وگرتنی بەرفراوانی، دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم بوو، بەشێکی هەرە زۆری هەڵسوڕاوە گورجوگۆڵەکانی گیران و هەندێکیان لە ڕێکخستن کشانەوەو هەندێکی تریان بۆ شاخ دەربازبوون .. لەو شالاّوانەدا جەمیل ڕەنجبەر دوو جاران لەسەریەك، بەهۆی ئیعتراف لەسەرکردنی گیراو و چەند ساڵێك کەوتە زیندانی ئەبوغریبەوە لە بەغداد.. بەدوای لێبوردنی گشتی ڕژێم بەهۆی جڵەوگرتنی دەسەلاّت، لەلایەن سەدام حسێنەوە، جەمیل یش یەکێك بوو لەبەر بووەکان.

هەنووکەش وا دەزانم دوێنێیە، بەدوای ڕۆژی یەکەمی بەربوونی لە زیندان و لە ڕێگای هاوڕێ صدیق ڕەنجبەری برایەوە کە ئەودەمی، ئەندامی کۆمیتەی شەهید ئیبراهیم عەزۆی کۆمەڵەی پارێزگای هەولێر بوو، شەوەکەی لەگەڵ باوکم بۆ دیداری لە ماڵی باوکی بەیەك گەیشتینەوە.. جەمیل هەر لە ڕۆژانی یەکەمی بەربوونییەوە، لەسەر چونە شاخ سوور بوو.. ئەوەبوو لە ڕێگای ڕێکخستنەوە کارئاسانی بۆکراو پەیوەندی بە شاخەوە کرد.. لە شاخیش وەك کادرو بەرپرسێکی هەڵسوڕاو لەگەڵ پێشمەرگەیەکی ئاسایی جیاوازی نەبووەو کەم کەس بە مەسول بوونی ئاشنا بوون.. ڕۆژانێك لە سەرەتای زستانی ساڵی ١٩٨٠دا، جەمیل چ وەك هاوڕێ و چ وەك برادەرێکی لەمێژینەی یەکتری، زۆربەی کات لە بنکەکانی ناوەندی کۆمەڵە و ڕاگەیاندن و ئیزگە، لە هاودەمی یەکتری جیانەدەبوینەوە، بەیەکەوە لەسەر بارودۆخی ناهەمواری کۆمەڵە و بزاڤی چەکداری شاخەکان ڕاوبۆچونەکانمان نزیکی یەکتربوو

لە دەمی بەرێکەوتن لەگەڵ کاروانی ئەو پێشمەرگانەی بەرەو ناوچەکانی هەولێر بەرێدەکەوتن، هەردوکمان شان بەشانی هاوڕێ سابیر ڕەسول خۆمان ئامادەکردبوو، بەلاّم ئەوە لەدوا چرکەدا، لەسەر داوای ناوەندی کۆمەڵە ، من

بەجێمام و ئەوان ماڵئاواییان لێکردم.. چ ماڵئاواییەك كە بۆ جەمیل رەنجبەر و محەمەد خالدی کۆیی، بەبێ ئەوەی بەهەزرماندا بێت، ماڵئاوایی یەکجارەکی بوو.. جەمیل رەنجبەرو دەستەیەك پێشمەرگە لە پەلاماردانی كۆپتەرەکانی رژێم شەهید بوون ..

لە بیرمە هەر ئێوارەکەی ئەو رۆژە هەواڵی مەرگەسانی شەهیدبوونی ئەو هاوڕێیانە گەیشت و هەموومانی تاساند، بەتایبەت جەمیل وەك مرۆڤێکی هەڵکەوتوو، بەروبۆمی کەلەکەبوی دەیان ساڵەی کۆششی نەپساوە، کادرو رۆلەیەکی جێی چاوانی لێدەرچووبوو .. جەمیل نەوەك هەر تێکۆشەرێکی بێپەروای خەباتی چەوساوەکان بوو، شاعیرو نوسەرێکی خاوەن سەلیقەی تەڕ و ناسکی بواری ئەدەبیات بوو.. عەشق و خۆشەویستی دوو پەیڤی گیانی بەگیانی ئەزموونی ئەو سوارە سەربڵندە بوون.. شەهیدبوونی جەمیل رەنجبەر لەناو شیرازەکانی کۆمەڵە و بزاڤی چەکداری کەلێنێکی گەورەی بەجێهێشت و پڕ نەکرایەوە .. سڵاو لە گیانی جەمیل رەنجبەر و سەربەرزی بۆ ژن و جگەرگۆشەو براو کەسوکارەکەی.

# ڕەنجبەر و ڕۆژی ڕاپەڕین

نووسینی : مامۆستا مەعروف جەژنە

لە ڕۆژە مەزنەکانی تەمەنمدا، ساتی ڕاپەڕینی "دیانا" ودەورووبەری بوو، ئەوکات جێب قیادێکی سەربازیم پێ بوو ، منیش زۆردەمێك بوو پۆستەری ڕەنجبەرم لا بوو لەگەڵ خۆم بۆ هەڵمەتەکان دەمگێڕاو ئەولاو ئەم لام پێ دەکرد..

هەر ئەم ڕۆژە بوو منیش پۆستەری شەهیدم بە جێب قیادیکە هەڵواسی و بەجۆش وخرۆشەوە هەڵمەتی زیاترمان بردە سەر مۆڵگەو بارەگای سەربازییەکان، ئەوەی مایەی دڵخۆشکەر بوو وە ڕەنجی ماندوو بوونمانی لە بیر دەبردەوە ،خەڵکەکە بە فرمێسکی شادی پێشوازیان لێدەکردین وپۆستەری شەهیدیان ماچ دەکرد.

دوای چەند ڕۆژێك، جاشێکی خۆفرۆش کەئێستا گۆڕ بەگۆڕ بووە، هەرچەند چاوەڕووشی نەبوو سەیرمان بکات لەبەر وێنەی شەهید جەمیل ڕەنجبەر ڕێگای لێگرتین، داوی جێب قیادییەکەی لێکردین، من وهەڤاڵی شۆڤێر بەرەنگاری بووینەوە، هەڤاڵەکە وتی: ( تۆ نازانی بەرەنگاری کێ بوویەوە، یەك مۆلگەی سەربازی نەیانتوانی بەرنگارمان ببێتەوە تۆ چی ئێستا هاتیە بەردەمان داوی جێبمان لێ بکەی ئەی نازانی ئەمە سیارەی مامۆستا " مەعروفە" ..؟

ئەی خۆفرۆش نابینی پۆستەری کێمان لێداوە..؟) ئینجا زۆر بەتوندی بەدەرگای جێبەکە خستییە عەرزەکە.

شەهید بووە ووزەیەك بۆ خۆڕاگرِی ئـەو گـەنج ولاوانـەی کـە بەشـداری راپــەرینیان کرد.

لەگــەڵ شــەهید بــوونی شــەهید زۆر کــەس دەســت و ئــەژنۆی شــکا و کــاری لەزۆریشمان کرد بە جۆشەوە بەردوام بین لە خەبات بۆیە وەك بەڵێنێك بـۆ تۆڵـەی شــەهید وبـۆ وورەی بــەرزیمان لــە راپەڕینەکــە ئــەم پۆســتەرەم بەجێبــە کــەم هەڵواسی.

هەرچی بکرێت بۆ شەهید هەر کەمە چونکە هەوێنی سـەرکەوتنەکانمان بـوو جگـە لەوەش بەهاری تەمەنی بۆ ئێمە بۆ ئێوە بەخشی.

سڵاو لە رۆحی رەوانی ئەو قەڵەمە بوێروتیژە ، سڵاو بۆ گیانی پـاکی شـەهیدجیمل رەنجبەر، سڵاو بۆ خانەوادەی سەربەرزی شەهید، درود بۆ گیانی شەهیدانمان.

تێبینی عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) : من ئەم ناوونیشانەی سەرەم بۆ داناوە.

# یادەوەریم لەگەڵ شاعیری چەوساوەکان
# شەهید جەمیل ڕەنجبەری نەمر

یادەوەری یەکەم

لەشـەوی پـێش پەیوەندی کردنـی بەشـاخەوە دەسـت پێدەکـەم ئـەوێ شـەوێ مـانگی دوازدەی سـاڵی هـەفتاونۆ بـوو چـوارمانگ بـوو بەرعەفواتەکـەی حـەفتاونۆ کەوتبوو دیاربوو خۆی حازرکردبوو بڕوا منیش دەبوو بیبینم چونکەهەم براو هـەم مامۆستام بوو منیش لێتان ناشارمەوە زۆربەگومان بووم

لەحاڵی شۆڕش و وەزعی پـڕ رق وکینـەی کۆمـەڵی کـوردەواری ،جگەلـەوەش ئـەو پەیامەی ئەویش هەڵی گرتبوو بەدیهێنانی

سەخت وپڕکۆسپ بووکەگفتوگۆکەم دەست

پێکرد بینیم زۆر بەشەوق وبە پەلەبوو تا

بگابەوکاروانە منیش دوای چاك وچۆنی لیم

پرسی کاکەگیان تۆبڕیاری قەتعیت داوە

بڕۆی؟گوتی بەڵێ تـەواوخۆم حـازرکردووەو پاشـگەزبوونەوەی بۆنییە،گوتم"کاکـە ئەوڕێگەیەی گرتیتتەبەر دەزانی چەندخەتەرناکە،

گوتی"دەزانم،گوتم کاکە

ئاگـات لـە خـۆتبێ مانـەوەی تـۆ بۆخـۆت و بۆئێمـەو بـۆ پەیامەکـەت زۆرگرینگـە تکادەکەم

چاودێری خۆتبە تۆبەتەنهاهەرموڵکی خۆت

نیت،گوتی"وایەبۆیە منـیش ئەوڕێگایـە دەگرمەبـەریان سـەردەکەوین یـان شـەهید دەبم لەسەنگەرا چونکە شەهید بوون لەو ڕێبازەدا

زۆر پیرۆزەو گۆزەی ئاویش لەرێی ئاویَ
دەشکیَ .من زۆر تەئکیدم لەسەرئەوە
دەکردەوەوپێم دەگوت ئاخرکاکە ئاگات لەپیلان وفرت و فێڵی کۆنە سیاسییە بورژوا خائین و دووڕووەکان بیَ،ئەوهەرگوتی دەیانناسم خەمت نەبیَ چەندی بۆم بکریَ بەوریایی هەڵسووکەوت دەکەم ،، بڕیاریشمداوەهەردەبیَ بچم سبەی لەگەڵ مەجیدی برام دەچینەچوارقوڕنەو رانیە و لەوێش دەمگەیننە شوێنی مەبەست واتە سەرکردایەتی من دوای دووجار زیندانی ئیدی تەحەممولم نەماوەو لەلایەن برادەرانی رێکخستنیشەوە داواکراوم ناتوانم بەزەلیلی لێرەبژیم خەمت نەبیَ رۆژی سەرکەوتن نزیکە رێکخستنەکانمان تۆکمە دەکەین پێشمەرگەتەیار دەکەین تا دەگەینە ئامانجە پیرۆزکانمان تاگەیشتن بەئازادی و بەرپاکردنی دادپەوەری کۆمەڵایەتی منیش هەردەمگوت ئاگات لەخۆتبیَ و بەپارێزبە لەکەمینی بورژواو دوژمنەناوخۆیی و دەرەکییەکان.هەروەڵامی دەدامەوە مەترسە بڕیارمداوە لەپێناو هەرەوەز و هەریار و بوێردا لەپێناوی ئێوەو پەیامەکەمدا بەڵێنبیَ بەوریاییەوە بجوولێمەوە ئەگەر رێکەوتیش هات و لەدەست من دەرچوو ئەوا شەهید بوون گەورەترین شەرەف بۆ چەوساوە ومەزلومانی کوردستانەکەمان دوای منیش هاورێکانمان هەڵگرانی ئەم پەیامە پیرۆزەزۆرن ئامادەن
درێژە بەورێبازە بدەن . خواحافیزیم لێکردوو دوای ماچکردنی کە بەجێم هێشت هەر ئاوڕم بەدوای خۆم دەدایەوە دڵم نەدەهات جێی بێلم. رەنجبەر رۆیی و دوایی ساڵێك بەتەیارەی سەمتی بەعسی فاشیست شەهید بوو لە مانگی یانزەی ساڵی ١٩٨٠ لەپشت چیای کێوە رەش

**سابیر ساڵح گۆران برای شەهید**

تێبینی بیرەوەریەکانم زۆر زۆرن ئەگەرخودا عومربدا دەیاننووسمەوە

# بەشی سێیەم

## ئەو بەرهەمانەی بۆ جەمیل ڕەنجبەر نووسراون

ئـەم دەقانـەی لێـرەدا دەیخوێننـەوە، زۆربـەی هـەرە زۆریـان لـە سـایتی شـەهید جـەمیل ڕەنجبـەرەوە وەرم گرتـوون و بـێ دەسـتکاری دامناونەتـەوە. دیـارە هەنـدێکیان لـەڕووی هونەرییـەوە ڕەنگـە لەئاسـتی پێویستیـشدا نـەبن، بـەڵام بـۆ نیشاندانی خۆشەویستی جەمیل ڕەنجبـەر و جێگـای ئـەو خۆشەویـستییە لـە دڵـی نووسەرانی ئەم دەقانە،بە پێویستم زانی بێ ڕەچاوکردنی ناسـراوی و نەناسـراوی نووسەرەکان هەموویان بخەمە بەر دیدەی ئێوەی هێژا.

# هەولێر

شیعری : عیسا حوسێن

پێشکەشە بە یادی ٣٤ساڵەی شەهید جەمیل رەنجبەر

هەولێر..
لە بالکۆنی شیعرەکانی جەمیل رەنجبەرەوە
بێدەنگ..بێدەنگ دەیڕوانییە
دەشتی کاکی بە کاکی شەهید بوون
شارێك .. ئاشنا بە شەهادەت!
شارێك..بەردەوام کاژ فڕێ دەدا
هەولێر..
قوباد ئاسا کە عشقی ژن دەبێت
هەر لە خۆیەوە وڕێنە دەکات.

# سڵاو له تۆ جەمیل رەنجبەر

پێشکەشە بە یادی رەنجبەری هاوڕێ و برام،

لەبەر ئەوەی ئەوەندەم خۆش دەوێت

ئەم شیعرەم وەك نامە نووسین هات بەدەستمەوە

نووسینی : حەمەرەشید هەرەس

سڵاو لە تۆ جەمیل رەنجبەر
شۆڕە سواری بیر وباوەڕ
کە تۆم ناسی
وام ئەزانی
لە وەتەی هەیت هەر ئاشنامی
لەوەتەی هەیت هەر هاوبیر و هەر برامی
لە نسکۆکەی حەفتاو پێنجدا
هەموو بەرەو ئێران رۆیشتین
هاتیت وتت : کاکە هەرەس
من وا بەرەو جبهە ئەڕۆم
من سەرشۆڕی
نایێنمە سەری خۆم
وتم رابەر تازە تەواو
ئەبێت بڕۆین
دیسانەوە

هەوڵ بدەین هەستینەوە

هەوڵ بدەین چنگی بخەین

پێگەی هەتاو

هۆ رەنجبەری هاوڕێ وبرام

یادت هەمیشە ئەوەتا لەلام.

# یادی نۆ... بۆ یادی باوکم

نووسینی : بوێر جەمیل ڕەنجبەر

لە ئێوارەیەکی پاییزدا
تەنهایی لە سێدارەم دەدات
ڕۆژگاریش پەیکەری سۆز دەڕمێنێ
لە کەناری ڕووباری دڵمدا
ماسی حەزم
بەر شاڵاوی غوربەت دەکەوێت
لەم ئێوارەیەدا
مەلە سەحراویەکان
باربەستمیان دەکرد
بۆ غوربەتێکی تر
من هێشتا شالوودەی خاك نەبووم
حەزیشم لە چاوی غووربەت
خۆی تەڕ دەکرد
ئای لەم پایزە
دڵم بەقەت پایز حەزینە
گەڵاکانیش زەرد و سوور
لەبەردەمما خۆی دەنوێنێ
لەم ساتەدا
پەیکەری حەزم دەکێشا
بە ڕەنگی ئەسرینی ئەو کچە پاکیزانەی

له بۆسەی پیاوان دەربازیان بووە
ئەوەتا یادگاریت
لەدەم تاریك و رووونی ئێوارەیەكدا
لە دەرگای دڵم دەدات
منی لەبەردەم ئەرزی واقیعدا چەقاند
منیش هێشتا سەرخۆشی خەیاڵ بووم
مۆمی خەیاڵێكی ترم داگیرساند
لەگەڵ هەموو
دێرێكی شعرت لە ئامێزمی دەگرت
بەم ئێوارەیە
حەزم لە فڕینە
بەرەو كەناری سۆزت بێم
لە بەهەشتی خۆشەویستیتدا
ئارام بگرم
ئاخ دووریت
ئاگرێكە و بەر سۆزی دڵم كەوتووە
لە هەر چوار وەرزەكانی ژیانم
مۆسیقایەكی بێ دەنگی
خەمەكانم گۆرانی بۆ ئەم وەرزانە دەڵێن
گریانی ئەم زەمەنەو
تاودانی ئەسپی وەفا
بەرەو هەڵدێری غوربەتم دەبا.

# پیرە هەولێر

شیعری : عوسمان هورمزیار

بە سوپاسەوە ئەم شیعرە لە لایەن (عوسمان هورمزیار) ەوە وەك وەفایەك بۆ شەهید جەمیل رەنجبەر نووسراوە و لە پەیجی خۆی لە فەیسبووك بڵاوی کردۆتەوە، وەرگیراوە.

پیرە هەولێر

دەمەوێ بچم سەرێك لە

جەمیل رەنجبەرت بدەم

دەزانم کۆمەڵە شەمشە کوێرەیك

وا لەسەرسەری دەگەڕێن

دێن و دەچن....دەیانەوێ

شوشەی مەرەکەبەکەی بشکێنن

تابێ دەنگی بکەن و چیتر نەباسی ئازادی بکا و

نە باسی جوانی بکا و

نە ئەو بابەتانەمان بۆ شیبکاتەوە

کە تێی ناگەین

لە چیرۆکەکانی ئەوین

بەڵام ئەو کوڕەی تۆ خووی بەوە گرتووە

خوێنی پەنجەێکی دەستی

لە قەڵەمەکەی بکات و

ڕانەوستێتن لە نووسین.

١– بەشێکە لە قەسیدەی (پیرە هەولێر)لە دیوانی (هەناسەی پایز).

٢– جەمیل رەنجبەر: نووسەرێکی دیاری هەولێر و پێشمەرگەیێکی شۆرشگێربوو لە ساڵی ١٩٨٠ بەهۆی بوردومانی کۆپتەرەکانی بەعس شەهید بوو.

# لەیادی تۆ

**شیعری : ئازاد عزیز**

**پێشکەشە بە یادی ٣٤ ساڵەی شەهید جمیل رەنجبەری سەرکردە**

**لەیادی تۆ**

**هەمیشە باس لە سەروەریت دەکەم**

**وەك قارەمانی وڵاتم**

**بۆ گشت جیهان ناوت دەبەم**

**داستانەکانت وەك سومبول**

**بۆ گەورە و بچووك باس دەکەم**

**هەمیشە دەیلێم و دەیلێمەوە**

**وەك هۆنراوە دیهۆنمەوە**

**ڕەنجبەر بوویت و بۆ وڵات**

**ڕەنجت کێشا بۆ ئازادی نیشتیمان**

**گیانت لەسەر دەست داناوە**

**بووی بە داستانی نیشتیمان**

**بووی بە مەشخەڵی کوردستان.**

**هەولێر ١٨-١١-٢٠١٤**

# پاییزی بێ جەمیل ڕەنجبەر

شیعری : کاروان عەلی

پێشکەشە بە فاتیمە گۆرانی دایکم – خوشکی شەهید جەمیل ڕەنجبەر

دیسان گرمەی هەور و

بۆنی یەکەم باران و

وەرینی گەڵا زەردباوەکان

بێ ڕۆح و نیوە مردووەکان

بزەو خەندەی منداڵی سەرجادەکان

بە کۆڵێ کتێب و دەفتەرەوە

یادگارییەکانیان وروژاندمەوە

ڕەشپۆشیی هەمیشەیی تۆ و

فرمێسکی بن دیوار و

نووزەی درەنگانی شەوانت

بۆ مەرگی دایە و بابەت

بۆ جەمیل و یاسین و براکانت

هەمیشە دڵتەنگیان دەکردم و

هیواو ئاواتەکانیان دەتواندمەوە

***

تەتەری هەواڵبەر

تەنیا ئێمەیان دەناسی

چەند رامان دەکرد لە دەستی
گەڕەك و ماڵ بە ماڵی شار دەگەڕاین
هەر دەیدۆزینەوە
ساڵ تێنەدەپەڕی
هەواڵێکی جەرگبڕی بۆ دەهێناین
ئیتر بۆ گلەیی لە پاییز بکەم
کە بۆ تۆ
هەر چوار وەرزی ساڵ
وەك پاییز وابوون
وەرزی گەڵا وەرین و
مەرگی ئازیزان بوون
****
پاییز لە ئاوابوون بوو
هەڵۆیەك لە ئاسمانی شارەکەمان
دەهات و دەچوو بێوچان
دەیڕوانییە جادە و کۆڵان
سەربان و شوێنە بەرزەکان
وێڵبوو بە دوای شوێنێك
وچانێکی تێدا بدا
هەوای شار هەڵمژێ و
بەرگی زوڵمی رابردوو فڕێبدا
دڵنەوایی دایە و بابەحاجی بکا

تا دڵ لە دڵ نەدەن

کوڕەکەیان لە زیندانەوە بۆ شاخەکان

وەك بەور بیر تیژ و بزێو

ئەمجارەش چەکی کردەوە شان

هەرەس بە شەوەزەنگ دەهێنێ و

لەپێشەوەیە بۆ قوربانیدان

***

هەڵۆی بێخێری قەدەم رەش

لەجیاتی موژدە و دڵنەوایی

شاری غەرقی خەم و مەینەت کرد

کۆستی میللەتێکی خست و

هەمووانی رەشپۆش کرد

شاریورووژاند و شاخی ماتەمبار کرد

جەمیل ئیتر نایەتەوە،

ڕۆحی ئاوێتەی شۆڕشی میللەت بوو

خوێنی تێکەڵ بەخاك و خۆڵ بوو

ساڵی ٢٠١٢

# حەوت نامەی خوێناوی بۆ شەهید جەمیل ڕەنجبەر

لەچلەی شەهید نووسراون و بڵاو نەکراونەتەوە

نووسینی : سابیر ساڵح گۆران برای شەهید جەمیل ڕەنجبەر

## نـامـەی یـەکـەم

هاوڕێگاکەم
کاکە ڕەنجبەری براگەورەم مامۆستاکەم
کە هەواڵی شەهید بوونی
تۆی ئازیزیان لەبۆ هێنام
شپرزەبووم وڕ بووم تاسام
چەندی بیرم لێ کردەوە
بۆم نەدەکرا
بەم ڕووداوە جگەربڕە بڕوابکەم
تا ئەندێشەش توانای نەبوو
مەرگی تۆ بێنتە بەرچاوم
کێ دەتوانێ
کت وپڕی خەبەرێکی کەمەر شکێنی
وای بدەنێ
نەچەمێتەوە و نەهەژێ

کێ بۆی دەکرێ ڕەنجبەرێکی هەژارویستی
خۆنەویستی
جێی هێشتبێ
شەهیدببێ
دان بەخۆی داگرێ وخۆی ڕاگرێ ؟
هاوڕێم هەرگیز نەمدەزانی
وا بەزوویی
لە شەققەی باڵ دەدەی دەفڕی
بەیەکجاری جێمان دێڵی
ئێمە و ئەو هاوڕێیانەی کەخۆشت ویستن
ئەو هاوسەرە قوڕبەسەرەت
ئەوکیژۆڵە پەپوولانەی
سەرفرازیت بۆ دەویستن
لەناکاودا جێ دەهێڵی
بەسەرگەردانی و بەوێڵی
کاکە ڕەنجبەری پێشمەرگەی شۆڕشگێڕم
ئەی پێشڕەوە نەبەردەکەی
ڕێگای سەختی پڕ هەڵدێرم
کە هەواڵەکە ڕاست دەرچوو
هەرچی خۆشەویستی تۆ بوو
هەرکێ کوردی بەشەرەف بوو
دڵ پڕسۆ بوو

لەناخەوە بۆ تۆ گریان
هاوڕێکانت سەری ڕێز و نوازشیان
بۆت دانەواند
دایە ئاسك جەرگی کوناودەربوو بڕا
بە دایەڕۆ بە ڕۆڵەڕۆ دنیای تاساند
ساڵح گۆران پشتی چەمایە و شکا
لەپرسەکەت وەك مەنجەڵی چێشت دەکوڵا
ئەو هاوسەرەش کە دایکی کۆرپەکانت بوو
ئەوگوڵانەش
ئەوئەستێرە گەشاوانەش
کە بە قەدەر چاوکانت لات ئازیز بوون
لات و پەشۆکاو و زیزبوون
هەرەوەوز، بوێر، هەریار
مانەوەبێ خۆشەویستی باوکە رەنجبەر
کاکەڕەهبەر
٢٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٠

## نامەی دووەم

هاوڕێگاکەم
دوای چەند ڕۆژێ
هەموو بۆ لات کەوتینە ڕێ

تـا تـەرمـە خوێناویەکەی تۆ
لەبن چیای کێوە رەشەوە
لەدێی پیرانە رەشەوە
بەناو کۆیەی شەهید جەعفەری هاوڕێگات
بۆ هەولێرە خەمبارەکەی ژێردەست و لات
بەسەر بڵندی ببەینەوە"
ئای کە جوان بووی
وای چەند بەرز و قارەمان بووی
کە بەو جلـە پێشمەرگانە
لەناو گۆڕێکی ساکار و هەژارانە
بەدڵنـیـایی خـەوتـبـووی
جوامێرانە پاڵ کەوتبووی
کە سمێڵە قەترانییەکەی تۆم بەدی کرد
کاتێ سەرە کوێستانییەکەی تۆم بەدی کرد
کە دەتوت تازە چیای قەندیل
بەفری بە دیاری هێناوە
بۆسەری بەرزی کاك جەمیل
جا بڕوام کرد
زانیم رەنجبەر
ئەو کاروانەی چۆڵ کردووە
مامۆستاکەم
گیانبازی کردووە بۆ وڵات

منی تەنیا جێهێشتووە
ئەو بەچکە شێرە مەردەیە
ئەو شاعیرە بەهەڵوێست و جەربەزەیە
نانی دیلی ژینی دیلی نەویستووە
ئەو شۆڕشگێڕە مەزنەیە
لە پێناوی رەنجدەراندا
لەپێناوی رەش وڕووت و بێچاراندا
گیانی بەخاکی کوردستان سپاردووە
بۆیە ئاوا هاورێکانی تەزاندووە

٢٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٠

نامەی سێیەم

هاوڕێگاکەم
ڕەنجبەرە دڵ پڕ هیواکەم
ئەو برینە قووڵەی کەوا
لە جەستەی تۆی شەهید دابوو
چەند لەگەڵ توانا و بڵندی
تۆی پێشمەرگەدا گونجابوو
ئاواتت بوو تا لە ژینی
بە سەربەرزی و کەڵە مێردی

بـه دروشمی (کەم بژی مەردوکەڵ بژی)
وەك كاك یـاسـیـن بـه رووسووری
دەست لـه ملا نـێی مەرگ بـبـی
مـەبـەسـتـت بـوو
لەڕێی شـۆڕشی چـەوساوە
لەرێی خاكی ئـەم نـەنـەتـەوە زۆرلێكراوە
گـیانـی پـاكـی خـۆت بـبـەخشـی
هـاوڕێ تـۆ لـه نـاو دڵـمـانـی
لـه نـاو خـوێـنـی جـگـەرمـانـی
تـۆ نـەمردووی قـەت نـاشـمـری
تـۆ گـەورەیـت و گەورەیـیـه كەت
بـەقـەد گـەورەیی و پـیـرۆزی رێـگـاكـەتـه
تـۆبـەرزیـت و بـەرزیـیـەكـەشـت
بـەقەد بـاڵای چیـای هـەڵگوردی وڵاتـەكـەتـه
چ مـرۆڤـێكـی شـوڕشگێر هەیـه ئـەمـڕۆ
خـۆزگـه نـەخـوازێ چـەشـنـی تۆ
مـێـژوو ئـەوهـا لـه سـەرتـرۆپـكـی نـەمـری
لـەسـەردەفـتـەری چـەوساوە و خـاك پـەروەری
بـه ئـاوی زێـڕ تـۆمـاربـكـرێ ؟
بـه گوڵاوی نـێـرگـزی كـوێـسـتـان
لـه سـەر ئـاڵا و لـەسـەر هه وا و
لـەسـەردار و بـەرد و چـیـا بـنـەخـشـێـنـرێ؟

تاکورد و کوردستان هەیە لەیاد نەکرێ

## نامەی چوارەم

هاوبیرەکەم
ڕەنجبەرە بە تەگبیرە کە م
وامدەزانی بەرامبەر گشت کارەساتێ
خۆڕادەگرم قەت ناگرێم
کەچی هاوڕێم
کە خەبەری شەهید بوونی
تۆی کۆڵنەدەریان بۆ هێنام
وەك دێوانە
چەشنی شەمی
کۆستکەوتوو بەتین داگیرسام
وا پەشۆکام
گریان دەستی لێ سەندم و
لە د ەسە ڵاتم دا نە ما
چاوەکانم بوونە کانی و
جۆگەی خوێنیان بۆت هەڵبەستا
بڕ بڕەی پشتم شەقار بوو
ئەژنۆم شکاو چە مامە وە
مامەوە بێ سەرپەرشتی ما مۆستاکەم

بیٚ خۆشەویستی رێبەرو هاو رێگاکەم
* * *

جەمیلە ماندوو نەبووەکەم

کاکە لە خۆ بردووەکەم

ئەوەندە بە کوڵ گریاوم

شپرزە و سەر لێ شێواوم

دەڵێ ی زمانم لاڵ بووە

هەنا سەبڕ بووم تاساوم

وشەی تەڕ و پاراوم نازولاّ ڵ بووە

ئەگینا بۆ چەندی دەکەم بۆم ناکرێ

بە هۆنینێکی کوردانە

هاوڕێگاکەی خۆم بدوێنم

ئەو هەستیارەی هەرگیز بۆ خۆی

خۆ شی نە ویست بلاوێنم

گوێی بێ دەنگی ئەم زەمانە

کش و ماتە بدڕێنم

دۆست و دوژمن سەرسام بکەم

بە شاکارێ بتاسێنم

کێ پێی دەکرێ

شیعرێکی پڕ حەسرەت و کارەساتباری

وا داڕێژێ ؟

زامی رەنجبەری پێشمەرگەی

بەر مەیدانی پێوە دیار بێ
بۆن کرووزی جەرگی دایەی
ڕۆڵە شەهیدی دوو بار بێ
هالاوی هەناسەی بابەی
دڵبریـنداری لێ هەڵسێ
بێ قەرار بێ
داد و فیغانی هاوسەری
شەیدای ڕەنجبەری لێوە بێ
بێ ژمار بێ
خەمی هەر سێ کیژۆڵە کەی
باوکە شەهیدی پێوە بێ
پڕ لە تەنیایی و ئازار بێ
چ شاعیرێ
چ ئەدیبێ شۆڕشگێڕێ
شیعرێکی وای بۆ دەنووسرێ؟
با دەنگ بکا با بوێرێ
سەر کێشی بکاو بنووسێ!

## نامەی پێنجەم

ڕەنجبەرەکەی شۆڕشی نوێی
کوردستانی داگیر کراو

شەهیدەکەی ڕێبازی نوێی
کوردی ئاوارەو مافخوراو
ئەی شاعیرە دڵدارەکەی
ڕێی خەباتی چینایەتی
ئەی پێشڕەوە نەبەزەکەی
ڕێگای سووری پڕئەشکەنجەو
دەردەسەری و مەردایەتی
تۆ نەمردووی
کەی جوامێری وەك تۆ ئازا
کەی پێشمەرگەی چاوی ڕێگا
چۆن هەڵۆی سوور
گیڤارای ئەم نیشتمانە
بێ پشت و پەنا و زەحمەتە
چۆن شۆڕەسواری ئەم گەلە
پڕ نەگبەتە و نەهامەتە
بە پیلان و بەدەست ڕێژی
ئەم گورگانە
جوانە مەرگ دەکرێ و دەمرێ؟
سەد حەیف و سەد مخابنە
ڕەنجبەرەکەی ئەم خەڵکە بێ دەرەتانە
بەسەمتی وەحشیگەرانە
نامرۆڤانە تیرۆر بکرێ

چۆن شاگردی فەلسەفەی ژین

ما تریالی دیالەکتیکی

م...... س ل ..... ن

شیکەرەوە و چارەسازی

مێژووی ژان و دەردو برین

گەشبینەکەی داهاتووی پڕ

لە ئومێد و عەشق و ئەوین

بە ساروخی بە شەستیری

ئەم درندە نا ئینسانانە

شە هید ببێ؟

نا رەنجبەری چەوساوەکانم نامری

لە دڵی هاو ڕێبازەکانی د ا دە ژی

تۆ لەڕێی ئازادی میللەتەکەت ڕۆیی

بە ئومێدی یەکسانی بووی سەربەخۆیی

سەر بڵندی قەت نامری

لە ڕۆحی بابە حاجی و دایە ئاسک دای لەخوێنی هەرسێ پەپوولەی

هەست ناسک دای

وای لەناوخوێنی جۆشاوی سابیرەکەی هاوبیرتی

هەند لەگەڵ هەستم تێکەڵی خۆت سابیری

لەگیانی گەل دای تا ئەبەد قەت نامری

شاعیرێکی شۆڕشگێڕی بەهەڵوێستی

خۆنەویستی

## نامەی شەشەم

مـامـۆسـتـای ئـەلف و بێ زووکـە
قـوتـابییـەکـانت چـاوەڕێنـە
زەنـگ لێی داوە و کاتی فێربوونە هەنووکە
ڕەش وڕووت و بێچارەکان
بـەتـەمـای تـوونـە دەی زووکـە
درەنـگـە تـوخـوا هـە نـووکـە
وەرە دەرسـی پـەروەردەیـی و
شـۆڕشـگـێڕیـمـان فـێر بـکـە
واتـای شـۆڕشـی جوتـیـاریی و
کـرێکـاریـمـان فـێـر بـکـە
وە رە مـانـای نـەبـە ز یـن و
کۆڵـنـە دانـمـان تـێ بـگـە یـنـە
وەرە و نـرخـی خـوێـنـی گەشـی
شـە هـیـد ا نـمـان تـێ بـگـە یـنـە
بـۆ چـی دە رۆی ؟
کێ قوتابی وا لـە نـاکـاو جـێ هێشتووە ؟
کێ کـاروانـی رەنـجـدەرانـی
یـەکـجـا ر وا شـڵـە ژانـدووە ؟

هـێشتـا زووه "

نـا بـیٚ بـڕۆی

ئـەی خـۆت نـەتـگوت

ئـەم مـیـلـلـەتـە چـەوساوە یـە

پـێو یـستـی بـە ڕۆشـنـبـیـری

شـۆڕشـگـێـڕو ئـازا هـەیـە ؟

هـاوڕێـکـانـت چـاوەڕێـن بـە

قـسـەوکـرداری بـیٚ وێـنـەت

شـیـعـرو گـوتـاری مـەردانـەت

ئـەم شـۆڕشـە درێـژ خـایـەنـە

لـەم هـەوراز و نـشێـوانـە بـەسـەر بـخـەی

لـەوەرزی مـیـوەڕنـیـن و درو ێـنـەش دا

هـەرەوەزیـان لـەگـەڵ بـکـەی

لـە شینگـێڕی ولیٚ قەومانی بیٚ وێنەشدا

دەسـتـبـاریـان لەگـەڵ بـگریـت و

قـەت وقـەت پـشـتـیـان بـەر نـەدەی

لەگۆ ڤەندو شـایی و سەرکەوتـنـەکانـیـشدا

سەرچۆپی یان بۆ بگریت و ڕێکیـان بـخـەی

نامەی حەوتەم(دوا نامە)

هـاوڕیٚ گیانی گیانی یـەکەم

خـەمخۆرەکەی رەنـجـدەرانی ولآ تـەکـەم
ئـەی رەنـجـبـە رە بـوێـرەکـەی
ڕەمزی سـەر بـەرزی و نـەبـەزیـن
ئـەی دڵـدارە هـەر یـارەکـە ی
کـوردسـتـانی نوقمی دەریـای ژان و بـریـن
هەڵۆی سـەر لووتکەی بڵـنـدو قـەد شـاخانم
کارمامزی دەشتی هەولێـر و گـەرمـیـانم
گەر شـۆڕشـێ
قـوربـانـی و اگـەورەی هـە بـێ
چـۆن بـڵـێـسـەی ئـاگرەکـەی
هـەموو نـیـشـتـمـان دانـاگـرێ و
دوژمـنـە نـازی یـەکا نـیـش نـاتـۆقـێنـێ؟
گـەر مـیـلـەتـێ
ڕۆڵـەی ئـاوای پێشـمـەرگە بـێ
پــە یا مبــە ر ی
وەك رەنـجـبـەری
بــە رێــوە بــێ
چـۆن لەژێر دەست داگیرکاران رزگار نابێ؟
هـاوڕێکانی جـەمـیـل رەنـجـبـەر
ئـەی پـێشـمـەرگـە ئـازاکـانـی
کـوردسـتـانـی جـگـەر بـڕاو
رۆڵـە لـە خـۆبـوردووە کـانـی

کوردی بێ لانەو ماف خوراو
شەهید هەر بە لاشە دەمرێ
جە میل رەنجبەر قەت نامرێ
ڕۆحی بێ گەردی زیندووەو
بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ
لە شە ققەی باڵ دەداو دەفڕێ
نەمری بە باڵای رەنجبەری گەل دەبرێ
دەفڕێ و دەفڕێ
گیانی لە ناو گیانتان دایە
خوێنی لەناومێشکی کراوە و
دڵ و شا د ە مار تان د ا یە
ناوی لە گەڵ راچڵە کین و
دەنگ و پە لا مارتان دایە
هەتاوەکو
پێشمەرگە ێکی بەباوەڕ بەپێوەبێ
ڕۆشنبیرێکی شۆڕشگێڕ
تەکان بداو بەڕێوە بێ
شەهیدانی ئەم رێبازە زویر نابن
قەت خامۆش و
بێ تاقەت و دڵگیر نابن
هەر لە بیری ئەم گەلی کوردەن دەرناچن
شەهیدی ئەم خاك وهەردەن لە یاد ناچن

لـەفیکری وەچەی داهـاتـوو

د ە نـەخـشێـن و

مـات و مـەلوول وکـز نـابـن

دەچـنـە نـاوتـیشـکی ئـەسـتـێرە و

مـانـگی هـێشـتـا هـەڵـنـەهـاتـوو

قـەت بـزر و عـادز نـا بـن

دەبـنـە ئـەسـتـێـرەی گـەلاوێژ

پـێروو و تەرازوو بۆ رێگای سەربەرەو لێژ

ڕێی کـاکێشان

لـە بـۆ کـاروانـی تـێـکۆشـان

دەبـنـە هـە تـاوی سـەر لـە نوو

بـۆ سـبـەیـنـێکـەی کـوردسـتـان

د ە بـنـە چـرا خـان بۆ نـەو ە ی

لـە گـەڵ ئـازار را نـە هـا تـوو

دەبـنـە مـێـژوو یـەکی زیـنـد وو

شۆڕشێکی دروستی بەئـاکـام گـەیشـتوو

هـیچ کـات لـە ئـێمـە ون نـا بـن

فـەرامـۆش و نـاڕەحـە ت و کـە ون نـا بـن

جـگەرگـۆشـەی دایـکـی بـەسـۆزی وڵاتـن

تـاخەڵکی بـە وەفـا و عـەشق وئـیـمـان هـە یـە

تـامـەسەلەی مـافی هەرچی ئـیـنـسان هـەیـە

کـە و ن نـابـن لـە یـا د نـاچـن

هەرگیز لە دڵمان دەر ناچن
لە یاد ناچن لە یاد نا چن

تێبینی :

مێژووی ئەم نامە خوێناوییانەی کاک سابیر ساڵح گۆران برای جەمیل رەنجبەر ٢٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٠ی لەسەرە و لە فەیسبووکی کاک سابیرم وەرگرتوون.

# کۆچی زاوایەکی نامۆ

شیعری : جەوهەر کرمانج

کێ پێی گوتی،
بەم وەرزەی سەهۆڵ بەندانە
ڕەشماڵی رەوەندیت بەرەو
مەنزلێکی ئەوەندە دوورە پێچیەوە
کی پێی گوتی :
لەم چەرخە نایەکسانەدا
پشت بکەیتە ئاوەدانی و
بۆهەمیشە نەیەیتەوە
خۆتۆ وەکو هەڵۆیەکی هەواردیتە
لەسەر لوتکەی بەرز نەبا
نەدەنیشتی..
وەك کۆچەرێکی گەڕیدە
لەم کوێستانە سەر بەتەمە گەورە ببووی
ڕەنجبەرێکی چاو قایم بوویت
چ ئاغایێ دەری کردبووی
بۆ رۆیشتی–
بۆ رۆیشتی –؟!
نەڕۆیشتبای–

ئاخر تازە منداڵەکان
زمانی ئاگر فێر دەبن.
تازە خەریکن لە گورز و
تۆبزی دوژمن تێر دەبن
زوو ڕۆیشتی
نەڕۆیشتبای
ئاخر سبەی..
گەر بە زمانێکی رەوان
لە گەورەکانیان بپرسن:
ئەریٚ دایە
ئەریٚ بابە
مامۆستا گەورەکانمان کوان
کوانی ئەو مامۆستا جوانەی
هەموو رۆژیٚ بەخەندەوە
لە سەرەتای گوتنەوەی وانە بە وانەی
پیٚ دەگوتین :
منداڵینە
مەتەڵێکتان بۆ دەبێژم
ئەوەی توانی هەڵی بێنیٚ
ئەوە شایستەی چەپڵەیەکی زۆر بەتینە :
"وڵاتێکی گەورە هەیە
هەتا چاوبڕدەکات دەشت و

کانیاوی چاو بە گریانە
لە هەر چوار دەوری سنووری
دیوارێکی ئەستوور هەیە
هەزار ساڵە..
کوڵنگ و بێڵی لێ دەدرێ
ناڕوخێ و هەر دیوارە کۆنەی جارانە
چیای بەرز بەرزی تیایە
ڕەزی تیایە
بەڵام ئەوەی داخی دڵی دانیشوانە
وەتەی ئەم وڵاتە هەیە
بێ ئاڵایە..
بێ فەرمانڕەواو سوڵتانە"
دەی بزانم :
چ کیژە روندوو و ئازایێ
چ کوڕخاسێ
ئەم وڵاتە زنجیر لەپێیە دەناسێ..؟
– من ..مامۆستا
+ من مامۆستا
– مامۆستا ..مامۆستا..مامۆستا..
+ کچم هەریار
دەی کیژی خۆم زۆر ئاسانە
– مامۆستا ئەوەی تۆ فەرموویت

هەبێ و نەبێ کوردستانە.

گەر بپرسن..

دەبێ وەڵامی رەوانیان بدەینەوە

پێیان بڵێن

مەپرسن مامۆستا بۆچی..

بەجێی هێشتین

بۆ کامە هەوار بوو کۆچی

با هەوڵدەین

سبەی تۆڵەی بکەینەوە.

***

هەڵۆیەکی بەرزە فڕبوویت

لەسەر لوتکەی بەرز نەبا نەدەنیشتی

لەم کوێستانە سەربەتەمە گەورەی ببووی

ڕەنجبەرێکی چاو قایم بووی

چ ئاغایی دەری کردی

بۆ رۆیشتی..؟

نەڕۆیشتبای

تازە هەتاو گەرم دادێ و

تەم تومانی خەم راو دەنێ

تازە کۆرپەی حەز پێ دەگرێ و

بەرەو بەهارێکی خەملیو

هەنگاو دەنێ

کوڕە زاوا– بووك ڕەبەنە

مەڕۆ باشل نەبێ چاوی

دەلالی پانی بەخەنە

"هەواڵێ ماینێ زاوای سوورە"

"هەواڵێ..زاوا ڕێگای دوورە"

"هەواڵێ.. کۆچی زاوای شینە"

"دەلالی کورماڵێ خەڵکینە"

"دەلالێ کور هەر قوربانینە"

هەڵۆیەکی بەرزە فڕ بوویت

لەسەر لوتکەی بەرز نەبا نەدەنیشتی

ڕەنجبەرێکی چاوقایم بووی

چ ئاغایێ دەری کردی

بۆ ڕۆێشتی..؟

نەڕۆێشتبای..

ئاخر سبەی..

نۆبەتی رنینی ڕەزە

سبەینێ نۆرەی بڕینی

قۆناغێکی درێژترە،

هەرەوەزە..هەرەوەزە

تخوا مامۆستا وەرەوە

ئەمجارەیان..

وانەی مێژووی قارەمانیت

به منداڵە هەژارەکان بدەرەوە

جەوهەر کرمانج١٩٨٠

تێبینییەکی هەریار کچی جەمیل رەنجبەر :
ئەم شیعرە لە چلەی شەهید جمیل رەنجبەر بە گۆرانی گوترایتەوە و لە شاخ تۆمار کراوە من منالّ بووم لەبەرم کرد بوو بە گۆرانی هەموو سات دەمگوتەوە و زۆر کاری تێکردبووم.

# میوان

بۆ شاعیری شەهید (جەمیل رەنجبەر)

نووسینی : شێرکۆ بێکەس

نیوەشەو هەندێ جار کە شیعر
ئەم باتە ناو دنیای سیحراوی خۆیەوە
ئەم خاتە سەر باڵی خەیاڵی دوورە فڕ
ئەوساتە شەماڵ بێ یان زریان
باران بێ یان بەفر
ئەبینم..گوێم لێیە:
وادەرگای حەوشەمان
چیڕەیەك ئەكات و تۆزێكی ئەترازێ
ئەبینم : بێ خشپە، لەسەر لا
چاوزیتێ
قژنێ، ریشنێ
باڵا كورت
هەناسە سواربوویەك
هەروەكو مامزێ پێكرابێ و راونرابێ
بەپەلە خۆی ئەكات بەماڵدا

دوو پشكۆی بیلبیلەی
بە دەوری حەوشەدا ئەگەڕێ
ئاوڕێ..دوو ئاوڕ
ئەوساكە بەرەو ژوور
هەنگاوی خێراتر هەلئەگرێ
ئەگاتە بەردەمی پەنجەرەی ژوورەكەم
ئەوەستێ
بە پەنجە چەندجارێك لەسەر
یەك لێی ئەدا:
– تەق. تەق. تەق –
بە ئەنقەست دووجاریش
لەسەر یەك ئەكۆكێ
"تێئەگەم خۆیەتی"
"جەمیل"ە
لە دوور را هاتووە
ماندووە: ئەزانم لەمناوە بە تایبەت لای داوە
بۆ ئەوەی سەردانی من بكا"
ئەشلەژێم،خەریكە پەنجەرەم لێ ئەبێ بە دەرگا
سەرسمێك ئەدەم و پێخاوس رائەكەم
هەر لەبەر هەیواندا
باوەشی پیا ئەكەم
هەروەكو دوو لقی

دوو داری راست و چەپ تێك ئاڵاو

من سەرم ئەخەمە سەرشانی راستی ئەو

ئەو سەری ئەخاتە سەرشانی راستی من

نە جارێ نە دووجار نە دەجار

تۆ بڵێ هەزارجار

پەلاسی ناو دەمی

ئاوێنەی تەوێڵی

گەردنی رەنگ لیمۆی ماچ ئەکەم

گوڵاڵەی برینی سەر سینگی ماچ ئەکەم

ئەو وەختەی کە دەستمان لێك بەردا

بەرامبەر یەکتری دانیشتین

لەباڵای ئاوێنەی دیوارا

تەماشای خۆم ئەکەم..ئەبینم

سەرسنگم سوور بووە

ڕووخسارم سوور بووە

ژوورەکەم سوور بووە

بۆن ئەکەم

دەستوپل بۆنی گرت

بۆنی گوڵ، بۆنی خاك، بۆنی گیا

جل بۆنی باروووت و قژ قەوزەی رووبار و

ژوور بۆنی گۆگردی

ئەشکەوتی ناو چیا

***

سەرەتا بێ دەنگی خوێنێکە و ئەمگرێ

سامێکە و زمانم: ئەبەستێ..

ئەوکاتەی چنگی خوێن بەریدام..

هەڵدەستم :

چایەك و پەرداخێ ئاو دێنم

هالاوی چایەکە و هالاوی هەناسەی

تەمێکە بۆ کەمێ

لەڕوومان ئەنیشێ

– جەمیل گیان لاواز بووی –

لاوازی

وەك کۆترە باریکە

وەك وەلی دێوانە

وەك قەڵەم

بە یەك بین ئاوەکە هەڵ ئەدا

چایەکەی بەردەمی تێك ئەدا

قومێکی لێ ئەدا و دەستی چەپ

ئەخاتە سەرشانم :

– لاواز بووم؟!

شاخ و داخ چاوەکەم ، شاخ و داخ

شاخ خاکە و شەم دایکە و

من وەلی دێوانە و

من کۆتره باریکەی "کۆمەڵە"و
بۆ پەنجەی زاڕۆڵی هەژاران
من قەڵەم
پاش تۆزێ دەست ئەبا
لە پزوی شەرواڵدا
چوکلێتە نامەیەك
دەردێنێ و ئەمداتێ
بەدەنگێ، وەك وژەی دەستان بمدوێنێ
وەك شەپۆل هاژەی دوور
بمگاتی و بمدوێنێ
پێم ئەڵێ:
– دوێنێ شەو کە دیمن سێ قۆڵی
"شەهاب و جەعفەر و ئەنوەر" بوون
هەرسێکیان لەسەر ئەرز چوارمشقی
لە دەوری ئاگری بە کڵپەی
ماڵێکی کۆچەردا دانیشتن
هەر لەوێ، هەر لەبەر رووناکی ئاگردا
بە نۆرە هەریەکە و دێڕێکی نامەکەی
بۆ کیژو و..بۆ کوڕی
قوتابی پێشمەرگەی شاخ نووسی
***
سەعاتێ زیاترە لە چاویام

تەماشای خۆر دەکەم

سەعاتێ زیاترە لە دڵیام

گوێ ئەگرم لە خوێن و سەرئەنێم

بەسنگی خاکەوە

سەعاتێ زیاترە من ئەوم ئەو منە

من پرسیار

ئەو وەرام

– جەمیل گیان بێ دەنگی، دەبدوێ؟

– مەنزڵم.. بڵاوە.

هەر ئەمشەو من دەبێ پێیەکم لێرە بێ و

ئەویتر لە –بۆکان–

هەر ئەمشەو من ئەبێ

بە سواری ئەسپە رەش

دەمامك هەڵبەستوو

خۆم بکەم بە قەڵای هەولێردا و

هەر ئەمشەو سەریش بەم

لە "مەم"ی هەژاری ناو "بۆتان"

وا"جەمیل" بە پێوە وەستاوە

بەژن سوور

هەر ئەڵێی هەناری گوڵ کردووی

گوێی ئاوە

بەژووردا چەند جارێك دێ و ئەچێ

ئیستێك و لە بەردەم دۆلابی
"سەردەمێ دۆلابی حاجەتی موبەق و،
ئێستاکە کتێبا"– ئەوەستێ.
ئەوەتا دانەوەی و لە خانەی دووەمدا
سەروخوار ورد گەڕا دەستی نەکەوت
دیوانی "بێکەس"ی دەرهێنا
هەروەکو یەکەم جار
مەلۆتکەی جگەری تاقانەی هەڵبگرێ
بەو جۆرە هەڵگرت
لەسەر خۆش چاوان و روومەتی
دیوانی هەڵمژی و ماچی کرد
– بۆ ئەڕۆی ئەی ئاسکە سوورە
بۆ ئەرۆی!
بۆ ئەڕۆی ئەی مانگی
کاکۆل ئاڵ بۆ ئەڕۆی؟!
بەم شەوە بۆ ئەڕۆی
بارانەو رەهێڵە
دەتخوا هەر ئەشرۆی
گوڵاڵەی زامێکی سەر سنگت
لەلای من جێبێڵە
– پەنگ نابێ عاشقێکی رەوەندە و
بە تەنیا لە ماڵێ لا نادا

پەنگ نابێ خەمێکی کێوییەو
بەتەنیا لە شاخێ لا نادا.
پێخاوس بەدوایدا رائەکەم
نایگەمی..تیشکێکە و.. نایگەمێ
بارانە و رەهێڵە
تەڕ ئەبی "جەمیل" گیان
تەڕ ئەبی!
وا ئێستە گەیشتە بەردەرگا
ئیستێك و بۆ ساتێ راوەستا
ئاوڕی دایەوە، سەرێکی هەڵبڕی
مانگی سوور لە شەوی
ڕەشپۆشدا پێکەنی
ئەوساکە دەستی برد،
لە پەنا دیواردا
چەترەکەی هەڵگرتوو
بێ خشپە، لەسەر لا
بەدرزی کراوەی دەرگادا
تێپەری و..
بەتەنیا جێی هێشتم!

١٩٨٣

# هۆزان

نووسینی : کەیفی کوردستانی

بۆ گیانی بەرزەفڕی شاعیری
چەوساوە و رەنجدەرانی کوردستان
شەهید جەمیل رەنجبەری لەدڵان زیندوو

هاوڕێم ( جەمیل ) بووی بە خونجەی سووری سەر چڵ
شێت و شەیدان بەعەشقی تۆ چەندان بولبول
بووی بەسروودی وێردی دەم و دووی منالآن
لە سەر تاسەری نیشتیمان
بووی بە ( وەلی ) خۆیان بە( شەم ) ت دەزانن
تێکڕا کچانی چەلەنگ و ئازادی خوازانی گەلمان
بوویتە پەیڕەوی کرێکار
لە بەر باغەڵ هەڵتدەگرن لاوانی چاپووك و هەژار
بووی بە هەورو بارانی خۆشیت داباران
بە سەر دڵی عاشقانی
نان و ئازادی و گوڵ و چیا
لە کوردستانی کارگەران
بووی بە رووبار خاکی و ولآتت داشۆری

له پیس و بۆخلی نەگریسی

پۆستاڵ رەشی عەفلەقیەکان

بووی بە نێرگز بە تاسەوە چێت کردەوە

لە سەر سنگ و یەخەو پرچی

کچانی عاشق بە هۆزان

بووی بە هۆزان خۆت خزاندە سەر لێوانی

دڵدارانی ئەم وولاتە بێ ئالایە

ئای جەمیل گیان بولبولەکان لە تۆ فێر بوون

لە شەوانی سارد و تووشا

لە رۆژانی زریان و تۆف

هەر بەیادی وەرزی بەهار

گۆرانی بۆ خونچە بلێن

ئێمەی هەستیاریشت هاندا

هەر کە رۆژێ خامە نەبوو

زۆر بوێرو چالاکانە

هۆزان دابرێژین بە خوێن

١٩٩٢/٢/١

پەخشان

# جەمیل رەنجبەر جێی نەهێشتووین

نووسینی : عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ)

جەمیل رەنجبەر سی و پێنج ساڵە لە پانتایی خەبات بۆ رزگاری و دادپەروەری کۆمەلایەتی نابێنرێت. سی و پێنج ساڵە لە نێو بزووتنەوەی ئەدەبی شۆڕشگێڕانە قەڵەمەکەی یەك وشەی نەنووسیوە. سی و پێنج ساڵە هیچ موناقەشەیەکی فیکریی و ئەدەبیی لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەکردووە. سی و پێنج ساڵە دەستی بەسەر قژی کچەکانیدا نەهێناوە، سی و پێنج ساڵە گوڵێکی بەدیاری نەبەخشیوەتە هاوسەرەکەی، سی و پێنج ساڵە هیچ گۆڤارێکی نەکڕیوە و هیچ کتێبێکی نەخوێندۆتەوە. بەلام سی وپێنج ساڵە خەونەکانی وەکو جاران تازە و شیعرەکانی وەکو جاران گەش و وشەکانی وەکو جاران بە کار و بڕواکەی وەکو جاران بەهێزە. جەمیل رەنجبەر جێی نەهێشتووین و لە گەڵماندایە، ئەو هەموو رۆژێك لە نوێبوونەوەدایە. ئەو لە تازەییدا دەژێت. لەجوانیدا ئارایشتی شیعر دەکا و بە ویقارەوە شکۆی شیعری بەدەستەوەیە و وەك چەپکەگوڵ دەیدا لە یەخەی کۆمەڵگە و ئینسانەکان. جەمیل رەنجبەر تا بە جەستە لە ژیاندا بوو، لە پرسیارکردن نەوەستا. پرسیارکردنیش پیشە و خولیای مرۆڤە بۆ فێربوون لە لایەك و هەڵسەنگاندن و دەرخستنی پارادۆکسی ژیان لەلایەکی تر. جەمیل

وشەکانی بەر لە خۆی دەدوان و شیعرەکانی لە پێش خۆیەوە دەچوونە نێو دڵ. پابلۆ نیرۆدای شاعیری شیلی کاتێك پۆلیس و سوپا هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکەی بە بیانووی ئەوەی بەدوای چەکدا دەگەڕێن، پابلۆ نیرۆدا دەڵێ" چەکی من شیعرەکانمە". جەمیلیش شیعری وەکو چەکی دەستی بەکار هێناوە بۆ بەرگری لە ئینسانییەتی ئینسانی کورد و گەیشتن بە ئومێدە گەورەکە. واتە رزگاری کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان لەژێر چنگی ستەمگەری بورژوازی. شوێن پێی جەمیل رەنجبەر کوێر نەبۆتەوە. جەمیل ئێستاش لە پەنجەرەی مێژووە لێمان دەڕوانێ. لە باخەکانی ئومێدەوە سەیری دوارۆژی مرۆڤی کورد دەکات. جەمیل ئێستاش خەون دەبینێ، خەون بە ئازادی ژنان و ژیانێکی شایستە بە مرۆڤ. جەمیل رەنگە لە دیدی زۆرێکەوە مردبێ و تەواو، رەنگە زۆرێك بە شەهیدبوونی گەیشتبێتنە یەقینی کۆتایی..بەڵام لای ئەوانەی درك بە جوانی و گەورەیی خەونەکانی جەمیل رەنجبەر دەکەن، نەمردووە و بەڵکو وەکو جاران زیندووە. نهێنی ئەم زیندووبوونە لەنێو دەقە شیعرەکانی و هەڵوێستە مرۆییەکانییەتی. جەمیل ئێستاش هەموو رۆژێك لە هەولێرە و سەر لە گەڕەکە هەژارنشینەکان دەدات، دڵی بە سێتاقان و تەعجیل و ئازادی و سەیداوە و کوران دەکرێتەوە. جەمیل ئێستا کە بەلای گەڕەکی دۆلاراوا و ڤێللا و قەسرەکانی فیرعەونەکانی شار تێدەپەڕێ، بە پەنجەکانی هەردوو کونەلووتی خۆی دەگرێت. نەفرەتیان لێ دەکات و بەردبارانیان دەکات.. رەنجبەر ئێستا لە شار بێزار بووە و تەنها هاوڕێیەتی پاسارییەکان دەکات. ئەو لە هاوڕێکانی خۆی تۆراوە. جەمیل هاوڕێکانی خۆی ناناسێتەوە. نا هاوڕێکانی جەمیل ناناسنەوە. ئاخر ئەوان جەمیلیان هەر لەسەر کاغەز ناسیوە. باشتر بڵێم ئێستا نایانەوێ جەمیل بناسن. ناسینی جەمیل بۆ ئەوان جگە لە ژانەسەر هیچ خێرێکی بۆیان نییە. ئای جەمیلی

نامۆ بە قەڵا و منارە، نامۆ بە وێستگەی چاوەڕوانی ، نامۆ بە سڵاوی مرۆڤەکان، نامۆ بە ئەلبان و غابات و گڵکەند و مچکۆ و شەقامی باتا و شێخەڵڵا، نامۆ بە خۆت چونکە تۆ کە گوێت لە ناوی خۆت دەبێت، وا هەست دەکەی باسی کەسێکی تر دەکەن. هەست دەکەیت ئەوە تۆ نیت، هەست دەکەی پەیکەری خەباتت لە رووباری بەرگری کردن لە کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە گواستراوەتەوە بۆ نێو گۆمی کوردایەتی. ئاخر تۆ دەتزانی کوردایەتی ناتگەێنێتە مەنزڵ. کراسی کوردایەتی بەبەری شیعرەکان و باوەڕت تەسکە. شیعرەکانت بەیداخی سووریان بەسەرەوەیە. تۆش لەم دونیایە دڵت هەر بە بەیداخی سوور دەکرایەوە. ئێستاش دەڵێن هەموو بەیانیانێك بۆیە بە دەستێك دێت بە بۆیەی سەوز ئەو دێرەی سەر دیواری شار دەسڕێتەوە کە شەوان بە خوێنی خۆت دەینووسیت.( جێم نەهێشتوون).سڵاو لە جەمیل رەنجبەری هەمیشە زیندوو. سڵاو لە رەنجبەری شاعیر کە هەڵگری خەمە گەورەکانی مرۆڤایەتی بوو.

حوزەیرانی ٢٠١٥ کەنەدا

# یادیت ئەخەینە سەر سەر..

نووسینی : سیروان باڵەك

(هیوادارم هیچ نەبێ توانیبێتم، دڵی کچی شەهیدێکی سەربەرز خۆش بکەم و دڵۆپێکیش لە دەریای خەبات و بەرخۆدانی ئەم کەڵە شەهیدە، وەسف بکەم.)

ڕۆحت شاد و یادت بەخێر
ئەی شێرەکەی دەشتی هەولێر..
سەرکردە،شەهیدجەمیل رەنجبەر
تۆبووی لەپێناو ئەو گەل و نیشتمانە
زۆرت رەنجداو بووی دەربەدەر
بۆیە یادی تۆ هەردەم زیندووە،
هەرگیز ، دڵماندا ناچیتە دەر..
سەد سڵاو لە رۆحی پاکت،
ئەی سەرکردەی کۆڵنەدەر
شۆڕش گێڕی تێکۆشەر
مامۆستای ئەدەب وهونەر
بۆ ئێمە جێی شانازی..
ڕێبازت دەگرینەبەر
هەموو ساڵ ١٨_١١
یادیت ئەخەینە سەر سەر..

.

# ڕەنجبەر کێیە؟

شیعری : سابیر گۆران

وتیان ڕەنجبەرمان پێبناسێنە

کوڕی ئەو دایکە ئاسکە دڵبرینە

ڕۆڵەی ئەو باوکە ساڵح گۆرانە

لوتکەی کوردێنی و جگەربڕیانە

منیش پێم وتن گەلێ ئاسانە

ڕەنجبەر هەڵویستی بەرزی ئینسانە

...

ڕەنجبەرکێیە ؟

ئەوها بەپڕتاو لەڕێیە

وەك تفەنگی وڵاتپارێز لەسەرپێیە

هەگبەی خەمی چەوساوەی ئەم کوردەی پێیە

ڕەنجبەر هاوڕێی هەموو ئەوانەن وەك منن

لەگەڵ دزو وجەردەو تاڵانچیان دوژمنن

...

ڕەنجبەر هەرگیز نەمردووە

ویژدانی زیندووی مێژووە

هەر چەند بەجەستە ونبووە

بەڵام دایم لەگەڵمایە

مامۆستایەکی وریایە

لەهەمووومان بەئاگایە

بەبێ وەستان لەنوێژایە

ڕوو لەپەرستگای خودایە

لەخزمەت چەوساوەکانی وڵاتدایە

...

ڕەنجبەر کێیە

وا بەتەوژمەلەرێیە

ئەوها ئازاو لەسەرپێیە

خەمی هەژارانی پێیە

پێشمەرگەی بیری نوێیە

شاعیرێکی شۆڕشگێڕی لەسەرخۆیە

دژی شەڕی براکوژی و ناوەخۆیە

ئامانجی رزگاری کورد و

کوردستانی سەربەخۆیە

هونەرمەندێکی رەسەنی داهێنەرە

لەهەموو کات و شوێنێکدا ئامادەیە

کڵاوی سەخرەجنی لەسەرە

چاوی تیژی ئەم کوردەیە

بۆ کوێ دەچن ؟

ئەو رەنجبەرە

لەهەمووتان بەخەبەرە

کڵاوی ئەجندەی لەسەرە !

بۆکوێ دەچن ؟

ئەوەی چی بەخۆی شك نایێ

بانەترسێ چی لێ ناکا

قەلقەلاشك لەخۆی بەشك!

ئەوەی زۆری پێکوەناوە !

بەغەدر و تۆبزی داینـاوە !

ئەوپێویستی بەهیچ نییە چییان لێنابا !

تەنیا رووی هەندێ رەش دەکا

پارەکەیان لێدەستێنی و

بەسەر زوڵملێکراوانی دابەش دەکا !

تف لە چارەی خودی بێ دۆن

سەرمایەداری دز دەکا !

نەفرەت لە تاڵانچیانی مۆن

وڵاتفرۆشی سەرکز دەکا !

...

ڕەنجبەر بۆ ئەوە شەهیدبوو

تاکوردستان شەهید نەبێ

تا منداڵی کورد هەژارو

ڕووت و رەجاڵ برسی نەبێ

دڵنیا بـێ

لە دوارۆژی سەرفرازی

ترسی نەبێ

لەڕاوەدوونانی نازی و

لەخوێنمژی

ڕزگاری بێ لەبێ دادی

بگاتە لوتکەی ئازادی

...

ڕەنجبەر کێیە ؟ کەی دەحەسێتەوە ؟

ڕەنجبەر بۆ ئەوەشەهید بوو

تا داگیرکەر لێرە لاچێ

هەرچی زوڵم و زاڵم هەیە

بنێژرێ و لەقوڕێ ڕاچێ

تا نان و ئازادی پێکڕا

لەکوردستان دەستەبەربێ

نەك ئاغای کۆن بەهی تازە

بگۆڕین گەل قوڕبەسەر بێ

ئەگەر کورد تێکڕا تێر نەبێ

چاوی ئازادی کوێر دەبێ

کەمی بەرز و زۆری نەوی

چۆن سەربەخۆ و سەردەکەوی ؟

ڕەنجبەر کێیە ؟

ڕەنجبەرهاوڕێی
شەهید ئارام وجەعفەرە
عەبدولخالیق و ئەنوەرە
هاوڕێی گشت لێقەوماوانە
گیانی زیندووی شەهیدانە
ڕۆڵەی کورد و کوردستانە
خۆشەوویستی هەزارەها
خەباتگێڕی ماندوونەناس و بەئاگای نێو مەیدانە
ڕەنجبەر کێیە ؟
وا چاپووکە لەگشت جێیە !
ڕووناکبیرێکی هەولێرە
بەشکستی دوژمنی ئەم کوردە فێرە !
ژیرو جەربەزە و بوێرە چاوی تێرە !
ڕەوشت بەرزە ماستاو ناکا
بۆ بەرژەوەندی تایبەتی
کڕنۆش نابا سەرشۆڕ ناکا
بۆ پارەوپوول و بۆ کورسی !
ڕەنجبەرکێیە ؟
ئەوها دەست پاك، دڵپاك،داوێن پاك بەجێیە ؟
بێشك رۆڵەی ئەم هەولێرە
بەشمەینەت و غـەریبـەیـە
ئەم شارە غەدرلێکراوە

دڵشکاوه بێ تـه‌بـیـبـه‌یـه

که بۆ ئه‌وان بۆ سه‌ر جه‌می به‌شخوراوان

بوو به پێشمه‌رگه به‌چرا

تاله‌هه‌ژده‌ی یازده‌ی هه‌شتا

که‌وت و گلا

بۆ یه‌کجاری له گۆڕستانی باداوان

له سه‌ید مه‌عرووف داگیرسا

هه‌ولێری رۆشن کرده‌وه

گره‌وی خۆ به‌شه‌هید دانی برده‌وه !

به‌ڵێنی خۆی به‌جێ گه‌یاند

که‌چی ره‌نجبه‌ر هێشتا هه‌ر نه‌حه‌سایه‌وه

ئێستا و ئێستاش هه‌ر به زویری مایه‌وه

چونکه هێشتاش نه‌کورد ئالای هه‌ڵکردووه

نه کوردستان له چه‌نگ خوێنمژان ده‌رچووه

تا ئه‌م گه‌ل و نیشتمانه به ته‌واوی رزگار نه‌بێ

جه‌میل ره‌نجبه‌ر له‌گۆڕیشدا ئۆقره ناگرێ

با هه‌موومان به دڵنیایی پێکه‌وه

هه‌ڵسینه سه‌رپێ و هاوارکه‌ین

کولێره‌ی یه‌کسانی دابه‌ش که‌ین

ڕه‌نجبه‌ر له ئازار رزگارکه‌ین

ده‌باگشتمان تێکرا بڵێین

بنوو ره‌نجبه‌ر له گۆڕه‌که‌ت بحه‌وێوه

ئارام بگرە و لێی پاڵدەوە و بحەسێوە

وا هاوڕێکانت بەرێوەن

هاوبیرانت..

بۆ ئامانجە پیرۆزەکانت بەپێوەن

١٨ی مانگی یازدەی ١٩٩٥

# نووسین

شیعری : سەباح رەنجدەر

لە فڕینی پۆلە باڵندەدا باڵوەشاندنێکی شازادەیی هەیە
جەمیل رەنجبەر لە باڵی کراوەی ئاگرێکی پشت پڕدەمار هاتە ناو ژیان و فوارە هەڵچوو
لەشەربەی ماڵەکەیدا گەرمایی رژا
لە دەستوپەنجەی کیژ و کوڕانی هەولێریدا
ئەو دەستوپەنجانەی پەراسووی هۆلاکۆیان لە خوێن و گۆشتەوە دەرکێشا
ئەوە دەستەئاسۆکان دەکاتەوە و ژێی عوود رێکدەخات
گیا شان و مل دەداتە یێك
پڕۆژەی نووسینی داستانێك
بووە خولیام و یەکەم هاواریم رژاند
پاڵەوانەکانی یەك دوای یەك
لەسەر رووپەڕ قەڵەمی دەست وپێیان شکا
عارەبانەی زبلڕێژ بەکۆڵاندا تێپەڕی
بەدوایەوە غارمدا
بەپەڕەکان باری ئەسپەکەم گران کرد
گەڕامەوە ژوورەوە
چاوم بە هەمووشتێکدا گێڕا و ئێمە وا دەژین
لەسەرکورسییەکی پلاستیك دانیشتم و دەستم بە ناوچەوانمەوە گرت

پێیەکانم خستە سەتڵەئاوێکی شلەتێنەوە

بیریشم لەقرژاڵ دەکردەوە

مێژووی لەکوێ بخوێنمەوە

ئەرێ مێژووی دەربار بۆکوێمان دەبەیت

ئەو بەیانییە مێژوو پێش تەزوو و مووچڕکە و خورپە و چرپە لەخەوهەستا

بەکۆڵانی حەڵواچییان هەڵات و لە کۆڵانی بۆنبڕاندا بەتەواوەتی ونبوو

ئەسپێك سوارەکەی لە تەنیشت ئاگردانێکی گەرم دانا و گەڕایەوە ناو بەهار

کچێنی زەوی رواوە

قورینگ لە قەدی کێو لە پشتەوە ناپێکرێت

هێڵە ئاگرینەکان لە نزیکیەوەن

٢٠٠٧ هەولێر

سەرچاوە :

سەباح رەنجدەر، سیساڵ شیعر، بەرگی دووەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر. ساڵی ٢٠١٢، لاپەڕە ١٣٧.

# بۆ شەهید جەمیل ڕەنجبەر

ئەبوبەکر خۆشناو

لەسەر جادەکانی شاردا،
عاشقت بووم
کەچی تۆ گوڵەکێوی بووی
چیاکانت بەدوادا دەگەڕام
تۆ چۆلەکەی ماڵان بوویت و،
لەدڵی هەژارەکان دا لانەت دەکرد
ئێوارە بوو
تفەنگەکەی کردە شانی و
هێدی هێدی بەرەو خوار
هەنگاوی دەنا
گوللە لەسینەی پێشمەرگە چزا
لەناو پایزا خونچەگوڵ پشکوت
لەیەخەی سپی (کۆمەڵە) درا!

# بەشی چوارەم

## چەند پرسیارێک و وەڵامەکانیان سەبارەت بە جیهانی شیعریی جەمیل ڕەنجبەر

بۆ ئەوەی قسەکردن لەسەر دونیابینی شیعریی جەمیل ڕەنجبەر فرەلایەنتر و فرەڕەنگتر بخەینە بەردەستی خوێنەر، بۆ ئەوەی لە چەندین گۆشەنیگای جیاجیاوە لەو دونیابینینییە شیعرییە بڕوانین، ڕووی پرسیارم لەم بەڕێزانە کرد و ئەوانیش سەرباری سەرقاڵ بوونیان بە پرۆژە ڕۆشنبیرییەکانیان، لە تێڕوانینی خۆیانەوە وەڵامەکانیان دایەوە. وەڵامەکان لەسەر پرسیارەکان وەستاون و هەوڵیان داوە لە ڕێی ڕامانەکانیانەوە زۆرترین وردکاریی و ڕۆشنترین ڕاڤە ببەخشنە ئەم پانتاییەی کە بە پانتایی ئاوڕدانەوە لە شیعری جەمیل ڕەنجبەر ناو زەد دەکەم، کە تا ئێستا کەمترین ئاوڕی ئەدەبیی و ڕەخنەگرانەی لێدراوەتەوە.

## وەڵامی بەڕێز رزگار عومەری شاعیر و میدیاکار

پرسیار : رەنجبەر تا بڵێی تووڕە لە شیعرەکانیدا، تووڕە لە زۆردار و چەوسێنەران..بەلام هێمن، بەخشندە، عاشق، بەڕووی خەڵك و خۆشەویستی. ئایا ئەم تووڕەبوونە رەوایە؟ شیعرە تووڕەکانی رەنجبەر و دۆخی سایکۆلۆژی شاعیر دەتوانن چ ئاماژەیك بن بۆ تێگەیشتن لە سایکۆلۆژییەتی کۆمەلایەتی و چینایەتی؟

ڕزگار عومەر : گەڕانەوە ، یان ئاوڕدانەوەو پێداچوونەوە بە ئەزموونی شیعری جەمیل رەنجبەر کارێکی زۆر جیدیەو دەبێ پاڵپشتی لێ بکرێ ، چونکە چ وەکو ئەزموون چ وەکو ژیانی کەسێکی شۆڕشگێر بەهایەکی گەورەی هەیە، کە ئەدەبی کوردی یان وردتر بڵێم "قسەکەرانی" ئەدەبی کوردی نەك تەنیا گرنگیان پێ نەداوە بەڵکو نەهاتنەوەیان لەگەڵ فیکری " چەپ بوونی " ئەم شاعیرە رێگری سەرەکی بووە لەوەی شوێنی شایەن بە خۆی وەربگرێت و ئەم کردەوەش درێژەی ئەم هەموو دژایەتی بووە کە لە نێوەندی ئەدەبی و نووسەران لە دژی دەکرا کە لە ژیان مابوو، دوای شەهید کردنیشی تا ئەمرۆش ئەم دژایەتییە هەر هەیە. کە دواتر من لەو پەرەگرافەی تایبەتە بە سانسۆر وردتر دێمە سەر ئەو دژایتییە و هۆیەکانی درێژە کێشانی .

زۆر لە رەخنەگران، ئەدەب بە دابڕاوی دەبینن لەو فاکتە سیاسی و کۆمەلایەتیانەی کە رۆڵ دەبینی لە روخسارو ناوەڕۆکی تێکستە ئەدەبییەکان، لەبەر ئەوە تورەبوون، یان هێمنی لە شیعری جەمیل رەنجبەر بە بەراورد لەگەڵ شاعیرانی نەوەی خۆی رەگێکی توندتری هەیە بە بارودۆخی سیاسی و

کۆمەڵایەتی، چونکە هەستیاری لای ئەم شاعیرە تەنیا لەسەر سۆز نییە، بەڵکو لەسەر هۆشیاری و قینێکی سیاسی و چینایەتی تۆکمە وەستاوە ، کە دەبێ ئاماژە بە مێژووەکەی بکەین .

مێژووی پەیدابوونی فیکری چەپ لە کۆمەڵگەی کوردیدا ، مێژوویەکی پڕ لە ناکۆکی و پڕ ناتەواوییە . لێرە من بۆ کورت کردنەوە ، بە خاتری ئەوەی نەکەومە پەسەند کردنی هێزێك یان گروپێك یان حێزبێکی دیارکراو لە قۆناغێکی دیاریکراو بەسەر ئەوانیتردا ، هەروەها بۆ ئەوەی مێژوو تەنیا لە میتۆدی تەقویم و ژماردنی ساڵ و رۆژەکان قەتیس ناکەم ، دەست بۆ میکانیزمێکیتری باس کردنی ئەو مێژووە دەکەم .

لەم خاڵە پێویستم بە تەحەمولی ئێوە وخوێنەر هەیە تا نموونەکە سیاغە دەکەم. گریمان — چەپ — با وردتر بڵێم مارکسیزم ، مرۆڤێکی کامڵە جەستەی هەیەو ناوبانگیشی هەیە. ئەم مرۆڤە لە قۆناغەکانی سەدەی بیست هەندێ جار تەنیا جەستەکەی، هەندێ جار تەنیا ناوبانگەکەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا میوان بووە، بڕگەیەك نەبووە لەم مێژووە کە ئەم مرۆڤە هەم وەك جەستە هەم وەك ناوبانگ لەیەك کاتدا حازر بێت .

لێرە من بە ناچار ناوبانگم بەکارهێنا چونکە لە کۆمەڵگەی کوردی رووی نەداوە کە تەوژمێك ببینین لە وەرگێڕانی فیکری مارکسیستی بۆ زمانی کوردی. واتە نەك تەنیا خوێنەری ئاسایی کورد بەڵکو خوێنەری چەپی کوردیش بەهرەمەند نەبووە لەوەی بە ئیسراحەت و دوور لە سانسۆر، بە زمانی کوردی ئاوێتەی جیهانی بینی مارکسیزم ببێت. جیهان بینی مارکسی یان — ناوبانگی مارکسی — وەکو مۆدیلێکی باو، بە ناچاری بە تاقە رێگای مومکین دەگاتە زەینی مرۆڤی کورد، ئەویش بریتییە لە گەیشتنی ( دروشمە مارکسییەکانی) دەستی دوو و سێی

حیزبە مارکسیەکانی ناوچەکە و جیهانییەکانە. بگەڕێوە سەر دروشمە باوەکانی سەردەمە جیاوازەکانی بوونی دروشمی مارکسیی لە کۆمەڵگەی کوردی، دەبینی تێکەڵێك لە دروشمی ( ماوی ، ستالینی ، ترۆتسکی..) لە ناو یەکترا دێن و دەچن ، بەڵام خودی مارکسیزم لە زمانی خۆی ( نەك ناوبانگ و دروشم ) وجودی نییە .
جەمیل ڕەنجبەر کوڕی دەستی ئەم بارودۆخەیە. کوڕی دەستی گەیشتنی دروشمە بەر لە گەیشتنی فیکرەکە خۆی. سەرەڕای ئەوەش تا گیان لە دەست دانی هەم لە ژیانی ئەدەبیی هەم لە ژیانی کۆمەڵایەتی حەرف بە حەرفی ئیلتیزام کردن ئەوەندەی لە توانا بووبێتن جێبەجێی کردووە .
یەکێك لەو کەسانەی کە لە دائیرەی ئەمنی هەولێر شایەدی لەسەر جەمیل ڕەنجبەر دەدا، باسی هەندێ شتی لابەلا دەکا، کە بۆ من جێ ی سەرنجی وردن ، کە فیکر کراوەیی و هەوڵدانی مامۆستا ڕەنجبەر دەرئەخا کە گۆڕانکاری لە ژیانی مرۆڤەکان روخساری واقیعی و عەمەلی خۆی وەربگرێت لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو.
بەر لە باس کردنی ئیفادەکە، وێنەیەك لە ڕۆمانی ( دایك ) ی ماکسیم گۆرکیێ بە بیری خوێنەران دەهێنمەوە ، ئەو ڕۆمانەی کە لینین وتی پێنچ ساڵ شۆرشی بردە پێشەوە. لە ڕۆمانی دایك کاتێ پاڤێل دەبێتە کۆمۆنیست، یەکەم شت کە دایکی هەستی پێدەکا گۆڕانی هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتی پاڤێلە . هەست دەکا پاڤێل بە ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکا. دەبینی پاڤێل گسکی ناوماڵ دەدا و قاپ و قاچاغ کۆ دەکاتەوە و .. هتد .
جەمیل ڕەنجبەر لە ماڵەکەی خۆیدا دوورگەیەکی کراوەی دروست کردووە، دورگەیەکی رادیکاڵ لە حەفتاکانی شار و ژیانی کۆمەڵایەتی شاری هەولێر کە هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتی خۆی داوەریە لەسەر ئیلتیزامی ئەو کەسە. بە پێی

ئیفادەی ئەو کەسەی ئیعتیراف لەسەر جەمیل رەنجبەر دەکا، لـە کۆبوونـەوەکانی ئەڵقە مارکسی لینینیەکەی خۆیان لە ماڵی رەنجبەر زۆر جـار کـچەکەی گـۆرانی بـە زمـانی ئینگلیـزی بـۆ دەوتــین، ژنەکــەی لەگــەڵمان دادەنیــشت، ئــەم ئامــاژە کۆمەڵایەتییانە، ئەم تەقدیرە بۆ خێزانەکەی خۆی و شەخـسیەتی کۆمەڵایـەتییان بـۆ ئـەو سـەردمە یارمـەتیمان دەدا هـەنگاوێك زووتـر لـە جـەمیل رەنجبـەر نزیـك بینەوە. ئەم بەهایە لە شیعریشدا رەنگی داوتەوە! ئەو شـیعرێکی تایبـەتی دوورو درێژ بۆ ژنەکەی خـۆی دەنووسـێ ، حورمـەت و پێزانینێکـی زۆر نیـشان دەدا بـۆ تەحەمول کردنی ئەم هەموو نەهامەتییەی کـە لـە ئـەنجامی ئـەو رێگایـەی جـەمیل هەلێبژاردووە، توشی بووە .

مامۆســتا جــەمیل ئیلتیزامێکــی زۆر جــدی بــە مارکــسی بــوونی خــۆی هەیــە، ئیلتیزامێك کە لە زۆر شوێندا ئەگەر خوێنەرێکی تیژ رەو بی وا دەزانی ئـەم مرۆڤـە هەمیشە ئالایەکی سووری بە دەستە و لـە قـەرەباڵغی گۆرەپـانێکی شـار، لـە نێـو هەرەوەزێکی جوتیاراندا، لە بـەردەرگای کارخەنەیـەکی پـڕ لـە کرێکـار خـەریکی هاندان و دروشم دانـە بـۆ شـۆڕش ، تەنانـەت لـەو شـوێنانەی کـە لەگـەڵ کـچێك ، خۆشەویستێکیش دەدوێ ئەم ئیلتیزامە خـۆی دەکـا بـە ژووردا و بـە زۆرە ملـێش بێ خۆی دەخاتە نێو دێر و وێنە شیعرییەکە ، بەلام زۆر جـاریش وێنـەی شـیعریی وای تێدایە دەڵێی بۆ پشوویەك لەم ئیلتیزامە بێ پـشووە نووسـراوە " بزانـە لێـرە چی دەڵێ :-

دوای کۆچی تۆ..شیعری هەتیو..
هەموو رۆژێ لە شوێنەواری رێگاتا
لە پێخوسی هەنگاوەکانت دەگەڕێ

له نێو كۆڕی دەستەی خوشكان له جێگاتا
له ڕۆژ باشی ، نێو چاوەكانت دەگەڕیٚ
وا به دوای باسیٚ دەگەڕیٚ
باسی تۆ بیٚ
به دوای وتەیەك دەگەڕیٚ
شیرین به سۆز..به تام وەك سوپاسی تۆ بیٚ

ئیلتیزامی بیٚ پشوو بۆ مامۆستا جەمیل ڕێگەیەكی ئیختیاری نەبووە، بەڵكو شێوە ژیان بوو. كه سەیری مێژووی چەپ دەكەیت لەو چوارچێوەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، كه سەیری دڕندەیی حیزبی بەعس دەكەیت لەسەر ڕاوەدونانی ماركسییەكان، كه قۆناغەكانی ژیانی جەمیل ڕەنجبەر بەراورد دەكەی، كاتیٚ سوور بوونی مامۆستا دەبینی لەوەی وەزیفەی سەرەكی شیعر ببێتە گۆڕینی دونیا ، تێدەگەی نەك تەنیا مامۆستا، بەڵكو هەرچی مرۆڤێكیتر دابنێیت له شوێن و زەمانی ئەو ئەوا دڵنیا دەبی كه ئەم مرۆڤە گەورەترین تەگەرە لەبەردەمیا بریتییە له بوونی -كات- ، هیچ شتێك له ژیانی مامۆستا كاتی ئاسایی و بارودۆخی گونجاو موستەحەقی به خۆی وەرنەگرتووە .

كه دێینه سەر تەكنیكی شیعر و پرۆسەی نووسینی شیعر دەبینین ، تووڕەبوون ئەو توڕەبوونەی ئێوە له پرسیارەكەتان ئاماژەتان پێداوە، به پەلەتره له پرۆسەی ئاسایی له دایك بوونی شیعر. چونكه تێنوویەتی شاعیر بۆ دروست كردنی گۆڕانكاری بیٚ ئۆقره و بیٚ كاته. لێرەیه كه بەشێك له شیعرەكاندا كۆپله و وێنەی وا دەبینی كه " تەوزیف " كردنی شیعر به تەواوی بۆ گەیاندنی پەیام شوێنی به " ئیستاتیكا " لەق كردووە ، سەرنج بدە ئەو كۆپلەیە :-

خۆشەویستم ، خۆشەویستیت
وەك ئیمپریالیستی دوێنێ ، دوورگەی دڵی داگیرکردووم
برینە هەژارەکانی دڵ ، لە رێکخراوی شیعری سورا
گوندو شاری ، نامەکانمی ، لە باوەشی دەفتەرێکا
داگیرکردووم

لەسەرەوە وتمان مامۆستا جەمیل کاتی کەم لە بەردەست بووە، ئینجا سەرباری ئەوەش سانسۆر و موحارەبەی نێوەندی ئەدەبی و نووسەران بەشێك بوو لە تەگەرەکانی ئەزموونی ئەم شاعیرە چەپە ، کە چەپ بوون و زمانی راستەوخۆ و بێ ماستاوچیەتی هۆکاری سەرەکی ئەوە بوون کە ئەم شاعیرە دژایەتی بکرێ لە لایەن ئەم نێوەندەوە، کە بێجگە لە بەندیخانە و ئەشکەنجەکانی دەزگای ئەمنی هەولێر و کەرکوك، ئەو دەبوایە مامەڵە لەگەڵ سانسۆر و دژایەتی نێوەندی ئەدەبی کوردی و رێکخراوە ئەدەبیەکانی حیزبە کوردییەکانیش بکا !
لە پەراوێزی یەکێك لە شیعرە توورەکانی شاعیر نووسیویەتی دوای خوێندنەوەی ئەم شیعرە ئەو رێکخراوەیە (سەر بە پارتییە) دەریان کردم ! موحارەبە کردنە تا ئەمڕۆش هەر درێژەی هەیە ، نەك تەنیا بۆ جەمیل رەنجبەر بەڵکو بۆ هەر شاعیرێکیتر کە لەگەڵ باو نەبێت. سانسۆر هەر ئەوە نەبوو کە نەیاندەهێشت لە میهرەجانەکان بەشدار بێت یان دوای بەشدار بوون سزایان دەدا ، بەڵکو ناخۆشترین سانسۆر لای ئەو ئەوەبوو کە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان هیچ ئاماژەیان بە خۆی بە ئەزموونەکەی نەدەدا ، بەلام سەرەڕای ئەمە ئەو هۆشیارە و تێدەگا کە مانەوەی ئەو لەسەر یەك هێڵی ئەم ئیلتیزام و باوەڕەیە وای کردووە ئەو وەکو ئەوانیتر( کە یاری لەسەر ئەم پەت و ئەو پەت دەکەن) گرنگی پێنەدرێ چونکە ئەو جۆرێکیتر لە جومباز دەکا و بۆیە بێجگە لەوەی بۆ

کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی نووسەران لە هەولێر دەنووسێ " تفی سەرشۆڕی بژمێرن " ئاوا باسی سانسۆر دەکا :-

شاعیرێکم
جومبازی پەتی ئازارم
کلیلی جێ ی نانم لایە
هاواری چەوساوەکانی نالەی شارم
بەڵام لە ناو گۆڤارەکان
باسی ئێمە ، زامی ئێمە ، نووزەی نایە

توڕەبوونی جەمیل رەنجبەر ، تەنیا دژ بە سیاسەت و سیستەم نییە ، ئەو تەنانەت لە رووداو و رۆژمێری کەسایەتی خۆی بە هەمان چاوی مارکسیی تەفسیری هەڵس و کەوتی کەسەکان دەکا. ئەو دەیەوێ بڵێ کە پارە ،وەك کەرەستەیەك لە وەك فشارێك لە سەر بڕیاری کەسەکان حازرە و رۆڵی هەیە لە تێکدانی شیرازەی پەیوەندییەکان.
لە شیعرێکا کە لە ساڵی ١٩٧٠ باسی سێ حاڵەت دەکا کە ئافرەتێك کاریگەری جەرگبڕی لەسەری داناوە و ئازاری راستەوخۆی جەمیلی عاشقی داوە ، ئەو دەڵێ ((لە نازێکیا ، لە کۆچ کردنیا ، لە شوکردنیا لەو سێ جارە بزواندمی )) ئەو کۆچ و بڕیاری شووکردنە دەبەستێتەوە بە بەرژەوەندی مادی و پێی دەڵێ:-

کە نامەی ئاگرینی تۆ
بە فوی دینار کوژایەوە

دوای حەوت ساڵیش ئەم کەسەرە رۆحییە، ئەم تورەبوونە پڕ ئازارەی هەر لە بیر نەچووە. بۆیە کاتێك جارێکیتر یەکتر دەبیننەوە ، جەمیل هەموو جوانکاری و خشڵە سادەکانی دەستی دولبەر ئەزیەتی دەدا. بۆ جەمیل ئەمانە هۆکارن بۆ بەجێهێشتنی ئەو ، بۆیە دەڵێ :—

که پیرۆزبایم لێکردی
ئەنگوستیلە و کاتژمێرە بچکۆڵەکەت
وەك خەم ژمێر وەردەگێڕا
ئەو کاتە بوو ..دەستت بەناوجەرگم گێڕا

دیسان دەگەڕێمەوە سەر پرسیارەکە و قسەکانم کۆ دەکەمەوە. تووڕەبوونی جەمیل رەنجبەر رەنگە هۆکارێك بووبێت کە دەقەکانی ئەو لە ئاستی جیاوازدا بووبێت. ئەمە بۆ هێمن و گۆران و شێرکۆ بێکەسیش هەروایە . بەلام ، ئەمە هەموو راستییەکە نییە ، لە بیرتانە لەسەرەوە باسی رۆمانی دایك ی مەکسیم گۆرکیمان کرد ؟ کە مەکسیم گۆرکی رۆمانەکەی نووسی شان بەشانی بزوتنەوەی ئەدەبی شۆڕشگێری ئەوسای روسیا بزووتنەوەیەکی سیاسیی و حیزبیی تۆکمەی بە روانگەی مارکسیستی لە کاردابوو ، بۆیە کەسانی وەك گۆڕکی خەیاڵدانی ئەدەبیان زیاتر تەرخان کرابوو بۆ بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی ،چونکە رابەرە سیاسییەکان خەریکی بزووتنەوە سیاسی و حیزبییەکان بوون.
بەلام کەسانێکی وەکو جەمیل رەنجبەر، خەریکی رێکخستن و دامەزراندنی ئەلقەی مارکسی و خەباتی چەکداری یەك دونیا بەرپرسیاریەتیتری کەسی و

کۆمەڵایەتی بوو ، یەك دونیا دژایەتیش دەكرا چ لە لایەن حیزبی بەعس چ لە لایەن كورد لە شەخسیەتی حیزبە كۆنەپەرستەكان و نێوەندە ئەدەبییەكان .
سەرەڕای ئەوەش شیعرەكانی ئەو ، چ ئەو كاتەی عاشقێكی تورەیە و دولبەر لەبەر بەرژەوەندیەكی ماددی بە جێی دەهێڵێ ، چ ئەو كاتەی جەمیل دەڵێ لە دائیرەی ئەمنی هەولێر هەندێ جۆری تەعزیب دراوم كە ناتوانم باسی بكەم و كابرای ئەمن پێی دەڵێ تۆ مامۆستای حەقت چییە بەسەر ئەم لات و رووتانەوە ؟ چ ئەو كاتەی برادەرەكانی خۆی شایەدی لەسەر دەدەن لە دائیرەی ئەمن، چ ئەو كاتەی وەكو تەنیاترین ئەدیبی شاری هەولێر دەیەوێ لە جیاتی جووتیار دروشم دژ بە دەرەبەگ بڵێت، چ ئەو كاتەی لە جیاتی كرێكاری ناهۆشیار قسە بە سەرمایەدار دەڵێ، چ ئەو كاتەی پارتیزانە و شەر بۆ سەربەخۆیی دەكا، چ ئەو كاتەی نوتفەكانی بیركردنەوەی ئەنتەرناسیۆنالیستانە لە قەلەقییەكانی جەمیل دەردەكەوێ، كاتێ لە هەفتاكانی سەدەی رابردوو پرسیار لە دكتۆر مارف خەزنەدار دەكا كە ئایا خوێنەرەكانی ئەدەبی ریالیستی لە رووسیا ئاگایان لەوانە هەیە كە لە وڵاتەكانیتر دەنووسرێن ؟ هەمووی دەرخەری یەك بارودۆخی زۆر زەحمەتن لە بەرامبەر شاعیرێكی تەنیا كە بتوانێ زمانی شیعری لەوەی وتویەتی شاعیرانەتر بێ !
جا كە ئێوە پرسیار دەكەن ئەم توورەبوونە رەوایە، من دەڵێم رەواترین توورەبوونە ، ئەوە ناڕەوایە كە ئەزموونی مامۆستا جەمیل نەخەینەوە ناو چوارچێوەی بەهاداری خۆی. ئەو راستگۆ بوو لەگەڵ تەوزیف كردنی شیعرەكانی خۆی چونكە ئامانجی ئەو تەنیا وتنی شیعر نەبوو ! بۆیە ئەو هەر زۆر زوو ، بێ دوو دڵی پەیوەندی نێوان خۆی و شیعر روون كردەوە :—

من دەمەوێ شیعرێ بڵێم ، زۆر لە شیعر گەورەتر بێ و

شۆڕشێ بێ ، بۆ هاتنە سەرکاری هەژاران

من دەمەوێ شیعرێ بڵێم یاسابێ

بە دەست شاسواری شۆڕشڤان

من دەمەوێ شیعرێ بڵێم ، زۆر لە شیعر گەورەتر بێ و

گوتەیەك بێ ، بۆ گۆڕینی یاسای ژیان !

ئازاری ٢٠١٥

## وەڵامی بەڕێز جەمال کۆششی نووسەر و ڕەخنەگر

پرسیار : ئایا دەتوانین جەمیل ڕەنجبەر بە شاعیری چینی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان ناو زەد بکەین؟ وە بۆچی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیی ئاوڕی لە جەمیل ڕەنجبەر نەداوەتەوە؟ هۆکارەکان چین؟

جەمال کۆشش : دونیایەك سوپاس کە بۆچوونی منتان بەلاوە گرنگ بوو، کاتێك لە نێو خەون و خولیا و بیرکردنەوە و ئەندێشەکانیدا، رادەمێنین. لە شیعرەکانیدا و لە تیکۆشانی ڕۆژانە، کتبێك دەبینن چەکی لەشانە، قەلەمی بەدەستە، جەمیل نەك شاعیر بەڵکە کەسایەتییەکی گرنگی مێژوویی بوو. ئەو دەخوێنیتەوە، ئەوسا گیانی کاولی فەرهەنگی ئەمڕۆ هەست پێدەکەی، لە شیعر و کەسایەتی ئەودا، کابوسی گەورەی بێئومێدی ، بێپەرچەمی، بێپەیامی، بێتامی ئەمڕۆ، لە ئاوێنەکەدا تەماشا دەکەی. جا کابوسی بێئومێدی فەرهەنگی، ترسناکترین نەخۆشییەکە کە ئەدەب بەتەنها دەرقەتی نایەت. ئەلبومی خوێندکارانی سالانی حەفتاکان گەلێك پڕ ژیان تر و تەڕتر، لەم سەردەمەی ئێمە. چاو لە جل و بەرگ پۆشینی کیژان بکەن. ئەو وێنەیە لە هەناسە دەبینمەوە لە جەمیل ڕەنجبەردا، نەك تەنها لە شیعرەکانیدا، لە مۆڕاڵ، ئاکار، هەڵسوکەوت و لەگەڵ خودی خۆی و کۆمەڵگاکەیدا. گەڕانەوە بۆ جەمیل ڕەنجبەر، گەڕانەوەیە بۆ ئارەزووی قووڵی لەزەتبردن لە ژیان. بۆ رزگاری لە بێویژدان کە بە ورگ زل نێو دەنران، بۆرژوا، دەرەبەگ، کۆنەپەرستی ئاینی، گەلێك لێکۆڵەر لەسەر ئەوە هاوبۆچوونن، کە دەوروبەری کۆمەلایەتی و هەلومەرجی سیاسی و ژینگەی تایبەتی و گشتی رۆشنبیریی، پێویستە وەك پێشمەرج و سەرەتای دەست بە

لێکۆڵینەوە بێـت، بـۆ ڕەوت و قوتابخانـە و کەسـایەتییەکان. لەوانـە لۆکـاش. ئـەو سەردەمەی جەمیل ڕەنجبەری شاعیری تێدا دەژیـا، سـەردەمی نوێبونـەوە بـوو، سـەردەمی چـەکەرە کردنـی بیروبـاوەری مارکـسی و دژایـەتی دەرەبـەگ و بڵاوکردنـەوەی بیروبـاوەری ئـازادی خـوازی و لایـەنگری لـە چەوسـاوەکان و میللـەتانی ژێردەسـت بـوو. سـەردەمی گاڵتـەکردن بـە مـەلای دێ، پەیـدابوونی نەوەیەکی نوێ لەزانستی نوێوە کە تەفسیری تریان بۆ ژیان و قیامەت هـەبوو. بـۆ گەردونناسی و نەتەوە و ئایدنتتی . هەقیقـەت ئـاڵوگۆڕێکی گـەورەبوو لـە ئاسـۆ و دونیـابینی و جـوانی ناسـیدا. جـەمیل ڕەنجبـەر کاراکتـەریکی زۆر زینـدووی ئـەم ئاڵوگۆڕە دەبێت .بەتایبـەت لـە سـاڵانی ١٩٧٨ بـەدواوە . ئەگـەر لـە بزوتنـەوەی ڕووناکبیری و لـە نێـو شـاعیرانی ئـەو دەمیـشدا ، چ لـە کـەرکوك، لـە هـەولێر، لـە سـلێمانی، بـۆی بگـەڕێین، سـیما و دەنگـی جـەمیل ڕەنجبـەر تایبەتـە، سـەر بـە ڕەوتـەکانی ڕوانگـە ، نوێخوازەکـان نییـە. یـان دەتـوانم بڵـێم ئـەو لـە دەرەوەی بازنـەی نووسـەران، دەنووسـێت. ئـەو شـاعیرە و لـەڕیزی شـاعیران و ئلـیتی نووسەران نییە. هەندێ جار وەلامـی شـاعیران دەداتـەوە وەك لـەتیف هەڵمـەت و هەندێ جاریش فۆرم وشەی شاعیرەکانی تر بەکاردینێت بۆ مەبەسـتی خـۆی. ئـەو ناچێتە چایخانەی شەعب و یانـەی نووسـەران و تەنانـەت یـەکێتیی نووسـەرانیش، بەڵکـە ئـەو پەیوەندییـەکی دی بـە کۆمەڵگـەوە گرێدەدا، بـە هـەژاران، بەقـەیرە کیژانی کارگەی مافوور، بە جووتیارانی بێزەوی، بە کرێکارانی مەیدانی عەمـەلان، بـە پێـشمەرگە و ئـارام و جەعفـەر و شـەهاب و شـەهیدانی ڕێگـای ڕزگـاری کوردستان. لەو دەور و زەمانەدا، جـەمیل ڕەنجبـەر شـاعیرێکی پێشکەوتنخواز و هەڵوێـستی شۆڕشـگێرانە بـوو. ئـەوەی شـاعیری چـینی کرێکـار وزەحمەتکێـشی کوردستان بێت، برێـك کەرەسـتەی تـری شـیکاریمان پێویـستە. شـاعیری چـینی

کرێکار یان نووسەرانی چینی کرێکار چاوەڕاون دەکرێت لێیان. نەتەنها ئازارەکان و پرسی حاڵیان، بەڵکە ئامانجی سۆشیالیستیانەی شۆڕشی کرێکاریش لە ئاسۆی خەباتی چینی کرێکاردا وەك دونیابینی جیا بکرێتەوە و تایبەتمەندییەکی ئەو کەسایەتی و قوتابخانە فکریی وهونەریی و شیعرییانە بێت. جەمیل رەنجبەری شاعیر چەند چەمکێك و تێگەیشتن لێیان و چەند بنەمایەکی فکریی هەبوون کە رێگری مێژوویی و بابەتی و دراوی کۆمەڵایەتی ئەو دەم رێگای لەبەردەم ئەو خۆناسینە چینایەتییەی بۆ نەڕەخسا بێت. بەڵام بەدڵنیایی وخاترجەمییەوە دەتوانین جەمیل رەنجبەر وەك تاکە شاعیری خەتی ئارام بناسینین.

## وەڵامی بەڕێز گۆران عەبدوڵای شاعیر و رۆژنامەنووس و بەڕێوەبەری سایتی دەنگەکان

پرسیار : جەمیل رەنجبەر زۆر بە راشکاوانە خۆی لەژێر کاتیگۆری ئەدەبی کرێکاریی و شۆڕشگێڕانە دەبینییەوە، شیعرەکانی شایەتحاڵی ئەو راستییەن. ئایا هۆی چییە ئەدەبی کوردیی بەڕاشکاوانە ئەو راستییە راناگەیێنیٚ؟ بەبڕوای تۆ خەسڵەتەکان و سروشتی ئەدەبی کرێکاریی و شۆڕشگێڕانە چین؟

گۆران عەبدوڵا : سەرەتا پێم خۆشە دەست خۆشیت لیٚ بکەم لەوەی دەستمان دەگریت و دەمان بەیتەوە لای شاعیرێك خۆی و گوتار و کردارەکانی لەیەکتر جیاناکرێنەوە. شاعیرێك شاعیری جوانترین سەردەمەکانی شۆڕشگێڕێتی خەڵکی کوردستانی باشوورە دیارە شۆڕش و شۆڕشگێرێتی بە مانا زانستێکەی خۆی. شاعیرێك بە کەرەستە شیعرییەکانی زەمانی خۆیی و زمانێکی سادە و چەکەکەی شانییەوە لە رێی شۆڕش و راپەرینەوە موژدەی ژیانێکی باشتری پێبوو بۆ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان. وەك لەم کۆپلە شیعرییەی دا دەڵیٚ:

ئێمەی هەژار، ئێمەی ئازا، وا پۆڵا دەتوێنینەوە

هەرچی چەکی قورسیش هەیە

ڕەنجی ئێمە باری دەکا

لەمڕۆ بە دوواوە هەموو ئارەقەی رژاومان دێنینەوە.

سەبارەت بە بەشی یەکەمی پرسیارەکەت " ئایا هۆی چییە ئەدەبی کوردی بە راشکاوانە ئەو راستییە راناگەیەنیٚ؟" بە وەڵام بەو پرسیارەتان دەڵێم، ئەدەبی کوردی ئەمڕۆ لە ژێر هەژموونی فیکرێکی تەواو جیاوازدایە لەوەی جەمیل. دوورو

نزيك نايەوێت باس لەكەرەستە و كاتيگۆرييە شيعرێكانى جەميل رەنجبەر بكات، چوونكە لە رووى ميتۆدى سياسيەوە دوو دونيابينى جياوازە . ئەدەبى كوردى ئەمڕۆ بە شێوەيەكى گشتى لە ژێر كاريگەرى دونيابينى ليبراڵيزمدا پێناسەى خۆى دەكات و دەيەوێت برەو بە قوتابخانە ئەدەبێكانى ئەم دونيابينييە بدات، بەپێچەوانەى رەنجبەرەوە كە دەكەوێتە قوتابخانەى ئەدەبى رياڵيزمى سۆشياليستييەوە. باڵى دەست رۆشتوويى ناو ئەدەبى كورديى كە خاوەنى دەزگاى چاپەمەنى و كەناڵاتى جياوازە لە رووى ميدياوە كاتێك باس لە ئەدەبى بەرگريى و مێژووى ئەو ئەدەبە بكات هەوڵدەدات جەميل رەنجبەر، مەلا عەلى، شێركۆ بێكەس، عەبدوللا پەشێو ، لەتيف هەڵمەت، حاجى قادر و فايق بێكەس و دەيان شاعيرى ترمان لەبەستەيەكدا و بەناوى كوردايەتييەوە پێشكەش بە خوێنەر بكات، لە كاتێكدا رۆشنە كە هەريەك لەم شاعيرانەمان ئاسۆو تێڕوانين و رێگاى سياسى جياوازيان هەبووە بۆ چارەسەرى كێشەى كورد و هەريەكەشيان لە بەرژەوەندييەكى سياسى و ئابورى جياوازەوە بانگێشتەيان بۆرزگارى كردووە.

سەبارەت بە بەشى دووەمى پرسيارەكەت ( خەسڵەتەكان و سروشتى ئەدەبى كرێكارى و شۆڕشگێڕانە چين؟)

ئەدەبى كرێكاريى يان رياڵيزمى سۆشياليستى ئينسان تێيدا بنەمايەو لە تێڕوانينێكى چينيەتيانەوە و بە پشت بەستن بە تيۆرى ماركسيزم دەروانێتە كۆمەڵگاو بەرژەوەندييە چينيەتييەكان .

ئەدەبى كرێكارى هەميشە لە هەوڵى ئەوەدايە لە رێى زمانێكى سادەوە ببێتە ئاوێنەيەكى راستەقينەى ژيان و گوزەران و ناڕەزايەتييەكانى خەڵكى كرێكار و

زەحمەتکێش، وە بڕوایەکی تەواوی هەیە بە خەباتی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و جوتیاران بۆ بەدەست هێنانی داخوازێکانیان.

ڕیالیزمی سۆشیالیستی بە ئەرکی خۆی دەزانێت لە ڕێی نووسین و تێکۆشان و بردنە سەری ئاستی هۆشیاری جەماوەر، هەڵاواردنی جنسی نێوان ژن و پیاو و نەتەوەیی و ئاینی نەهێڵێت، وە هاوڵاتییبوون بکاتە بنەمایەکی بنەڕەتی لە وڵاتدا.

ئەدەبی کرێکاری لەوکاتەوەی کارگەو کرێکار درووست بووە، لەوکاتەوەی ناعەدالەتی و چەوسانەوە لە پرۆسەی وە بەرهێنان درووست بوو، لەو سەردەمەوە ئەدەبی کرێکاریش درووست بووە بۆ باسکردن لە نادادپەروەری ئەو سیستمەو ئاسۆی رزگار بوون لێی. بە مانایەکی تر ئەدەب شتێك نییە لە دەرەوەی جێگاو رێگای چینایەتی و فیکری ئینسان هەر بۆیە دەبینین لە مێژوودا قوتابخانەی ئەدەبی جیاواز بە پێی بەرژەوەندییە چینایەتییە جیاوازەکان دروست بووە.

بۆ نموونە قوتابخانەکانی ناچرالیزم و رۆمانسیزم دوو قوتابخانەی زاڵی سەدەی نۆزدەیەم بوون، پاشان قوتابخانەی ریالیزم هاتە کایەوە کە رەخنەگری بەناوبانگی روسی (بیلیسینکی) بە رابەری ئەو قوتابخانەیە دەزانرێت.

ڕیالیزم لەسەر دەستی مەکسیم گۆرگی رۆمانووسی ناسراوی روسیا گۆڕا بە قوتابخانەی ریالیزمی سۆشیالیستی ، ئەوەبوو لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی ئەدیبانی سۆڤییەت لە ساڵی ١٩٣٤ ئەم قوتابخانەیە بە فەرمی ناسێنرا و تائێستاش دەورو نەخشی ئەم قوتابخانەیە کاڵ نەبۆتەوەو شەهید جەمیلیش یەکێك بووە لە قوتابییەکانی ئەم قوتابخانەیە.

## وەڵامی بەڕێز فەرید زامداری شاعیر و هونەرمەند

پرسیار : بەو پێیەی کە ئێوە و جەمیل رەنجبەر لە رووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە هاورێ بوون و گەلێ یادگاری و بیرەوەریی شیرین و جوانتان لە نێواندا هەبووە و هەردووکیشتان خەریکی شیعر بوون. ئایا دەکرێ هەندێ لەو بیرەوەرییانە بگێڕنەوە؟ تۆ وەك خۆت چۆن لە شاعیربوونی جەمیل رەنجبەر دەڕوانی؟ ئایا جەمیل رەنجبەر لە کوێی شیعری کوردییەوە وەستاوە؟

فەرید زامدار : چەمکێك لە بیرەوەرییەکانم لەگەڵ شەهیدی نەمر جەمیل رەنجبەر لە ساڵی ١٩٦٧ خویندکاری پۆلی یەکەمی ناوندی بووم لە ناوەندی جمهوری هەولێر، ئەو، شەهید جەمیل پۆلی سێی ناوەندی بوو، لە من گەورەتر بوو، هەردووکمان وە رزشوان بووین و هەڵبژادەی تۆپی پێ و سەبەتەی ئەو ناوەندییەبووین و ئاشنایەتیمان پەیدا کرد و بووین بە برادەر. ئەو، ئەو کات سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بوو، منیش ئەندامی شانە بووم. وردە وردە دۆستایەتیمان پەرەی سەند و بووین بە دوو برادەری نزیك بەتایبەتی لە سەرەتاکانی شیعر نووسین بووم و هەر شیعرێکی نوێم بنووسیبا، پیشانی ئەوم دەدا. هەر لەڕێی ئەو دۆستایەتییەوە بوو، لە ساڵی ١٩٦٩ منی لە یەکەمین خانەی رۆشبیریی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی رێکخست و لە کۆمەڵێك لە گەنجە فەریکە رۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمە بووم بە ئەندامی یەکەمین خانەی رۆشنبیریی ئەو رێکخراوە. شەهید جەمیل کاریگەرییەکی زۆری لە بیرکردنەوە نوێیەکانی گەنجایەتی من هەبوو. هەر ئەویش بوو یەکەمین شیعری منی لە حەفتەنامەی هاوکاری ساڵی ١٩٧١ لەڕێگەی شاسوار جەلال( شەهید ئارام)

بڵاوکردەوە. هەر لەو ساڵەشدا لەگەڵ شەهید ئارام یەکترمان ناسی کە لە حەفتەنامەی هاوکاری بەرپرسی لاپەڕەی سیاسی بوو. گەنجێکی مارکسی – لینینی چەپڕە و بوو و ئەندامی کارای کومەڵە بوو ـ یە کتر ناسینەکەمان لە شاری بەغدا بوو لەگەڵ شەهید جەعفەر عەبدولواحید کە سەرپەرشتیاری خانەی رۆشنبیریی کۆمەڵە بوو لە شاری هەولێر، لەگەڵ شەهید جەمیل منیان بەو ناساند وەکو ئە ندامی کۆمەڵە. شەهید جەمیل گەنجێکی جوان و قۆز بوو. هەمیشە دەم بە پێکەنین و زەردەخەنەی لەسەر لێوان بوو. شاعیرێکی دەتوانم بڵێم لە مەدرەسەی رۆمانسییەتی شۆڕشگێڕی بوو کە ئەو دەمانە ئەو جۆرە شیعرانە باوی بوو. قسەکەر و موناقەشەزانێکی لێهاتوو بوو. رۆشبیرییەکی فرەلایەنی هەبوو . لە ساڵی ١٩٧٤ بەشداری شۆڕشی ئەیلولمان کرد. کە شۆڕش شکستی هێنا لە ساڵی ١٩٧٥ ئەو خۆی و ماڵو مندڵەکانی لەژێر خێمەکی کۆچەرییانە بوو لە حاجی ئۆمەران سەردانیم کرد و پێی وتم بیروڕای جیاواز زۆرن لەوانە درێژە دان بە شۆڕشی چە کداریی یان خەباتی سیاسیی. دوای گفتوگۆیەکی زۆر پێی وتم عەفو هەیە و بگەڕێوە هەولێر و پاش ماوەیەکی تر لەوێ یەکتر دەبینین و درێژە بە رێکخستنەکانی کۆمەڵە دەدەین. ساڵی ١٩٧٦ یەکترمان دیتەوە و جارجارەش شەهید جەعفەر عەبدلواحید لە چایخانەی عوسمان دەهاتە لامان چونکە لێپرسراوی رێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو لە هەولێر. شەهید جەمیل لێپرسراوی راستەوخۆی من بوو. هێندەی نەبرد شەهید جەمیل دە ستگیر کرا و منیش بۆ ماوەیەك خۆم شاردەوە. ئەوەندەی پێنەچوو ئازاد کرا و یەکترمان دیتەوە، هەندێ رێننمایی پێدام و پێی راگەیاندم کە سەردانی شەهید حەسەن کوێستانی بکەم کە سە رپەرشیاری کۆمیتەی راپەڕینی هەولێر بوو. من ئەوکاتە فەرمانبەری ئیداری سەرۆکایەتی کشتوکاڵی هەولێر بووم، زوو زوو ئیفاد دەکرام

بـۆ ناوچــەکانی ســەرەوە ســەردانی گەلاڵــەم دەکــرد و ئــەو فەرمانبــەر بــوو لــە شارەوانی گەلاڵە، راسپاردەکانی شەهید جـەمیلم پـێ راگەیانـد. شـەهید حەسـەن زۆر پێی دڵخۆش بوو کـە پێـشتریش لـە شۆرشـی ئـەیلول بـرادەر بـووین پێـی وتم دەچیتە لای نزیکترین برادەری خۆت کاك ئازاد جوندیانی لـە هـەولێر و لـە وێ لـە کۆمیتەی راپەرین دەستبەکار بـە. ئەوەنـدەی نـەبرد شـەهید جـەمیل بـۆ جـاری دووەم دەستگیرکرایەوە تا ساڵی ١٩٧٩ بەلێبووردنی گشتی ئازاد کـراو گەڕایـەوە هەولێر. دوای چەند مانگێك پێی وتم بەرە و شـاخ دەڕۆم و تـۆش ئاگـات لـە خـۆت بیـت. بـەلام کـاتێ منـیش بـەرە و شـاخ و پێـشمەرگایەتی چـووم دەرەوە، بـە داخەوە جارێکیتر نەمدیتەوە و جەمیل رەنجبەر شەهید بوو بوو.

## وەڵامی بەڕێز ڕێبین خدری شاعیر و ڕۆماننووس

پرسیار : کاتێ شاعیر چوارچێوەی ئیندیڤیجواڵ بە چوارچێوەیەکی تەنگ بەبەری خۆی و شیعری خۆی دەبینێ و دێت لە پانتایی ئایدیۆلۆژیادا چالاکی ئەدەبی ئەنجام دەدات، وەك ڕەنجبەری شاعیر کە نەفەسی شیعریی لە ریالیزمی سۆشیالیستییەوە وەردەگرت. ئایا چ جۆرە خوێندنەوەیەك بۆ جەمیل ڕەنجبەری شاعیر دەمانگەیەنێت بە وەڵامێکی دروست؟

ڕێبین ئەحمەد خدر : خۆشحاڵبووم بە راوێژی تۆ دووبارە دوای ئەوەی لە تەمەنی چواردە پانزە ساڵییدا خوێندبوومەوە، دیوانی شیعریی جەمیل ڕەنجبەر بخوێنمەوە. خوێندنەوەی ئەوجارەم بۆ دیوانەکەی جیاواز بوو لە هی جاری یەکەم و دووەم، چونکە لەمجارەدا هەستم پێکرد کە شیعرەکانی هەم لە رووی دنیابینی و هەمیشە لە رووی جوانکارییەوە جیاوازیان هەیە لەگەڵ شاعیرانی وەك لەتیف و شێرکۆ و پەشێودا، کە من لە جاری یەکەمدا هەستم کردبوو بەڕادەیەکی زۆر لەیەك نزیکن. هەرچەندە شاعیرانی ئەو دەمە لە خەمی هاوبەش دەدوێن، بەڵام لای جەمیل دەبینین کە بینینەکە فراوانتر و زیاتر لەسەر چەمکی هەژار و کرێکار، و مرۆڤی ئازاردیدە بە شێوەیەکی گشتی تر دەدوێت و هەمیشە لە سنووری ناوچەیەکیدا قەتیس ناکات. دەزانم خەباتی گەلی کورد و هەڵکەوتەی بوونی کورد و مەسەلەی داگیرکاری وایکردووە ئەوکات شیعری کوردی وەك قەڵغانێك وەك ئامڕازێکی بەرگری دەرکەوێت. زۆر جار بەو هۆیەوە شیعر ئەوەندەی دەبوو بە هێزێك بۆ تۆڵە و برووسکەیەك بۆ هێرشکردن، ئەوەندە بەناو خۆیدا رۆ نەدەچوو و یان نەیدەویست ئەم بەرگرییە گرێبداتەوە بە مەسەلە

زەمینییەکان و گشتییەکان — بە یاخیبوونێك کە تەنها لە سنووری مانەوە و خۆڕاگرتندا نەمێنێتەوە و پەل بهاوێ بۆ خۆ دادڕین لە زۆر شتیش کە بۆتە هۆکاری مانەوە بەمشێوە. هەموو ئەوانە دیارن.

شیعرەکانی جەمیل ئاوێتەن بە گۆرانیی و ئاوازژەنینی ژان، وەکچۆن شیعرەکانی لۆرکا-ی ئیسپانی لە گۆرانی دەچوون ئاوا. دەبینین جوانی دیتن و نەرمی و میهرەبانی جەمیل کەوتۆتە رۆژگارێکی رەق و خوێناوییەوە و هاوارەکانی لە شاعیرێك دەچن کە بیەوێت گۆرانییەکانی، ئاوازەکانی لە چوارچێوەی زیندان و مەرگ و هەڕەشە رزگار بکات. گۆرانییەکی پڕ سەدا و جوان لە گەرووی دا هەیە، کە بارودۆخ و رۆژگار نایەنەوێت و نەیانویستووە ئەو گۆرانییە هەبێت و بەتەواوی بێتە دەرەوە، بۆیە بە شیعری بەرەنگاری و بەرگری رووبەرووی ئەو کۆسپانە بۆتەوە. رەنگە بشێ پێی بڵێین شاعیری شۆڕش و زیندان، شاعیرێك کە لە زیندانەوە گۆرانی بۆ ئازادی دەڵێت و ورە دەداتە ئەوانەی دەرەوە. شاعیرێك لە پێناو گۆرانییە دەستبەرسەرداگیراوەکەی شیعر دەنووسێ و ئازار دەنووسێتەوە.

بەداخەوە چەندان دەنگ و سەدای ونبوو لەناو ئەدەبیات و شیعری کوردییدا هەن و پێویستیان بە دووبارە دۆزینەوە هەیە، خۆشحاڵم کە دەتەوێت دووبارە جەمیل بدۆزیتەوە و پێشانمانی بدەیتەوە. هەمیشە لە ئەدەبی کوردیدا دوو یان سێ نووسەر و شاعیر کراون بە چەق و هەموو ئەوانیتر لە پەراوێزی ئەواندا ناچار بە گیاندان کراون، جەمیل رەنگبێ یەکێك بێ لەوانەی بەم پەراوێزە گەیشتووە. ئەم پەتایەی ئەدەبی کوردی تا ئێستاش درێژەی هەیە و چونکە رەخنەگر و ئەدەبیاتویستی هێزدارمان کەمە و ئەوانەش کە هەن خۆیان بە کەمی ماندوو دەکەن، ئەم شاعیر و نووسەرە ونبووانە هیچ زانیاریی و دووبارە خوێندنەوەیەکیان دەرنەکەوتووە. ئەم هەوڵەی تۆ هەوڵێکە بۆ ئەوەی شاعیرێك

رزگاربكەی لەم پەتایە و جێگەی دەستخۆشییە. پێویستە دووبارە خوێنەرانی كورد سەرنجكێش بكرێنەوە كە مێژووی ئەدەبی كوردی بە تەنها چەند شاعیر و نووسەرێك نین و بەس، بەڵكو دەنگانێك هەن بەر شەپۆل كەوتوون، ئایا ئەو شەپۆلانە بەهۆی حزبكاری بوون، بەهۆی ناوچەگەرییەتی بوون، بەهۆی ناسین و خزمخوازی بوون یان چ هۆكارێكی تر؟ گرنگ ئەوەیە دەقی زیندوو و كاریگەر لە قوڵایی خاكیشدا بێت رۆژێك بەخەبەر دێت، یان كەسێكی وەك بەرێزتان بەخەبەری دێنێتەوە. : كێشەی رەخنەی كوردی و خوێندنەوەی كوردی ئەوە نییە، كە شاعیرانمان بەو هۆیەوە ناخوێننەوە كە ئایدۆلۆژیی بوون و سەر بە پارتێك یان فیكرەیەكی دیاریكرابوون، چونكە گەر رەخنەی ئەدەبی هەبێت نابێ گوێ بە فیكرە و ئایدۆلۆژیا بدات، دەبێ رەخنەی بابەتی دەقەكان بكات و فیكرەكانیش وەك بەشێك لە شیعرەكە و رەخنەی خۆی تەماشا بكات. پێموایە چونكە رەخنەی كوردی سەرپێی نەگرتووە و فراوانبینین نین تێیدا، زیاتر شتەكان شەخسیی دەكەینەوە و ئایدۆلۆژیی و پارتخوازی دەبوغزێنین تا لێی وردبینەوە و شیكاری رەخنەیی بۆ بكەین. دەكرێ جەمیل رەخنە بكرێت و دەكرێ لێكۆڵینەوەی وردیشی لەبارەوە بنووسرێت، ئەوەی كە ناكرێت ئەوە شاعیران پەراوێز بخرێن و فرێ بدرێن، هەروا جەمیل بەهۆكاری تر رەنگبێ فەرامۆشكرابێت، دەنا بابەتی حزبی و ئایدۆلۆژیكی ئەوەندە نەبۆتە جێی مەترسی و بێزراو بێت، دەبینین كە شاعیرانی ناو حزب و ئایدۆلۆژیاكان زۆرترینیان لەبارەوە نووسراوە وەك شاعیری گەورەش ناسێنراون، كەواتە هۆكاری تر هەیە كە لە سەرەوە باسمكردوون لەبارەی شاعیرە فەرامۆشكراوەكانی ئەدەبی كوردی.

## وەڵامی بەڕێز عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)ی شاعیر و نووسەر

پرسیار : هۆکاری دەستبردن بۆ خوێندنەوەی جەمیل رەنجبەر لەمرۆدا چییە و بایەخە ئەدەبیی و سیاسیی و رەخنەییەکەی لە چیدایە، لە کاتێکدا ئەو جۆرە رەخنە و لێکۆڵینەوانە لەمرۆی ئەدەبی کوردی زۆر کەمن یان هەر بەرچاو ناکەون؟

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) : بە بۆچوونی من لەبەر ئەوەی جەمیل رەنجبەری شاعیر لە زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانیدا لایەنگری خەباتی چینایەتی کرێکارانە لە دژی سەرمایەداران، ئەمەش بەپێی پۆلینکردنی رێبازە ئەدەبییەکان رەنجبەر دەکەوێتە ژێر پۆلینبەندی ریالیزمی سۆشیالیستی، یان وردتر بڵێم ئەدەبی کرێکاری و مارکسیستی.. رەخنەی ئەدەبی کوردیی لەمرۆدا لە روانگەی ئیندیڤیجوالیزم و هیچگەرایی و لیبراڵیزمی بورژوازییەوە خەریکی خوێندنەوەی دەقی ئەدەبییە. خوێندنەوەی بونیادی دەق بەپشت بەستن بە کۆمەڵێ نووسەر و بیرمەند و فەیلەسوف هەمیشە دووبارەوەبوو وەك میشێل فۆکۆ، نیتشە، هایدگەر، تاد، رەخنەی ئەدەبیی دووچاری (موراوەغە) کردووە. بۆیە بەدەگمەن دەقێك دەبینی لەڕوانگەی رەخنەی ئەدەبی مارکسیستیەوە هەڵبسەنگێنرێت و بەهای ئەدەبیی دیاری بکرێت. سەرجەم فۆکسی رەخنەی ئەدەبیی رووی لەو خاڵەوەیە کە ئەدەبی کرێکاریی بوونی نییە، یانیش ئەگەر هەبێت، جگە لە کۆمەڵێ دروشم و قسەی باق و بریقی سیاسیی و قسەی ناشیعریی و ناهونەریی هیچیتر نییە. لەلایەکی تریشەوە تەبلیغی ژەهراوی دەوڵەتەکانی خۆرئاوا و گروپ و رێبازە لۆکاڵییەکان لە بیست ساڵی رابردوودا توانیویەتی بایەخی ئەم ئەدەبە یەکسان بکات بە هیچ. لەم سۆنگەیەوە سوپایەك لە خوێنەری دەروێش ئاسا ساز

و ئامادەكراون كە نەك هەر لا لەو ئەدەبە ناكەنەوە، بەڵكو رەنگە هەر نەشی خوێننەوە. ئەمە بێجگە لەوەی كە لەسەر ئاستی دونیاشدا ئەو ئەدەبە كەوتۆتە بەر هێرشی كۆنەپەرستانەی رەوت و رێبازە ئەدەبییە جەهلخوازەكان. لە گۆشەنیگایەكی ترەوە، ئەوە راستە رەنجبەری شاعیر وەكو پێشمەرگە، پێشمەرگەی كۆمەڵەی ماركسی —لینینی بوو، كە دواجار دەبێتە یەكێتیی نیشتمانی كوردستان و گیانیش بەخت دەكات، لەبەر ئەم هۆیە هەوڵ دەدرێت جەمیلی سیاسی و پێشمەرگە زاڵ بكرێت بەسەر جەمیلی شاعیری خەڵكی هەژار و زەحمەتكێش، لێرەوە دەستبردن بۆ وەها كارێك لێدانی زەنگی بەئاگاهاتنەوەی كۆمەڵگە و خوێندەوارانیەتی كە بەڵێ ئەدەبێك هەیە كرێكارییە و بەرژەوەندی چیانیەتی كرێكاران، خەون و خەیاڵی ئینسانی كرێكار، ژیان و گوزەرانی ئەو چینە، گۆرانی و ئومێدەكانی، ژان و ئازارەكانی لە هونەرێكی جوان و بەرز دەنەخشێنێ. بۆیە وای دەبینم، گەڕانەوە بۆ جەمیل رەنجبەر، گەڕانەوەیە بۆ كلتووری كرێكاری و ئینسانی بەرز، گەڕانەوەیە بۆ ئەدەبێك كە جگە لە ئینسان، كەرەستەیەكی تری نییە باسی لێوە بكات.

## وەڵامی بەڕێز کاك بایەزید کاوێسی هاوەڵ و عاشقی شیعری جەمیل ڕەنجبەررتان ناسی.. ئاستی ناسینەکەتان

پرسیار : ئێوە بۆ ماوەیەك جەمیل رەنجبەرتان ناسی، ئاستی ناسینەکەتان جۆن؟ کەی بوو یەکترتان ناسی؟ ئایا بە بڕوای ئێوە جەمیل رەنجبەری شاعیر وەك ساعیرێکی سۆسیالیستی چ پێگەیەکی هەیە لە ئەدەبی کوردیدا؟

بایەزید کاوێس : ساڵی ١٩٧١ بوو کەیەکەم جار جەمیل رەنجبەرم ناسی خوێندکار بوو لە دار (خانەی مامۆستایانی هەولێر) ئەوکاتە ماوەیەك بوو دەستی دابووە شیعر نووسین. من لە رێی هاوڕێیەکیەوە بەناوی عەبدولڕەزاق جەمیلم ناسی و بەیەکتری ناساندین راستی نازانم عەبدولرەزاق ئێستا لە کوێیە ئەوکات بەیەکەوە شیوعی بووین. دوای پچڕانی پەیوەندیم بەحیزبی شیوعیەوە ئیدی نەم بینیەوە. جەمیل رەنجبەر ئەندامی حیزبی شیوعی نەبوو بەلام برادەری عەبدولڕەزاق بوو بەیەکتری ناساندین چەند رۆژێك لە هەولێر بەیەکەوە بووین من خوێنەری شیعری و ئەدەبیات بووم و عەبدولڕەزاقیش لەو بارەیەوە شارەزابوو. ئەوکات نزیکەی پێنج ساڵێك دەبوو جەمیل دەستی دابووە شیعر نووسین. لە میانەی گفتووگۆکانماندا جەمیل رەنجبەر زۆر سەرسام بوو بە ئەدەبی سۆڤیەتی و سۆسیالیستی وە پێی وابوو ئەگەر شاعیر لە کۆمەڵێکی سۆسیالیستیدا نەژیت ناتوانێت شعری ریالیزمی (واقعی) بنووسێت و کەسانی سۆسیالیست چێژی لێ بیین، پێی وابوو خەڵکی رووسیا کەلە کۆمەڵێکی سۆسیالیستی دەژین چیژ لە شیعری شاعیرانی وڵاتێکی دیکەی غەیرە سۆسیالیست نابینن؟!. لەم ماوە کەمە کە جەمیل رەنجبەرم ناسی وام هەستدەکرد کەوا سەد ساڵە دەیناسم کەسایەتییەکی تابلێی خۆشەویست و قسەخۆش و گەنجێکی پڕ لە وزە و هەست ناسك و لەهەمان کاتدا شۆڕشگێڕ بوو. ئەوکات چەند شیعرێکی خوێندەوە بۆمان

سەرەتایی بوون، بەڵام من ئاسۆیەکی گەشم تێیدا دەبینی. ئیدی من لە هەولێر ڕۆیشتم و چاوم بە جەمیل ڕەنجبەر نەکەوتەوە بەڵام هەمیشە بە نهێنی لە ڕێگای کۆمەڵێك هاوڕێوە شیعرەکانیم بەدەست دەگەیشت هەستم دەکرد جار بە جار شیعرەکانی جەمیل زیاتر و زیاتر بەلای شیعری سۆسیالیستیدا دەشکێنەوە. واتە شیعرەکانی سەرەتای زیاتر مەیلی مەیلی و ناسیۆنالیستی تێدابوو، بەڵام دواتر دیاربوو کە جەمیل دوای ئەو ماوەیە ببوو بە ئەندامی کۆمەڵە زیاتر و زیاتر شیعرەکانی سۆسیالیستی و دژە بۆرژوایی تیایدا ڕەنگی دابۆوە ، وە ئەگەر دیقەت لە شیعرەکانی دوای ساڵی ١٩٧٦یدا بکەین، ئەوا من وای دەبینم گۆڕانکاری مەزن لە شیعرەکانی ڕوویداوە. لێرەوە جەمیل ڕەنجبەر بە حەق شاعیرێکی سۆسیالیستی و دژە بۆرژوازییە، هەرچەندە بەر لەوەش جەمیل لەساڵی ١٩٦٩ لە شیعرێکی خۆشەویستیدا بۆ کچێك دەنووسێت

تۆ واز بێنە لە ژیانی بورجوازیت
لە بیرت چوو خۆشەوستم
لەبیرت چوو
وتەی ناخی هەژار خوازیت ،
دە واز بێنە لە ئاڵۆزی بیری دوێنێ

لەو گۆرانییەی هەستی زیندووم دەگرێنێ
دو واز بێنە لە ئەندێشەی کۆشك و تەلار
لەنازی نێو جانتای دینار
دە وازبێنە دە وازبێنە

دەبــینی ئــەوکاتیش جــەمیل رەنجبــەر بــە چــاویلکەیەکی سۆسیالیــستییانەوە نــەفرەت لــە ژیــانی بۆرجــوازی دەکــات. بــەڵام لــەدوای ســاڵی ١٩٧٥ ەوە ئیــدی تەکنیکی شیعریــشی گــۆڕا بــەهێزتر بــوو زۆر زۆر وەکــو "ئــەو بڕیــارەی دروێنــەی خەوی کردم ، سەری ساڵێکی راپەڕیو ، رووبارێکی خوێنــاوی، ســروودی هــەژاران ، زەنگی شۆڕشی کرێکاران، خۆری برسی بەهیچ هێزێــك دانــاگیرێ ...هتــد" ئیــدی جەمیل رەنجبەر دەبێتە شاعیرێکی تــەکنیك بــەرز و سۆسیالیــست. تــا ئەوکاتــەی شەهید بوو بەداخەوە ناوە نــاوە شــیعرەکانی بەدەســتم دەگەیــشتن و زۆر پێیــان سەرسام بووم وە بە شەهیدبوونی ئەسەفێکی زۆرم خوارد چــونکە دڵنیــابووم کــەوا دەتــوانێ زۆر زیــاتر پێــشبکەوێت چــونکە زیــاتر و زیــاتر شــیعرەکانی بــەرەپێش دەچوون.

ئیــدی بــەم شــێوەیە تــا دوای راپــەڕین لەســاڵی ١٩٩٦ خۆشــبەختانە جاپخانــەی زانکۆی سەلاحەددین کــە ئــەوکات وابــزانم (مامۆســتا وەلــی) کــە ئێــستا ســەرۆکی زانکۆی کۆیەیە، بەڕێوبەری چــاپخانە بــوو، دیوانەکــەیان چــاپکرد کــە بــۆ مــن زۆر مایەی خۆشحاڵی بوو کە هەموو شیعرەکانی بەیەکەوە تێــدابوو وە هەنــدێ شــیعرم تێدا بینی کە پێشتر نەمدیبوون.

بەڵام بەداخەوە جەمیل رەنجبەر وەکو پێویــست چ لەلایــەن ئــەو رێکخــراوەی کــە تێیــدا ئەنــدام بــوو، چ کەســانی دیکــەی سەربەســت و سۆسیالیــست خوێندنــەوەی پێویست بۆ شیعرەکانی نەکراوە. دەبێت جــەمیل رەنجبــەر زیــاتر بخوێندرێتــەوە وە دەبێــت وەکــو لــە پۆســتەکەمدا باســم کــرد بــە پێــودانگێکی سۆسیالیــستی شــیعرەکانی هەڵبــسەنگێندرێت. ئایــا جــەمیل رەنجبــەر شــاعیرێکی تــا چــەند سۆسیالیست بووە تا وەکو چــەند خزمــەتی بــە چــینی کرێکــار و زەحمەتکێــشان کردووە ؟ ئایا هەر لەبەر باوی مەسەلی سۆســیالیزم جــەمیل رەنجبــەر شــیعری وای

نووسیوە یان هەر بە فیعلی سۆسیالیزم لەناخیدا بووە و شعرەکانیشی لەم لایەنەوە بووە؟

پێم وایە پێگەی جەمیل ڕەنجبەر لە ئەدەبیاتی سۆسیالیستیدا پێگەیەکی تایبەتە و تا ئێستا هەڵنەسەنگێندراوە ئەو کارەی ئێوەش خولیا و خۆزگەی من بووە زۆر زۆر کارێکی مەزن دەکەن ئەگەر بتوانن جەمیل ڕەنجبەر زیندوو بکەنەوە و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ شیعرەکانی بکەن.

# بەشی پێنجەم

## چەند شیعرێکی جەمیل ڕەنجبەر

ئەم شیعرانەی جەمیل ڕەنجبەر کە لەم بەشەدا دانراون، ڕاستەوخۆ لە دیوانی جەمیل ڕەنجبەرەوە وەرگیراون. ئامانج لە هەڵبژاردنی ئەم شیعرانە بەهیچ جۆرێك پەیوەندی بە تەکنیك و بەرزی ئاستی شیعریی جەمیل ڕەنجبەرەوە نییە، چەنکە جەمیل شاعیر بووە و لە هەر قۆناغێکی ژیانیدا بەرهەمەکانی نیشاندانی دەستڕەنگینی و لێهاتوویی شیعریی ئەون. بەڵام ئەم شیعرانە و دیارە بەشێکی بەرچاوی تری شیعرەکانی جەمیل ڕەنجبەر هەڵگری دید و جیهانبینی ڕادیکاڵی و سۆشیالیستین. مەبەستیشمە خوێنەری ئەم کتێبە ئاگاداری گۆشەیەك لە جیهانی شیعریی جەمیل ڕەنجبەر بن، کە مەسەلەی خەباتی چینایەتی کرێکارانی کوردستان کرۆکی شیعرەکان پێك دەهێنێت و جێگایەکی گرنگ لە دنیابینی شیعریی ئەم شاعیرە شۆڕشگێڕە داگیر دەکەن. بەو هیوایەم ئەم شیعرانەی هەڵم بژاردوون تام و چێژی خۆیان ببەخشن وەك تام و چێژی زۆریان پێ بەخشیوم.

# چەپکە گوڵێ بۆ یەخەی هەڵوێستی ژنەکەم

وەك خەمێکی باڵداری شار

لەهێلانەی خۆر دەگەڕام

کەتاریکی شەقامەکان پێیان زانی

هاتن دەرگای سبەێنیان لێ کلیل دام

***

خۆشەویستم

ڕەنگە فرمێسکی غەریبیت

لەکانیاوی تەنیاییا هەڵبقوڵێ

ڕەنگە لاشەی کۆتری گیان

لەزیندانی دەروونی تۆ

وەك مەنجەڵێ چێشت بکوڵێ

ئەرێ گیانە کەی هەناسە

لەناو جریوەی بەربەیان

هەواری دۆزەخی ماڵوێرانی

تکەی قەلاشکەری سەرمای

لەئاگردانی دڵ دیوە؟

*

خۆشەویستم

دەشێ هێشتا تێم نەگەیت و

چۆلەکەی بیر بەسەر چڵی خۆزگەکانتا

جوگەی بێزاری گڕ بگرێ
تۆ بڵێی هێشتا تێم نەگەیت
گیانە مامزی ئاوازەکان
لەکۆڵانی ئاهەنگی شار کەوی نابێ و
نابێ و نابێ
نابێ لەئیستگەی دوژمنان
ڕاو بکرێ باڵی بکرێ
*
ئەری گیانە
کە رووبارێ وشك دەبێ
کەنارەکان پەنا دەبەنە بەر پرسە
کەپایز دێ
گریەی ماڵە سووتاوەکان
وەکو لافاو بۆ رووبار دێ
بەڵام گیانە
خۆ تۆ خوێناوی رووباری
تۆ هەتاوی
لەتەنیایی و تاریکیی زیندان مەترسە.
*
خۆشەویستم
گەر پرسیان کوا هاوسەرت!
بڵێ رۆیی و

نەیویست ببێ بە شۆستەتان
تا پۆستاڵی زوڵمی ئێوەی پیا تێپەڕێ
نەیویست بمرێ
نەیویست ببێ بەڕێ
نەیویست قیڕ بێ و
لە شەقامی پیاوەکانتانا خۆی هەڵسوێ
نەوەك زیلی رەشەباتان
گەردەلوول بۆ چیا ببا
نەوەك تۆپی کرێوەتان
خەرمانی دێ، بۆ گیرفانی بەغدا ببا.
*
خۆشەویستم
بڵێ رۆیی و پێی خۆش نەبوو جارێکیتر
پەتی خنکان بێتە میوانی زیندانی
ئەو خەمی بوو
نیشتمانی زامەکانی بسووتێنێ و
گوڵی شۆڕش لەدووری ئەو گریانی بێ.
*
ئەری گیانە گەر پرسیان
بڵێ رۆیی و ..چونکە ئێوە دەتانەویست ماشێنێ بێ و
سەرمایەی ئێوە لێخوڕێ
بڵێ رۆیی و

نەیویست نانی دیلی بخوات
نەیویست تفی شۆڤینیتان
ڕووی چەوساوەکان سواغ بدات
دەتانەویست شاعیرێ بێ
کوێستانی بێت گەرمای بیابان هەڵمژێ
هەژارێ بێ چڵکاوی ئێوەی پیا بڕژێ
خۆشەویستم
گەر پرسیان کوا ئەو گڕە
بڵێ ڕۆیی و بەم زستانە لە ئاسمانی
هەژارانا دادەگیرسێ
بڵێ ڕۆیی و بەم سەرمایە
کێ بزانێ روت و قوتە لەو دەپرسێ
گیانە:، بڵێ
ئەو ئاگرە بەردەبێتە رقی ئێوە
ئەو ئاگرە ئاگردانی پێشمەرگەیە و
بابەگوڕگوڕی جوتیارە
تاوی گەرمی کرێکارە
ئەو ئاگرە عاشقی ئازادی گوڵە
بۆیە باخی هەموو دنیای لالەبارە.

*

وەك خەمێکی باڵداری شار
لەهێلانەی خۆر دەگەڕام

کەتاریکی شەقامەکان پێیان زانی
هاتن دەرگەی سبەینەیان لێ کلیل دام
بەڵام لەشکری نیوەڕۆ
شاری خەم و تاریکیان داگیرکرد و
سروودی خۆر بوو بە وێری هەژارەکان
کلیکی خوێن، دەرگەی رزگاری کردەوە و
بوو بە گوڵی دڵدارەکان.

زەڵێ١٩/١/١٩٨٠

## زەنگی شۆڕشی کرێکاران

ئا و گڵی ئەم سروشتە
بۆ پێویستی خەندەی مرۆڤ
دەکەین بە هۆنراوەی ژیان
پێستی ئەسمەری ئێمەیە
بەرد و خشتی خانووی بەرز و شەقامی شار
دەشێلێت و ئارەقەی خوێن
هەڵدەسوێ لە گیانی دیوار
ئێمەی هەژار بە تەشی و تەونی بیری ژان
پێست و خوری، لە کارگەی دەست و پەنجەدا

کەوش و بەرگی ئادەمیزاد بەرهەم دێنین
هێشتا نیوەی جامی رەنجمان
بۆ ماوندێتی لەش ناستێنین
*

ئەگەر ئێمەی بەلەنگازان
شوانی هەموو پەزی گیا بین
گۆجانی مێشکی گڕگرتوو
خۆ دەتوانێ
فیودالێ بۆ بارهەڵگرتنی رێ راگرین
ئێمەی هەژار، ئێمەی ئازا
خۆ دەتوانین ، خوڕەی روبار، گەواڵەی قین
بڕژێنینە سەر شێرە بەفرینەی زەمین
ئێمەی هەژار .. دەمانەوێ سەرکردایەتی گەل بکەین
کوتەك بەدەست دەبێ هەردەم لەسەرکەوتن دڵنیا بین
ئێمەی نەبەز پێشمەرگەین و
دەبێ لە چەکدارانی دوێ ئێمە جیا بین.
*

ئەگەر ئێمە رەوتی هەموو زێرابەکان
لەناو بۆڕی ژێر شەقاما بخنکێنین
چڵك و گەردی کۆڵانی شار
بەفربەندی گەسکی تێڵا
ئارەقەی سوڵکەر بڕژێنین

چۆن ناتوانین چەوسێنەر وەك پەز لێخوڕین
چۆن ناتوانین خوێنمژی گەلمان سەربڕین
وەك چۆن بیر بەناو مێشکی ئێمەی تینوو ئاگر دەگرێ
وەك چۆن گوللە بەناو لوولەی کلاشینکۆفا رێگە دەبڕێ
چۆن برسێتی نان دیل دەکا و
لیکاوی گەدە دەڕژێنێ
واش دەست و تفەنگی ئێمە، بە خوێنی سوور
یاسای دەولەت، لە بۆرژواکان دەسێنێ
دەوەنی گڕ ئەگەر لەناو هەرچی زەوی و گێڵگەکانی
چەوسانەوە و ئازار هەیە
بە هۆ هۆی دەنگ و حەیرانی ئێمە بڕوێ
گەر تەبارەی هەرچی خەمی زیان هەیە
ئێەی سەپان دروێنەی کەین
ئەگەر دەستی جوتیاری دێ
بەشەنەبای خەرمان بسوێ
بۆچی هەرچی تەمبەڵ هەیە سواڵکەر نەبێ
بۆچی هەرچی ماندوو نابێ و حەساوەیە
لەژێ دەستی رەنجدەر نەبێ
*
ئێمەی هەژار..ئێمەی ئازا.. وا پۆلا دەتوێنینەوە
هەرچی چەکی قورسیش هەیە
ڕەنجی ئێمە باری دەکا

لەمڕۆ بەدوا هەموو ئارەقەی رژاومان دێنینەوە
*
ئێمەی هەژار ..ئێمەی ئازا.. وا پۆلا دەتوێنینەوە
هەرچی خەمی قورسیش هەیە
بەسەر پردێ ئێمە دەڕوا
ئەی بۆ خوێنمژ گوللە بێت و
لەناو لوولەی زامی خۆمان،
تێمان خوڕێ
بۆچی ئێمە، ئێمەی برسی، ئارەقەی چاو بخۆینەوە
بۆ سەرلەنوێ، بۆ راپەڕین
بۆ شۆڕشی یەکجارەکی نەژێینەوە
ئێمەی کارگەر چاك دەتوانین
نالەی هەژار، خەمی کۆمەڵ،
لە شەوی توون .. بۆ هێلانەی هەتاو بەرین
ئێمەی هەژار، چاك دەتوانین، لەکێڵگەی خوێن
لە کانی نەوتی ئاگرین
لە سەنگەرا.. دەست لە ملی سۆشیالیست بین
چاك دەتوانین، لە مردنیش یەکسان بژین.
*
ئێمەی هەژاری پێشمەرگە کلاشینکۆڤ برسێتیمان
تۆپی توێنێتی دیلێتیمان،
دەڵێ : ئالای رزگاریمان

با دژی چەوسێنەر هەڵکەین لەخاکی شۆڕش و تفەنگ
هەرچی چەکی کارگەی سوورە
لە کوردستانی کارگەران
دەبا بڕۆین، بڕۆین لەگەڵ ئاوازی جەنگ
زەڵێ ١٩٨٠

## هەر دێمەوە

هاوڕێکانم..
کە دێمەوە سەرم وەکو شاخی زۆزان
بەفری زۆری لێ دەکەوێ و ،
خۆری عاشق خەریکی قژ داهێنانە
کە دێمەوە .. دڵم سەنگەری جوتیارە و
شەنەی جۆخین، سەوڵی کەشتی خوێنی گیانە.
شەنەی خەرمان لەناو دەرونی پڕ ژانە
هاوڕێکانم.. کە هاتمەوە
بناری چاو، بەربەرۆژکەی زستانێکە و
هێشتا بەفری لەسەر بانە
*
هاوڕێکانم، کە دێمەوە
وەک منارەی چۆلی بەرز قیت دەبمەوە

که هاتمەوە
شەقامی شار دەگوێزمەوە
لە دوکانی سوخۆرەکان، لاشە بە هەرزان دەفرۆشم
قەترانی خوێن، وەکو بازن.. بەدڵداری نوێ دەفرۆشم
هاوڕێکانم.. کە هاتمەوە
وەك منارە دێرینەکان قیت دەبمەوە
لە میکرۆفۆنی (پێنج فەرزە)
دەبمە (نوێژ) و سورەی سۆشیالیست دەخوێنم
لەڕیزی مام سۆفیەکانا..(کولێرەی یەکسانیم تیایە)
لەهەموو چۆك دادانێکا..هەڵسانەوەم لەگەڵدایە.
*
کە هاتمەوە..دەبمە بەهاری کەلاوەی
قەڵاتی جاری جاران و .. خۆر بۆ کۆڵانەکان دێنین
هەرچی منالی گەڕەکە، گورز گورزانی دەکەن و
قەرزی کرێکارانی شار، لەخانوە بەرزەکانی هەولێر دەسێنین.
*
کە دێمەوە..وەکو منارەی چۆلی بەرز قیت دەبمەوە
کە دێمەوە..گیانم تۆپەڵی ئاگرە و
بە چەکوشی چەوساوەکان دادەگیرسێ
سۆزم لافاوی روبارە و
لەڕامالینی زەلکاوی کەس ناترسێ.

١٩٧٧/١١/٩

# ئەو نووسەرانەی دەروونیان چاڵی بەفرە

( بە بۆنەی بەستنی پێنجەمین کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە هەولێر بەسترا.. هەڵبەتە هەموو نووسەرێك ناگرێتەوە)

یەك، دوو، سێ چەند ئاسانە
تفی سەرشۆڕی دەژمێرێ و ..وشەی دەمی وەك هەناسە
گەڕان ..گەڕان، لەکۆڵانا..
لە شارەکانی خۆمانا..
تا (بژی) و (با)ی تیا بنووسن
هەرچی گڕە..
هەرچی دارستانی چڕە
بە سۆپەرمانی عەنتیکە
دەیانەوێ شاخ و دۆڵیش داپەڵۆسن.
*
ساڵ ژماردن، پوول ژماردن، زۆر ئاسانە
تفی سەرشۆڕی بژمێرن
وشەی داسی درۆکانتان، وەك هەناسە
چاوی رستەکانی ئێوە، کەم بینایە
تانەی ترسنۆکی تیایە.
گیرفانی وشەی کۆنگرەتان
وەك گیرفانی (بەرخۆکە)ی شێت ، پێرار، برا

وەك جەڵەبی یاسادانانی ئاغاكان بەشەو كرا
شەهید شەهاب، جەعفەر، ئەنوەر
عوسمان گرو ، مەجید كەریم، وەستا ئەنوەر
كرێكاری كارگەی هەولێر
جووتیارانی دێهاتی پڕ لە خێرو بێر
چاوی ئێوە نایان بینێ
لە كونجی گەرمی زیندانا، لە كوشتن و تێهەڵدانا
وشە كوێرەكانی ئێوە.. نایان بینێ.
*
پەت و سەكۆی سێدارەكان
بۆتە یانەی ئێوارەی ژینی لاوەكان
لە سەعاتێ هەزاران جار
(سۆندە)ی كێبڵ بن پێی خوێناوی ماچ دەكا
دادی زللە، قژی مێژوومان قاچ دەكا
ئەدیبەكان..
وشەی ترسنۆكی ئێوە..ئەم دەنگانەمان نابینێ
لە خوێن، لە گڕ، لەلافاوی چەوساوەكانا دەترسێ
ئەگەر دەیان كۆنگرە بگرن
بەری خۆری زامەكانی هەژار ناگرن.
*
ئەدیبەكان..
ئێوە لە شار گۆنگرە بگرن.

ئێمەش هەرچی شاهید هەیە
لەژێر لێدان شەقی پۆستاڵی (دوگلەدا)
لەسەر سەکۆی هەموو جەمێکی زیندانا
هەرچی شەهیدی خۆر هەیە.. دەیان ژمێرن
هەر کێی لەناو تەونی دیلی ئێوە دەمرن
دەیان ژمێرن
کردەوەکانتان دەبژێرین
پوول ژماردن، رۆژ ژماردن، ساڵ ژماردن
چەند چرکەیەکی پێش مردن
زۆر هاسانە
بڕیارەکانی گۆنگرەتان
داسی کولی (ساڵحاغایە)
ملپێچی (ڕەش)ی لە ملە و ..بە فیکەیێ لە حەیرانە
بڕیارەکانی گۆنگرەتان..
(حەمەڕەزا)ی شێت نابێنێ
کاتێ کە پێی ئەڵێن (دەروێش)..بەشی هاوار و گریانە.
زامەکانی،،هی (چوارچرا)ی گۆڕستانە.
*
ئەدیبەکان..
داوی وشەی گۆنگرەکەتان..
گەر چۆلەکە بۆ شازادەی پاشا نەگرێ
ڕەوە کۆتری سەربڕاو

به دیاری بۆ گیرفان نەبرێ

نابێ!..نابێ!..

ئەگەر درۆی هەموو دنیا بکەن بە بلوێری حیزی بلوێرژەنێ

نانی (کانە)تان نادەنێ.

١٩٧٨/٧/٣٠

بەرخۆکە : شێتێکی منالٚ پەروەر بوو، پارەیەکی زۆری هەبوو، رووتیان دەکرد.

مەجید کەریم : شەهیدێکە لە کاتی نووسینی ئەم شیعرە شەهید نەکرابوو، بەلاٚم لەکاتی نووسینەوەی ئەم دواییەی شیعرەکە ، خرایە سەر.

دوگلە : بە عەرەبی راست ( دق لە) لە دەزگای تایبەتی مەحکەمەی کەرکووك کە سەربازەکان نەیان دەهێشت دەست بە ئاو بگەیێنن، خێرا بەوی تریان دوت (دەگلە).

سالٚح ئاغا : بەناو شێتێکە گالٚتە بە شارستانییەت دەکات، لە شەقامەکانی هەولێرا داسێکی بە شانەوەیە، بە هوێرەی باری رۆژ زۆر بلٚێیی دەکات.

حەمەڕەزا : کۆنە ئەفسەرێکی سەردەمی ( قازی محەمەد) لەداخی هەرەسهێنانی کۆماری مەهاباد تێك چووە و خۆر بە دەروێشی قازی دەزانێ.

کانە : ئەم جارجارە خواردنەیە کە لە بەندیخانە دەیدەن.

## شیعرێکی بڵاونەکراوەی جەمیل ڕەنجبەر

تێبینییەکی مامۆستا سابیر ساڵح گۆران برای جەمیل رەنجبەر :

ئەم شیعرەش هی شەهید جەمیل رەنجبەرە و هەر لەناو کەشکۆڵی ئەوراق و پەڕاوەکانم دابوو

وا لێرە بڵاوی دەکەمەوە شیعرەکە دەسخەتی رەنجبەرە رەنگبێ لەساڵی ١٩٧٢ نووسرابێ

لەدیوانەکەیدا بڵاونەکراوەتەوە. ئەمەش دەقی شیعرەکەیە. :

## یەکترناسینێك لەگەڵ خانزادی سۆراندا

لە هەورازی بەرەوخۆرا

کاتێ مردن لێمان تۆرا

مەنەلۆجی کیژی سەیران..لەلێوی کوڕ

هاواریان کرد: خانزاد لەکوێی

واپرێسکەی باخەڵی چیای تۆیان سوتاند

کاسەی چاوی نەوەی تۆیان بە خوێن گریاند

خانزاد لەکوێی..؟

چاوی کچە نەغەدەیان هەڵکۆڵیوە

دەیان وەکو قەدەم خێریان کرد بەپەتا

گوڵی گەنجی لاوی حەزت هەڵوەریوە

بەڵام نەتۆ و نە کەسی تر

لەماتەمی بەهارمانا نەیان نەڕاند

..... ....

خاتوو خانزاد

ئەو دوو لێوەم زەردەخەنە هەڵدەڕێژم

ئەو فرمێسکەم ..لەسەرگۆڕی ئێوە رژام

ئەو گوللەیەم ،بەگەرووی تفەنگ

سەردولکە بۆخەم دەبێژم

خاتوو خانزاد..نازانی کێم؟

ئەو کاروانە دنیا دیوەم

لەڕێی دوورا ..ئەسپی ورەم پڕتاو دەکا

ئەو ئاگرەم بەربوویمە جلکی ئەو کەسەی

ماسی هەقیقەت راو دەکا

خاتوو خانزاد ..کواناتبینم

کەللەسەری سوپای یەزید

لەدیوانی قەڵاکەتا..کۆکەیتەوە

کواناتبینم..مەمکی تورتت

لە گرەوی چنگی زۆردار بەریتەوە

خاتوو خانزاد..ئەو کۆترەم

هەزارەها شالووری خەم

لە ناوزامی باڵەکانما..سروودی ئاسایش دەڵێن

ئاسۆی مەندی خوێنی دوێنێم

بوویتەپەندی سەدان بەڵێن

تێبینی : ئەم شیعرە بە سوپاسەوە لە پەیجی مامۆستا سابیر ساڵح گۆران کە برای شەهید رەنجبەرە، وەرگیراوە.

## خۆری برسی بە هیچ هێزێ داناگیرێ

گەر بەرزایی چیاکانمان
وەکو چەکی ماشێنی رێ قەد و بالای کپ بێتەوە
گەر ئازایەتی پێشمەرگە، وەکو شەپۆلی رووبارێ
ماچی کەنار بکا و بنوێ
(ئاومارک) ی خوێن بگرێتەوە.
ئەوسا لە چاڵی دەشتی شەو
ڕەگی ژانی بەرزێتیمان
لە قوولایی برسییەکانا دادەچێنین
ئەوسا بیری ئیرتوازی
لە ناو کێڵگەی هەستی هەژار هەڵدەکەنین
ئەوسا بازاڕ، کۆلان، شەقام..دەگرێنین
دەرگای بەهار دەکەینەوە
گەنم و تفەنگ رزگار بوونی چەوساوەکان
بۆ خێزانی شەهیدەکان ئەبەینەوە.
*
ئەگەر لوتکەی هەژارەکان بەرز نەبێ

ئەی چی بەرزە ؟
دیارە چاڵی بۆرژواکان
سەربەرەوژێر بەرزی تیایە
دیارە کۆشکی سەرمایەدار
ڕەنجی گیانی کرێکارە و
ژانەکانی بەرزی تیایە.
ئەگەر پێشمەرگە برسییەکان ئازا نەبن
کێ ئازایە ؟
دیارە زات و دەست بڵاوی دەوڵەمەندان
سەرمایەی ناو کۆگاکانیان
خوێنی ئازایەتی تیایە.
*
کە گلێنە
سپێنەی چاو دەکا بە هێلانەی بینین
کە هۆشیاریی
سەنگەری مێشك دەکا بەفڕگەی ڕاپەڕین
هەتاو بە خۆی ئەسپی ڕێگا، ئالیك دەدا
ڕووبار بە خۆی، خوڕەی دڵی شۆڕش دێنێ و
گوللەی شەپۆڵ
چەپڵەی سەرکەوتن لێدەدا

١٩٨٠/٣/٢٦

# بەشی شەشەم

# کۆمەڵێ نووسین و وتار و نامە

# چەند سەرنجێك لەسەر دیوانی جەمیل ڕەنجبەر

نووسینی : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

مەبەست لە دیوانی جەمیل ڕەنجبەر چاپی دووەمی دیوانەکەیە کە لە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ساڵی ٢٠٠٧ە. ئەم کتێبە سەرباری دەستخۆشی لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، بەپێویستی دەزانم چەند سەرنجێك لەسەر دیوانەکە بخەمە بەر چاوی خوێنەر. مەبەستیش لەم کارەم هەوڵدانە بۆ خزمەتکردنی شیعرەکانی جەمیل ڕەنجبەر.

سەرنجی یەکەم : لەپێشەکییەکەی دکتۆر مارف خەزنەدار بۆ دیوانی جەمیل ڕەنجبەر ئەگەر چی هەوڵیداوە جەمیل ڕەنجبەرمان باشتر پێ بناسێنێ، کەچی کە لە خوێندنەوەی پێشەکییەکە دەبینەوە، هەست دەکەین دکتۆر مارف خەزنەدار باس لە جەمیلێکی تر دەکات، نەك جەمیل ڕەنجبەرە خۆشەویستەکەی خوێنەر. لە تەواوی ئەو پێشەکییە کە بڕیارە دیوانەکە بە زانیاری ورد و سوودبەخش دەوڵەمەندتر بکات، دکتۆر مارف خەزنەدار ئاگایانە یان بێئاگایانە هەوڵیداوە خۆی لە قەرەی شۆڕشگێڕییەتی شیعرەکانی ڕەنجبەر نەدا. واتە ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانەی شیعرەکان و جیهەتگیریی کرێکاری ڕەنجبەر هیچ جێگایەکیان لەو پێشەکییەدا نییە. دکتۆر مارف باسی ئیلهام و ریتم و داهێنان و ئازادی و پێشمەرگایەتی دەکا بەڵام وەکو کوردێك بۆ ئازادی گەلی کورد نەك وەك شاعیرێك کە خەمی هەموو ڕۆژەی ڕزگاری چینی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان بێت. کاڵ کردنەوەی ئەم ناسنامەیە ناهەقییەکە دەرهەق بە جەمیل ڕەنجبەر دەکرێ. گۆڕینی ئایدێندتی چینایەتی شاعیرێکە کە نە موڵکی حیزب و

نە موڵکی رەخنەگرە، بەڵکو موڵکی کۆمەڵگە و مێژووە. بە وشەیەکی تر دکتۆر مارف خەزنەدار دوای خوێندنەوەی دیوانی جەمیل رەنجبەر شتێك دەنووسێ کە ئەسڵەن دوور لە پێشبینی خوێنەرانی رەنجبەر. چونکە سەرباری شێواندنی ئایدێندتی رەنجبەر، هەستیش دەکەی زۆر لە خۆی دەکا یان ناچار بەو کارە کراوە. ئەگەر ئەرکی نووسینی ئەو پێشەکییە بدرایە دەست رەنجبەر ناسێك، دڵنیام گەلێ پەنجەرەی بەسەر دونیای شیعری رەنجبەردا دەکردەوە.

سەرنجی دووەم : لە خیلالی خوێندنەوەی دیوانی جەمیل رەنجبەر، هەڵەی تایپ دەکەوێتە بەرچاو، ئەمەش نەك چەند هەڵەیەك، بەڵکو بە لێشاو هەڵەی تیایە. ئەم هەڵەی تایپە گاریگەری هەیە بەسەر زەوق و تێکدانی شیعرییەتی شیعرەکان. کاتیکیش کە شیعرییەتی شیعر دەشێوێت، ئاستی داهێنان و جوانکاری ئیستاتیکای شاعیر دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. من وای دەبینم کە کەسی ئامادەکار کاك (جەوهەر کرمانج) دەبوایە ئەو دیوانەی پێش چاپکردن بە وردی بخوێندایەتەوە و هەڵەکانی راست بکردایەتەوە کە بەداخەوە نەیکردوون. ئەمەش بە دەوری خۆی رۆڵی هەیە لەسەر پەیوەستبوونی خوێنەر بە دەقەکانەوە. جارێکی تر بەداخەوە ئەم هەڵەی تایپە و بێبایەخ تەماشاکردنی لەلایەن کاك جەوهەر کرمانجەوە جگە لە غەدر لە شیعرەکانی رەنجبەر هیچیتر نییە.

سەرنجی سێیەم : دیوانی جەمیل رەنجبەر تایبەتە بە شیعرەکانی رەنجبەر، بەڵام لە پێش کۆتایی کتێبەکە دوو شیعری تێدا چاپ کراوە کە شیعری جەمیل رەنجبەر نین. ئەو دوو شیعرە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس و جەوهەر کرمانجن. دانانی ئەو دوو شیعرە لەناو دیوانەکە لە جێی خۆیدا نین. راستە ئەو دەقانە بۆ رەنجبەر نووسراون، بەڵام لە رووی پێکهاتەییەوە بەشێك نین لە دیوانەکە و

نامۆن بە دیوانەکە. لێرەوە دیسانەوە برای ئامادەکار کاک جەوهەر کرمانچ بە پێی ئەو مافەی هەیەتی نەدەبوو ڕێی بەر کارە بدایە.

سەرنجی چوارەم : بڵاوکردنەوەی هەندێ لە نووسینەکانی نووسەر لە کۆتایی دیوانەکە، گەرچی بایەخی سیاسی و ئەدەبی و مێژوویی خۆیان هەیە، بەڵام هەمدیسانەوە ئەو نووسینانە باشتر بوو لە جێگایەکی تر بڵاو بکرانایەوە. لەبەر ئەوەی ئەو دەقانە شیعر نین و لەگەڵ دیوانەکە ڕێك نایەنەوە، لە ڕووی هونەرییەوەش هەست دەکەی کەلێنێکی گەورە هەیە لە نێوان ئەم نووسینانە و شیعرەکان.

سەرنجی پێنجەم : دواجار لەپێناو خستنەڕووی تەواوی شیعرەکانی جەمیل ڕەنجبەر پێشنیاری ئەوە دەکەم دیوانەکە تەتەڵە بکرێتەوە و بژار بکرێت و هەڵەکان ڕاست بکرینەوە و جارێکی تر بڵاو بکرێتەوە تا خوێنەر و هەڵوەدایانی شیعری ڕەنجبەر چێژ لە شیعرەکان ببینن و ڕوحی ڕەنجبەریش ئاسوودەتر بێت.

شوباتی ٢٠١٥

# نامەی عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)
# بۆ هەریار جەمیل ڕەنجبەر

بۆ بەڕێز هەریارخان...کچی جەمیل ڕەنجبەری شاعیر

سڵاو و ڕێز..هیوام خۆشی و سەرفرازیتە

هەریارخان وەك ئاگاداری و پێشتریش لە ڕێگەی فەیسبووکەوە پێم ڕاگەیاندی کە بەدوای کتێبی (دیوانی جەمیل ڕەنجبەر)م و بە نیازم وتارێکی کورتی لەسەر بنووسم. ئەوە بوو ئێوە زەحمەتتان کێشا و دیوانەکەتان هەر لە ڕێگەی فەیسبووکەوە بۆ ناردم. منیش کەوتمە نووسینی ئەو وتارەی کە لە مێژ بوو دەمویست بینووسم. لە هەمان کاتیشدا خەریکی خوێندنەوە و چاوگێڕان بووم بە سایتی شەهید جەمیل ڕەنجبەر لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك. وەك سەرنجمدا سایتەکە ژمارەیەك بیرەوەری ئێوە وەك (بنەماڵەی جەمیل ڕەنجبەر) و هەروەها بیرەوەری کۆمەڵێ هاوڕێ و هاوسەنگەری ڕەنجبەرم تێدا بەدی کرد. لێرەوە بیرۆکەی وتارەکەم بۆ پڕۆژەیەکی گەورەتر، گۆڕا. واتە لە نووسینی وتارێکەوە بۆ نووسین و ئامادەکردنی کتێبێك. هاوکات هەر لە سایتەکەی ڕەنجبەر ژمارەیەك وێنەی جوان و ناوازەی ڕەنجبەرم کەوتە بەرچاو.

هەریارخان... من لە ڕێگەی ئەم نامەیەوە دەمەوێ ئێوە (وەك بنەماڵەی جەمیل ڕەنجبەر) لە ئامانجی ئەم کتێبە ئاگادار بکەمەوە تا ئێوەش بە دەوری خۆتان بتوانن کۆمەکم بکەن.

یەك : پڕۆژەکەم واتا کتێبەکەم لەسەر ڕەنجبەری گیان بەختکردوو دەست پێکردووە و نیوەی زیاتریم تەواو کردووە. وەك ئاشکرایە ڕەنجبەر لە شیعرەکانیدا لێبڕاوانە بیر و بۆچوونەکانی، باوەڕی سیاسی خۆی، ئازادانە بەڵام

شاعیرانە دەربڕیوە. ئامانجی ڕەنجبەر ئازادی و ڕزگاری چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان بوو لە ستەم و بێمافی بورژوازی. جەمیل ڕەنجبەر تێدەکۆشا خەباتی چینایەتی کارگەری کورد بباتە ئاستێکی باڵا و بەرز. بەڵام جێی داخە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیی لای لێ نەکردۆتەوە و ئاوڕی لێ نەداوەتەوە. بۆیە من بە ئەرکی خۆم دەزانم کە لە ڕێگەی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە و ڕامانی خۆم لە جیهانی شیعریی ڕەنجبەر، ئاوڕ لە دونیای شیعری جەمیل ڕەنجبەر بدەمەوە.

دوو : مۆڵەتم بدەن(دیارە بەوپەڕی سوپاس و پێزانینەوە) ئەو بیرەوەری و شیعر و یادگارییانەی کە لە سایتەکەی شەهید جەمیل ڕەنجبەر هەن، لەم کتێبەدا جێیان بکەمەوە، کە نرخ و بەهای سیاسیی و ئەدەبیی خۆیان هەیە. دیارە بە ئەمانەتەوە بە بێ دەستکاری دایان دەنێمەوە جگە لە چاککردنی هەڵەکانی ڕێنووس و ئیملا.

سێ : ژمارەیەك وێنەی ڕەنجبەر کە لە سایتی شەهید جەمیل ڕەنجبەر هەڵم بژاردوون، پێویستیم بە زانیاری دەربارەی وێنەکان هەیە وەك ناوی کەسەکان و ساڵی گرتنی وێنەکان و شوێنی گرتنی وێنەکان. ئەمە جگە لە هەر وێنەیەکی تر بەتایبەتیش وێنە لە میهرەجان و کۆڕە شیعرییەکان ئەگەر دەست بکەوێ، سوپاس گوزار دەبم.

چوار : ئەگەر زانیارییەکانم بەدەست بگات، کتێبەکە لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگی تر تەواو دەبێت و ئامادە دەبێت بۆ چاپکردن.

پێنج : بۆ مەسەلەی چاپکردن ئەوا دەبێت چاوەڕێی دەزگایەك، شوێنێك بم تا بۆمی چاپ بکەن. ئەمەیان بە دەستی من نییە و نازانم کەی و چۆن چاپ دەبێت.

هـەريارخان ...جـەميل رەنجبـەر وەك چۆن بـاوك و بـرای ئێوەيـە، ئـاواش كـوڕی هەژار و خەڵكی دەستەنگی كوردستانە. رەنجبەر موڵكی سەرجەم خەڵكی كرێكـار و زەحمەتكێـشە. لـەم سـۆنگەيەوە رەنجبـەر بـۆ هـەمووما‌ن وەكـو يەكـە. وە پێويـستە هـەمووما‌ن بكۆشـين تـا روحـی رەنجبـەر ئاسـوودە بكـەين. بـەڵێ لـەم گۆشەنيگايەوە ئەم نامەيەتان ئاڕاستە دەكەم و هيـوادارم ئێـوەش وەڵامەكـەم بـۆ بنووسنەوە.

لەگەڵ رێزم بە ئاسوودەيی بتان بينم.

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

١٢ی شوباتی ٢٠١٥

كەنەدا

# وەڵامی هەرباری جەمیل ڕەنجبەر بۆ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

ئەمڕۆکە هەرکەسێك ناوی جەمیل ڕەنجبەری بیستبێت، بێ یەك و دوو شیعرەکان و مەبدەئی نەتەوایەتی و ئاستی ڕۆشەنبیرییەتی جەمیل ڕەنجبەری دێتە بەر چاو دوور لە بیروباوەڕی تەسك و ئینتیمای حزبایەتی، هەموو بەیەك چاو سەیری شەهیدێکی کورد دەکەن کە جێدەست و هزری خەباتی لە نێو کۆمەڵانی خەڵك تاوەکوو ئێستا هەرماوە. بۆیە هەر کەسێك چەند خولەکێك لەگەڵ ئەم شەهیدە مەزنە هەڵسوکەوتی کردبێت، ئەوسا لە نەمان و دووری ئەم جەوهەرەی بەنرخە تێدەگات بەتایبەتی لە بارودۆخی هەنوکەی کوردستان. . کاتێك ویستم بیرەوەرییەکانی شەهید کۆبکەمەوە، هەر هەموو هاوڕێ و کەس و کارەکانی بەوپەڕی سەربەرزییەوە بەسەرهات و بیرەوەری و قسەخۆشەکانی شەهید کە پڕبووە لەعیبرەکانی ژیان، بەشێوەیەکی ئەفسانە ئامێز و بەوپەڕی شانازییەوە هەریەکەو بەگوێرەی بەسەرهاتێك یان دانیشتینێك یان ڕووداوێك ئەو بیرەورییانە بە خاڵ و سەروبۆری وورد و درشتیان تۆماریانکردبوو، دەگێڕاوە، کە خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە بۆ گەورەیی کەسایەتی شەهید کە داستانێکی پڕ لە تێکۆشان و خەبات و قدوەی نەتەوایەتی مەردایتی بەرخودان و ڕۆشەنبیریی بوو. ئێمەش وەك بنەماڵەی شەهید، وێڕای سوپاس وپێ زانینمان، دەستخۆشی لە بەڕێزت دەکەین بۆ ئەو وەفادەریی و دڵسۆزییەی ناخت بۆ شەهیدی جەمیل ڕەنجبەر لە کۆکردنەوەی بیرۆکەی بابەتی نووسینەکەت دەربارەی شەهیدی نیشتیمان و دواتر گۆڕینی بۆ پڕۆژەی بە چاپ گەیاندنی کتێبێك دەربارەی شەهید و بۆ

گەیانـدنی پـەیامی جـەمیل رەنجبـەر لـەڕێگای بـیرەوەری هاوڕێکانییـەوە بـۆ کۆمەڵانی گەلی کوردستان و خوێنـەری بـەرێز، کـە مـن هـیچ جیاوازییـەك نـابینم لەگـەڵ تـەواوکردنی خـەباتی ئـەوان و بۆ گرتنەبـەری رێـچکەی شـەهیدانمان. لـە کۆتایدا دەمەوێت تەنها ئەندە دەڵـێم، راسـتە شـەهید تەمـەنێکی کـەم ژیـا بـەڵام کەڵ ژیا و مێژوویەکی مەزن وپڕ لە سەربڵندی بۆ گەلی کورد تۆمـار کـردووە، بۆیـە وەك جەنابت ئامـاژەت پـێ کـردووە کـە جـەمیل رەنجبـەر تـەنها مـوڵکی کـەس و کاری نییە، بەڵکو برای گەل و نیـشتیمان وهـاوڕێ شـاخ و کوردسـتانە، بـا هـەموو لایەك هەوڵ بدەن بە بـەرز راگـرتنی نـاوی شـەهیدە مەزنـەکانمان چـونکە ئەمانـە مێژووی راستەقینەمانن و دەسکەوتی گـەل و نیـشتیمانن، پاراسـتنی ئـەوانیش لـە ئەستۆی میللەت و هەموو لایەك دایە. دووبارە دەستخۆشی لە جـەنابت دەکـەین و نموونەت هەمیشە زۆر بێت.

هەریار جەمیل رەنجبەر

# سێ نامەی جەمیل ڕەنجبەر
# بۆ سەعادەت خانی هاوسەری

لە میانی خوێندنەوەی ئەم نامانەوە دەگەین بەو تێگەیشتنەی کە :

یەك : نامەکان لێوڕێژن لە خۆشەویستی، خۆشەویستی دوو عاشق، دوو ئینسان کە دڵیان پڕە لە ئەوین. دوو مرۆڤ کە بۆ یەکتر دەسووتێن، دوو تامەزرۆ کە زەمانە لێکی کردوون و هەلومەرجی سیاسیی بۆتە باعیزی پێکەوەبوونیان.

دوو : لیوانلیوە لە ڕێنوێنی و هۆشیارکردنەوە. ئەم ڕێنوێنییانە درێژەی هەر هەمان ڕێنوێنی و هۆشیارکردنەوەیە کە جەمیلی ڕۆشنبیر و پارێزەری مافی ژنان لەگەڵ هاوسەرەکەی بەر لە زیندانیکردن لەژیانی کۆمەڵایەتی ئاسایی خۆیدا پیادەی کردووە، جەمیل وەك خەباتگێڕێك هەمیشە هەوڵیداوە دەوروبەرەکەی هۆشیار بکاتەوە.

سێ : ئامادەیی ئاماژەی ناو وەك باوەڕ بە مەسەلەیەکی گەورە و ئینسانی زیندوو. ئەمەش دەلیلی باوەڕی پتە و بە هێزی جەمیل ڕەنجبەری شاعیر نیشاد دەدا، دەربارەی مەسەلە گرنگەکانی ژیان و بەرگری و خەبات. بۆ نموونە (بوێر) کە ئاماژەی بوێری شاعیر و هاوسەرەکەیەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم و زۆر.

چوار : دواجار تەنکە سێبەرێك لە تەنیایی و غەریبیش لەنێو دێر و پاڵ وشەکانا دەبینین. ئەو ئەگەر چی لە زیندان لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڕێکانیدا بوو، بەڵام تەنیایی و دوورکەوتنەوە لە ئەتمۆسفیری خەبات برێك جەمیلی بێتاقەت کردووە.

## نامەی یەکەم

لەشاخ نوسراوە پێش بەندکردنی لە بندیخانە

بۆ خۆشەیستەکەم دایکی هەروەز

سڵاوێکی گەرم هیوام خۆش وسەرکەوتنتانە. چاوەکانت ماچ دەکەم وچاوی هەرەوەز ماچ دەکەم ودەستی دایك و باوکت ماچ دەکەم وسڵاو لە باقی ئەندامانی خێزانەکەت دەکەم بەتایبەتی ئیسماعیل و نەجات و... هیوادارم ساغ وبەختیاربن.

گیانەکەم : لە زمانی مەجید هێرش بیستم کەماڵی ئێوە باشە خۆشحاڵ بووم گیانەکەم ئەو رێگایەی گرتومانە رێگای بیروباوەر و نەتەوایەتیمە و وەك ئێوە لام پیرۆزە لێت ناشارمەوە زروفی ژیانی من و ئەو توهمانە لە سەرمە ئیعدام کردنی تیایە بۆیە ناتوانم بەئیجازەش بێمەوە. بەڵام ورە بەرزی و بەرخودانمان لە پێناوی ئێوە و نیشتیمانە.

من ئەحواڵم زۆر باشە وهیچ خەمی منت نەبێت وە لەم چەند رۆژانەی رابردووش لە ئێستگەی دەنگی کوردستان شیعریکم خوێندەوە پێشەکەش بوو بەتۆ و هەرەوەز هیوادارم گوێت لێ بووبێت.

گیانەکەم: بۆچی هێندە بی ورەوی و گریان وفرمێسك رشتنت لەچیە ؟ شتێکی باش نییە تازە دەبێت دان بە واقیعی وەزعی من بێنێ ناتوانم ناشبێت خۆم تەسلیم بکەمەوە ئەو وحوکومەتە فاشیە. دووری و تەنیایی بە نسبەت هەردووکمان هەر ناخۆشە، دەبێت لە پێناوی یەکتر تەقەبولی بکەین وتەحەمولی ئازارەکان بکەین،

سڵاوم بەگەیەنە بە ماڵی باوکم و بەتایبەتی دەستی دایك و باوکم و باقی تر ماچ دەکەم ، خۆشەویستی من جێم زۆر خۆشە .

دلسۆزت: باوکی هەرەوەز

لە هامشی نامەکە نامەیەکی ئەرسلان بایزی نوسراوە :

بەرێز دایکی هەرەوەز.... رۆژباش

سڵاوێکی برایانەی گەرم.. تکایە ئەم نامەیە من بۆ سلێمانی و هەر بەم عینوانە رەوانەی بکە، بەڵام تکایەکی تریش کە ئەم زەرفە بگۆریت وبیخەیتە زەرفێکی تر بە هەمان عینوان.

ئیتر سوپاس

برات ئەرسۆ

تێبینی : ئەم نامەیە لە شاخ نووسراوە پێش بەندکردنی شاعیر لە بەندیخانە.

## نامەی دووەم

بۆ بەرێز دایکی هەرەوەز

خۆشەویستەکەم چاوەکانت ماچ دەکەم و هیوادارم باری تەندروستیت باشتر بووبێت هەر خۆش و سەلامەت بن لە قوڵایی دڵمەوە هەواڵت دەپرسم وپیرۆزبایی لە خۆشمان دەکەم بە بۆنەی زیاد بوونی ئەندامی خێزنەکەمان ولە دایك بوونی کێژۆلە جونکیلەکەمان بوێر خان بەڵی من ناوی لێ دەنێم" بوێر" کە تەعبیر لە خۆڕاگری ئێمە دەکات لە بەندیخانە، هیوادارم بەزوترین کات بۆنی کەم ولە ئامێزی بگرم یاخوە هەر بۆیەکتر بمینێن.

گیانەکەم: بە پەلەپەل و نەبوونی کات نەمتوانیوە زۆر درێژە بە نووسینەکەم بەدەم، ئەونەدە نەبێت سڵاوم بگەیەنە هەموو ئەندامانی ماڵی باوکم و باوکت دەستیان مەچ دەکەم هیوادرم هەر باش بن.

گیانەکەم: ناتانم هیچ تەعبیرێك بکەم جونکە لە کاغەزێك جێگەی نابێتەوە، ئەوندە نەبێت دەتوانم لە دوورەوە یادت بەکەمەوە خۆزگە لات دەبووم.

چاوەکەم پانتۆلەکی سپیم بۆ بدوورن بە قانیعەی خێزانی شەهید جەعفر عەبدلواحێد بڵی.

کەلو پەلەکانی مێرەگەسۆر لەگەڵ دایکم بۆ بنێرە، ئیشم بە رادیۆ و تەسجیلکە هەیەلەگەڵ هەندێك کەل وپەلی تایبەتی وەك لیفکەیەك و نەعلێك وکالەیەکی سپی و سێ چوار شریتی بەتاڵ و لەگەڵ قاموسی ئینگلیزی و کوراسەی ئینگلیزی ئەمانە پێداویستییەکانم بە پێ توانا بۆم دابین بکە.

من لە ئەبوغریب لەگەڵ کاك جبار فەرمان مێردی سەبیحە خانە لەگەڵ کاك دارۆ و کاك ئەرسەلان زۆر باشین و زۆر سڵاویان هەیە وپیرۆزبایی لەدایکبوونی بوێر خانت لێدەکەن

سەعادەت ناوی کچەکەمان لێ دەنێم بوێر لە بیر نەکەی بوێر بە مانای بوێر بە و تۆش هەرەدم بوێری . ئاگاداری خۆت بە تا باشتر نەبیت مەیە لام.

جەمیل ١٧-٧-١٩٧٧

**نامەی سێیەم**

بۆ ژنە خۆشەویستەکەم

ژنە خۆشەویستەکەم دەستەکانت دەگوشم و سڵاوێکی گەرمت پێشکەش دەکەم، هیواخوازم لە خەم خواردن بە دوور بێت و تەندروستییت باش بێت. لە دڵتەنگی

و غەریبی و بیر لە دوا رۆژ کردنەوە بە دووربێت. چونکە بە خۆڕاگرتن و بڕوا بەخۆبوون بەسەر هەموو تەنگە چەلەمەیەك زاڵ دەبی.

ئەم نامەیەت لە ٩-١-١٩٧٧ گەیشتە دەستم خۆم پێ ڕانەگیرا یەکسەر وەڵامەکەت بۆ دەنووسم

سەعادەت وەك خۆشەویست کە نوێنەری ڕێگای سەخت وخەم و ناخۆشی وخۆشی ژیان و ئارەزووەکانمی، لەشوێن هەنگاوەکانم چرپەت دێت. لە رووناکی سەدای دەنگما بیری سەربەرزی ژیان بەسەرتا زاڵە، ئومێدم وایە ئەو مەرجە تایبەتیانەی کە هەمووجار داوام لێ دەکردیت وابی. نووکەی باری مەوزوعی لێ هێنابێتەدی پیاوانە.. دڵسۆزیت.. بدوورمەوە، تا منیش لێرە ئارام و دڵخۆش لە رووباری دیاردەکان تاوی ناخۆشییەکان بدەم . دڵنیاشم هەروای.

پێت ناڵێم دایکی هەروەوەز لەگەڵ ئەوەشا دایکی مناڵەکانمی. بەڵام لەبەر ئەوەی بەژنێکی دڵسۆز و برادەرێکی خۆشەویستت دەزانم ناوت دەهێنم چونکە ناو نەهێنانت سیفەتێکی شەرمۆکی دەرەبەگییە وەك هەموو جار پێم دەوتی. بۆیە دەڵێم لە جیاتی من هەرسێ

مناڵە جوانەکانم ماچ بکە و ئەمانەتت بن لە هەموو رووێکەوە تا دووبارە بۆتان دەگەڕێمەوە.

ژنە دڵسۆزەکەم لە نامەکە وتبووت دوای مانگێك دێمە لات.. سوپاست دەکەم و بەخێر بێت. کە هاتی هیچ بارێك لە گەڵ خۆت هەڵمەگرە وەك خواردن نامەوێت ببمە ئەرك بەسەر ئێوە ناز لەسەرت بکەم ،و ئەگەر هاتنت بۆ لای من لە رێگا، باری تەندروستیت تێکدەدات یان بۆت دەرناهێنێ هەموو جار پەلە لە هاتنەلام مەکە، نەرمینی دەستەخوشکت خێزانی "شێخ دارو" هات بۆ ئێرە و هەندێك شتی هێنا بوو

ئەگەر هاتیە لام زۆر شت هەیە بۆتی باس بکەم بە نامە ناتوانم ناکرێت شەرحی کەم

خۆشەویستەکەم سەعادەت دەستی دایکت ماچ دەکەم وهیوادارم تەندروست باش بیت، دەستی باوکت ماچ دەکەم سڵاوم هەیە بۆ کاك نەجات و ئازاد و وریا وهۆشیار چاویان ماچ دەکەم سڵاوم هەیە بۆ ئیسماعیل و نازەنینی خێزانی بە بۆنەی ژیانی هاوسەرگیریان پیرۆزبایان لێدەکەم.

سەعادەت ئەگەر هاتی ئەمانەم بۆ بێنە :

—دوو مەتر لە قەدیفە لە رەنگی سوور و شین وکەسك هەندێك شتی دەستکردیم دروست کردوە لەبەری براوە

—نامیلکەی "رازوسکالا" هۆنراوە پەراوەکەم بۆ بێنە،

لەگەڵ سیرو حامچ وسەوزە وتەماتە پێویستی سەرەکی منن

لەگەڵ ئەو شتانەی لەنامەی پێشتر ناوم بردوبوو. دیسان دەلێم بەپێ توانات بیانهێنە

ئیتر سڵام بگێنە بەگشت خزم ودڵسۆز و مامۆستا خۆشەویستەکانت.

ئیتر بەجێت دێڵم و تا دەست لە ناودەستی یەکجاری. بە پەرۆشەوە چاوەڕێ هاتنت دەبم

دڵسۆزت جەمیل رەنجبەر

١٠-٠١-١٩٧٧

لەژێروە نوسراوە

یادی پار ئەوکاتەم بکەرەوە.

تێبینییەك سەبارەت بە رێنووسی نامەکان :

لەبەر ئەوەی نوسخەی دەستوخەتی نامەکانی جەمیل ڕەنجبەرم لەبەر دەست نییە و نازانم چ ڕێنووسێکی بەکار هێناوە. ئەوەی کە هەیە لە سایتی شەهید جەمیل ڕەنجبەرەوە وەرگیراوە و پڕە لە هەڵەی تایپ و ڕێنووس. منیش هەوڵمداوە ئەو هەڵانە چاك بکەمەوە. بۆیە ڕێنووسی ئەم نامانە، ڕێنووسی جەمیل ڕەنجبەر نییە.

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

# گفتوگۆیەکی گرنگ
# سەبارەت بە یادەوەری و ژیانی منداڵی رەنجبەر و شیعرەکانی

لەیەکێك لە رۆژەکانی پایزی ٢٠١٦ رووم لە مامۆستا سابیر ساڵح گۆران ( برای جەمیل رەنجبەر) نا بۆ ئەم چاوپێکەوتنە، کە بەبڕوای من گرنگییەکی زۆری سیاسیی و ئەدەبیی و مێژوویی و کۆمەڵایەتیی هەیە. من وەڵامەکانی مامۆستا سابیرم وەکو خۆی داناوەتەوە جگە لە چاککردنی رێنووس و رێزمان، دەستکاری هیچم نەکردووە. وەڵامەکانی مامۆستا سابیر گەواهیدەرن لەسەر رێبەری و بەرچاو رۆشنی سیاسیی و رێنیشاندەری کۆمەڵایەتی و ئینجا سەرکەشی و باوەڕی بەهێزی رەنجبەر بە مەسەلە ئینسانییەکان و هەڵوێستگیریی چینایەتی و ئەو غەدرەی کە لە جەمیل رەنجبەر کراوە. گرنگی ئەم وەڵامانە لەوەدایە کە :

یەك : لە زمانی کەسێکی هەرە نزیکی جەمیل رەنجبەرەوە ( برای رەنجبەر) وەك ئەندامێکی بنەماڵەکەیان جگە لە دەربڕینی سۆز و هەستی برایەتی، کۆمەڵێ راستی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی دەوروژێنێ و باسی دەکات.

دوو : هاوڕابوونی وەڵامەکانی مامۆستا سابیر لەگەڵ هێڵی گشتی ئەم پڕۆژە ئەدەبییەم. ئەمەش هەقانیەتی ئەو تێزە دەردەخات کە ئەم پڕۆژەیەی لەسەر بنیاد نراوە، ئەویش تێزی سۆشیالیست بوونی شیعرەکانی جەمیل و مارکسبوونی جەمیل رەنجبەرە.

سێ : ئاڕاستەکردنی رەخنەی جیدی روو بە هاورێ و ئەو لایەنە سیاسییەی کە جەمیل رەنجبەر بوو بە قوربانی.

چــوار : ئامــاژەکردن بــەو هەوڵــە دژی مارکــسییەی کــە لــە کــاتی چــاپکردنی دیوانــەکانی رەنجبــەردا و شــیواندنی بیروبــاوەڕی جــەمیل رەنجبــەر لــە دەقــە شیعرییەکانیدا ئەویش بە لابردن یان دەستکاریکردنی وشەکانی شۆشیالیست و چینی کرێکار و مارکس و لینین.

جا لەم ئاستانەیەوە ئەم چاوپێکەوتنە و بەدەم هاتنەوەی مامۆستا سابیر کەلێنێکی گەورەی ئەم پڕۆژەیەی پڕ کردەوە و شایانی ستایش و رێزە.

## چاوپێکەوتنێك لەگەڵ مامۆستا سابیر ساڵح گۆران (برای جەمیل رەنجبەر)
## سەبارەت بە یادەوەری و ژیانی منداڵی رەنجبەر و شیعرەکانی

سازدانی : عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) : تۆ بەو پێیەی کە ئەندامێکی بنەماڵەی جەمیل رەنجبەریت( برای رەنجبەریت)، تا ئەو جێگەیەی یادوەریت کۆمەکت پێدەکات، دەتوانی تیشکێك بخەیتە سەر ژیانی منداڵیی جەمیل رەنجبەر؟ ئایا رەنجبەر منداڵێکی بزێو بوو یان هێمن؟ شەرمن بوو یان قسە لەڕوو؟ بە وشەیەکی تر، ئێوە چۆن کارەکتەری منداڵی رەنجبەر هەڵدەسەنگێنن؟

سابیر گۆران : ئەوەی بەبیرم مابێ بەکورتی لەسەردەمی منداڵی لەگوندی گۆمەگرووی بووین باس هەر باسی ئاغا و سوغرە و بزووتنەوەی جوتیارانی دەشتی هەولێر بوو. بەوپێیەی جەمیل رەنجبەر نزیکەی دوو ساڵ و نیو لە من گەورەتر بوو، هەموو ژیانی منداڵیمان پێکەوەبوو. باوکم بچووکترین کوڕی عەزیز گۆران بوو، ئەویش جووتیارێکی دەستڕۆیشتوو و گوزەران باشبوو. حەوت کوڕی هەبوو. باپیرم هەرچی کاری سەخت بووا بەوی دەسپارد چونکە وەك لەخۆیم گوێ لێبووە متمانەی پێیبوو. دوای مردنی باوکی, باوکم تووشی گوزەرانێکی سەخت دەبێ، بەڵام زۆر خۆڕاگر و ئیشکەر و چالاك دەبێ شان دەداتە بەر بەخێو کردنی ماڵ و منداڵ بەکاسبی و فەلاحەتی. دوای مردنی باپیرم، باوکم تووشی نەهامەتی و دەردەسەری وبێبەشی زۆر دەبێت. بەڵام هەرخەریکی مەڕداری و دەغڵ و دان چاندن دەبێت. لەساڵی پەنجاو سێش (١٩٥٣) کە بزووتنەوەی جووتیاران هەڵدەگیرسێ،خەڵکی بەگشتی بڕیاریان دا لە ئاغا

هەڵگەڕێنەوە و سوغرە بۆ دەرەبەگ نەکەن. خەڵکی سوێندیان خوارد هەندێکیان تەڵاقیشیان خوارد، بەڵام باوکم وتی من لەگەڵتانم بەس سوێند و تەڵاق ناخۆم. بەڵام بەڵێن دەدەم لەگەڵ ئێوەم بەهیچ جۆرێك سوغرە بۆ ئاغا ناکەم. پیاو قسەدەکا..باوکم دەیوت من گومانم هەبوو لەسەرکەوتن و پاشگەزبوونەوە، بۆیە سوێند و تەڵاقم نەخوارد. وەختی کە بزووتنەوەکە سەری نەگرت وردە وردە خەڵکی چوونەوە دیوەخانی ئاغا و لەجاران پترکەوتنە ژێر رکێفی سوغرە و غەدری ئاغا کەچی ساڵح گۆرانی باوکی رەنجبەر ملی نەدا و نەچووە ماڵی ئاغا و رکەی لەگەڵ کرد.

ئاغاش رقی لێ هەڵگرت و باوکیشم بەڵێنی خۆی بردە سەر و تەسلیم نەبوو تاساڵی ١٩٥٧، لێی لەڕکاچوو دوای ئەوەی دڵنیا بوو خەڵکە چوونەوە سوغرە و گوێڕایەڵی ئاغابوون ، بە باوکم دەڵێ :

ـ مادام پێم رازی نیت گوندەکەم چۆڵ کە ..ماڵت بارکە.. باوکیشم زۆر پەست دەبێ و بێمنەت وەڵامی دەداتەوە

دەڵێ ئەمساڵ هاوینێ دەڕۆم ئاغا گوندەکەت بۆ جێدێلم..هاوینی ئەوساڵە ١٩٥٧ باردەکا بۆ هەولێر و لە گەرەکی بەلاشاوە (ئینگلیزاوەی ئەوسا) نیشتەجێ دەبێ. رەنجبەر ئەوسا نۆساڵان دەبێ بەڵام ئەو ساڵە ناچێتە بەر خوێندن چونکە خەریکی خانووکردن دەبێ لەگەڵ برایەکانی هەر ئەوساڵە دوای سێ چوار مانگ کرێچێتی خانووەکە تەواو دەبێ. رەنجبەر زۆر ئیشی دەکرد لەگوندی شەغرەکێشان و چوو نەکن بەرخان و ئاوهەڵکێشان لەبیر واتە (دۆڵاب) کردن. لەساڵی دواتر واتە ساڵی ١٩٥٨ من و جەمیل دەبرێینە قوتابخانە و لەپۆلی یەکەم لە قوتابخانەی ئەربیل ئولە ( اربیل اولی) دەست بەخوێندن دەکەین. دواتر لەپۆلی چوارەوە بۆ قوتابخانەی سۆرانی سەرەتایی دەگوازرێینەوە. تا لەساڵی

١٩٦٣ پــۆلی شەشـــەمی ســـەرەتایی و لەســـاڵی ١٩٦٦ قۆنـــاخی ناوەنـــدی بەسـەرکەوتوویی دەبڕێ،لێـرەدا پێویـستە بگـوترێ ڕەنجبـەر لەقوتابییـە هـەرە چالاکەکانی قوتابخانە بوو لەبواری خوێندن و چالاکی وێنەکێشان و هـەروەها لـە وەرزشیـــشدا زۆر بـــەتوانابوو. چـــونکەلە خێزانێکـــی شۆڕشـــگێڕو خوێنـــدەوار پەروەردەبوو، ڕۆژبەڕۆژ پتر تێکـەڵاوی کـاری سیاسـی و شـیعر و ئـەدەب دەبـوو، بەتایبەت شیعری نەتەوەپەروەری و بەرەنگاری سـتەمکاری، هەمیـشە پـشتگیری کرێکاران و چەوساوەکانی دەکـرد. جـەمیل منـداڵێکی ژیـر و بزێـو و چـاونەترس بـوو. بـاوەڕی بـە گۆڕانکـاری هـەبوو دەیـوت دەتـوانین ئـەم دنیایـە بگـۆڕین بەدنیایەکی باشتر، بەڵام قوربانی دان و خۆڕاگری دەوێ. لەناو گـەڕەك و کـۆڵان و بـازارو قوتابخانـە و خـزم و کـەس و کـاردا هەمیـشەلە کـوێ بوایـە ئـەودەبووە دەمڕاســت و رابـــەر و ڕێنـــوێنی دەوروبـــەری خـــۆی دەکـــرد. هـــەر لـــەقۆناغی سەرەتاییەوە ساڵی ١٩٦٣ خولیای شیعرنووسینی لاپەیدا بـوو تـا لـە سـاڵی ١٩٦٨ نامیلکەی شیعری خۆی (ڕازو سکاڵا)ی بڵاو کردەوە.

عەبـدوڵا سلێمان (مەشـخەڵ) : پـێ بـە پێـی هـەراش بـوونی جـەمیل ڕەنجبـەر و ئاشنابوونی ئاشنابوونی بە دەرد و ئازار و ستەم، سـەرەتا لـە یـەکێتیی قوتابیـانی کوردسـتان بـاڵی مەکتـەبی سیاسـیی چـالاکی دەنـوێنێ و دواتـریش لـە کۆمەڵـەی مارکسی – لینینی کوردستان، ئـەم سیاسـەتکردنە چ ئـاڵوگۆڕێکی لـە ڕەنجبـەردا بەدی هێنا بەتایبەتیش لە بوارەکانی سیاسیی و کۆمەیەتی؟

سابیر گۆران : من لەوەڵامی پرسیاری یەکەم باسی شەهید ڕەنجبـەرم کـرد کـە لـە قوتابخانە لە هـەموو قۆناخـەکان پێکـەوەبووین ، تۆسـاڵان لەیـەك شـوعبە بـووین. هـەر لەگـەڵ سـەرەتای شۆڕشـەوە، کـە شـەهید (یاسـین)ی بـرام پەیوەنـدی بـە

شۆڕشەوە کرد ماڵەوەمان ببووە فێرگەی شۆڕشگێڕی و کوردایەتی و حیزبایەتی. باس هەر باسی پێشمەرگە و خەبات و شۆڕش و قوربانی دانبوو. ڕەنجبەر هەرلەقۆناخی ناوەندییەوە لەڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیاندا دەستی بەکاری سیاسی کرد. لەناکۆکی جەلالی و مەلاییشدا لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی بوو بەهۆی ئەوەی یاسینی برام لەو باڵە بوو تا لە ساڵی شەست و هەشت ئەو شەهید بوو. شەهیدبوونی یاسینی برامان کاری لەهەموومان کرد بە تایبەت ڕەنجبەر. ئەو لە یەکێتیی قوتابیان گەیشتە پلەی لێپرسراوی یەکەمی شاری هەولێر و لە کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی هەولێر و سلێمانی و بەغدا ئامادە دەبوو. ڕەنجبەر چەوسانەوەی گەلەکەی و زوڵمی چەوسێنەرەکان زۆر کاری تێدەکا و هەمیشە بەرەنگاری عەقڵی سەقەتی عەشیرەتگەری و دینداری تەسك دەبۆوە،کە بە هۆیەوە تووشی چەندین کێشە بوو. بەڵام ئەو هەربەردەوام بوو لەسەربیر و باوەڕەکانی. هەردەم نموونەی ڕەوشتبەرزی و ئازایەتی و پشتگیری کردنی قوتابیە نەدارەکانی دەکرد تا خوێندن تەواو بکەن و ڕێنوێنی دەکردن بەڕاستی لە هەموو ڕووێکەوەپێشەنگبوو. ڕەنجبەر لەسەرخوێندنەوە و خۆپێگەیاندن بەردەوامبوو هەرخەریکی کڕینی کتێب و ڕۆژنامەبوو. هیچ کاتێکی بەفیڕۆ نەدەدا و هەمیشە من و هاوڕێکانی هاندەدا بخوێنینەوە و خۆمان پێگەێنین. هەمووجار دەیوت بخوێنەوە و گومان بکە و بە گیانێکی ڕەخنەگرانەوە بخوێنەوە و سەیری مێژووی کۆن و نویێ بکە. ڕەنجبەر تادەهات گەرم تر دەبوو لەسەر تێکۆشان بە تایبەت کەلەساڵی ١٩٦٩ کتێبە مارکسییەکانی دەخوێندەوە. ماتریالیزمی دیالیکتیکی دەخوێندەوە من وهاوڕێکانی هان دەدا بۆخوێندنەوە. تائەو رادەیە هەستم بە گۆڕان لە کەسێتی ڕەنجبەردەکرد کە هەنگاو بە هەنگاو هەستی پێدەکرا تاکو بووە ڕۆشنبیرێکی دیاری شاری هەولێر. لە هەموو چالاکی و

بۆنەکاندا ڕەنجبەر لە ناوە دیارەکانی شاری هەولێر بوو. ڕەنجبەر گەنجێکی جوان و ڕووخۆش بوو. گرنگی بە کێشەی خەڵکی دەدا، زۆر خۆشەویست بوو لەناو جەماوەر و خەڵکی بە توانا و لێهاتوویی ئەو سەرسامبوون و کەسایەتییەکی کاریزمایی هەبوو، مەکتەبەکەی ماڵەوەمان پڕ لە کتێب و ڕۆژنامەوگۆڤار بوو. لەپاڵ شیعر و ئەدەبدا هەر خەریکی خوێندنەوەی کتێبی فەلسەفی بوو. ڕەنجبەر بۆ من قوتابخانەیەك بوو چەند هەوڵم دەدا نەیدەگەیشتمێ!

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) : جەمیل ڕەنجبەر ئینسانێکی ڕاستگۆ بوو لەگەڵ خۆی و باوەڕەکەی و دەوروبەرەکەی، ئایا ڕەنجبەری مارکسی –لینینی چۆن دەیڕوانییە ژن ؟ پێگەی ژن لە جیهانبینی ڕەنجبەر چۆن بوو؟ ئایا جەمیل تەنها لە باوەڕدا بڕوای بە مەسەلەی ئازادی ژنان هەبوو، یان لەژیانی ڕۆژانەیدا باوەڕەکەی تەرجەمەی واقیع دەکرد؟

سابیر گۆران : بەڵێ ڕەنجبەر ئینسانێك بوو بە مەعنای ئینسانیەت ڕاستگۆبوو لەگەڵ باوەڕەکەی و ئەمەش ڕەنگی دابۆوە لەسەر ڕەفتار و هەڵسو کەوتی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا و زۆر ڕێزی لەخەڵکی دەگرت بە تایبەت چینە هەژار و زەحمەتکێشەکە .لەژیانی خۆشیدا زەحمەتی زۆری کێشاوە تا بەوەڕا دەگا کرێکاریشی کردووە. هاوینی ساڵی ١٩٦٦ دەچووە بەغدایێ بۆ کرێکاری، لەکارگەیەکی بەفر(بووز)دا ئیشی دەکرد. ئەوسا نامەیەکی بۆ من نووسیبوو باسی بەفر و کارگە و کرێکاران و ئێش و ئازارەکانیانی تێدا کردبوو. جگە لە سەلام و قسەی خۆش بۆ ساڵی دوایی ١٩٦٧ منیش لەگەڵی چووم بۆ دەرهێنانی جنسیەی عێراقی و کرێکاری بۆ ماوەی دوو هەفتە پتر کرێکاریمان کرد. جگە لەوەش ڕەنجبەر لە بەغدا ڕۆشنبیران و شاعیرانی بەغدای دەبینی ئەو بە

شارستانییەتی ئەو شارە زۆر سەرسامبوو. ئەوان زۆر لەپێش ئێمەوە بوون. رەنجبەر باوەڕی تەواوی بەفەلسەفەی مارکسیی هەبوو ،هەر لەسۆنگەی باوەڕەکەیەوە زۆر ڕێزی لەژن دەگرت و باوەڕی بەیەکسانی ژن و پیاو هەبوو. هەر ئەوهاش رەفتاری دەکرد چ لە ماڵەوە و چ لەگەڵ هاوژینەکەی، دوای هاوسەرگیری کردنی لەساڵی ١٩٧٢ دا، لە بیرمە هیچ جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچدا نەدەکرد، بەڵگەش ئەوەیە ئەو سێ کچی هەبوو پێیان دەوت با منداڵتان ببێ تاکو کوڕێکتان ببێ، ئەو گاڵتەی پێدەهات و هیچ گوێی بەو قسانە نەدەدا.

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) : لە خیلالی خوێندنەوەی یادەوەرییەکانی کەسە نزیکەکانی جەمیل رەنجبەر، چ ئەندامانی بنەماڵەکەی یان هاوڕێ نزیکەکانی، رەنجبەر وەك شەهیدی حیزبیی یان لایەنێکی سیاسیی ناوزەد دەکەن. زۆر بە سەرپێیی باس لە جەمیلی رادیکاڵ و شۆڕشگێر دەکرێ. تۆ چی دەڵێی لەم بارەیەوە ؟ ئایا ئەمە غەدرێك نییە لە رەنجبەری شۆڕشگێڕ دەکرێ؟

سابیر گۆران : ئەو پرسیارەم زۆر بەدڵە، شەهید هەر شەهیدی گەل و نیشتمانە نەك حیزب و لایەن. هەندێ کەس لە یادەوەرییەکانیان وایان نووسییوە، بەڵام من و زۆربەی بنەماڵەکەمان هەرگیز جەمیل رەنجبەرمان وەك شەهیدی حیزب یان لایەنێکی سیاسی پێناسەو ناوزەد نەکردووە. چونکە شەهیدان هەر دەبێ شەهیدی گەل و نیشتمان بن، نابێ مۆری حیزبییان پێوەبندرێ و بۆ مەرامی هەندێ بەکار بهێندرێ، بە تایبەتیش رەنجبەری شۆڕشگێر چەوساوەپەروەر چۆن دەبێ و دەشێ بچووك بکرێتەوە بۆ شەهیدی تاقم و دەستەیەك، بەتایبەت گەر ئەوانەش دووربن لەڕێبازی پیرۆزی ئەو. چونکە رەنجبەری ئازادیخواز و

مارکسیی"خەباتی بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە بوو، ئامانجی بەدیهێنانی یەکسانی و عەدالەتی کۆمەلایەتی بوو نەك خۆپەرستی و جەردەیی و ملهوڕی!.

من لێرەوە بەو کەسانە دەڵێم کە رەنجبەریان وەك شەهیدی حیزبێك بەکارهێناوە یان وایان ناو هێناوە شەکریان خوارد! من دژی ئەوەم کە رەنجبەر بەشەهیدی حیزبێك دابندرێ ،خۆ شەهید جەمیل لەسەنگەردا شەهیدبووە نەك لە شەڕی خۆبەخۆیی کوردکوژی کە رەنجبەر زۆر رقی لێبوو. لەو باوەڕەدام کە رەنجبەر لەبەر باوەڕبوون بە خەباتی چینایەتی کرێکاران و رێبازی مارکسی – لینینی نەبوایە قەت ئامادە نەدەبوو بچێتە سەنگەر و خۆی بکاتە قوربانییەکی حیزبیی و کوردێنییەکی خێڵەکییانە و دەرەبەگییانە. رەنجبەری پێشمەرگەی رۆشنبیر و ئاسۆفراوان، بیرو باوەڕە چەوساوەپەروەرییەکەی وای لێکردبوو خەباتی کوردایەتی خۆش بوێ بچێتە مەیدانەوە و قوربانی بۆبدا نەك بە پێێچەوانەوە. بەداخەوە هەندێ کەسانی نزیك لە حیزبەکەی وەك شەهیدی حیزبییان دەناساند لەدوای راپەڕین، بەلام ئێمە بەسەرپەرستی یەکێتیی نووسەرانی کورد مەڵبەندی گشتی ،یازدەمین ساڵیادمان لەساڵی ١٩٩١ دا کردەوە وەك یەکەمین ساڵیادی ئاشکرا لە هۆڵی میدیا ،هەولێر.بەلام سالانی دواتر حیزب هەولّی دا بیکاتەوە هی خۆی و ناکۆکیش بخاتە نێوان ئێمەو منداڵەکانی. ئەوەش راستە ئەوان زۆر بەسادەیی و سەرپێی باسی رەنجبەری شاعیری شۆڕشگێڕ و چەوساوە پەروەر کراوە ئەویش لەبەرچەند هۆکارێکە لەوانە"

یەك : باوەڕیان بەرێبازەکەی رەنجبەر نەبووەو لێیان لێ لاداوە.

دوو : لەبەر خۆبەزلزانین و خودپەرستی بۆ بزر کردن و دەرنەخستنی کەسایەتییە بەهێزەکەی و شیعر و شاعیرێتیە چەوساوەپەروەریەکەی،چونکە

ئــەوان بەرامبــەر ئــەو هەســتی کێماســییان هــەبووە لەئاســت نــاو و دەنــگ و خۆشەویـستییە جەماوەرییەکـەی ئـەودا کـە بـە تـۆزی رێـی رەنجبـەر و شـیعری ناوازەی رەنجبەر نەدەگەیشتن.

سێ : لەبەر ئەوەی بنەماڵەکەمان بـشکێنن کـە پێیـان وابـوو رەنجبـەرێك رێـی بـۆ چۆڵ کردوون با یەکێکی تر لەبرایەکانی بەدەرنەکەون، بە تایبەت مامۆستا سـدیق ساڵح و من. بۆیەش بەداخەوە ناکۆکیان خستە نێـوان ئێمـە و منداڵـەکانی شـەهید تا بگەن بەو مەرامەیان،بۆ ماوەیـەك سـەرکەوتن. بـەڵام لەدواییـدا ئـەوانیش بۆیـان روونبۆوە.

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) : بە بڕوای تۆ ئەگەر رەنجبـەر ئێـستا زینـدوو بووایـە، چ پێشبینییەکت دەکرد بۆ کارەکتـەری رەنجبـەر ؟ ئایـا رەنجبـەر لـەنێو بزاوتـی ناسـیونالیزم دەتوایـەوە و وەکـو ئـەم سـەرکردانەی ئـەمڕۆ خـەریکی گەنـدەڵی دەبــوو، یــان شــێلگیرانە وەك پــارێزەرێکی چــینایەتی خــەڵکی کریکــار و زەحمەتکێشی کوردستان تێدەکۆشا ؟

سابیر گۆران : ئەگەر ئێـستا رەنجبـەر زیندووبووایـە (هەرچـەندە داری ئەگـەریش بێبەرە ! )کاراکتەرێکی دیار و کۆڵنەدەری دژە ناسیۆلیستی گەنـدەڵ و پیـسخۆر و راوڕووت چـی دەبـوو، هــەگیز قبـووڵی ئـەوخوار وخێـچی و زوڵـم و زۆرییــەی نـاو کۆمەڵی کـوردەواری نـەدەکرد. قـەت نـاتوانم بـەوە قەناعـەت بکـەم وەك هەنـدێ دەڵــێن رەنگــبێ ئــەویش بتوابایــەوە لــەناو ئــەو لێــشاوی شــڕەخۆری کوردەوارییەدا ! .چونکە ئەوتەنها بۆخۆی سیاسەتی نەدەکرد، بەڵکو وەك چەکێك بــوو بـۆ گەیــشتن بــە ئاســوودەیی کۆمەڵگــە و دابینکردنــی خۆشــگوزەرانی و بنبڕکردنی عەقڵ و رەفتاری دەرەبەگایەتی و بورجوازی ستەمکاری ئەڵقەلـەگوێی

خۆویستی دژه‌چه‌وساوه. ره‌نجبه‌ر باوه‌ڕی به‌ ململانیٚ و خه‌باتی چینایه‌تی هه‌بوو بۆ گه‌یشتن به‌کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی ئازاد و کامه‌ران، ته‌ژی له‌ خه‌ونی ئینسانیی نه‌ك به‌خێڵه‌کی کردنی کۆمه‌ڵگه‌ و به‌حیزبی کردنی تۆتالیتاریانه‌ی ناڕه‌وا بۆ خزمه‌ت که‌سه‌خۆسه‌پێن و قۆرخچییه‌کان له‌په‌نای کوردایه‌تییه‌کی رووکه‌شی درۆزنانه‌ چینه‌ چه‌وساوه‌کانی پیٚ به‌کوشت بده‌ن و بیان که‌ن به‌ سووته‌مه‌نی مه‌رامه‌گڵاوه‌کانی خۆیان و دواتریش هه‌ر ئه‌و سه‌ره‌خێڵه‌کی بوورجوازییه‌ نا به‌رپرسه‌ ساخته‌بازانه، چه‌وساوه‌کان لێبخوڕن و چۆنی بیانه‌ویٚ بیان چه‌وسێننه‌وه‌ و به‌ دروشمی جیاجیا بیانخه‌ڵه‌تێنن! . ره‌نجبه‌ر ده‌یوت ده‌بیٚ رۆشبیره‌ شۆڕشگێڕه‌کان بێن خه‌ڵکه‌ سته‌مدیده‌که‌ رزگار بکه‌ن و کۆمه‌ڵگه‌ به‌ره‌و پێش ببه‌ن نه‌ك بڕبڕو ونجڕونجڕی بکه‌ن وه‌ك ئێستا کردوویانه‌و ده‌یکه‌ن، به‌داخه‌وه! .ئه‌وده‌یوت کوردایه‌تی و سیاسه‌ت و حیزب ئامرازن بۆ خه‌بات له‌پێناو نه‌هێشتنی چه‌وسانه‌وه‌ی مرۆڤ له‌لایه‌ن مرۆڤه‌وه. به‌پێچه‌وانه‌ی چینه‌چه‌وسێنه‌ره‌کان جا هه‌رده‌مامك و ناوێکیان له‌ خۆیان نابێت. ده‌بیٚ رێیان لێبگرین و به‌ره‌نگاریان ببینه‌وه‌ و ریسوایان بکه‌ین. ره‌نجبه‌ر به‌ هیچ جۆرێك بۆ پاره‌ و پوول و بۆ کورسی ئاماده‌ نه‌ده‌بوو له‌گه‌ڵ ئه‌و گه‌نده‌ڵچییانه‌ تێکه‌ڵاو بیٚ و پۆست وه‌ربگریٚ ،حاشا هه‌رگیز هه‌رگیز ناتوانم باوه‌ڕ به‌وه‌ بکه‌م وه‌ك من ره‌نجبه‌رم ناسیوه‌ و خه‌ڵکی ره‌نجبه‌ریان وا به‌پاکی و جوانی و به‌ هه‌ڵوێستی و گه‌لپه‌روه‌ری ناسیوه‌ نه‌ك به‌ خۆویستی و ئاره‌زووی ده‌غه‌ڵ و حه‌زی چه‌په‌ڵ. ئه‌و جیاواز بوو پێچه‌وانه‌ی ئه‌و چه‌شنه‌ مرۆڤانه‌ بوو که‌ بازرگانییان به‌ ئاره‌قه‌ و خوێنی شه‌هیدان کرد، ئه‌گه‌ر ئێستا بمابووایه‌ بێگومان نه‌فره‌تی لێده‌کردن و به‌ گژیاندا ده‌چووه‌وه.

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) : بۆچی ئەدەبیاتی بورژوا ناسیونال لیبراڵی کوردیی بایەخ بە شیعر و شاعیرێتی جەمیل رەنجبەر نادات؟ لە کاتێکدا رەنجبەر شاعیرێکی بە سەلیقە و خاوەن شیعری بەپێزی سیاسیی - چینایەتییە. تۆ هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟

سابیر گۆران : من گرنگی نەدانی ئەدەبی بورژووای ناسیۆنالیستی لیبراڵ بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە چونکە بە دیارخستن و گرنگی دان بە بە کەسایەتی رەنجبەر و شاعیرێیتی و شیعری رەنجبەر بە قازانجی ئەو بەرپرس و ئەدیبە دەستڕۆیشتووە بورررژووایانە ناگەڕێتەوە! کەست دیوە وەك مەسەلەی مەلای مەشوور داری ژێر خۆی ببڕێتەوە. ئەوان لەسەر کەلاکی گەندەڵی و خۆبەزلزانین و بێنرخکردنی هەرچی شتە جوان و داهێنانەکانی خەڵکە چەوساوەپەروەکان و شوون بزر کردنی مێژوویان کاریان کردووە. تا خۆیان و دار و دەستەکەیان بە دیار بخەن و شیعر و خەباتی ئەو کەسانەش شوونبزر،یان بێنرخ بکەن، تا ئەو رادەیە باسیان بکەن بۆ بەرژەوەندی کەسی وحیزبی بەکاری بێنن .وە ئەوەی بەرامبەر شەهید جەمیل کرا دەقاو دەق وابوو. بەڵام ئەو هەوڵەیان پووچەڵبووەوە، رەنجبەر سەرەڕای تێپەڕینی سی و شەش ساڵ هێشتا شیعرەکانی و شاعیرێتییەکەی جێگەی رێز و لێ توێژینەوەیە، باشترین هەوڵی راستکردنەوەی ئەوغەدرەش کە لە کەسایەتی رەنجبەر کراوە لەلایەن هاوڕێ عەبدوڵا مەشخەڵەوەیە. بۆیە وا رەنجبەریان پەراوێزخستووە، دەنادەبووا تا ئێستا چەندین تۆژینەوەونامەی دکتۆرا لەسەر شیعر و شاعیرێتییەکەی وەربگیرایە. هەندێ جار دڵتەنگ دەبم بەو گرنگی نەدانە هەندێ جاریش دەڵێم باش بوو وابوو، چون پشتگوێ خستنی شیعر و ئەدەبەکەی نیشانەی بەرزییەکەیەتی. رەنجبەر لە ماوەی سی و چوار

ساڵی تەمەنییەوە کە نزیکەی هەژدە ساڵ خەریکی شیعر و ئەدەب بوو وەك چەكێك بەكاری دەهێنا بۆ بەرگری لە چەوساوە و زوڵملێكراوانی نەتەوەكەی. دەبێ لێرەدا گلەییەكیش لە هاوڕێ هەولێرییەكان بكەم كەمتەرخەمبوون. دەبوا پتر هەوڵی دەرخستن و ناساندنی كەسایەتی ڕەنجبەر بدەن، بەداخەوە ڕەنجبەر ئەگەر هەولێری نەبووایە زیاتر دەهێنرایە پێشەوە و گرنگیشی زیاتر پێدەدرا. ڕەنجبەرێك لەتەمەنێكی واكەمدا ئەو هەموو بەرهەمە جوانەی داهێنا، ئەدی گریمان تا ئێستا لە ژیاندابووایە دەبێ چەند شاكار و بەرهەمی تری بەپێزی بخستایە سەر ئەوهەموو شیعرە بە سەلیقە و جوانانەی ئێستایەوە؟ دیسانەوە دەڵێم ئەو گرنگی نەدانە بەئەنقەست بووە، وە بە غەدرێكی تری دەژمێرم كە لە ڕەنجبەریان كردووە نەیانهێشتووە شاعیرێتییەكەی و لەسەنگەر شەهیدبوونەكەی و چەوساوە پەروەریەكەی بە باشی بگاتە جەماوەری شیعردۆست. چونكە دیوانە بڵاو كراوەكەشی كە لە ساڵی ١٩٩٥ دەرچووە و چاپكراوە، شتیشی لێ لابردراوە و هەڵەی چاپیشی زۆر تێدایە. لەو ٢٥ساڵەی حوكمی خۆماڵیشدا هەوڵێكی زۆردراوە ،پارەكی زۆر تەخشان كراوە، بۆناشیرین كردنی شیعریی بەرگری و كارگەریی ،بۆیە شیعر و نووسینی سەقەتیان پاداشت كرووەو ئەوانی لە خزمەت بەرژەوەندی چینە مشەخۆرە نابەرپرسەكان نەبووبێ بەلایان ناوە،تاوای لێهاتووە شیعر و شاعیرێتیشیان ناشیرینكرد لەپێش چاو زۆربەی جەماوەرە شعردۆست و نیشتمانپەروەرەكان.

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) (دوا پرسیار) : لە كۆتاییدا زۆر سوپاستان دەكەم مامۆستا گیان. دوا پرسیارم دەكەم بە دوا دەرفەت بۆ بەڕێزتان تا ئەگەر شتێكتان ماوە و دەتانەوێ باسی بكەن، یان ئیزافەیەكی ترتان هەیە بفەرموون.

سابیر گۆران : زەحمەتە بۆمن وەڵامی پرسیارێکی وابدەمەوە پڕ بەپێستی خۆی بێ لەسەر شەهید ڕەنجبەری شاعیری چەوساوە و زوڵم لێکراوانی نەتەوەکەم ،کە هەم لە ژیانی و هەم لە شەهید بوون و هەم دوای شەهیدبوونی بە هۆیەوە ئازاری زۆرم

چێشتووە و تا ئێستا بەو داخەوە بە ئاکامەکانی ئەو ڕووداوانەوە کە بەسەر خانەوادەکەمان بەگشتی و خۆم و ڕەنجبەر بە تایبەتی هاتووە دەتلێمەوە.

لەدوای شەهیدبوونی ڕەنجبەر بە هۆی شەهید بوونەکەیەوە تووشی دەیان گیروگرفت و سەر ئێشە بووم تاڕادەی ئەوەی کاری کردە گۆڕینی ڕێڕەوی ژیانم ،لەلایەکەوە خەڵکانێك هەبوون کە شانازیان بە ڕەنجبەرەوە دەکرد،لێم نزیك دەبوونەوە قسەی دڵی خۆیان بە بێ ترس لەلا دەکردم. لەلایەکی تریشەوە خەڵکانێك هەبوون خۆیان لێم بەدوور دەگرت بە تایبەت لەپێش ڕاپەڕین تاتووشی بەڵا نەبن! . تا ئەو ڕادەیەی جارێك مامۆستایەکی هەولێری کە زۆر دوور بوو لە سیاسەت ،ماوەیەك، هەموو ڕۆژێ بەلامدا دەهات سەلامی لێم نەدەکرد ،ڕووی وەردەگێڕا نەیدەهێشت سلاوی لێبکەم لەدڵم بووە مەرەق تا لە شوێنێکی لاچەپ دیتم، پێم وت: ئەرێ مامۆستا.. بۆ کە من دەبینی ڕووی خۆت وەردەگێڕی؟. وتی مامۆستا سابیر چیت پێ بڵێم بە خوا من دەترسێم نەوەك بەعسییەکان و ئەمنەکان بمبینن سەلامت لێدەکەم! یان قسەت لەگەڵ دەکەم نەخۆ تووشی بەڵایەکی یان لێپرسینەوە ببم! بڵێن ئەتوو ئەو کابرایەی کوو دەناسی؟ منیش وەڵامم داوە ،لۆمن ئەوها خەتەرم نەوێری مەرحەبام بکەی؟

ـ ئەدی ئەنگۆ تێکەڵ سیاسەتن و ئەتوش برای جەمیل ڕەنجبەری ڕەحمەتیت! لۆیێ ناوێرم بەڵام عادز نەبی بەخوا ئەمن ئەتوشم زۆر خۆش دەوێ!

ئـەوەم بۆیـە گێـڕاوە تـا بڵـێم ئێمـە هێنـدە لەخەتـەر دابـووین و چـەندە ژیانمـان دژواربـوو بـۆ بـەردەوامی دان بـە شـۆڕش کەچـی دواتـر خـەڵکانێکی تـر کـە لـە سـەنگەری دژبـوون بـە کـوردێنی و نیـشتمان پـەروەری بـوون بـە خـاوەنی ئـەو راپەڕینە و بە هەق ئەوقسەیە زۆر راستە کە دەگوترێ :کێ کردی وکـێ خـواردی! ..لێرەدا مە بەستم ئەوە نییە کە مەغدوور بووینە لە چنینەوەی بەرهـەمی خـوێنی شەهیدان و ئەوخـەبات و قوربانییانـەی ئێمـە داومانـە، بـەڵکو بـۆ ئەوەمـە کـەبڵێم بەداخەوە ئەو ئامانجەی رەنجبەر بۆی تێکۆشا ،ڕێڕەوی گۆڕدراو لێـی لایانـدا. مـن لە دوای شەهید بـوونی رەنجبـەریش گومانـەکی زۆرم لەلاپەیـدا بـوو کـە رەنجبـەر چۆن وا زوو شەهید بوو ؟بۆ شەهید بـوو؟ هەنـدێ جـار تـا رادەی بێئومێـد بـوون، بــەڵام هــەر بــەردەوام بــووم لەســەر پرســیار کــردن لەســەر چــۆنییەتی شەهیدبوونەکەی کە ئەوەیان بۆم بووە پرسـیارێکی بـێ وەڵام. هەرچـەند هەنـدێ سەرەداویش بـە دەسـتەوەیە ، کـە نـزیکن لەڕاسـتییەوە،بە تایبـەت لەچۆنیەتی هاتنـە خـوارەوەی ئـەو هێـزە و پەیـدابوونی لـە ناکـاوی ئـەودوو کۆپتـەرە کەبـە ناکاوی لە دۆڵەکەی بەرامبەریانـەوە بـە نزمـی دەگاتـە سـەریان و تـەنها ئـەو پۆڵـە پێشمەرگەیە دەپێکـێ کە لەگەڵ رەنجبەر بوون کە لـە دۆڵـی ماخۆبزنانـەوە نزیـك دێی پیرانەڕەش بەرەو خۆشاوەتی دەهاتن؟ زۆرپرسیاری تریش هەیە کـە لێـرەدا پێڕاناگـەین هـەمووی بخەینـە روو. شـەهید بـوونی رەنجبـەر و هاوڕێیـەکانی لـە کوردسـتان وەك کارەسـاتێکی گـەورەیان دانـا و دەنگـی دایـەوە خـەڵکێکی زۆر لەدۆست و برادەرانی، شیعر و بیرەوەری یان بۆ نووسی .منیش هـەر لەوسـاوە کـە ئەو شەهید بووە بەگوێرەی توانام هەوڵم داوە رەنجبـەر بناسـێنم ،چ بەشـیعر؟ چ بەنووسین ؟چ بە بەردەوامی دان بەرێبازەکەی؟ هەر ئەوەش وای لە من کـرد خـۆم بە دوور بگرم لە کارکردن لە حیـزب هـەر لـە سـاڵی ١٩٨٣ دا تـادوای راپـەڕینیش

چـونکه مـن پـێم وابـوو کـە ئـەوە ئەوحیزبـە نییـە کەڕەنجبـەر بـاوەڕی پێیهـەبوو .مەبەستیشم دەسکەوتوو پارە وپوول نەبوو کە بە هۆیەوە خۆمی پـێ دەوڵەمەنـد بکـەم، وەك هەنـدێ کـەس پێیانـدەوتم،،تۆ نـازانی لێـی بخـۆی؟ دەیـانوت : وای ئەگەر ئێمە لەجێی تۆ دەبووین! ئـەوان راسـتیان دەکـرد ئەگـەر مـن وەك هەنـدێ کەس تەنازولم لە بیروباوەڕەکەم بکردایە بێـشك زۆرسـوود مەنـد دەبـووم! بـەڵام هەرچـەند مـن بـە بـارودۆخی سـەختی ئابووریـدا رەتبـووم هـەرگیز کـۆڵم نـەدا و تەسلیم نەبووم و نەهاتمە ژێر باری رێکخستنێ کە باوەڕم پێی نەبوو.

هەندێ برادەریش پێیان دەوتم : دنیا گۆڕاوە تۆ بۆ ناگۆڕێی؟ تۆ بۆ ناتوانی خـۆت بگونجێنی؟! بۆ لەسەرباوەڕی خۆت مکوڕی؟

منیش بە هـیچ جۆرێـك ئـەو جـۆرە سیاسـەت کردنـەی کـە خـۆی لـە راوەڕووت و ئاودیوکردن و غاردان بە دوای حەز و ئارەزووە خودپەرسـتییە زێـدە قێزەونـەکان دەبینیەوە قەبووڵ نەکرد و خۆم لێ بە دوورگرت کە وردەبورژواکـان وەك ئـەوەی نانیان کەوتبێتە رۆن و دوونگێکی چەوریان بە دەسـت کـەوتبێ بـەدوای ئـارەزووە چڵکنەکانیان کەوتن و ئەو بیرو باوەڕەشی کەپێشتر خۆیـان پێدەناسـاند بـەلاوەنا ..بـەبیانووی خۆگونجانـدن. دیـارە پێـشتر وەك مـۆدە یـان هەڵخەڵەتانـدن باسـی رزگـاری گـەل و عەدالـەتی کۆمەڵایـەتی ئـازادی بـیرورا و دەیـان دروشمـی تریـان کردووە .لێرەدا پێویستە بوترێ ئەوقسەیە هەمووان ناگرێتەوە، بـەڵام زۆریـان بـە خۆشی یان ناچاری یـان کـەمبڕوایی رەگـەڵیان کـەوتن! .مـن پـێش ئـەوەیی کاکـە رەنجبەرم خۆی بگەینێتە چـیا ئـەو وەك مامۆسـتای زینـدان دەرد و چەرمەسـەری زۆری چێشتبوو بۆیە کـە جـاری دووەم لـە زینـدان بەرلێبوردنەکـەی سـاڵی ١٩٧٩ دەکـەوێ، دوای چـەند مانگێـك بڕیـاری یـەکجارەکی رۆیـشتنی دا ،هەرچـەند ئـەو دەیزانی ئەو رێبازە سەختە وپڕی لـە گێرەوکێـشە وپـیلان و ملـشکاندنە. کـە لـە

وبارەیەوە بەر لە رۆیشتنی پێم وت: مادام هەر دەڕۆی ئاگات لە خۆت بی ،تۆ بەتەنیا موڵکی خۆت نیت ،هەمووومان پێویستمان بە تۆیە.ئەو دەیوت دەبێ بچم لەوێ شۆڕش بکەین جیهانێکی تر ،ژیانێکی باشتر بۆ هەژارەکانی نیشتمانەکەم دروست بکەین، یەکسانی بهێنینەکایەوە بەهەموو چەشنەکانییەوە. هەر پێمدەوت کاکە ئاگات لە خۆت بێ ، لە ئاخیر جاردا کە خوا حافیزیم لێکرد چەندین جار دووبارەم کردەوە ئاگات لەخۆت بێ لەپیلانی دەرەبەگ و بورژوا سیاسییە تەڵەکەباز و دڵڕەشەکان نەوەکا تووشی کێشە یان کەمینێکت لۆدابنێن! ئەو هەردەیوت دەزانم هەوڵ دەدەم ئاگام لە خۆم بێ لەپێناوی ئێوە و منداڵەکان و رێبازەکەشم بە گوێرەی توانا خۆم دەپارێزم و شەڕی خۆتڕین ناکەم ..گۆزەی ئاوێش لەڕێی ئاوێ دەشکێ!.

دوا جار جەمیل رەنجبەر شەهید بوو، خەم و خەفەتەکەشی بۆ هاوژینەکەی و کچەکانی و دایکم و باوکم و من و برایەکانم و خوشکەکانم مایەوە بووە داخێکی گەورە و پێمانەونرا، هەرچەند سەربەرزییەکی گەورەشە بۆمان هەتا هەتا بەگیڤارای ئەوسەردەمە دادەنرێ و یان من وای دادەنێم! .

لە دوای مەرگی رەنجبەر،دایکیشم بەوداخ و کەسەرە دوای ساڵێك و سێ مانگ بە گڕی ئاگری جەرگ سوتان و ئاگری پەلەمێزەوە سەردەنێتەوە،ئای لەوڕۆژە کە خەبەری سووتانی دایکم ،کەلە بناغەدا تووشی نەخۆشی دڵ و فشاری خوێن و چەندین نەخۆشی تربوو کە بە هۆیانەوە لە نەخۆشخانەی کۆماری بەشی ،سووتان کۆچی دوایی کرد ،لەبیرمە باوکم چۆن گڕی تێبەربووبوو و هاواری لێ هەڵسابوو بۆن کرووز لەجەرگییەوە هەڵدەستا و دەیگۆت ودەیگۆتەوە،دایکی شەهیدانم رۆ..دایکی شەهید جەمیل رەنجبەر و یاسینم رۆ..دایکی کاکەجەمیلم رۆ ،بە هەردوو دەستان لە چۆکی خۆی دەدا،من نەمدەزانی خەمی دایکی

سوتاوم بخۆم یان هی باوکی جەرگبڕاوم،وای چ ڕۆژە ڕەشێك بوو. مردنی دایکم بۆ من بوو بە کۆستێکی تر کە هەرگیز جێگەی ئەو دایکە مەزنە بۆ من پڕ نابێتەوە.کاتێکیش ئیسماعیلی برای گەورە و بەجەرگ و خۆڕاگرم بەداخی (سەگۆڵ) : واتە سەدام، بە قەولی ئیسماعیلی برام کە وای بەسەدام دەوت. لەشەوێکی ساڵی ١٩٨٤کە گوێی لە قوتابیانی دارالمعلمات دەبێ گۆرانی: سەدام زێڕە: دەڵێن لە داخانافشاری خوێنی زۆر بەرز دەبێتەوە و لە تەمەنی چلوچوار ساڵیدا جوانەمەرگ دەبێ یان بەلای منەوە بەو داخەوە شەهید دەبێ ئەو مەرگە لە ناکاوەی ئسماعیلی برای جوانەرگم زامەکانی باوکمی کە هێێشتا قەتماغە نەببوون دووبارە کولاندەوە. باوکم هەمیشە رادیۆکەی بەم هیوایەوە بە دەستەوەبوو تا گوێی لە هەواڵێکی خۆشی شۆڕش و چالاکییەکانی پێشمەرگە و سەرکەوتنەکان و ناوی شەهید جەمیل ڕەنجبەری ڕۆڵە شەهیدەکەی ببێ کە بەردەوام لەسەر زاری بوو وشانازی پێوە دەکرد .کە لە دوکانەکە بچووکە عەتاریەکەیدا برادەران و دۆستان دەهاتنە لای دڵیان دەدایەوە و باسی دەنگوباسی شۆڕش و پێشمەگەیان دەکرد هەواڵی کەسوکاری پێشمەرگە و شەهیدانیان بە یەکتری دەگەیاند لە بازاڕی شێخەڵا،دوکانەکەشی وەك بارەگایەکی شۆڕش وابوو ،خەڵکی لای باوکم بێترس قسەیان دەکرد ،هەرچەند ڕژێم جاش وسیخوڕیشی زۆر بوو بەڵام ئەوان ئەوەندە گوێیان پێنەدەدا. کە شۆڕشیش بەرەوکزی و توانەوە چوو. لەساڵی ١٩٨٨ دوای وەستانی شەڕی ئێران و عێراق، باوکم زۆر خەمبار بوو پێی چونکە چالاکییەکان وەك جاران نەمابوون ئەوی تووشی جۆرێك لە بێئومێدی کردبوو باوکیشم هەرچەند نەخۆشی فشاری خوێنی هەبوو، بەڵام زۆر گوێی بەخۆی نەدەدا،چەندجار پێمان دەوت

سەردانی دکتۆر بکە و چارەسەر وەرگرە،وەك پێویست گرنگی بە خۆی نەدەدا و دەیوت

دوای ئەو ئازیزانەم من ژیانم بۆ چییە ؟ هەرچەند تا مابوو هەر خەریکی کار بوو لە دوکانەکەی .زۆر بەگوڕ بوو هەموو بەیانیان بەپێیان لە گەڕەکی بەلاشاوەوە،دەچووە بازاڕی شێخەڵا.هەشت مانگ پێش راپەڕین لە ١٦ی ئایاری ١٩٩٠لە تەمەنی حەفتاوحەوت ساڵی باوکیشم بەرەبەیانیەکی هاوینە لەسەر قەڵەوێرەکەی لە حەوشەی ماڵەوەدا بە ناکاوی جێمانی هێلا. بێ ئەوەی کەس گوێی لە دەنگی بێ ،بە یەکجاری چاولێك دەنێ .کە ئەوەش بۆ من کۆستێکی زۆر گەورەبوو ،کە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە ،ئەویشمان لە گۆڕستانی سەید مەعروف لە باداوەی هەولێر لەلای شەهید یاسین و شەهید جەمیل و دایکم و شەهید ئیسماعیل بە خاك سپارد.

لەم دەرفەتەشدا رێز و سلاوم هەیە بۆ هەموو ئەوانەی رۆژێك لە رۆژان خزمەتی رەنجبەریان کردووە،هاوڕێ و هاوخەباتی بوون ،ڕێزیان لێگرتووە، وەك خۆی باسیان کردووە چ بەنووسین و یادەوەری گێڕانەوە چ بە باسی کەسایەتییەکەی لە پێشمەرگایەتی و ژیانی نێو زیندان و ژیانی ئاساییدا. درووود بۆ رۆحت کاکە رەنجبەر تۆ رۆیشتی و ئازارەکانت بەو شەبەقە برینەگەورەیەی کەلە کەلەکەتدا پەیدابوو، کە من لەگەڵ خزمان بەو دەستانەم لە گۆڕەغەریبەکەت لە دێی پیرانە رەش ، بەجلی پێشمەرگانەت ،تۆم بینی و دەرمان هێنایت و تەرمەکەتمان هێنایەوە شاری هەولێر.

(ئای کەجوانبووی

وای چەند بەرزو قارەمانبووی

کە بەوجلە پێشمەرگانە

لەناو گۆڕێکی ساکارو هەژارانە
بە دڵنیایی خەوتبووی
کە سمێڵە قەترانییەکەی تۆم بەدی کرد
کاتێ سەرەکوێستانیەکەی تۆم بەدی کرد
کە دەتوت تازەچیای قەندیل
بەفری بەدیاری هێناوە
بۆسەری بەرزی کاك جەمیل)

(کەهێنانەوەی تەرمەکەشی حیکایەتێی ترە، ئەوەش بەپێداگری هاوژینەکەی بوو ،باوکم بڕیاری داو بەهەوڵ وتێکۆشانی هەمووان جێ بەجێبوو وگەێنراوەگۆڕستانی سەیدمارف.)

بەوناوە جوانەتەوە بەو هەموو سەروەریەتەوە بەرهەمێکی جوانت بەجێهێشت لە شیعری شۆڕشگێڕانە و ئاکاری مرۆڤانەت، منیش بەتاقی تەنها بۆ داخ و حەسرەتی ژیانی نالەباری پڕکێشە و ناکۆکی کوردەواری مامەوە ،کەوتمە ناو گێژاوی تێڕامان و دۆخی بێچارەیی و کوێرەوەری و نەبوونی ڕێگە چارەی تێکۆشان ،بێ دەرەتان و بەردەباز ..کە تا ئێستاش بێ تۆییمان پێوەدیارە نەك هەر من زۆر لەهاوڕێکانیشت دەڵێن،

بێ جەمیلیمان پێوەدیارە و پێوەی دەناڵێنین. لە هەمووی حەسرەتبارتر خۆی و ڕێبازەکەی خەریکە فەرامۆش دەکرێن. ئەوەشم لە بیرچوو مامۆستا سدیقی برام کە نزیکەی سێ مانگبوو لە زیندان بوو کە لەڕێی گوندی نازەنیندا لەگەڵ (سەردار کاکەحەمە) ی پوورزامان کە ئەو دەیویست ببێتە پێشمەرگە و بگاتە لای ڕەنجبەری کوڕەخاڵی بەلام لەڕێی خائینێکەوە زمانیان لێ دەدرێ و دەکەونە کەمینێکەوە، هەردووکیان دەگیرێن و دەبرێنە ئیستخباراتی عەسکەری

هەولێر و لـەژووری ئینفیرادیـدا زینـدانی دەکـرێن تاماموٚسـتا سـدیقی بـرام زینـدان دەشکێنێ و دەگاتە ریزەکانی پێشمەرگە، بەداخـەوە سـەرداریش دوای هـەلاٌتنی ماموٚسـتا سـدیق بیـست سـالٌ حـوکم دەدرێ و دەرفـەتی دەربـازبوونی نـابێ .ماموٚسـتا سـدیقیش کـە لـە زینـدان هەلٌدێ بـە جـەمیلی بـرای شـاد نابێ،چـونکە رەنجبەر لە رێگای هاتنە خوارەوەدا هەر لەو مانگـە شـەهید دەبـێ، شـەهیدبوونی رەنجبەریش ماموٚستا سدیقی برای تووشی شوٚك دەکا،ئاواتەکەی نایێتـەدی و کاکـە رەنجبەری بوٚیەکجاری نـایبینێ ،تـەنیا چـەکەکەی شـەهید دەکاتـە شـان و لەسـەر رێگاکەی بەردەوام دەبێ لەپێشمەرگایەتی.

نازانم باسی چی رەنجبەر بکەم. ئاخر شەهیدبوون بە جێـی خـوٚی، بـەلاٌم گرنگـی نـەدان بـەو شـاعیرە چەوسـاوە پەروەرە،بـەو ماموٚسـتا جوانەمەرگـە داخێکـی گەورەیە لەسەردلٌمان،سەرباری هەموو خەمان لادان لە رێبازەکـەی و هێنانەکایـەی جـوٚرە بـەناو دەسـەلاٌتدارییەکی سـەقەتی شـەل و گێـرٍ کـە شـایەنی ئـەوجوٚرە قوربانییە نییە. رەنجبەرێك لە پێناویـدا شـەهید بـبێ و ئـەوەی لێـشین بـێ!، زوٚر بەداخەوەم کەو ادەلٌێم.

جگەلەمانەش بە چـاپ گەیانـدنی دیوانەکەشـی دیـوانی جـەمیل رەنجبـەر لەسـالٌی ١٩٩٥دلٌخوٚشکەر نەبوو ،چونکە :

ـ زوٚر بە خراپی چاپکراوە و هەلٌەیەکی زوٚر ی چاپی تێدایە..

– سـەرەڕای ئـەوەش برِگـە و وشـەی لـێ لابـردراوە و نوقاتیـان (خالٌیـان)....... لـەجێی هەنـدێك وشـە دانـاوە و دەسنووسـەکەیان یـان پێنەخوێنراوەتـەوە یـان بەئەنقەست وایان خوێندوٚتەوە، کەلەنرخی تێکستەکانی کەمکردوٚتەوە .

لێرەدا دەبێ ئەوە بلٌێم ئەگەر من دەسـت نووسـەکەیم بخوێنـدباوە هـیچ هەلٌەیـەك رووی نەدەدا چونکە دەسخەتی ئەو ورد بوو، منیش

شـارەزای خــەتی ئــەو بــووم چــون لــە منالّییــەوە بەیەکــەوە بووین،بــەلاّم ئــەو ناکۆکییەی هەندێ دلّڕەش خستیانە نێـوان ئێمەوە،واتــە مـام و بـرازاوە،وای کـرد خەلّکانێکی تر ببنە خاوەن و برایـەکان پـەراوێز بخـرێین، کـە ئـەو دەرئەنجامـەی لێکەوتەوە،دیوانەکـەی وا بـەخراپی چاك بکرێـت. ئەگـەر دەسخەتەکانی کـەلای هاوژینەکەیــەتی بــەراورد بکـرێ لەگــەلّ دیوانەکــەی بێگومــان هەلّــەکان چــاك دەکرێنەوە. بەلاّم ویستوویانە لە کـۆلّ خۆیـانی بکەنـەوە و ئـەو بۆشـاییانەش کـە ناوی مارکس ،لینین ، ماو ،..هتد لە دەستنووسـەکەیدا هـەبوون لێـی لابـراون ،بـە هەر نیازێك بێ بەخیانەت لە گەیاندنی ئەمانەتی ئەدەبی دەژمێردرێ.

لێـرەدا پێویـستە ئــەوە بلّــێم خــەلّکی کوردســتان بــێ جیــاوازی حیزبایــەتی رەنجبەریان خۆشویستووە و بە باشـە باسـیان کـردووە. لەوسـی و شـەش ساڵەی دوای شەهیدبوونیـشی خــەلّکێکی زۆر لـە رۆشـنبیران و شـاعیران رەنجبــەریان بــە هاوڕێی خۆیان ناساندووە نازانم ئەو هەزاران هاوڕێیەی چۆن هـەبووەو ناسـیوە ؟ .

بەڕاستی سەرسامم پێت براشەهیدە سەربلّندەکەم،رۆحت شاد کاکـە هەنـد بـەرز و پـاکبووی خــەلّکێکی زۆر نـان و پیـازی پێوەخـواردی دژایــەتی ئێمەشـیان کـرد، دەیانوت کەس نابێتە رەنجبەر ،بەلاّم بەڕای من نەیاندەویـست رەنجبـەرچ نـاوی و چ هەلّگرانی بیروباوەڕەکەی و رێبازەکەی لە گۆڕەپانەکە هەبن تاخۆیان تـەنیا بـن تەڕاتێنی تێدابکەن،بەلاّم خۆشەویستی جەماوەر و کاراکتەرە بـە هێزەکـەی رێـی بەو کەسە نەخۆشـانە نـەدا کـە ئـەو شـاعیرە شـەهیدە بـچووك بکەنـەوە و کـەس وکارەکەشی بشکێنن.

بەڕاستی من بە تەواوەتی و بەپڕاکتیکی بینیم خەلّکی ئێمەلـە ململانێـی سیاسـیدا زیندوو کوژی مردوو پەرستن!.

سوپاسی کاك عەبدوڵا مەشخەڵیش دەکەم کە هەوڵی بەدەرخستنەوە و هێنانە پێشەوەی کاراکتەری رەنجبەری رادیکاڵ و شاعیری کرێکار و چەوساوەکانی هەڵبژاردووە و قۆڵی مەردایەتی لێ هەڵماڵیوە..تا رۆشنایی بخاتە سەر ژیانی رەنجبەر و شیعرەکانی شەهید. من هەڵسەنگاندن و نرخاندنی شیعرەکانیشی بۆ هاورێ رەخنەگر و تۆژێنەرەکان بەجێ دێلم. داوای لێبووردنیش دەکەم گەر وەك پێویست مەبەستەکانم نەگەیاندبێ.

خوات لەگەڵبێ براوهاورێ ئازیزەکەم

ئەی مامۆستا کۆڵنەدەروجەربەزەکەم

ناوەجوان و هەڵوێستە پڕ شانازیەکەت

بوویتەئۆلگۆو وێردی زمانی میللەتەکەت

بەم چەند دێرە کۆتایی بەم وەڵامە دێنم :

ڕەنجبەر بۆ ئەوەشەهید بوو

تاداگیرکەر لێرە لاچێ

چی زوڵمی بورجوازی هەیە

بنێژرێ و لەقوڕێ راچێ!

تانان و یەکسانی پێکرا

لە کوردستان دەستەبەربێ

نەك ئاغای کۆن بەهی تازە

بگۆڕین گەل قوڕ بەسەربێ!

هەولێر ٢٨-١١-٢٠١٦

تێبینی : ئەم دیدارە تایبەت بۆ کتێبی ( جەمیل رەنجبەر ئەو شاعیرەی رۆژێ بێ تێکۆشان نەژیا ! ) سازدراوە.

# بینینی جەمیل ڕەنجبەر
# لە میانی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی نامیلکەی
## ( چەپکێك گوڵی سوور بۆ چلەی شاعیر و پێشمەرگەی کورد
## مامۆستا جەمیل ڕەنجبەری شەهید)

نووسینی " عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ)

بەڕێز نەوزاد عەلی ئەحمەد لە لاپەڕەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك دەبارەت بەم نامیلکەیە دەنووسێت " چەپکێك گوڵی سوور بۆ چلەی شاعیر و پێشمەرگەی کورد مامۆستا جەمیل ڕەنجبەری شەهید" ناوی نامیلکەیەکە بۆ چەندان ساڵ دەچێت لە کتێبخانە و ئەرشیڤەکەم دایە شوێنێکی شایستەم بۆ تەرخانکردووە. نامیلکەکە بریتیە لە ٧٠ لاپەرە و قەبارەی گرتووە"ئەم بابەتانەی A5 لەخۆگرتووە:

– وشەیەك.... بنکەی نووسەری پێشمەرگە

– نامەیەك لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ شەهید جەمیل ڕەنجبەر... ص. مهتدی " سەلاحەددین موهتەدی"

– یادنامەی شەهید...... هەوراز

– کاك جەمیل.... هـ کوێستانی " هەڤاڵ کوێستانی"

– هوزان و شۆڕەش و شەهید ڕەنجبەر.... هیڤی

– جەمیل ڕەنجبەر تەنیا شاعیر نەبوو!... شێخ عەلی

– چۆن ڕازەکانم بدرکێنم؟.... ئەرسۆ " ئەرسەلان بایز"

– بۆ شەهید ڕەنجبەر.... ف.ج

– ئەڤینا خوین و ئاخێ.... هشیار " هشیار عابد"

– مامۆستا جەمیل رەنجبەریش شەهید بوو.... حاجی مەمۆ " عەبباس محەمەد حوسێن"

ئەم نامیلکەیە لە چاپخانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاپکراوە و لە رۆژی چلەی شەهید جەمیل رەنجبەردا بڵاوکراوەتەوە". دوای ئەم کورتە ناساندنەی کاك نەوزاد عەلی ئەحمەد دەتوانین نامیلکەکەی چلەی گیانبازی رەنجبەر ئاوا ببینین: ئەم نامیلکەیە لەسەر راستەهێڵێکی فیکریی نووسراوە کە بریتییە لە جیهانبینی ناسیونالیزم. واتە بە تێڕوانینێکی کوردایەتییەوە نووسەرانی شاخ و هاوسەنگەرانی جەمیل، ئاخ و داخ و کەسەری گیانبەختکردنی جەمیل رەنجبەریان خستۆتە روو. لەم نامیلکەیە ئەوەندەی باسی جەمیلی کوردپەروەر و پێشمەرگە دەکرێت، ئەوەندە باسی جەمیلی شاعیر و مارکسیست ناکرێ. کاتێکیش باسی شاعیرێتی جەمیل رەنجبەر دەکەن، وەك شاعیرێك لەبەر گەل و نەتەوە ناوزەدی دەکەن. ئەمەش غەدرێکە لە جەمیل. غەدرە لە بیروباوەڕی کرێکارانەی جەمیل، غەدرە لە مارکسیست بوونی جەمیل، غەدرە لەو ئینتمایەی کە جەمیل رەنجبەر هەیبوو بۆ ریالیزمی سۆشیالیستی. ئەگەر غەدرەکانی نووسەرانی شار لە دەیەی حەفتاکان لە جەمیل لەبەر کۆمەڵێ هۆکاری سیاسیی ئێستا پەڵەیەکی رەش بن بە نێو چەوانی یەکێتی نووسەرانی کوردی سالآنی حەفتاکانی سەدەی رابردوو و ئەو ئەدیب و نووسەرانەی کە دانی خێریان بە جەمیل دانەدەنا، ئەوا غەدرەکانی هاو سەنگەرەکانی دەرهەق بە جەمیل کە لەم نامیلکەیەدا خراونەتە روو، تاوانە و دەتوانم بڵێم تیرۆرکردنێکی ماقوڵانە و بەناو هاوڕێیانەی جەمیل رەنجبەرە کە بنکەی نووسەرانی پێشمەرگەی کۆمەڵەی مارکسی –لینینی کوردستان پێی هەستاون. ئەم

نامیلکەیە هەر ئەم کورتە هەڵسەنگاندنە هەڵدەگرێ گەر بە هەموو پێوەرە سیاسییەکانی ساڵی ١٩٨٠ بیپێوین جگە لە ئەستێرە سوورەکەی سەر بەرگی نامیلکەکە ئیتر ئینتمایەك نییە ئەو نامیلکەیە بە ئەدەبیاتی کرێکاریی و مارکسییەت و شۆڕش و خەباتەوە ببەستێتەوە.

کەنەدا ٢٠١٧

# دواوتە

نووسینی : عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

لە سیاقی ئـەم کتێبـەدا دوو هێڵـی فیکـری و دوو بۆچـوونی جیـاواز سـەبارەت بـە شیعری جەمیل رەنجبەر و جێ و شوێنی جەمیل لە بزووتنەوەی ئـەدەبی کـوردیی بەرچاو دەکەوێ. من هەردوو بۆچوونەکەم وەك خۆیان داناوەتەوە. بۆچـوونێکیان لە بەشێك لە بیرەوەرییەکاندا خۆی بەرجەستە دەکاتەوە ئەویش زیـاتر هـاوڕێی و کــەس و کــاری جــەمیل رەنجبــەرن کــە بــە پێــی بەرژەوەنــدی ئێــستایان تێڕوانینەکانیان خستۆتە روو. بە ئاشکراش بەرژەوەندییـەکان خۆیـان لـە حیزبـی بووندا دەبیننەوە. لەم رێیەشەوە جەمیل رەنجبەر وەك شەهیدێك لـەپێناو خـاك و کوردایـەتی و رزگـاری نیـشتمانی وێنـا دەکـەن. بۆچـوونی دووەم خوێندنـەوەی واقیعیانــەی شــیعریی جــەمیل و مەوقیعیــەتی جەمیلــە لــە کۆمەڵگــەی ئەوســای کوردســتان. ئــەم بۆچــوونەی دوایــی خــۆی لــە تێڕوانینــەکانی بەشــداربووانی و ئامادەکەری کتێبەکە بەرجەستە دەکـات. لـەڕووی مێژوویـیـەوە و پاشـان لـەڕووی سیاسیشەوە هەست بە غەدرێکی گەورە دەکەم کە لە جـەمیل رەنجبـەر کـراوە و دەکرێ. جـەمیل رەنجبـەر گیانبـەختکردووی رێگـای خـاك و نیـشتمان نـەبووە و نییە، جەمیل رەنجبەر خەباتگێڕێکی کـورد و کوردایـەتی نـەبووە و نییـە، بـەڵکو شۆڕشــگێڕێکی خــەباتی چــینایەتیی، تێکۆشــەرێکی بیروبــاوەڕی مارکــسیزم و سۆشــیالیزم و نوێنــەری رادیکــاڵیزم بــوو لــە ململانێــی نێــوان کۆنەپەرســتی و پێــشکەوتووخوازیدا. جــەمیل تینــووی دادپــەروەری و یەکــسانی کۆمەڵایــەتیی بـوو.جـەمیل خـەونی بـەوەوە دەبـینی کـە کۆمەڵگـەی کوردسـتان بگۆڕێـت بـە

کۆمەڵکەیەگی مۆدێرن و پێشکەوتوو. جەمیل سەنگەری لە کۆنەپەرستی سیاسی و ئایینی دەگرت و بەگژ داب و نەریت و پەیوەندییە فیودالّییەکانی کۆمەڵگەدا دەچووەوە. بۆیە ئەگەر بزووتنەوەی ناسیونالیزم بەگشتی و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بەتایبەتی خاوەندارێتی جەمیل رەنجبەر دەکەن بەو پێیەی جەمیل رەنجبەر پێشمەرگەی کۆمەڵەی مارکسی –لینینی کوردستان بووە و لەڕیزەکانی ئەو حیزبەدا شەهید بووە. ئەوا دەبێ ئەو راستییە بزانین کە ئەو مارکسییانەی سالانی بەرایی کە لە نێو ئەو رێکخراوەدا خەباتیان کردووە و ئەو خۆشباوەڕییەیان هەبووە کە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان شوێنێکی گونجاوە بۆ خەبات و بردنەپێشەوەی باوەڕی چەپ و کۆمۆنیستی. جەمیل رەنجبەر زۆر تێکۆشەری تر قوربانی ئەو خۆشباوەڕییەن. چونکە کارنامەی سیاسی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان هەر لە سالەکانی بەرایی خەباتی چەکداری بە روونی و ئاشکرا دژایەتی هەر باوەڕێکیان کرد کە لەگەڵ خەتی زاڵی نێو ئەو حیزبە نەدەهاتەوە.

لەڕووی ئەدەبیشەوە شیعرەکانی جەمیل رەنجبەر(جگە لە شیعرە بەراییەکانی نیوەی دەیەی شەستەکان تا نیوەی سەرەتای دەیەی حەفتاکان کە مۆرکێکی ناسیونالیستییان پێوە دیارە) خۆیان گەواهی دەرن لەسەر چەپ بوون و مارکسیست بوونی شاعیر. گەواهیدەرن لەسەر ئەنتی کۆنەپەرستبوونی بیروباوەڕی شیلگیرانەی جەمیل. ئیتر لەم نێوەدا هەو هەوڵێك بۆ فریودانی خەڵك و بەلاڕێدابردنی ئەم واقیعیەتەی ژیان و خەباتی جەمیل رەنجبەر جگە لە خزمەتکردنی کۆنەپەرستی هیچیتر نییە. ئایدێندتی ئەدەبیی جەمیل رەنجبەر چینایەتییە و خۆی لە خەبات دژ بە بۆرژوازی کۆنەپەرست چڕ دەکاتەوە. جەمیل رەنجبەر وەك چۆن لەدەیەی حەفتاکانی سەدەی رابردوو ئایکۆنێکی

درەوشاوەی دونیای نووسین و بڵاوکردنەوە بوو، ئاواش لە دیدی رۆشنبیران و نووسەران و خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان وەك هەتاوێکی گەش بۆ هەتا هەتا دەدرەوشێتەوە.

تشرینی یەکەمی ٢٠١٥

# بەسەرهاتی ئەم کتێبە

دوای ئـەوەی دەسـتم دایـە ئـەم پڕۆژەیـە وەك پێـشبینیم دەكـرد، رووبـەڕووی چەندین كێشە و گرفت هاتم، لەوانە نـەبوونی سەرچـاوەی پێویـست سـەبارەت بـە جیهـانی شـیعری جـەمیل رەنجبـەر و هـەروەها لەبەردەسـتدانەبوونی نووسـینە رەخنەییـەكانی رەنجبـەر سـەبارەت بـە ئـەدەب و هونـەر، لـەپاڵ ئەمانەشـدا بەتەنگەوە نەهاتن و خەمساردیی کەسە نزیکەکانی رەنجبەر بۆ ئەم پڕۆژە گرنگە دووچاری جۆرێك لە بێئومێدیان کردم. دیارە من لـە جێگایـەکی تـری ئـەم کتێبـە باسـم لـەوە كـردووە و سوپاسـی هـەریاری كـچی جـەمیل رەنجبـەرم كـردووە و ئێـستاش سوپاسـی دەكـەم كـە لـە سـەرەتای پڕۆژەكـە رێـی پێـدام كـە لـە زانیارییەكانی نێو سایتی شەهید جەمیل رەنجبەر سوود وەربگرم، بـەڵام جگـە لـە یەك دوو زانیاری لەسەر چەند وێنەیەكی جەمیل رەنجبەر هیـچی تـری بـۆ نـەناردم گەرچـی ئەرشـیفی جـەمیل رەنجبـەری لایـە و چـەندجار داوام كـردووە كـە هـەر شیعرێ یان نامەیـەك یـان بابـەتێكی لایـە بـا لـەم کتێبـە بـڵاو بێتـەوە و تەنانـەت چەندین جار داوام لێكردووە كە زۆر گرنگە قسەی لەگـەڵ بكـەم و باسـی بایـەخی ئەم پڕۆژەیەی بۆ بكەم، كەچی ئێستاشی لەگەڵدا بێـت هـەریارخان ئامـادە نـەبوو ١٠ دەقیقە لە ژیانی خۆی تەرخان بكـات لـەپێناو پرۆژەیـەك كـە یەكـەمین كتێبـە لەسـەر بـاوكی و گـەورە شـاعیرێكی شۆڕشـگێڕی كوردسـتان دێتـە بەرهـەم. بەهەرحاڵ ئەم گرفتانە نەیانتوانی ساردم بكەنـەوە و هەوڵمـداوە هەرچـۆنێك بێـت ئـەم کتێبـە وەك یەكـەمین كتێـب لەسـەر ئـەو شـاعیرە خۆشەویستەی هـەژاران و كرێكارانی كوردستان تا ئەوپەڕی توانام جوان و بـە سـوود و پـڕ زانیـاری و پـڕ لـە دیـدی رەخنـەیی بێـت و توونـد پێـی لەسـەر ئـارگیومێنتی ماركـسیی بـوون و شۆشیالیست بوونی رەنجبەر داگرتبێ. سەرەنجام دوای چـەندین مـانگ پڕۆژەكـە

هاتـه تـەواو بـوون. ئینجـا کێـشەی چـاپ و بڵاوکردنـەوە هاتـە پێـشێ. سـەرەتا لەرێگـەی هاوڕێیەکـەوە داوای کتێبەکـە کـرا تـا وەزارەتـی رۆشـنبیری حکومـەتی هەرێمی کوردستان چـاپی بکـات. منـیش کتێبەکـەم نـارد و هـەر بـۆ رۆژی دوایـی ئاگـادار کرامـەوە کـە کتێبەکـە چـاپ نابێـت چـونکە لەسـەرووی ٣٥٠ لاپەڕەیـە و وەزارەت کتێبی تەنها ١٥٠ لاپـەڕە و کـەمتر بـڵاو دەکاتـەوە. منـیش بـۆ ئـەوەی بیانووی وەزارەت ببڕم پێشنیارم کرد کـە کتێبەکـە تـا ئاسـتی ١٥٠ لاپـەڕە کـەم بکەمەوە.. ئەو هاوڕێیە وتی نا غەدرە ئـەو کتێبەکـە کـەم بکرێتـەوە. مـن دڵنیـام ئـەوەی کتێبەکـەی رەت کـردەوە ئـەو رێنماییـە بێمانایـەی وەزارەت نییـە(ئەمـە ئەگەر رێنمایی لەو جـۆرە بـوونی هـەبێ). هۆکـار و بیـانووی سـەرەکی وەزارەتـی رۆشنبیری ناوەڕۆکی کتێبەکەیە نەك قەبارەکەی. ئـەوکات ویـستم ئـەم مەسـەلەیە بکەمە مەسەلەیەکی گەورە و وەزارەت رۆشـنبیری بخەمـە ژێـر کۆمـەڵێ پرسـیاری گەورە گەورەوە، بەڵام لەبەر خاتری هاوڕێیەك(بۆ ئەوەی تووشـی گرفـت نـەبێت) ئـەو کـارەم نـەکرد. ئینجـا وەك هـەنگاوی دووەم رووم لـە دەزگاکـانی چـاپ و بڵاوکردنـەوەکان نـا، لەوانـە دەزگـای هـزری شـەهید ئـارام و دەزگـای رۆشـنبیری جەمال عیرفان و ناوەندی رۆشـنبیری ئەندێـشە و هـەروەها ناوەنـدی غـەزەلنووس کەسیان وەڵامیان نەدامەوە. ساڵی ٢٠١٧ بـە هاوکـاری هـاوڕێی ئـازیزم کـاك دیـدار مەسیفی کە بەرگێکی جوانی بۆ کتێبەکە دروست کرد هەستام تەنها دوو نوسـخەم لێ چاپ کرد هەر بۆ ئەوەی نەفەوتێ. هەر لەو سـەروبەندەدا هـاوڕێم کـاك ئاشـتی خاوەنی کتێبفرۆشی خانەی ئاشتی لە هـەولێر لەگـەڵ بـەرێز کـاك حەسـەن عـەلی خاوەنی دەزگای ئاوێر لە هەولێر قسەی کردبوو دەربـارەی ئـەم کتێبـەی جـەمیل رەنجبەر. کاك حەسەنیش وتبووی باشـە چاپی دەکـەین. بۆیـە خێـرا پەیوەنـدیم بەو بەڕێزەوە کرد، وتی حەز دەکەم شتێك بۆ جەمیل رەنجبەر بکەم بەڵام ئێـستا

قـەیرانی دارایمـان هەیـە و نـاتوانین. ئـیتر بێئومێـد بـووم. لـە سـی و حەوتــەمین ساڵڕۆژی گیانبەختکردنی رەنجبەر واتە لـە هـەژدەی یـانزەی ٢٠١٧ پۆسـتێکم لـە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیـسبووك کـرد سـەبارەت بـە کتێبەکـەی جـەمیل رەنجبـەر و پاشان هاورێی هێژام کـاك رزگـار عومـەریش پۆسـتێکی هاوشـێوەی کـرد و بـڵاوی کردەوە. لە یـەکێك لـە کۆمێنتـەکانی پۆسـتەکەی کـاك رزگـار عومـەر کۆمێنتێـك سەرنجی راکێشاین. ئەویش کـۆمێنتی بـەرێز ئەحـە شـوان بـوو کـە نووسـیبووی ( ئامادەم هەموو هاوکارێکی کاك عەبـدوڵا بکـەم بـۆ چـاپی ژمـارەیی زیـاتر) منـیش پەیوەنـدیم بـە کـاك ئەحـە شـوانەوە کـرد و ئـەویش ئامـادەیی مـادی و مەعنـەوی دەربڕی و دواجار شانی دایە بەر ئەم کـاری چـاپکردنە و لەسـەر ئـەرکی بـەڕێزیان ئەم کتێبە لەسەر رەفـە تاریکـەکانی ونبوونـەوە کەوتـە سـەر رەفـە رووناکـەکانی کتێبفرۆشـەکانی کوردسـتان. دواجـار دوای ئـەوەی دەسـتی کـاك ئەحـە شـوان دەگووشم بۆ چاپکردنی کتێبەکە، ئومێـدەوارم ئێـوەی خوێنـەریش لـە دەرەوەی ماندووبوون و نیگەرانییەکانمان بتوانن هەم سوود و هەم چێژ لەم کتێبە ببینن.

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

کەنەدا/ دووی کانوونی یەکەمی ٢٠١٧

# بەشی حەوتەم

## ئەلبومێك پڕاوپڕ لە ژیان

ئەم وێنانەی جەمیل ڕەنجبەر هەر هەمووم لە (سایتی شەهید جەمیل ڕەنجبەر) لە تۆڕی کۆمەڵایتی فەیسبووکەوە وەرگرتووە، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەری سایتەکە و بنەماڵەی جەمیل ڕەنجبەر. جگە لە یەك وێنە نەبێت کە بەڕێز کاك نەسرەدین مەنتك بۆی ناردم،هەریار خانی کچی جەمیل ڕەنجبەر لەبەخشینی زانیاری سەبارەت بە وێنەکان یارمەتی داوم، بەڵام هێشتا بۆ ڕوونکردنەوەی کەسەکانی نێو وێنەکان و شوێن و ساڵی چرکاندنی وێنەکان زانیاری زیاتر پێویستن. لە ڕێگەی ئەم وێنانەوە دەتوانین جەمیلێك ببینین شاعیر و شەیدای خوێندنەوە و ڕۆشنبیریی، شەیدای وشە و هەڵبەست و هونەر، تێکەڵ بە کۆڕ و میهرەجانەکان، نزیك بە نووسەران و ئەدیبان. جەمیلێکی تریش دەبینین عاشق.. هەڵوەدای ژیان و سەوداسەری خەبات. پڕاوپڕ لە ئومێد. لە هەردوو بارەکەدا جەمیل ڕەنجبەری ئینسان پێمان دەڵێ ئەوە منم خەمی گۆرانییەکانی ئێوەم پێیە و ئەوە منم لەڕێگای گەیشتن بە خۆشگوزەرانی ژیانی مرۆڤەکان ئامادەی گیانبازیم.



**جەمیل ڕەنجبەر لە کۆڕێکی شیعریی هەرچەند بە وردی نازانرێ کەی و کوێیە، بەڵام زۆرترین بۆچوونی بنەماڵەی ڕەنجبەر ئەوەیە کە دەڵێن پێدەچێت کەرکووک بێت ساڵی ١٩٦٩**



**جەمیل ڕەنجبەر .. ساڵ و شوێنی دیار نییە.. بەڵام لە پشت وێنەکە نووسراوە**

**یاری بە لەنجەم، بە کەمەنجەم**

**پێشکەش بێ نەغمە و بەستەکەم**

**لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو گیراوە.**



جەمیل ڕەنجبەر لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ئەم وێنەیە لە شاری بەغدا لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو چرکێنراوە.



جەمیل ڕەنجبەر لە کۆڕێکی ئەدەبیی لە شاری بەغدا لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو



**ئاهەنگی دەرچوونی خوولی کادیرانی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان خڕی ناوزەنگ ساڵی ١٩٨٠ جەمیل ڕەنجبەر و هەڤاڵ کوێستانی و شەهاب عوسمان شیعر بۆ هاوسەنگەرەکانیان دەخوێننەوە.**



**جەمیل ڕەنجبەر و مامۆستا سەعادەت محەمەد ساڵح هاوسەری ڕەنجبەر و هەرمەوزی کچیان ساڵی ١٩٧٦ هەولێر**



جەمیل ڕەنجبەر و سەعادەت خانی هاوسەری و هەرمووزی کچیان هەولێر ساڵی ١٩٧٥



**جەمیل ڕەنجبەر لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لە یاریگای(مەلعەب)ی شاری هەولێر دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو.**



**لەڕاستەوە مەجید هێرش، محەمەد حەسەن مەنگووری، جەمیل ڕەنجبەر، جەواهیری شاعیر و مدحەت بێخەو و مستەفا رابەر، جەوهەر کرمانج ئەم وێنەیە لە شاری بەغدا لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو گیراوە.**



**جەمیـل ڕەنجبەر،سـەعادەتی هاوسـەری و وریـای بـرای هاوسـەری ڕەنجـبەر. ئەم وێنەیە لە شەقڵاوە گیراوە.**



**جەمیل ڕەنجبەر و هەڤاڵەکانی زەڵێ ساڵی ١٩٨٠**

**هەڤاڵ کوێستانی، جەمیل ڕەنجبەر، فەرهـاد(بورهـان مستەفا مەعروف)، فوئـاد، مامۆستا ئەنوەر، کاک ئازاد**



جەمیل ڕەنجبەر و ئەرسەلان بایز ساڵی ١٩٨٠




جەمیـل ڕەنجـبەر لەگەڵ چەنـد هـاوڕێیەکی لە ئەوجـی لاوێتیـدا لە گەشـتێکیان بـۆ کـانی مـاران لە ١٩٧٢/٥/١



لەڕاستەوە سیامەند عەبدوڵڵا بەندەر ، سەعدوللا پەرۆش ،سامی شۆرش ، جەمیل ڕەنجبەر شاری هەولێر شەقامی باتا ٢٩ ی کانوونی دووەمی ١٩٧٢ لە پەیجی کاک سەعدولا پەرۆشەوە وەرگیراوە.



جەمیل ڕەنجبەر لە ڕێپێوانێکی جەماوەری شاری هەولێر بەبۆنەی بەیاننامەی یانزەی ئازار ١٩٧١ هەولێر.



جەمیل ڕەنجبەر پێدەچێت ناوەڕاستی دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بێت
لەشاری هەولێر گیراوە.



ڕیزی پێشەوە لە ڕاستەوە : موحسین ئاراوە، کەریم شارەزا، مەدحەت بێخەو
لەڕیزی دواوە لەلای ڕاستەوە : حەمەکەریم هەورامی، جەمیل ڕەنجبەر، محەمەد حەسەن مەنگووری
لەیادی یانزەی ئازار ساڵی ١٩٧١ هەولێر.
ئەم وێنەیە لە پەیجی تایبەتی فەیسبووکی دکتۆر فەخرەدین تاهیرەوە وەرگیراوە.



جەمیل ڕەنجبەر لەنێوان کۆمەڵێ هاوڕێ و هاوسەنگەر پێدەچێت ئەم وێنەیە ساڵی ١٩٨٠ چرکێندرابێت.



جەمیـل ڕەنجـبەر و فەریـد زامـدار هەولێـر ١٩٦٩ دوای تەواوبـوونی کۆبـوونەوەی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی یەکەمین خانەی ڕۆشنبیریی ئەو ڕێکخراوە گیراوە.



جەمیل ڕەنجبەری شاعیر لە پەنای سێبەری درەختەکانی کوردستان



شەهید جەمیل ڕەنجبەر لە کۆڕێک لەلایەن بەڕێز کاک نەسرەدین مەنتکەوە نێردراوە..



دانیشتنێکی خێزانی جەمیل ڕەنجبەر کە پێدەچێت سەردانیکردنی خێزانەکەی بێت بۆ لای لە گرتووخانەی ئەبوغرێب لە ساڵەکانی ١٩٧٨ یان ١٩٧٩.



جەمیل ڕەنجبەر لە کۆڕێکی ئەدەبی یان مەراسیمێکدا ( کە دیار نییە چ جۆرە مەراسیمێکە ) وێنەکە پێدەچێت لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو چرکێنرابێت.



جەمیل ڕەنجبەر و هاوڕێکانی لە یەکێک لە سەیرانگاکانی کوردستان دەیەی حەفتاکان چرکێنراوە.



**جەمیل ڕەنجبەر لەسەر لێواری پاشماوەی یەکێک لە دیوارە شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان کە بە داخەوە نازانرێت کوێیە و کەی وێنەکە چرکێنراوە.**



**هەر سێ جگەرگۆشەکەی جەمیل ڕەنجبەر بوێر و هەریار و هەرمەز پێدەچێت لە ناوەڕاستی دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو چرکێنرابێت.**



سێ وێنەی جیاواز کە شەهید جەمیل ڕەنجبەر وەکو وەرزشوانێک لەنێو ئەو لاوانەدا دیار و دەرکەوتووە و پێدەچێت لەئاستێ بەرزی وەرزشی بووبێت. وا لێکدەدرێتەوە کە ئەم وێنەیە لە نیوەی یەکەمی دەیەی حەفتاکان چرکێنرابێ.



جەمیل ڕەنجبەر و هاوڕێکانی لە سەیرانێک کە لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو چرکێنراوە.

پۆستەری گیانبەختکردوو جەمیل ڕەنجبەر لە کاتی ڕاپەڕین




پۆستەری گیانبەختکردوو جەمیل ڕەنجبەر لە کاتی ڕاپەڕین

# سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاس بۆ بەڕێوەبەری سایتی شەهید جەمیل ڕەنجبەر کە رێگەی دام بیرەوەرییەکانی ناو ئەو سایتە و وێنەکانی رەنجبەری شاعیر وەربگرم و لەم کتێبەدا بڵاویان بکەمەوە.

زۆر سوپاس بۆ هەریارخان کچی جەمیل رەنجبەر کە بەپێی توانای خۆی، لە بەخشینی زانیاری یارمەتی دام.

سوپاسی یەکە بە یەکەی ئەو بەڕێزانە دەکەم کە نووسین و شیعر و بیرەوەرییەکانیانم لێرەدا بڵاو کردونەتەوە.

زۆر سوپاس بۆ کاک نەسرەدین مەنتك کە وێنەیەکی بڵاونەکراوەی جەمیل رەنجبەری بۆ ناردم.

زۆر سوپاس بۆ مامۆستای ئازیز سابیر سالّح گۆرن برای جەمیل رەنجبەری شاعیر کە ئامادە بوو لەڕێگەی چاوپێکەوتنێکەوە باسی وردکاری ژیان جەمیل رەنجبەر و یادەوەری و شیعرەکانی جەمیل رەنجبەر بکات.

زۆر سوپاس بۆ برای نووسەر کاك ئەوزاد عەلی ئەحمەد دەکەم کە کتێبی (چەپکێك گوڵی سوور بۆ چلەی شاعیر و پێشمەرگەی کورد مامۆستا جەمیل رەنجبەری شەهید) و هەروەها دوو وتاری سەلام محەمەدی و حەمەی حەمەباقی بۆ ناردم هیوادارم نموونەی زۆر بێت.

زۆر زۆر سوپاسی هەر یەك لە بەڕێزان گۆران عەبدولا، جەمالّ کۆشش، رزگار عومەر، فەرید زامدار ، رێبین ئەحمەد خدر و بایەزید کاوێس دەکەم کە بە تەنگ پرۆژەکەمەوە هاتن و وەلامی پرسیارەکانمیان دایەوە و بەوپەڕی پەرۆشییەوە

وەك خەمخۆرێك سەباری سەرقاڵییان بە پڕۆژەكانییانەوە، كاتیان تەرخان كرد و دەستی پڕۆژەكەمیان گرت.

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز بورهان سلێمان سەرنووسەری هەفتەنامەی هەواڵ كە زەحمەتی زۆری كێشا و ئاسانكاری زۆری كرد بۆ چاپكردنی ئەم كتێبە.

دواجاریش زۆر سوپاس بۆ برای بەڕێزم كاك ئەحە شوان كە بە بڕی ٥٠٠ دۆلار ئەركی لە چاپدانی ئەم كتێبەی گرتە ئەستۆ

# پێڕست

١– پێشکەشە......................................................ل٥
٢– بۆچی جەمیل ڕەنجبەر! ؟.........................................ل٧
٣– دەلاقەیەك بۆ خوێندنەوەیەکی تری جەمیل ڕەنجبەر نووسینی : عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)...........................................ل١١

بەشی یەکەم ..چەند لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی دەربارەی شیعرەکانی جەمیل ڕەنجبەر...........................................................ل٢١
١– جەمیل ڕەنجبەر نووسینی : مارف خەزنەدار...........................ل٢٣
٢– جوانکاری و داهێنان لە شیعری نوێی کوردیدا جەمیل ڕەنجبەر وەك نموونە نووسینی : کەریم شارەزا...........................................ل٣٤
٣– جەمیل ڕەنجبەر شاعیرێك لێوانلێو لە تووڕەیی و لە ئومێد نووسینی : عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)...........................................ل٦٠
٤– پێشەکی دکتۆر مارف خەزنەدار بۆ دیوانی جەمیل ڕەنجبەر.............ل٨٦
٥– دەق و ڕەخنە نووسینی : یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی.....................ل٩٨

بەشی دووەم ... جەمیل ڕەنجبەر لە ئاوێنەی یادەوەری......................ل١١٥
١– دوای هەر ناخۆشییەك خۆشی دێت نووسینی: هەریار جەمیل ڕەنجبەر..........................................................ل١١٧
٢– بیرەوەرییە زیندووەکان بە یادی شەهید جەمیل ڕەنجبەر نووسینی : مەهدی کاوانی..........................................................ل١٢٣

٣– يادت بەخێر برا قارەمانەکەمان نووسینی : مەجید سالّح گۆران ..برای
جەمیل رەنجبەر.............................................ل١٢٥
٤– بەڵێنت لە دڵمایە کاکە جەمیل نووسینی : نەجیبە سالّح گۆران ..خوشکی
جەمیل رەنجبەر.............................................ل١٢٨
٥–لە سالّیادی شەهید جەمیل رەنجبەردا نووسینی : مامۆستا سدیق سالّح
گۆران ..برای جەمیل رەنجبەر.................................ل١٣٠
٦– جەمیل رەنجبەر تەنیا شاعیر نەبوو نووسینی : شێخ عەلی...........ل١٣٤
٧– شەهید جەمیل رەنجبەر و یادێکی زیندان نووسینی: سەردار
بەرزنجی...................................................ل١٣٧
٨– جەمیل بەس هاوسەرم نەبوو نووسینی : مامۆستا سەعادەت خێزانی جەمیل
رەنجبەر...................................................ل١٤٠
٩– بۆ سالّیادی هاوڕێی شەهیدم جەمیل رەنجبەر نووسینی : هیوا
سەرهەنگ...................................................ل١٤٤
١٠–لە سالّیادی شەهید جەمیل رەنجبەردا نووسینی : بەکر مستەفا
سەعید.....................................................ل١٤٦
١١– بۆ چلەی شەهید جەمیل رەنجبەر نووسینی:هەڤاڵ کوێستانی.........ل١٥٠
١٢– بە کەلەپچەوە لە هەولێرەوە بۆ کەرکووك نووسینی:خالید هەرکی....ل١٥٢
١٣– نامەیەك لە رۆژهەلاتی کوردستانەوە بۆ جەمیل رەنجبەر نووسینی:
سەلاحەدین موهتەدی.........................................ل١٥٦
١٤– ئامۆژگاری نووسینی : خەلیل نازەنینی.........................ل١٥٩
١٥– داخ و پرس نووسینی : مستەفا حەسەنە گەورە..................ل١٦٢

١٦– یادەوەرییەك كە زۆر جار باسم كردووە و باسی دەكەمەوە نووسینی:
عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)........................................ل١٦٤
١٧– هەستێكی جوان بیرەوەری نووسینی : شوكور گۆران...............ل١٦٧
١٨– بیرەوەرییەك نووسینی : سەعدی ئەحمەد پیرە...................ل١٦٨
١٩– جەمیل رەنجبەر لە یادەوەری داپیرە فەوزییەدا..................ل١٦٩
٢٠– دوا دیدار.. نووسینی : مامۆستا سعادەت ........................ل١٧٦
٢١– خەونی جەمیل رەنجبەر... نووسینی : عەدنان مامە................ل١٧٩
٢٢– من و جەمیل: نووسینی : عارف روشدی.............................ل١٨١
٢٣– جەمیل رەنجبەر خاوەن پێكەنینكی پڕ لەژیان بوو: نووسینی : شێركۆ
جەلال.......................................................................ل١٨٣
٢٤– لە ساڵڕۆژی شەهیدبوونی یەكێك لە رۆڵە هەڵكەوتوەكانی شاری هەولێردا
شەهیدبوونی جەمیل رەنجبەر و هەشت پێشمەرگە، نووسینی:حاجی
مامۆ........................................................................ل١٨٥
٢٥– رەنجبەر و رۆژی راپەڕین، نووسینی:مامۆستا مەعروف جەژنە.........ل١٩١
٢٦– یادەوەریم لەگەڵ شاعیری چەوساوەكان شەهید جەمیل رەنجبەری
نەمر.........................................................................ل١٩٣

<u>بەشی سێیەم</u> ... ئەو دەقانەی بۆ جەمیل رەنجبەر نووسراون...............ل١٩٥
١– شیعری هەولێر بۆ یادی ٣٤ ساڵەی شەهیدبوونی جەمیل رەنجبەر
نووسینی:عیسا حوسێن..........................................................ل١٩٦
٢– شیعری سڵاو لە تۆ جەمیل رەنجبەر نووسینی:حەمەڕەشید هەرەس...ل١٩٧
٣– شیعری یادی تۆ ..بۆ یادی باوكم نووسینی:بوێر جەمیل رەنجبەر......ل١٩٩

٤– شیعری پیره هەولێر نووسینی:عوسمان هورمزیار..................ل٢٠١
٥– شیعری لە یادی تۆ نووسینی : ئازاد عەزیز..........................ل٢٠٣
٦– شیعری پایزی بێ جەمیل رەنجبەر نووسینی : کاروان عەلی..........ل٢٠٤
٧– حەوت نامەی خوێناوی بۆ جەمیل رەنجبەر نووسینی : سابیر گۆران ساڵح
برای جەمیل رەنجبەر...............................................ل٢٠٧
٨– شیعری کۆچی زاوایەکی نامۆ نووسینی : جەوهەر کرمانج...............ل٢٢٤
٩– شیعری میوان نووسینی : شێرکۆ بێکەس...............................ل٢٣٠
١٠– شیعری هۆزان نووسینی : کەیفی کوردستانی...........................ل٢٣٨
١١– جەمیل رەنجبەر جێی نەهێشتووین نووسینی: عەبدوڵا
سلێمان(مەشخەڵ).....................................................ل٢٤٠
١٢– یادت دەخەینە سەر سەر نووسینی : سیروان باڵەکی...................ل٢٤٣
١٣– رەنجبەر کێیە ؟ نووسینی : سابیر ساڵح گۆران برای شەهید جەمیل
رەنجبەر...........................................................ل٢٤٤
١٤–نووسین نووسینی : سەباح رەنجدەر....................................ل٢٥١
١٥–بۆ شەهید رەنجبەر نووسینی : ئەبوبەکر خۆشناو.......................ل٢٥٣

بەشی چوارەم ... بەشی پرسیار و وەڵام سەبارەت بە شیعرییەت و هەڵوێستی
چینایەتی جەمیل رەنجبەر..........................................ل٢٥٥
١– وەڵامی بەڕێز رزگار عومەری شاعیر و رۆژنامەنووس..................ل٢٥٦
٢– وەڵامی بەڕێز جەماڕ کۆششی نووسەر و رەخنەگر......................ل٢٦٦
٣– وەڵامی بەڕێز گۆران عەبدوڵای شاعیر و رۆژنامەنووس و بەڕێوەبەری سایتی
دەنگەکان.........................................................ل٢٦٩

٤– وەڵامی بەڕێز فەرید زامداری شاعیر و هونەرمەند..................ل٢٧٢
٥– وەڵامی بەڕێز ڕێبین ئەحمەد خدری شاعیر و ڕۆماننووس.............ل٢٧٥
٦–وەڵامی بەڕێز عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)ی شاعیر و نووسەر...........ل٢٧٨
٧–وەڵامی بەڕێز بایەزید کاوێس ..............................ل٢٨٠

بەشی پێنجەم : چەند شیعرێکی جەمیل ڕەنجبەر ...........ل٢٨٥
١– چەپکە گوڵێ بۆ یەخەی هەڵوێستی ژنەکەم...........................ل٢٨٦
٢– زەنگی شۆڕشی کرێکاران.......................................ل٢٩٠
٣– هەر دێمەوە.................................................ل٢٩٤
٤– ئەو نووسەرانەی دورووندیان چاڵی بەفره...........................ل٢٩٦
٥– شیعرێکی بڵاونەکراوەی جەمیل ڕەنجبەر یەکترناسینێك لەگەڵ خانزادی سۆراندا..................................................ل٣٠٠
٦– خۆری برسی بە هیچ هێزێ داناگیرێ...............................ل٣٠٢

بەشی شەشەم : کۆمەڵێ نووسین و وتار و نامە...........ل٣٠٥
١– چەند سەرنجێك لەسەر دیوانی جەمیل ڕەنجبەر نووسینی : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) ...........................................ل٣٠٦
– نامەی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) بۆ هەریار جەمیل ڕەنجبەر............ل٣٠٩
٣– نامەی هەریار جەمیل ڕەنجبەر بۆ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ).........ل٣١٢
٤–سێ نامەی شەهید ڕەنجبەر بۆ سەعادەت خانی خێزانی................ل٣١٤
٥– گفتوگۆیەکی گرنگ سەبارەت بە یادەوەری و ژیانی منداڵی ڕەنجبەر و شیعرەکانی.....................................................ل٣٢١

٥–چاوپێکەوتنێکی گرنگ لەگەڵ مامۆستا سابیر ساڵێ گۆران برای شەهید جەمیل ڕەنجبەر سەبارەت بە ژیان و بیرەوەری لەگەڵ جەمیل ڕەنجبەری شاعیردا........................................................ل٣٢٣
٦– بینینی جەمیل ڕەنجبەر لە میانی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی نامیلکەی (چەپکێك گوڵی سوور بۆ چلەی شاعیر و پێشمەرگەی کورد مامۆستا جەمیل ڕەنجبەری شەهید).........................................ل٣٤٤
٧– دوا وتە نووسینی : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)...........ل٣٤٧
٨– بەسەرهاتی ئەم کتێبە.......................................ل٣٥٠

بەشی حەوتەم: ئەلبومێك پڕاوپڕ لە ژیان.........................ل ٣٥٣
– سوپاس و پێزانین..............................................ل٣٧١